جوانكاریی
شیعری كلاسیكی كوردی

د.ئیدریس عەبدوڵڵا

جوانکاری
شیعری کلاسیکی کوردی

جوانكاريى
شيعرى كلاسيكى كوردى

د. ئيدريس عەبدوڵڵا

مامۆستاى (شێوازى ئەدەبى) و (گفتوگۆى زانستى)

لە بەشى كوردى كۆلێژى زمانى زانكۆى سەلاحەدين

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی**
- **نووسەر: د.** ئیدریس عەبدوڵڵا
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جمال رواندزی
- **بەرگ:** هێمن
- **نرخ:** ٣٠٠٠ دیناری
- **چاپی یەکەم :** ٢٠١٢
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی هێڤی (هەولێر)
- لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٩٩١) ساڵی (٢٠١١)ی پێی دراوە

زنجیرەی کتێب (٦٤٦)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

پێرستی بابەتەکان

پێشکەشە بە:

- ڕۆحی دایکم..

ئەو ژنە بەڕێزەی گەورەی کردم و شتی زۆر گرنگی فێرکردم

- ڕۆحی باوکم..

ئەو پیاوە بەڕێزەی بە بیر و ماندووبوونی خۆی پێیگەیاندم

هەمیشە دەڵێم خودا ئێوەی پێم نەبەخشیبووایە، من قەت نەدەبوومە ئەو پیاوەی ئەمڕۆ، بۆیە سوپاسی خودای میهرەبانم دەکەم.. ئینجا سوپاسی ئێوەی ئازیزیشم دەکەم و هەمیشە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانم وەکو دوو فریشتەی خێر و جوانی دەمێننەوە.

بچووکتان ئیدریس

شەوی جەژنی قوربانی ١٤٣١ی هیجری

١٧/١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠ی زایینی

دەروازەیەك بۆ رەونبێژی

لە وەتەی ئادەمیزاد هەوڵی ئەوەی داوە، جۆرە گوتارێك دابێنێت، جیا بێت لە گوتەی ئاسایی سەرزاری خەڵك، بۆ ئەوەی کاریگەری زیاتر دروست بکات و گۆڕان بەرهەم بێنێت، هونەرەکانی (رەوانبێژی)ش پەیڕەوییان لێکراوە، بەڵام بێ ئەوەی داهێنەران ئەو هونەرانەیان پۆلێنکردبێ و یاساکانیان خستبێتەڕوو، بەڵام دواتر لە سەردەمی یۆنانییەکان وردە وردە ئەو هونەرانەی (رەوانبێژی) دەستنیشانکران، کە بە هۆیانەوە گوتار لە سادەیی رزگاری دەبێت و دەقی ئەدەبی لێ بەرهەم دێت.

لای یۆنانییەکان رەوانبێژی سەرەتا وەکو هونەرێك بوو، بۆ داهێنانی گوتار، دواتریش بۆ هەموو دەربڕینێکی زمانی سوودی لێوەبگیرا، تا لەوەش زیاتر وای لێهات رەوانبێژی بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرە شیعرییەکانی تر توانی بۆ هەموو ئەدەب درێژببێتەوە، چونکە سەرەتا وەکو ئاماژەی بۆ کرا، چەند ئامۆژگارییەکی سادە بوو، بۆ پێشکەشکردنی دەربڕین، دواتر وردە وردە فراوانبوو و بووە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری هونەری لەیەکجیا، کە هەریەکەی بنەما و یاسای تایبەتی خۆی هەبوو بۆ داهێنان، بەمەش ئیدی وای لێهات، چ سیاسی و چ شانۆنووس و چ شاعیر و وتارخوێنی ئاینیش کەم یان زۆر کەسیان نەتوانن چاویان لە هونەرەکانی رەوانبێژی بپۆشن و بەبێ ئەو هونەرانە شتێکی پڕ کاریگەری و بەهێز پێشکشەش بکەن.

دوای یۆنانییەکان لەلای عەرەب و فارس و کورد و نەتەوەکانی تریشەوە، بایەخ بە لێکۆڵینەوە رەوانبێژییەکان درا.

دوای ئەو پێشەکییە، جێی خۆیتی پێناسەی رەوانبێژی بخەینەڕوو، بزانین ئەم زاراوەیە چ واتایێك دەگەینێت؟ لە راستیدا پێناسەی لەیەكجا بۆ ئەو زاراوەیە كراوە، رەنگبێت یەك لە گرنگترین پێناسەكانی ئەوە بێت، كە بریتییە لە كورتبڕی بێ كەم و درێژبڕی بێ زیادە.

ئەم پێناسەیە فەلسەفەی هەموو داهێنانێكی زمانی دەخاتە بەر چاو، كە قەوارەكەی كورت، یان درێژیش بێت، لە هەمانكاتدا ئەوەش دەچەسپێنێت، كە كورتكردنەوەی دەق دەبێت بە رەچاوكردنی پێویستییەكان و درێژكردنەوەشی هەر بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێویستیانە بێت، كە بۆ داهێنانە ئەدەبییەكە گرنگە، بە واتایەكی تر: نابێت لە دەقی كورتدا شتانێكی گرنگ ون بووبن، كە پێویست بوون بن، بە هەمان شێوە نابێت لە دەقانی درێژیش شتانێك هەبن، زیاد بن، نەزانرێ لەبەرچی هێنراون؟

یەكەم كەس كە ئاماژەی بە هەندێ هونەری رەوانبێژی كردبێ (ئەرستۆ)یە، ئەویش لە هەردوو كتێبەكانی: (هونەری شیعر) و (هونەری دوان)، ئەرستۆ كە هات لە دەقە ئەدەبی و سیاسییەكانی سەردەمی خۆی كۆڵییەوە (شانۆنامە و خیتابە)، بۆی دەركەوت ئەم دەقانە بەسوود وەرگرتن لە هونەرەكانی رەوانبێژی بەهێزتر و جوانتر دەبن. دوای ئەوە (هۆراس)ی رۆمانی هات، ئەویش لە (هونەری شیعر)ی خۆی جەختی لەسەر گرنگی هونەرەكانی رەوانبێژی كردەوە. پاش ئەمانە عەرەبەكانیش هەریەكە لە (فەڕا) و (ئەبو عوبەیدەی كوڕی موسەنا) و (جاحز) و (سەكاكی) و (ئیبن و موعتەز)و... دەیانی دیكە گرنگییان بە رەوانبێژی داو هونەرەكانی رەوانبێژییان بەرەو فراوانتری هێنا. هەرچی لای كوردانیشە، یەكەم كەس كە لەسەر رەوانبێژی نووسیبێ (شێخ نوری شێخ صالح)ە، ئەو لە زنجیرە وتارێكی بە ناونیشانی (ئەدەبی كوردی) لە ساڵانی (١٩٢٦ـ١٩٢٧) لە رۆژنامەی (ژیان) بێ ئەوەی باسی لە وشەی رەوانبێژی كردبێ، لە ئەڵقەكانی (١٨ـ٢٥) تیشكی خستۆتە سەر هەندێ هونەری رەوانبێژی.

لە دوای ئەویش هەریەكە لە بەڕێزان (عەلائەدین سەجادی) لە ساڵی (١٩٦٨) لە كتێبی (ئەدەبی كوردی) تیشكی خستۆتە سەر هەندێ هونەری رەوانبێژی، لە پاشان مامۆستا (عەزیز گەردی) لە ساڵەكانی (١٩٧٢ و ١٩٧٥و ١٩٧٨) لە سێ بەرگدا رەوانبێژی لە ئەدەبی كوردی نووسیوەتەوە، (سەجادی)یش دیسانەوە لە ساڵی (١٩٧٨) وەكو كتێبی تایبەت بەو زانستە (خۆشخوانی) نووسیوەتەوە، هەروەها (كامڵ بەسیر) كتێبی (زانستی ئاوەڵواتا) و (مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس) كتێبی (بەدیع و عەروزی نامی) لە ساڵی (١٩٩١) و دیسانەوە: عەزیز گەردی كتێبێكی دیكەی مەنهەجی لەم بارەیەوە نووسیوە، بە ناونیشانی: رەوانبێژی بۆ

پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان.. چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر، لەساڵی ١٤٢٣هیجری، ٢٠٠٢زاینی کراوە.

(ئیدریس عەبدوڵڵا) کتێبی (جوانکاری لە ئەدەبی کوردی) لە ساڵی (٢٠٠٣) نووسیوە. جگە لەوانەش هەندێ نامەی دکتۆرا و ماستەر و باسی دەرچوون و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە هونەرەکانی رەوانبێژی لە گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، لەوانە:

١ـ عەبدولسەلام سالار عەبدولڕەحمان، هونەری رەوانبێژی لە شیعری (نالی)دا، نامەی ماستەری پێشکەشکراو بە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، شەوالی ١٤١٠هیجری، کانوونی دووەمی ٢٠٠٠زاینی.

٢ـ نەوزەت ئەحمەد عوسمان، وێنەی روونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی مەلای جزیری و نالی، نامەی ماستەری پێشکەشکراوە بە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، جەمادی ئاخیرەی ١٤١٢هـ، کانوونی یەکەمی ١٩٩١م.

٣ـ لایەنە رەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکیدا بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی.. نامەی دکتۆرای خۆمە، لە رۆژی (٢٠١٠/٩/١٨) موناقەشەی کراوە، کە پێشکەشی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە.

دەروازەیەك بۆ جوانكاری

(جوانكاری) یەكێكە لە سێ بەشەكانی زانستی رەوانبێژی.. لە عەرەبیدا (البدیع)ی پێدەگوترێت، وشەیەكە لە رووی زمانییەوە بریتییە لە: (داهێنانی شت)، یان بە واتایەكی تر (البدیع) بەو شتە دەگوترێ كە : (بۆ یەكەمجار دادەهێنرێ).. لە قورئانی پیرۆزدا لەیەكێ لەو شوێنانەی باس دێتە سەر پەسنی خودای میهرەبان، (خودای گەورە) دەفەرموێت: ﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَاوَاتِ وَٱلأَرْضِ وَإِذَا قَضَىٰ أَمْراً فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ﴾ سورەتی ﴿البقرة﴾ ئایەتی (١١٧).. واتە: خودا داهێنەری ئاسمانەكان و زەوییە، كاتێ فەرمان بە هاتنەدی شتێك بدات، دەفەرمووێت: ببەو، دەبێت.. هەر لە قورئانی پیرۆزدا لە شوێنێكی تر، كاتێك (خودای گەورە) رووی فرمان لە پێغەمبەرەكەی دەكات (درووود و سلاوی خودای لێ بێ)، دەفەرمووێت: ﴿قُلْ مَا كُنتُ بِدْعاً مِّنَ ٱلرُّسُلِ﴾ سورەتی ﴿الأحقاف﴾ ئایەتی (٩).. واتە: بڵێ من تازانەی پێغەمبەران نیم.. واتە یەكەمجار نییە پێغەمبەرێكتان بۆ بێ، كە منم، بەڵكو بەر لە منیش پێغەمبەرانی تر هاتوون (درووودیان لەسەر بێ).. لە فەرموودەشدا هاتووە: (كل بدعة ضلالة).. واتە: هەموو تازەهێنراوێك گومڕاییە.

لە فەرهەنگەكانی زمانی كوردیشدا (جوانكار) بە دوو واتا دێت:

١- رازێنەوە، بووك جوانكەر

٢- دەست رەنگین، بە هونەر

هەرچی (جوانكاری)شە، ناوێكی واتاییە، پێكهاتووە لە ئاوەڵناوی بكەری لێكدراوی (جوانكار) و (ی)، كە وەك پاشگرێكی دروستكردنی ناوی واتایی هاتۆتە سەر (جوانكار)ی ئاوەڵناو و، (ناوە واتایی)یەكەی لێ دروست كردووە، كە (جوانكاری)یەو بەسەریەكەوە واتە: ئەو كارە جوانانەی هەر كەسێك لە بواری پسپۆڕی خۆی ئەنجامیان دەدات.. بەڵام لە (رەوانبێژی)دا لای كورد و عەرەب (جوانكاری) واتایەكی تر دەگەینێ، ئەویش: ئەو زانستەیە كە رووە جوانەكانی دەربڕینی پێدەناسرێتەوە، دوو جۆری هەیە:

١- جوانكاری واتایی

٢- جوانكاری وشەیی

بەشی یەکەم
شێوازەکانی جوانکاری وشەیی

رەگەزدۆزی:

رەگەزدۆزی (الجناس).. بریتییە لە بوونی دوو وشە لە دەربڕیندا لێکچووبن و لە واتادا جیاوازبن.. یان بە واتایەکی تر: راستییەتی رەگەزدۆزی ئەوەیە، دوو وشە دەربڕاوەکان یەکبن، یان هاوشێوە و یەکچووبن، واتاشیان جیاوازبێت.. ئەمەش دوو جۆری هەیە، بریتینە لە: رەگەزدۆزی تەواو و رەگەزدۆزی ناتەواو.

جۆرەکانی رەگەزدۆزی:

ئەگەرچی رەوانبێژان و زانایانی (جوانکاری)، بە تایبەت لە عەرەبیداو هەروەها لە کوردیش دابەشین و بەدواداچوونی زۆریان کرد بێ و تا رادەیەك بابەتەکەیان فراوانکردبێ، بەڵام نزیکترین دابەشین لە راستییەتی بابەتەکە ئەوەیە، کە: رەگەزدۆزی دوو جۆری سەرەکی هەیە:

١- رەگەزدۆزی تەواو: بریتییە لەوەی ئەو دوو وشەی رەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن، لە چوارشتدا یەکبن، ئەوانیش: جۆری پیتەکان، ژمارەیان، شێوەیان، ریزبوونیان.

٢- رەگەزدۆزی ناتەواو: ئەمەش ئەوەیە، کە یەکێ لەو دوو وشەیەی رەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن، لە یەکێ لەو چوار مەرجانەی رەگەزدۆزی تەواوی لەسەر دادەمەزرێ جیاوازبن، با ئیتر لە سێ یان دوو شتی دیکەشیان لێکچووبن.

یەکەم: رەگەزدۆزی تەواو

ئەمە وەك خرایەڕوو، بریتییە: لە بوونی دوو وشە، لە شێوەدا وەك یەك و لە واتادا جیاوازبن.. ئەمەش جوانییەکی گەورە و چێژێکی خۆش بە خوێنەر و پێش ئەو بە شاعیریش

دەبەخشێت، چونکە هەستی کردووە فەرهەنگی وشەکانی دەوڵەمەندە و بێ تەئەموول وەکو (نالی) دەڵێت: لە مەیدانی فەصاحەتدا زوبانی رادەکا.. بۆیە شاعیر نییە بایەخی پێنەدابێت و ئەوەندەی بۆی کرابێت، سوودی لەو هونەرە وەرنەگرتبێت بۆ جوانکردن و بەهێزکردنی شیعرەکانی.. بۆ نموونە:

ـ نالی نییەتی سیخری بەیان حیکمەتی شیعرە

ئەمما نییەتی قووەتی دڵ قودرەتی ئینشا... نالی

(نییەتی) لە نیوە دێڕی یەکەم، واتە (مەبەستی)، پێکهاتووە لە (نییەت)ی عەرەبی و (ی) راناوی لکاوە، (نییەتی) دووەم فرمانی ناتەواوی (نییە)یە لەگەڵ (ت)ی ناوگر و (ی) راناوی لکاو، هەردوو (نییەتی)یەکان لە هەموو رووێکەوە وەکو یەکن، بەڵام لە واتادا هەریەکەو واتای تایبەت و سەربەخۆیان هەیە، بەوەش رەگەزدۆزی تەواو دروست بووە.

ـ دوێنێ چ بوو دەتدا بە زوبان لافی کەرامەت

ئەمڕۆ نەدەمت بوو نەدەمت بوو نەدەمت بوو... نالی

لە نیوە دێڕی دووەمدا (نالی) سێ جار وشەی (نەدەم)ی هێناوەتەوە، لە جاری یەکەمدا پێکهاتووە لە (نە)ی ئامرازی نەفی لەگەڵ (دەم)، کە بە واتای (سەردەم) دێت.. لە جاری دووەمدا پێکهاتووە لە (نە)ی ئامرازی نەفی لەگەڵ (دەم)، کە بە واتای (دەوی ئادەمیزاد) دێت، هەردوو ئەم وشانە کوردینە، لە جاری سێیەمیش (نەدەم) وشەیەکی عەرەبییە بە واتای (پەشیمانی) دێت.. بەسەریەکەوە واتای دێڕەکە ئەوەیە، کە (نالی) گلەیی لە یەکێك لە خۆبەزلزانەکانی دوێنێ دەکات، پێی دەڵێت: دوێنی بە زوبان بە خۆت دا دەگوت و شانازیت بە شان و شەوکەتی خۆتەوە دەکرد! بەڵام ئەمڕۆ کە سەردەمت بەسەرچوو، دەم و زمانت نەما وەکو جاران بەرگری لە خۆت بکەیت و شانازی بەخۆتەوە بکەیت، وات لێهات لە پەشیمانیدا کەوتی!

ـ ئەگەر خاڵت بڵێم میشکی خەتایە

عەزیزی من ئەمەم عەینی خەتایە... حاجی قادری کۆیی

(خەتا) لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەش هێنراوەتەوە، هاوشێوەنە، بەڵام هاوواتا نینە. چونکە:

خەتای یەکەم: شارێکە لە وڵاتی چینی کۆن.. خەتای دووەم: واتە هەڵە و تاوان.. (رەگەزدۆزی تەواو)ە.

ـ وەرە لادە لە دونیا بیٚ لەمەولا رووت لە مەولا بیٚ

دڵ و جان و وجوودت هەر نیساری شاهی (لەو لا) بیٚ... سەید ئەحمەدی نەقیب

(لەمەولا)ی یەکەم بە واتای لەم ڕۆو بەدواوە.. (لە مەولا)ی دووەم، واتە: روو لە خودا بــکە، کە مەولا و پشتیوانی ئیماندارانە.. دوو وشەکان لە رووخساردا وەکو یەك و لە واتادا لێك جیاوازن، بەوەش (ڕەگەزدۆزی تەواو) بەرهەم هاتووە.

ـ تا داخڵی خەڵووەت دەبی ئەمجا بە وەکاڵەت

خاکی قەدەمی ماچ بکە بەم تەرزە کە تەرزە... حاجی قادری کۆیی

(تەرزە) لە ناوەڕاستی نیوە دێــڕی دووەم هــاتووە و لــە کۆتــایی دێڕەکــەش هێنراوەتــەوە، هاوشێوەنە، بەڵام هاوواتا نینە.. چونکە: تەرزەی یەکەم: واتە جۆر بەم تەرزە، واتە بەم جۆرە.. تەرزەی دووەم: واتە باش، کە تەرزە، واتە: کە باشە.. (ڕەگەزدۆزی تەواو)ە.

ـ ئەتۆ لەلای خۆت خاوەن پێڕەوی

کەچی دەبینم سەگت پیٚ ڕەوی... سامی عەودال

(پێڕەوی) جاری یەکەم بە واتای بەرنامە و جاری دووەم بــە واتــای پێــت رەوینــی ســەگ هاتووە، رەگەزدۆزی تەواوە.

ـ گەر چڵکن نەبی لاشەت ناخوریٚ

زەنگینیش نەبی ماڵت ناخوریٚ... سامی عەودال

(ناخوریٚ) جاری یەکەم بە واتای خورشتی نابیٚ و نــاخوریٚ، جــاری دووەمــیش بــە واتــای خواردن دیٚ ، رەگەزدۆزی تەواوە.

جۆرەکانی رەگەزدۆزی تەواو:

دیارە جۆرەکانی رەگەزدۆزی تەواویش بــە رەچــاوکردنی ئــەم دوو وشــەیەی (رەگەزدۆزییــە تەواو)ەکە دروست دەکەن، چەندانێکن، لەوانە:

١- رەگەزدۆزی تەواوی نێوان (ناو) و (فرمان) بۆ وێنە:

ـ ئەوەی ڕێگەی لە کوردەکان گۆڕی

لەعنەتی خودا لە ئەلحەد و گۆڕی.. مەلای گەورە.

(گۆڕی) دوو جار هاتووە، لە ڕواڵەتدا هەردوو جار وەکو یەکە، بەڵام لە واتادا هەر جارەی واتایەکی سەربەخۆی هەیە، جاری یەکەم بە واتای (گۆڕین و سەرلێتێکدان) هاتووە، (فرمانی رابردووە)، جاری دووەمیش بە واتای (قەبر) هاتووە (ناو)ە!

٢- ڕەگەزدۆزی تەواوی نێوان دوو (ناو)، بۆ وێنە:

ـ لە دنیا هەر کەسێ مەقصودی عیشقە

بکا وەك من بە کوللی تەرکی دنیا... حاجی قادری کۆیی

(دنیا) لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەش هێنراوەتەوە، هاوشێوەنە، بەڵام هاوواتا نینە، چونکە (دنیا)ی یەکەم (ناو)ەو شوێنی تیا ژیانە، (دنیا)ی دووەمیش هەر (ناو)ە، بەڵام بە واتای خۆشییەکانی دنیا دێت، (ڕەگەزدۆزی تەواو)ە.

٣ـ ڕەگەزدۆزی تەواوی نێوان (ناو) و (ئاوەڵناو):

جا دەشێ هەندێجار (ناو)ەکە پێش (ئاوەڵناو)ەکە بکەوێ و هەندێ جاری دیکەش بە پێچەوانەوە، (ئاوەڵناو)ەکە بە پێش (ناو)ەکە بکەوێ.. بۆ نموونە:

ـ هەرچەندە کە رووتم بە خودا مایلی ڕووتم

بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە... نالی.

لە نیوە دێڕی یەکەم دووجار وشەی (رووت) هاتووە، یەکەمیان (ئاوەڵناو)ە، بە واتای (بێ جل و بەرگی) هاتووە.. دووەمیان (ناو)ە بە واتای (دەموچاو و رووی جوانی تۆ) هاتووە! بەمەش ڕەگەزدۆزی تەواو دروستبووە.

جاری وەهاش هەیە بە گوێرەی تێگەیشتنەکان شوێنی (ناو)و (ئاوەڵناو)ەکە لە یەك دێڕدا گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆ نموونە:

ـ تاڵ و شیرین پێکەوە نەمدیوە چابێ چانەبێ

هەر کەسێکی هەمنشینی چانەبێ پێت چانەبێ... مەلا صاڵحی حەریق.

لەم دێڕەدا چوار جار وشەی (چا) هاتووە، کە هەر جارەی بە واتایەك هاتووە، ئەمەش وادەکات بەلانی کەم دوو لێکدانەوە بۆ دێڕەکە بکرێت:

یەك: ئەگەر لە نیوە دێڕی یەکەم وشەی (چا)ی یەکەم ئاوەڵناوی (چاك) بێت و وشەی (چا)ی دووەم (چایە)ی خواردنەوە بێت، واتە (ناو) بێت، ئەوا واتای نیوە دێڕی یەکەم بەو

شێوەیە دەبێت: نەمدیوە دوو شتی یەك تاڵ و ئەوی تر شیرین پێکەوەبێ، باش بێت، بە تەنیا (چایە) نەبێت، کە لە تۆ چایەو شەکر پێکدێت، یەکەمیان تاڵە و دووەمیان شیرینە و بە تێکەڵکردنیشیان شتێکی باش و نایاب دروست دەبێت!

دوو: ئەگەر لە نیوە دێڕی یەکەم وشەی (چا)ی یەکەم (چایە)ی خواردنەوە بێت، واتە (ناو) بێت و وشەی (چا)ی دووەم ئاوەڵناوی چۆنیی (چاك)ی بێت، ئەوا واتای نیوە دێڕی یەکەم بەو شێوەیە دەبێت: چایە چ تاڵ بێت و چ شیرین، واتە چ بە تاڵی بخورێتەوەو چ بە شیرینی، نەمزانیوە خراپ بێت و هەمیشە هەر باشە!

لە هەردوو باریشدا نرخ و بەهای (چایە) مەبەستە و جێی سەرسوڕمان و خۆشەویستی شاعیرە!!

ئەوە تا ئێرە تایبەت بە نیوە دێڕی یەکەم، خۆ ئەگەر ئەو حسێبە وردە بۆ (چا)یەکانی نیوە دێڕی دووەمیش بکەین و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر تێگەیشتنمان بۆیان جودا بێت، ئەوا واتای دێڕەکە فراوانتر و جوانتریش دەبێت.

ـ ئومێدی سەر لە سەر دەرکەن ئەوانەی راست و رووناکن
قەڵەم هەر سەر قەڵەم مۆم بۆ مقەست هەر بۆ ئەویش چاکن... پیرەمێرد.

دوو وشەی (سەر) لە نیوە دێڕی یەکەمدا هاتووە، لە هەموو رووێکەوە لە رواڵەتدا تەواو وەکو یەکن، بەڵام لە رووی واتاوە: یەکەمیان بە واتای (سەرکەوتن) و دووەمیان بە مانای (مێشك) هێنراون.

ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژە بۆ کردنە، گەلێ جار دوو وشەکان یەکیان بە یەکپارچەیی و ئەوی تریان بە دوو پارچەیی دێن، بەڵام لەمەشدا چ زیانێك نییە ئەگەر هەردوو وشەکان بە یەکپارچەیی هاتبن، یان یەکیان یەك پارچە و ئەوی تریان بە دوو پارچەیی هاتبێت، چونکە گرنگ ئەوەیە لە چوار مەرجە سەرەکییەکانی رواڵەتیاندا بە یەکتری یەکسانبن، بۆیە هەندێکی رەوانبێژان ئەوە بە گرنگ نابینن، هەندێکی تریش بۆ هەریەکەیان ناوێك بەکاردێنن، واتە: ئەگەر دوو وشەکان هەردووکیان یەك پارچە بوون، ناوێکی لێدەنێن و ئەگەر دوو وشەکان یەکیان یەکپارچە و ئەوی تر دوو پارچەبوو ناوێکی تری لێدەنێن.

ـ چەند ساڵە ئاشنای شەوی بێداری یەکترین
وەك سەرسەرین، شەوێ سەر ناکەینە سەر سەرین... پیرەمێرد.

(سەرسەرین) لە نێوەی دێڕی دووەمدا کە بەسەریەکەوە هاتووە، واتە: کەسێکی سەرسەری و بەدڕەوشت، لە دواتریشدا هەر لەو نیوە دێڕەدا وشەی (سەر سەرین) هاتووە، کە دوو بەشە، بەشی یەکەمی (سەر) بە واتای رووی سەرەوەی شت و بەشی دووەمیشی (سەرین) بە واتای (بالیف) هاتووە، بەڵام لە رووالەتدا چ جیاوازییەکیان نییە، بۆیە (ڕەگەزدۆزی تەواو)یان دروست کردووە.

ـ سەرداری ئێمە بوو کە لەسەر دار بە پێکەنین

بانگی ئەکرد: بە کوشتنی من میللەتم ئەژین... پیرەمێرد.

لەم نموونەیە دوو وشەی (سەردار) و (سەر دار) هاتوون، یەکەمیان بەسەریەکەوەیە، واتە: (سەرکردە و پێشەوا)، دووەمیشیان بە دوو پارچەیی هاتووە، پارچەی یەکەمی (سەر) بە واتای رووی سەرەوەی شت و بەشی دووەمیشی (دار) هەر بە واتای (دار) هاتووە، کە بەسەر یەکەوە بە واتای (سێدارە) دێن، بەڵام لە رووالەتدا چ جیاوازییەکیان نییە، بۆیە (رەگەزدۆزی تەواو)یان دروست کردووە.

دووەم: رەگەزدۆزی ناتەواو

بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە یەك، یان زیاتر لە مەرجێکی (ڕەگەزدۆزی تەواو) لە دەست دەدات، واتە: بەشێکی گرنگی (رەگەزدۆزی)یە، لە دوو وشە پێکدێت، کە تا رادەیەك لێکچوون لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام لێکچوونەکە تەواونەبێت، لە واتاشدا هەردوو وشەکان لە یەکتری جیاوازبن و هەریەکەو واتای سەربەخۆی خۆی هەبێت، ئەوەش زیاتر لە جۆرێکی هەیە، وەکو (جودا و کەرتی و زیاد و پێچەوانەیی و هاوکێشی و... هیدیکە).. لەوانە:

١ـ رەگەزدۆزی ناتەواوی جودا

بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە ژمارەو شێوەی ریزبوونی پیتەکانیان وەك یەك بێ، بەڵام لە یەکێ لە پیتەکانیان لە یەکتری جیاواز بن، بۆ نموونە:

ـ مەرحەبا ئەی خۆشەویستی خوای جەلیل

مەرحەبا ئەی صاحبی وەصفی جەمیل... رەشاد موفتی

(جەلیل) و (جەمیل) تەنها لە پیتی سێیەمیان لە یەك جیاوازن، کە لە یەکەمیاندا (ل) و لە دووەمیاندا (م)ـە. ئەوەش رەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (جودا)ی بەرهەم هێناوە، کە

ئەوەش جوانییەك بە دێڕەكە دەبەخشێت و وا دەكات ناسكی و كاریگەرییەكی جـوان بەرهـەم بێت.

ـ ئەی ساكینی ریبازی مەدینەی منەووەڕە

لوتفیٚ بكە، بفەرموو، مەدینەی منەووەرە.. نالی.

(مەدینەی منەووەڕە) و (مەدینەی منەووەرە) تەنها لە پیتی (ر)ی پـێش كۆتاییـان لـە یـەك جیاوازن، كە لە یەكەمیاندا (ڕ)ی قەڵەو لە دووەمیانـدا (ر)ی سـووكە. ئـەوەش رەگـەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (جودا)ی بەرهەم هێناوە، چونكە پیتەكان یەك رووخسار و شـێوەیان هەیـە، بەڵام لە یەكەم بۆ دووەم (حەوت)ێك زیاد یان كـەم دەكـات، ئـەوەش جوانییـەك بـە دێڕەكـە دەبەخشێت و وا دەكات ناسكی و كاریگەرییەكی جوان بەرهەم بێت.

ـ گەر ڕەفیقت یاری صادق بیٚ چ باكی ڕێگەتە

گەر كەسی بەدخوت لەگەڵدا بیٚ جەهەننەم جێگەتە... جەنەڕاڵ ئەمین فەیزی بەگ

(ڕێگە) و (جێگە) رەگەزدۆزی ناتەواوی جـودا بەرهـەم دێـنن، چـونكە لـە تـەنیا پیتـی یەكەمیان لێكتر جودابوونەتەوە، دەنا لە هەموو رووێكەوە پیتەكانی دیكەیان وەكو یەكە.

ـ میر بە سەد منەت هەناردی ئێسترێكی ڕووت و قووت

دەست و پا سست و سەقەت ئەندامی هەروەك عەنكەبووت... شێخ رەزا

وشەكانی (رووت) و (قووت) لە پیتی یەكەمیان لە یـەكتری جیانـە، ئـەوەش رەگـەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (جودا)ی بەرهەم هێناوە، چونكە لەو پیتەی لە یـەك جیـاوازن، پیتەكـە لـە وشەی یەكەم شێوەیەك و لە وشەی دووەم شێوەیەكی دیكەی هەیە، شێوەكان لە یەكتری جیـاو سەربەخۆنە.

ـ هەموو پێغەمبەران حەققن بەبیٚ ڕەیب

هەموو مەعصوم و چاك و پاك و بیٚ عەیب... سەید ئەحمەدی نەقیب

وشەكانی (ڕەیب) و (عەیب) هەردووكیان پێنج پیتن و چوار پیتیان وەكو یەكـە، بـەڵام لـە پیتی یەكەمیان لە یەك جیانە، ئەوەش رەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (جودا)ی بەرهەم هێناوە.

ـ بە بیرت دیٚ زەمانیٚ چووینە باڵەك

بە پێخواسی نە كەوشم بوو نە كاڵەك... حاجی قادری كۆیی

وشەكانی (باڵەك) و (كاڵەك) هەردووكیان پێنج پیتن و چوار پیتیان وەكو یەكە، بـەڵام لـە پیتی یەكەمیان لە یەك جیانە، ئەوەش رەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (جودا)ی بەرهەم هێناوە.

ـ لە تەئریخا ئەڵێت بازێ بە بازێ

وتی تاکەی بژین بێ قەدر و نازێ... مینە جاف

وشەکانی (بازێ) و (نازێ) هەردووکیان پێنج پیتن و چوار پیتیان وەکو یەکە، بەڵام لە پیتی یەکەمیان لە یەك جیانە، ئەوەش رەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (جودا)ی بەرهەم هێناوە.

ـ هەتاکەی وێڵی سەحراو دەشت و کێوان

هەتاکەی بێ تەقاڵای رزق و شێوان... مینە جاف

وشەکانی (کێوان) و (شێوان) هەردووکیان پێنج پیتن و چوار پیتیان وەکو یەکە، بەڵام لە پیتی یەکەمیان لە یەك جیانە، ئەوەش رەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (جودا)ی بەرهەم هێناوە.

ـ سبەینان ڕاتبەیان دۆشاو و ماست بوو

بەڵام ئێوارە چێشتێکی بە ڕاست بوو... حەیدەری

وشەکانی (ماست) و (ڕاست) هەردووکیان پێنج پیتن و چوار پیتیان وەکو یەکە، بەڵام لە پیتی یەکەمیان لە یەك جیانە، ئەوەش رەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (جودا)ی بەرهەم هێناوە.

ـ هەوارە و هەوار هەر داخ وە کۆڵ بای

چوون مەجنون داییم وامەندی چۆڵ بای... مەجزوب

وشەکانی (کۆڵ) و (چۆڵ) هەردووکیان سێ پیتن و دوو پیتیان وەکو یەکە، بەڵام لە پیتی یەکەمیان لە یەك جیانە، ئەوەش رەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (جودا)ی بەرهەم هێناوە

ـ ئەجەل فرسەت بدا بەم یەئسە حەمدی عەینی ئومێدە

کە زەحمەت رەحمەتی هێناوە هیجرەت بۆ مولاقاتە... حەمدی.

وشەکانی (زەحمەت) و (ڕەحمەت) لە پیتەکانی (ز) و (ڕ)دا، لێکتر جیابوونەتەوە، دەنا ژمارەو ریزبوونی پیتەکانیان وەکو یەکن، بەوەش رەگەزدۆزی ناتەواوی جودا دروست بووە.

ـ بێ حیسابە شین و ڕۆیە، ئەسرینم جۆباری جۆیە

مەقسەدم هەر زاتی تۆیە، ئەی شەهی ڕۆژی حیساب... ئەحمەدی کۆر

وشەکانی (جۆیە) و (تۆیە) لە پیتەکانی (ج) و (ت)دا، لێکتر جیابوونەتەوە، دەنا ژمارەو ریزبوونی پیتەکانیان وەکو یەکن، بەوەش رەگەزدۆزی ناتەواوی جودا دروست بووە.

ـ ئەووەل و ئاخر ئەتۆی ئەی زاتی پاك

نەوعی ئینسانت دروستکرد تۆ لە خاك... رەشاد موفتی

وشەکانی (پاك) و (خاك) لە پیتی یەکـەمیان (پ) و (خ)دا، لـێکتر جیابوونەتـەوە، دەنـا ژمارەو ریزبوونی پیتەکانیان وەکو یەکن، بەوەش رەگەزدۆزی ناتەواوی جودا دروست بووە.

ـ چ سەوداییێکە وا یاران کە بیٚ سەودا لە سەرمایە

غەم و تەم میحنەت و هیجران وەکو خەرقە لە بەرمایە... میرزا غەفور

وشەکانی (لە سـەرمایە) و (لـە بەرمایـە) لـە پیتـی سـێیەمیان (س) و (ب)دا، لـێکتر جیابوونەتەوە، دەنا ژمارە و ریزبوونی پیتەکانیان وەکو یەکن، بـەوەش رەگـەزدۆزی ناتـەواوی جودا دروست بووە.

ـ لەویٚ ڕۆژیٚ کە تۆ خولقای، هەموو عالەم بە تۆ مایيل

دەکەن ئەڕجوو و تەمەننایە لە دەرگاهت وەکو سايیل

چ موشتاقن ببین ڕوویی تۆ بیٚ پەردە و بیٚ حایيل... ئەحمەدی کۆر

وشـەکانی (مایيـل) و (سـايیل) و (حایيـل) لـە پیتـەکانی (م) و (س) و (ح)دا، لـێکتر جیابوونەتەوە، دەنا ژمارەو ریزبوونی پیتەکانیان وەکو یـەکن، بـەوەش رەگـەزدۆزی ناتـەواوی جودا دروست بووە.

ـ ئاخر زەمانە و دنیا بازی یە

ئیمان زاییفە و شەیتان ڕازی یە... کاکە حەمە عەلی رەحیم پوور

وشەکانی (بازی) و (ڕازی) لە پیتەکانی (ب) و (ڕ)ی سەرەتایاندا، لـێکتر جیابوونەتـەوە، دەنا ژمارەو ریزبوونی پیتەکانیان وەکو یەکن، بەوەش رەگەزدۆزی ناتەواوی جودا دروست بووە.

ـ داییم ئامادەس بۆ ماڵ و سامان

جاریٚ نایێژیٚ خوا تۆبە ئامان... کاك حەمە عەلی رەحیم پوور

وشـەکانی (سـامان) و (ئامـان) لـە پیتـەکانی (س) و (ئـ)ی سـەرەتایاندا، لـێکتر جیابوونەتەوە، دەنا ژمارە و ریزبوونی پیتەکانیان وەکو یەکن، بـەوەش رەگـەزدۆزی ناتـەواوی جودا دروست بووە.

ـ باری پەژارە لە جیٚ بزەی لێو

خەم لەسەر دڵی بە بارسایی کێو...ئەحمەدی موفتی زادە

وشەکانی (لێو) و (کێو) لە پیتەکانی (لـ) و (کـ)ی سـەرەتایاندا، لـێکتر جیابوونەتـەوە، دەنا ژمارە و ریزبوونی پیتەکانیان وەکو یەکن، بەوەش رەگـەزدۆزی ناتـەواوی جـودا دروسـت بووە.

ـ ئەی گرتە باوەش بە سەد نازەوە

بە دواندن و بە دەم ڕازەوە...ئەحمەدی موفتی زادە

وشەکانی (نازەوە) و (ڕازەوە) لە پیتەکانی (نـ) و (ڕ)ی سەرەتایاندا، لێکتر جیابوونەتەوە، دەنا ژمارە و ریزبوونی پیتەکانیان وەکو یەکن، بەوەش رەگەزدۆزی ناتەواوی جودا دروست بووە.

ـ کەوتەوە بیری ئاواتی کۆنە

ئاخ بیزانیایە بزەی باوك چۆنە...ئەحمەدی موفتی زادە

وشەکانی (کۆنە) و (چۆنە) لە پیتەکانی (کـ) و (چـ)ی سەرەتایاندا، لێکتر جیابوونەتەوە، دەنا ژمارە و ریزبوونی پیتەکانیان وەکو یەکن، بەوەش رەگەزدۆزی ناتەواوی جودا دروست بووە.

٢ـ رەگەزدۆزی ناتەواوی رەها

ئەو رەگەزدۆزییەیە، کە دوو وشەکانی لە ژمارە و شێوە و ریزبوون و جۆری پیتەکانیان دەشێ لێکجیابن، بەڵام هەردووکیان یەك رەگیان هەیە.. بۆ وێنە:

ـ فاتیحەی لادێ ماڵ بەقوڕ دەگرێ

مردوو بە رێی خۆی، زیندووی پێ دەمرێ... موفتی پێنجوێنی.

لە نیوە دێڕی دووەم، وشەکانی (مردوو) و (دەمرێ)، هەرچەندە شێوەو ریزبوون و جۆری پیتەکانیشیان لێکجیایە، بەڵام هەردووکیان یەك رەگ و سەرچاوەیان هەیە، ئەویش چاوگی (مردن)ە، بەوەش رەگەزدۆزی ناتەواوی رەها دروستبووە.

ـ ئەمە بە خوێندنەوەی یەك قەسیدەی بوردەیە

کە بۆم بخوێنییەوە پڕ لە شەوق و زەوق و صەفا... چڕوستانی

لە نیوە دێڕی یەکەم، وشەی (خوێندنەوە)، لە نیوە دێڕی دووەمیش وشەی (بخوێنییەوە)، هەرچەندە شێوە و ریزبوون و جۆری پیتەکانیشیان لێکجیایە، بەڵام هەردووکیان یەك رەگ و سەرچاوەیان هەیە، ئەویش چاوگی (خوێندن)ە، بەوەش رەگەزدۆزی ناتەواوی رەها دروستبووە.

٣ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد

بریتییە لەو ڕەگەزدۆزییەی، کە دوو وشەکانی، لە جۆر و شێوە و ریزبوونی پیتەکانیان یەك بن، بەڵام ژمارەی پیتەکانیان ئەوەندەی یەکتر نەبن، یەکێکیان پیتێك، یان دوو پیتی لەوی تر زیاتربێت.. ئەمەش دوو جۆری هەیە:

یەك: بە گوێرەی زیاتری پیتەکانی وشەیەك لەگەڵ وشەکەی تر:

دەشێ دوو وشەکان بە یەك پیت، یەکیان لە ئەوی تر زیاتر بێت، بۆ وێنە:

ـ صەد درووود ئەی ڕوومەتت شەمعی شەبووستانی (وجوود)

صەد درووود ئەی قامەتت سەروی بەهارستانی (جوود)... مەولانا خالیدی نەقشەبەندی، و: پیرەمێرد

وشەی (وجوود) بەپیتی یەکەمی کە (و)ە، لە وشەی (جوود) زیادە.. ئەگینا جۆر و ژمارە و ریزبوون و شێوەی پیتەکانی تریان وەك یەکە، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد دروست بووە.

ـ ئەگەر جورعەی ڕەقیبت لا گوڵاوە

نەکەی بیخۆیەوە پیس و گڵاوە... حاجی قادری کۆیی.

وشەی (گوڵاوە) بەپیتی دووەمی کە (و)ە، لە وشەی (گڵاوە) زیادە.. ئەگینا جۆر و ژمارە و ریزبوون و شێوەی پیتەکانی تریان وەك یەکە، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد دروست بووە.

جاری واش هەیە ئەم دوو وشەیەی ئەو شێوە (زیاد)ەی (ڕەگەزدۆزی ناتەواو)ە دروست دەکەن، یەکێکیان بە دوو پیت لەوەی تر زیاتر دەبێت، بۆ وێنە:

ـ حەیفە بۆ مەردی صاحیبی تەمیز

هێندە باسی مەکانی پیسی و میز... جاجی قادری کۆیی

لە نێوان دوو وشەکانی (تەمیز) و (میز)، (زیاد)ییەك هەیە، کە ئەویش دوو پیتەکانی (ت) و (ە)نە لە وشەی یەکەم، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد دروست بووە.

هەندێ جاری تریش ئەم دوو وشەیەی (زیاد)ییەکە دروست دەکەن، یەکیان لە ئەوی تر بە سێ پیت زیاترە، بۆ وێنە:

ـ ڕەسمێکی قەدیمە دەوری گەردوون

خەصمی نوجەبایە، هەمدەمی دوون... حاجی قادری کۆیی.

وشەی (گەردوون) بە سێ پیت لە وشەی (دوون) زیاترە، بەوەش رەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد دروست بووە.

دوو: بە گوێرەی ئەو شوێنەی لە یەکێ لە وشەکاندا لە چاو ئەوی تر، (زیاد)ی دروست دەبێت، دوو جۆرمان لەم شێوە (زیاد)ەی رەگەزدۆزی ناتەواو هەیە، ئەوانیش:

یەك: دەشێ زیادییەکە بکەوێتە سەرەتای یەك لە وشەکان.. وەکو:

ـ ماجەڕاییێکم هەیە بێ بێش و کەم

هیچ درۆی تێدا نییە، بابۆت بکەم... حاجی قادری کۆیی.

وشەی (بکەم) بە یەك پیتی (ب)ی سەرەتای، لەگەڵ وشەی (کەم)، (رەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد)ی دروست کردووە.

دوو: جاری وەهاش هەیە پیتە زیادەکان دەکەونە ناوەڕاستی یەك لە وشەکان.. وەکو:

ـ بنووارە بوونی ئەووەلت و چوونی ئاخیرت

هاتی چ ڕووت و قووت و هەڵاتی چ لووس و پووس... نالی

وشەی (هەڵاتی) بە دوو پیتی (ە، ڵ)ی ناوەڕاستی لە وشەی (هاتی) زۆرترە، بەوەش (رەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد)ی دروست کردووە.

ـ یەك بە سەد ئەجری هەیە هەر ئیشی باش

با نەچێ وەقتت بە بێهودە و بەلاش... رەشاد موفتی

وشەی (بەلاش) بە دوو پیتەکانی (ە،ل)ی ناوەڕاستی لە وشەی (باش) زۆرترە، ئەوەش(رەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد)ی دروست کردووە.

ـ تەبلیغات ئەکەن خوەیان هەن لە دوور

وە کار وەدەستان خاس ئەدەن دەستوور... کاکە حەمە عەلی رەحیم پوور

وشەی (دەستوور) بە سێ پیتەکانی (ە،س،ت)ی ناوەڕاستی لە وشەی (دوور) زۆرترە، ئەوەش(رەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد)ی دروست کردووە.

ـ تۆ نەبی دەردمان دەرمان کەی ئیتر

بۆمان نەماوە تەدبیرێکی تر... ئەحمەدی موفتی زادە

وشەی (دەردمان) بە یەك پیتی (د)ی ناوەڕاستی لە وشەی (دەرمان) زۆرترە، ئەوەش(رەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد)ی دروست کردووە.

ـ ئەی ئەو کەسانەی چاوتان دەبینی
بۆچی بە وردی نانۆڕنە دینی... سامی عەودال
وشەی (دەبینی) بە دوو پیتی (ە،ب)ی ناوەڕاستی لە وشەی (دینی) زۆرترە، ئەوەش(ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد)ی دروست کردووە.

سێ: جاری وەهاش هەیە پیتە زیادەکان دەکەونە کۆتایی یەك لە وشەکان.. وەکو:
ـ زیندەگی وەها وەك ژەهر مارە
ئەوە زەمانەی دین و دینارە... کاکە حەمە عەلی ڕەحیم پوور
وشەی (دینار) بە دوو پیتی (ا ـ ر)ی کۆتاییی، لەگەڵ وشەی (دین)، (ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد)ی دروست کردووە.
چوار: جاری وەهاش هەیە پیتە زیادەکان دەکەونە ناوەڕاست و کۆتایی یەك لە وشەکان.. وەکو:
ـ تەیبە کە یەعنی ڕۆژ و شەوی تیبی عالەمە
ڕۆژی کە وشکە شەو تەڕە کافوری عەنبەرە... نالی
وشەی (تەیبە) بە پیتی (ە)ی پیتی دووەمی ناوەڕاستی و (ە)ی پیتی پێنجەمی کۆتاییی لەگەڵ وشەی (تیب)، (ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد)ی دروست کردووە.

٤ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی
بریتییە لە بوونی دوو وشە، ئەگەرچی زۆربەی پیتەکانیشیان لەیەکجیابێ، بەڵام لەسەر یەك کێش بن.. بۆ وێنە:
ـ موئمینین دائیم دەکەین تەحمیدی تۆ
زۆر بە دڵخۆشی دەکەین تەوحیدی تۆ... ڕەشاد موفتی
وشەکانی (تەحمیدی) و (تەوحیدی) ئەگەرچی دوو پیتی سێیەم و چوارەمیان یەك نەبن، بەڵام لەسەر یەك کێشن، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی دروستبووە.
ـ هەر کەسێ بڕوا بە گوێرەی ئەمری وی
هیچ نەترسێ، سەهلە ڕێگە و حەشری وی... ڕەشاد موفتی

وشەکانی (ئەمری) و (حەشری) ئەگەرچی دوو پیتی یەکەم و سێیەمیان یەك نەبن، بەڵام لەسەر یەك کێشن، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی دروستبووە.

ـ زەکاوەت کانییێکە، تۆی دەراوی
خەتی ئیقراری نووسیوە زەهاوی... حاجی قادری کۆیی.

وشەکانی (دەراوی) و (زەهاوی) ئەگەرچی دوو پیتی یەکەم و سێیەمیان یەك نەبن، بەڵام لەسەر یەك کێشن، بەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی دروستبووە.

ـ مەگری مەناڵە با بە خەفەت دڵشکست نەبن
نەختێ لە لات ئەمێننەوە بۆ بەهەشت ئەچن... پیرەمێرد.

(نەبن) و (ئەچن) هەردووکیان چوار پیتن و لەسەر یەك کێشن، بەڵام لە پیتەکانی یەکەم و سێیەمیان لە یەکتری جیاوازن، بەمەش (ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی)یان دروست کردووە.

ـ مەڵێ فەقیرم کوفری نیعمەتە
لەشساغی بۆ تۆ موڵك و سەروەتە
پیاوی تەوەزەل لات و نەگبەتە
قۆڵی لێ هەڵکە بچۆرە کایە
سەری بێ ڕۆزی لەژێر خاکایە... بێکەس.

وشەکانی (سەروەتە) و (نەگبەتە) هەریەکە و واتای سەربەخۆی هەیە، لە پیتی یەکەم و سێیەمیان لە یەکدی جیاوازن، بەڵام لەسەر یەك کێشن، ئەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (هاوکێشی)ی دروست کردووە.

ـ ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یا ڕەب
ئەو مەحرەمی ئەسرار و قەدیمی منە یا ڕەب
ئەو گەوهەری شەهوار و یەتیمی منە یا ڕەب
کەوتۆتە چ بەحرێکەوە خنکاوە دڵی من... بێخود.

وشەکانی (نەدیمی) و (قەدیمی) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا و لەگەڵ وشەی (یەتیمی)ش لە دوو پیتی یەکەم و سێیەم لێکجیاوازن، هەریەکەو واتای سەربەخۆیان هەیە، بەڵام لەسەر یەك کێشن، ئەوەش ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (هاوکێشی)ی دروست کردووە.

ـ دەردی محەمەد دیسان دیویاوە
زامی کۆنە و نۆ هەمووی کولیاوە...ئەحمەدی موفتی زادە

وشەکانی (دیویاوە) و (کولیاوە) هەریەکەو واتای سەربەخۆی هەیە، لە پیتی یەکەم و سێیەمیان لە یەکدی جیاوازن، بەڵام لەسەر یەك کێشن، ئەوەش رەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (هاوکێشی)ی دروست کردووە.

ـ سەلامی من لە جەمعی ساکنی مەئموری مەعمورە
لە سایەی ئیلتسفاتی ئێوە میرزا شاد و مەسرورە... میرزا غەفور

وشەکانی (مەعمورە) و (مەسرورە) لە پیتەکانی سێیەم و چوارەمیان، لێکتر جیابوونەتەوە، دەنا ژمارە و ریزبوونی پیتەکانیان وەکو یەکن، بەوەش رەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی دروست بووە.

ـ وا چەتری هەڵدا گوڵی هەناران
وەرنە تەماشای فەسڵی بەهاران... سامی عەودال

وشەکانی (هەناران) و (بەهاران) هەریەکەو واتای سەربەخۆی هەیە، لە پیتی یەکەم و سێیەمیان لە یەکدی جیاوازن، بەڵام لەسەر یەك کێشن، ئەوەش رەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (هاوکێشی)ی درووست کردووە.

٥- رەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانەیی

بریتییە لە هەڵگەڕاندنەوەی وشەیەك لە وشەکان، یان بە واتایەکی تر: ئەو دوو وشەیەی رەگەزدۆزییە ناتەواوە (پێچەوانەیی)یەکە دروست دەکەن، وشەی دووەمیان ریزی پیتەکانی پێچەوانەی ریزبوونی هەمان ئەو پیتانەیە، کە وشەی یەکەم پێکدێنن... بە واتە: بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە ژمارەی پیتەکان و جۆری پیتەکانیان وەکو یەکن، بەڵام شێوەی پیتەکانیان مەرج نییە وەکو یەك بن، ریزبوونی پیتەکانیشیان تەواو بە پێچەوانەی یەکن.. بۆ نموونە: وشەکانی: (حوور) و (رووح).. وشەکانی: (شەڕ) و (ڕەش).. وشەکانی: (کەو) و (وەك)و بەم شێوەیە.. بۆ نموونە:

ـ بۆچی وەك کەو جنسی خۆم راکێشمە ژێر داوی بەڵا
دانی گەنمی ناو قەفەز ناخۆم و گیاو گەپڵەم بەسە... پیرەمێرد.

وشــەكانی (وەك) و (كــەو) دوو وشــەنە، هــەردووكیان لــە رووەكــانی جــۆر و ژمــارەی پیتەكانیانەوە وەكو یەكن، بەڵام شێوەی پیتەكانیان تەواو وەكـو یـەك نییـە و پیتـی (ك) لـە وشەی (وەك) شێوەی كۆتایی هەیەو لە وشەی (كەو)یش شێوەی سـەرەتاو ناوەڕاسـتی هەیـە، ریزبوونی پیتەكانیشیان تەواو پێچەوانەی یەكە، واتە هەردوو وشەكە لە سەرەتاوە بۆ كۆتایی، یان لە كۆتایی بۆ سەرەتا بیانخوێنینەوە، جارێك بە (كەو) و جارێك بـە (وەك) دەخوێنرێنـەوە، بەوەش (رەگەزدۆزی ناتەواوی پێچەوانەیی) دروست بووە.

ـ فەرقی ناكەس لەگەڵ سەكان ناكەم

ها بە عەكسی بخوێنەوە ناكەس... حاجی قادری كۆیی

لێرەدا دەبینین حاجی بە ئاشكرا دەڵێت: (ناكەس) و (سەكان) لەلای من وەكو یـەكن و چ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نییە، دەفەرموو هەریەكە لە وشەكان بە پێچەوانەوە بخوێنەوە، بزانـە وایە، یـان نـا ؟ لـە راستیشـدا وایـە، (ناكـەس) ئەگـەر لـە لای كۆتاییـەوەی بـۆ پێشـەوەی بخوێنرێتەوە، دەبێتە (سەگان)!! بە هەمان شێوە (سەگان)یش ئەگەر لە كۆتاییەوە بۆ سەرەتای بخوێنرێتەوە، دەبێتەوە (ناكەس)!!

ئەمە لە لایەك رەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری (پێچـەوانەیی) بەرهـەم دێنێـت، لەولاشـەوە لێكچوواندنێكی واتایی دروست دەكات و بە خوێنەر دەڵێت: مرۆڤی ناكەس وەكو سەگان وایە، كە دیارە وشەی (سەگان) پێكهاتووە لە ناوی (سەگ) و (ان)ی نیشانەی كۆ.

٦ـ رەگەزدۆزی ناتەواوی كەرتی

جۆرێكی دیكەی رەگەزدۆزی ناتەواوە، بریتییە لە بوونی دوو وشە، كە دووەمیـان كـەرتی یەكەمیانە، واتە: وشەی دووەم لە رووی ژمارەی پیتەكانەوە لـە وشـەی یەكـەم كـەمترە، كـە ئەوەش وابێت، كەوابێ واتای هەردوو وشەكەش لە یەكتری جیادەبنەوەو هەریەكەیان واتایەكی سەربەخۆی دەبێت، دیارە لێرەدا بە لای هەنـدێ لـە رەوانبێـژانی عـەرەب و كـوردیش مـەرج ئەوەیە وشەی كەرتكراو لە پێشەوەو ئەو كەرتە وشەی لێیشـی كراوەتـەوە راسـتەوخۆ بـەدوای خۆیدا بێتەوە، بێ ئـەوەی هـیچ وشـەو دەسـتەواژەیەك نێوانییـان بكـات. وەكـو بـۆ نموونـە: (شارستان شار جێناهێڵێ)، (باغەوان باغەكەی فرۆشت)، (دەنگخۆشەكە دەنگی نووسـا)، لـە هەموو ئەو نموونانەی پێشوو دەبینین، هەمیشە كەرتە وشەی دووەم بە راستەوخۆیی لـە پـاش

کەرتی یەکەمی هاتووە و واتاشیان جیاو سەربەخۆیە، ئـەوەتا لـە نموونـەی یەکەمـدا: وشـەی (شارستان) کە بکەرە و گوزارشت لەو کەسە دەکات، کە خـەڵکی شـارە، یـان خـاوەن بـەهاو نەریتە ژیاری و شارستانییە بەرزەکانە، وشەی (شار)ی لێ کراوەتەوە، کـە واتایـەکی دیکـەی هەیە و بریتییە لـەو بـاژێڕە گـەورەی دامـەزراوەی جۆراوجـۆر و دوکـان و کۆشـك و سـەراو فەرمانگە جۆراوجۆرە خزمەتگوزارییەکان و شتانی دیکەی تیایەو بەوە لە گوند جیادەکرێتەوە.

لە نموونەی دووەمیش وشەی (باغەوان) ئاوەڵناوی بکەرە وەکو ناو و بکەر هاتووە، لە دوای خۆی وشەیەکی دیکەی لێ کراوەتەوە، کە ئەویش وشەی (باغ)ە، ناوی ئەو شوێنەیە، کە داری میوەجاتە جۆراوجۆرەکان لەخۆ دەگرێت.

لە نموونەی سێیەمیش، وشەی (دەنگخۆشەکە) وەکو ناوێکی لێکـدراوی ناسـراو و بکـەری رستەکە هاتووە، وشەی (دەنگ)ی لێکراوەتەوە، کە ئەو هێما زمانیانەیە، هەر مرۆڤێك، یـان مەخلوقێکی تر دەریدەبڕێت.

لە ئەدەبیاتی کوردی و لـە قسـەی ئاسـایی خـەڵکیش، گـەلێ جـار ئـەو هونـەرە قسـەو دەربڕینەکان جوان و سەرنجڕاکێش و کاریگەر دەکات، ئاوازێکی خۆشیان بۆ دروست دەکات، لە شیعری کلاسیکیش گرنگی پێدراوە، لە خوارەوە چەند نموونەیەك لەو بارەیە دەخەینە بەرچاو:

ـ گوڵی باغی ئیرەمی بۆتانم
شەبچراغی شەبی کوردستانم... مەلای جزیری

وشەی (شەبچراغ) کەرتکراوەو وشەی (شەب)ی راسـتەوخۆ لـە دوا هێنراوەتـەوە، ئـەوەش رەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی دروست کردووە.

ـ شەوچرای شەوی کوردستانم ڕۆ
هیوای دواڕۆژی نیشتمانم ڕۆ... دڵزار

وشەی (شەوچرا) کەرتکراوەو وشـەی (شـەو)ی راسـتەوخۆ لـە دوا هێنراوەتـەوە، ئـەوەش رەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی دروست کردووە.

ـ گەر حەقیقەت حەق بدا من یارێکی دڵدار دەوێ
ویش وەکو من سوختە جان و دڵ چوو کورەی نار دەوێ
دائیمەن دەر خەوف و دەهشەت دڵ لە ڕێی جەببار دەوێ

زاهیرەن ئەهلی بوت و ناقوس پەرست زوننار ئەوێ
باتینی عالەم بە (تەحتەل ئەرز) تا لەوح و قەڵەم... شێخ ئەحمەدی کۆر

وشەی (حەقیقەت) کەرتکراوەو وشەی (حەق)ی راستەوخۆ لە دوا هێنراوەتەوە، ئەوەش رەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی دروست کردووە.

هێنانەوە:

هێنانەوە (التصدیر)، یان (رد العجز عن الصدر).. بریتییە لە بوونی دوو وشەی هاوشێوە، یان هاورەگەز، یەکیان لە کۆتایی دێڕەکە دێت، ئەوی تریشیان دەکەوێتە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم، یان ناوەڕاستی، یان کۆتاییەکەی، یان سەرەتای نیوە دێڕی دووەم، یان ناوەڕاستەکەی.. بۆ نموونە:

ـ بەپیری ئەو مەهە چووم و بەسەر چووم
پەری بوو، ئەو نەبوو، شەوبوو، بەسەر چووم... مەحوی

لەم دێڕەدا شاعیر دووجار وشەی (بەسەر چووم)ی هێناوەتەوە، یەکیان لە کۆتایی نیوەی یەکەم و ئەوی دیکە لە کۆتایی دێڕەکە، ئەوەش هێنانەوەیەکی جوانە.

ـ عالەم خەریکی ڕوتبەو پارەیە
هەرتۆ بەتەنیا جەرگت پارەیە... بێکەس

لەم دێڕەدا شاعیر دووجار وشەی (پارە)ی هێناوەتەوە، یەکەمیان بە واتای ماڵ و سامان دێت، ئەو پارەو پولەیە، کە خەڵکی بە درێژایی ژیانی هەوڵی کۆکردنەوەی دەدات، بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی خۆشتر، (پارە)ی دووەمیش بە واتای (پارچەپارچە)یی دێت، کە لە نیوە دێڕەکەی دووەمدا مەبەستیەتی پێی بڵێت هەر تۆ بە تەنیا لەبەر غەم و ناسۆری تر و گەورەتر جەرگت شەقارشەقارو، پارچەپارچەیە، ئەمە لە هەمانکاتدا رەگەزدۆزی تەواویشە.

ـ لە دنیا هەر کەسێ مەقصودی عیشقە
بکا وەك من بە کوللی تەرکی دنیا... حاجی قادری کۆیی

(دنیا) لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەش هێنراوەتەوە، هاوشێوەنە، بەڵام هاوواتا نینە، چونکە (دنیا)ی یەکەم شوێنی تیا ژیانە و (دنیا)ی دووەم واتە: خۆشییەکانی دنیا، ئەمەش هێنانەوەیەکی جوانە.

ـ ئەگەر خاڵت بڵێم میشکی خەتایە
عەزیزی من ئەمەم عەینی خەتایە... حاجی قادری کۆیی

(خەتا) لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەش هێنراوەتەوە، هاوشێوەنە، بەڵام هاووتا نینە. چونکە:

خەتای یەکەم: شارێکە لە وڵاتی چینی کۆن.. خەتای دووەم: واتە هەڵە و تاوان، بەوەش هێنانەوەیەکی جوان بەرجەستە بووە.

ـ تا داخڵی خەڵوەت دەبی ئەمجا بە وەکاڵەت
خاکی قەدەمی ماچ بکە بەم تەرزە کە تەرزە... حاجی قادری کۆیی

(تەرزە) لە ناوەڕاستی نیوە دێڕی دووەم هاتووە و لە کۆتایی دێڕەکەش هێنراوەتەوە، هاوشێوەنە، بەڵام هاووتا نینە.. چونکە: تەرزەی یەکەم: واتە جۆر بەم تەرزە، واتە بەم جۆرە.. تەرزەی دووەم: واتە باش، کە تەرزە، واتە: کە باشە، ئەمەش هێنانەوەیەکی جوانە.

ئەم نموونانەی سەروو دیارە هەموویان هێنانەوەی (هاوشێوەیی) بوون، چونکە هەردوو ئەو وشانەی هاتوونە لە هەر دێڕێك لە شێوەدا وەکو یەك بوونە، بەڵام (هێنانەوەی هاوڕەگەزی)ش هەیە، کە شوێنی دوو وشەکانی هەر وەکو شوێنی ئەو دوو وشانەیە، کە لە هێنانەوەی (هاوشێوەیی) دەستنیشانمان کرد، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە، کە دوو وشەکانی ئێرە لە بنجدا یەك بنجیان هەیە، بەڵام لە شێوەدا وەکو یەك نین، بۆیە ناویان دەنێین (هێنانەوەی هاوڕەگەزی).. بۆ نموونە:

ـ دەبێ من سەرپەرشتی باخەکەم، کەم
لە کاروباری مەرجی باخەوانی... عەونی

لەم دێڕەدا لە نیوە دێڕی یەکەم و لە ناوەڕاستیدا وشەی (باخەکە) هاتووە، لە کۆتایی دێڕەکەش وشەی (باخەوانی) هاتووە، بەمەش (هێنانەوە) دروستبووە.. بەڵام دوو وشەکان هاوشێوە و تەنانەت هاوواتاش نین، ئەگەرچیش واتاکانیان بەیەکەوە پابەندە، وشەی یەکەم (باخەکە) ناوێکی ناسراوە، وشەی دووەمیش (باخەوانی) ناوێکی واتاییە و بە واتای کاری ئەو

کەسە دێت، کە لە باخدا ئیش دەکات، بەڵام سەرچاوەی دروستبوونی هەردوو وشـەکان وشـەی (باخ)ە، بۆیە ئەگەر بە واتاش لێکجیابن، بەڵام (هاوڕەگەز)ن و یەك بنجیان هەیە.

کەرتکردن:

(کەرتکردن) لە عەرەبیدا (التشطیر)ی پێـدەگوترێت.. بریتییـە لـەو سـەروایەی، کـە بـە بێجگەی سەروای گشتی هۆنراوەکە، شاعیر بۆ تەفعیلـە و دەسـتەواژەکانی نێـو دێـڕ و نیـوە دێڕەکانی هۆنراوەکەی دادەنێت.. بۆ وێنە:

ـ ئیلاهی زۆر شوکر ڕۆژێکی چەند پیرۆز و مەحموودە

عەدالەت، ئەمنییەت، ڕاحەت، سەراسەر ئێستە مەوجودە... بێکەس

لە نیوە دێڕی دووەمدا، سێ وشەی عەدالەت، ئەمنییەت، ڕاحەت، بە دوای یەکدا هاتوون، کە پیتی کۆتاییان (ت)، جۆرە سەروایەکیان بۆ دروست دەکات و لە کاتی خوێندنەوەیان هەست بە جۆرە وەستانێك لە کۆتاییـان دەکـەیت، وەك ئـەوەی هـەر یەکـەیان کـەرتێکی سـەرواکراوی سەربەخۆ بێ، ئەمەش، چونکە لە شیعردایە بۆیە بە (کەرتکردن) دەناسرێت.

جۆرەکانی (کەرتکردن):

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ لە دوو روانگەوە جۆرەکانی (کەرتکردن) دەستنیشان بکەین:

یەکەم: بەپێی ئەو دابەشەکردنەی شاعیر بۆ دێڕەکەی دەکات، (کەرتکردن) ئەم جۆرانەی هەیە:

١ـ شاعیر دێڕەکەی دەکاتە چوار کەرتی یەکسان و هەردوو کەرتەی بـە شـێوەیەك سـەروادار دەکات، بۆ وێنە:

ـ حوسن و جەمالی جانان، نادێرتن تو پایان

هەرچی نەبن بیدایەت، ئەصلەن نەهن نیهایەت... مەلای جزیری

ئەم دێڕە کراوەتە چوار کەرتی یەکسان، دوو کەرت لە نیوە دێـڕی یەکـەم، بـە پـیتی (ن) سەروادار کراون، دوو کەرتیش لە نیوە دێڕی دووەم، بە پیتی (ت) سەروادار کراون.

٢ـ شاعیر دێڕەکەی دەکاتە چـوار کـەرتی یەکسـان، سـێ کـەرتی یەکـەمی بـە پیتێـك، سەروادار دەکات، هەرچی کەرتی چوارەمیشە سەروایەکەی لەگەڵ سەروای گشتی هۆنراوەکەی یەکدەخات، بۆ وێنە:

ـ لە بەرقی ڕەنگی شەڕواڵی، حەیا دامێنی هەڵماڵی
لە تەققەی دەنگی خڕخاڵی، لە گەردوون زوهرە داماوە... حاجی قادری کۆیی

سێ کەرتی یەکەمی ئـەم دێـڕە بـەپیتی (ڵ) سـەروادارکراون، دوا کـەرتیش سـەروای گشـتی هۆنراوەکەی پێ پارێزراوە.

ـ دەمێ نەفعەی نەسیمی خۆی، هەناسەی خۆش شەمیمی خۆی
لە ئەنعامی عەمیمی خۆی، بە عالـــەمدا پەرێشانە... چروستانی

سێ کەرتی یەکەمی ئەم دێڕە بەپیتی (م) سەروادارکراون، دوا کـەرتیش سـەروای گشـتی هۆنراوەکەی پێ پارێزراوە.

دووەم: بە پێی جۆری وشە و دەسـتەواژە کـەرتکراوەکان، یـان سـەروادارکراوەکان، دەشـێ (کەرتکردن) ئەم جۆرانەی هەبێ:

١ـ کەرتکراوی هاوکێش: ئەو کەرتکراوەیە، کە شاعیر دێت دێڕەکەی بە هاوکێشی و یەکسانی بەسەر چەند کەرت و هەڵوێستەیەکی وەك یەك لە ژمارەی بڕگەکانیان دابەش دەکات و هەردوو نیوە دێڕەکانیش دەگرێتەوە نەك یەکێ لە نیوە دێڕەکان.. بۆ وێنە:

ـ من دی سەحەر، شاهێ مەجەر، لە بسێ دبەر، مەخمووربوو
ئەودیم زەری، سوور موشتەری، یارەب پەری، یاحور بوو
حوری وەشە، شیرین مەشە، کاکۆل ڕەشە، خاڵ حەبەشە
خاڵێن دقەر، مسکێن تەتەر، نازك بەشەر، کافوربوو
نازگ لەتیف، گەردن خەفیف، لەبسێ شەریف، کیخمە و قەدیف
من دی بەوەخت، ئەونیك بەخت، ئیرۆ لەتەخت، مەغفور بوو... مەلای جزیری

ئەم هۆنراوە بەرزەیە لە سەرەتا و تا بنەتا، هەمووی لەسەر یەك جۆر دەڕوا، هەر دێڕێکـی دابەشی هەشت هەڵوێست کراوە، هەر هەڵوێستی چوار بڕگەیە، بێجگـە لـە سـەروای گشـتی هەموو هۆنراوەکەش، هەموو کەرتەکانی هەرنیوە هۆنراوەیـەك سـەروایەکی سـەر بـە خۆیـان هەیە، لە ژمارەی بڕگە یەکسانن و لەسەر یەك کێشیش داڕێژراون.

ـ کەرتکراوی ناهاوکێش: ئەو کەرتکراوەیە، کـە شـاعیر تیایـدا دێڕەکـەی بەسـەر چـەند هەڵوێستە و دەستەواژەیەکدا کەرت دەکات، بێ ئەوەی ڕەچاوی هاوکێشی و یەکسانی ژمارەی بڕگەکانیان بکات.. بۆ وێنە:

ـ دیلانۆکێ، دیلانێ، هەوار دیلانێ

دیلانۆکێ، دیلانێ، هەوار دەرمانێ

ئەم دێڕە، هەر نیوە دێڕێکی بەسەر سێ هەڵوێست کەرتکراوە، یەکەمیان (٤) بڕگە، دووەمیان (٣) بڕگە، سێیەمیان (٥) بڕگەیە.. ئەمەش نایەکسانی و ناهاوکێشی کەرتەکانیان پیشان دەدات.

گێڕانەوە:

لە عەرەبیدا (الترديد)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە بەکارهێنانی چەند جارەی وشەیەك، یان دەستەواژەیەك بەو مەرجەی هەرجارەی لە پاڵ شتێکەوە هاتبێت.. ئەمەش بە بەرچاوگرتنی ئەو وشەیەی (گێڕانەوە)کە دروست دەکات.. بۆ نموونە:

ـ تەریقەت بۆ شەریعەت بێ، چە نوربەخشی، چە حەلوانی

شەریعەت بۆ حەقیقەت بێ، چە ڕەببانی، چە عوسمانی... مەلا عوسمان

(چە) وشەی پرسە چوار جار لە پاڵ وشەکانی نوربەخشی، حەلوانی، رەببانی، عوسمانی گەڕێندراوەتەوە.

ـ گوڵێ بەیبون و گوڵی موفەررەح

بۆنیان خۆشترە لە مسکی و قەدەح... پیرەمێرد

(گوڵ) ناوێکی سادەیە، لە نیوە دێڕی یەکەمدا دووجار لە پاڵ وشەکانی (بەیبون) و (موفەررەح) گێڕدراوەتەوە.

شایانی باسە گێڕانەوە چەند جۆرێکی هەیە، هەندێکیان بریتینە لەمانەی خوارەوە:

١ـ گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی:

أ ـ گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (بۆ):

ـ بۆ ڕووناکی، بۆ هیوای پیرۆزی گەل

وادەیە ئەمڕۆ، دەبا هەڵمەت بەرین... مەدحەت بێخەو

(بۆ) کە لە پاڵ وشەکانی (ڕووناکی) و (هیوای پیرۆز)دا دوو جار گەڕێنراوەتەوە (ئامرازی پەیوەندی)یە.

ب ـ گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی (بە):

ـ بە باڵی خەیاڵ بە لاف و گەزاف

هەڵمان ئەفڕێنن بۆ سەر کێوی قاف... پیرەمێرد

(بە) ئامرازێکی پەیوەندییە، دوو جار لە پاڵ وشەکانی (باڵ) و (لاف) گێڕدراوەتەوە.

٢ـ گێڕانەوەی ئامرازی نەفی: ئەوەش بە پێی جۆری ئامرازە نەفییەکان زیاتر لە شێوەیەکی هەیە، لەوانە:

اـ گێڕانەوەی ئامرازی نەفی (نە):

ـ نە دەنگی دیار نە سەدای یار بوو

(لیس فی الدیار) غەیرە دیار بوو... پیرەمێرد

(نە) ئامرازێکی نەفییە، دوو جار لە پاڵ وشەکانی (دەنگ) و (سەدا) گێڕدراوەتەوە.

ـ زەنگین و مەزن ژینی لە مێرگێکی بەهارە

سرك و قەڵەو و تورە نە بەربارە نە غارە... چروستانی

(نە) ئامرازێکی نەفییە، دوو جار لە پاڵ وشەکانی (بەربارە) و (غارە) گێڕدراوەتەوە.

ب ـ گێڕانەوەی ئامرازی نەفی (بێ):

ـ خوای گەورە و بزورگ پادشای بێ نیاز

بێ هاوبەش بێ کەس بێ شوێن بێ هامڕاز... پیرەمێرد

(بێ) ئامرازی نەفییە، لە نیوە دێڕی دووەم چوار جار لە پاڵ وشەکانی: (هاوبەش) و (کەس) و (شوێن) و (هامڕاز) گێڕدراوەتەوە.

٣ـ گێڕانەوەی ئامرازی لێکدەر:

أ ـ گێڕانەوەی ئەگەر

ـ لە ژێر بەیداغی گەردووندا ئەگەر دونی و ئەگەر عالی

مەتاعی پڕ بەهات گاهێ ڕەخیصەو گەهگەهێ غالی... ئەسعەد مەحوی

(ئەگەر) ئامرازی لێکدەرە دوو جار لە پاڵ وشەکانی (دونی) و (عالی) گێڕدراوەتەوە.

ب ـ گێڕانەوەی (یا، یا)

ـ بەڵام محەمەد هەر بێ وچانە

یا لە ڕەنجبەری، یا لە کێوانە...ئەحمەدی موفتی زادە

(یا) ئامرازی لێکدەرە دوو جار لە پاڵ وشەکانی (ڕەنجبەری) و (کێوان) گێڕدراوەتەوە.

٤ـ گێڕانەوەی ناو:

ـ بەرچاو و پێڵاو هەردووکیان تەنگ بێ

ئەبێ پێی دڵ و پێی ڕۆیین لەنگ بێ... پیرەمێرد

(پێ) ناوێکی سادەیە، لە نیوە دێڕی دووەمدا دووجار لە پاڵ وشەکانی (دڵ) و (ڕۆیین) گێڕدراوەتەوە.

٥ـ گێڕانەوەی ئاوەڵناو: ئەوەش بە پێی جۆری ئاوەڵناوەکە زیاتر لە ژمارەیەکی هەیە، لەوانە:

أ ـ گێڕانەوەی ئاوەڵناوی ژمارەیی:

ـ بێ گوڕە و بڕە، بێ چرپە و بێ دەنگ

تێکڕا لە کارن، یەك ڕەنگ، یەك ئاهەنگ... پیرەمێرد

(یەك) ئاوەڵناوی ژمارەییە، لە نیوە دێڕی دووەم دوو جار لە پاڵ وشەکانی: (ڕەنگ) و (ئاهەنگ) گێڕدراوەتەوە.

ب ـ گێڕانەوەی ئاوڵناوی نیشانە:

ئەم دڕك و داڵە و ئەم قەل و داڵە

مانەوە لە شوێن ئەو گەورە ماڵە... پیرەمێرد

(ئەم...ە) ئاوەڵناوی نیشانەیە بۆ تاکی نزیك، لە نیوە دێڕی یەکەم جارێك بۆ وەسفی (دڕك و داڵ) و جارێك بۆ وەسفی (قەل و داڵ) گێڕدراوەتەوە.

ج ـ گێڕانەوەی ئاوەڵناوی پرس:

ـ ڕۆڵە بزانە ترێ چەند ڕەنگە

کامیان زوو ڕەزەو کامیان ئاونگە... پیرەمێرد

(کام) ئاوەڵناوی پرسە دوو جار لە پاڵ وشەکانی (زوو ڕەز) و (ئاونگ) گێڕدراوەتەوە.

د ـ گێڕانەوەی ئاوەڵناوی چۆنی:

ـ چەندی زەڕب و تەرح و جەمعی بۆ دەکەم، هەر هیچ دەکا

دەستی هیچ و عەقڵی هیچ و لاقی و چاوی هیچ... بێبەش

لە نیوە دێڕی دووەمدا، وشەی سادەی (هیچ) وەك ئاوەڵناوێکی نادیاری سادە، چوار جار گێڕادراوەتەوە، جارێ پەسنی (دەست)، جارێ پەسنی (عەقڵ)، جارێ پەسنی (لاق)، جارێ پەسنی (چاو)ی پێدراوە.

٦ـ گێڕانەوەی ئامرازی پەیوەندی و ئاوەڵناوی نیشانە:

ـ های لەو خۆشییە و لەو لیقای خوایە

سەڵتەنەتێکی ئەو تۆی تێدایە... پیرەمێرد

(لەو....ە) پێکهاتووە لە (لە)ی ئامرازی پەیوەندی و (ئەو....ە)ی ئاوڵناوی نیشانە بۆ تاکی دوور، بەڵام (ئە) بە هاتنی (لە) لە پێشیدا ون بووە و ئەوەی ماوە (و)ەکەیەتی، بەم شێوەیە (لەو....ە) دروستبووە، دوو جار بۆ وەسفی وشەکانی (خۆشی) و (لیقای خوا) گێڕدراوەتەوە.

٧ـ گێڕانەوەی ناوی لێکدراو:

ـ خزمینە لە بۆ دەفعی شەڕی دوژمنی بەدخوو

بۆ مەحوی بناغە و ئەسەری دوژمنی بەدخوو

بۆ کوشتن و بۆ قەتعی سەری دوژمنی بەدخوو

بۆ گەردن و سینە و کەمەری دوژمنی بەدخوو

بادەست بە قەمە و خەنجەری پچڕانی وەتەن بین..میهری

لەم پێنج خشتەکییەدا (دوژمنی بەدخوو) وەك (ناوێکی لێکدراو)یەك چوارجار بەدوای وشەکانی (شەڕ)و (ئەسەر)و (سەر)و (کەمەر)دا گێڕدراوەتەوە.

٨- گێڕانەوەی رستە:

ـ مەدحی ئیحسانی بکەم، عیلمی بکەم، عەدلی بکەم

بە خودا خاریجە ئەو صافی حەمیدەی لە ژمار.. شێخ رەزا

لە نیوە دێڕی یەکەمدا (بکەم) رستەیەکە، لە فرمانی رانەبردووی ئینشائی و (م)ی راناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك پێکهاتووە، کە بکەرە و بۆ شاعیر دەگەڕێتەوە.. شاعیر ئەم رستەیەی سێ جار گێڕاوەتەوە، جارێك لەپاڵ (ئیحسان)، جارێك لە پاڵ (عیلم)، جارێك لەپاڵ (عەدل).

گێڕانەوەی دروست و گێڕانەوەی دەستکاریکراو:

١- گێڕانەوەی دروست: مەبەست لەمە ئەوەیە، کە وشە گێڕدراوەکە وەکو خۆی و بێ دەستکاری چەند جارێك لە پاڵ وشەی دیکە دەگێڕدرێتەوە.. بۆ نموونە:

ـ پڕ دەم و پڕ زمان و دڵیانە

هەموو بەم زیکرەیە فەرەحناکن... حەمدی

(پڕ) ئاوەڵناوی چۆنییە، دوو جار لە پاڵ وشەکانی (دەم) و (زمان) گێڕدراوەتەوە، چ دەستکاریشی نەکراوە.

٢- گێڕانەوەی دەستکاریکراو: مەبەست لەمە ئەوەیە، کە وشە گێڕدراوەکە لەبەر کێشی هۆنراوەکە شاعیر ناچاردەبێت، جارێك لە جارەکان دەستکاری وشەییێکیان بکات و کەم، یان زۆرتری بکات.. بۆ نموونە:

گاهێ دەبنە دوژمنی ئەتراك و گەهـ ئینگلیز

گاهێ لە عەرەب چاو ئەبرن گەهـ لە عەجەم سەر... حەمدی

(گاهێ) چوار جار گێڕدراوەتەوە، لە پاڵ چوار وشان، دوو جار بە تەواوی و دوو جاری تر بە کورتبڕی، چونکە کێشی هۆنراوەکە ئەوەی چەسپاندووە.

گێڕانەوەی فرە: ئەو گێڕانەوەیە، کە لە تەنیا دێڕێکدا بە زیاتر لە شتێك گێڕانەوەکە ئەنجام دراوە.. بۆ نموونە:

ـ دەمێ بۆ گوڵ، دەمێ بۆ دڵ، زەلیل و زار و گریانم

گوڵەکەم ڕۆ، دڵەکەم ڕۆ، بە جارێ ماڵی وێرانم... ناری

(دەمێ بۆ) دوو جار لە پاڵ وشەکانی گوڵ و دڵ گێڕداوەتەوە، هەروەها (ڕۆ) دوو جار لە دوای وشەکانی گوڵەکەم و دڵەکەم گێڕداوەتەوە. بەمەش گێڕانەوەی فرە بەرهەمهاتووە.

گەڕانەوە:

بریتییە لە گەڕانەوەی شاعیر لە سەرەتای دێڕی دووەمیدا، یان لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمیدا، بۆ جەختکردنەوە لەسەر واتای ئەو وشە، یان ئەو وشانەی، لە ناوەڕاست، یان کۆتایی دێڕی یەکەمیدا، یان نیوە دێڕی یەکەمیدا هێناونیەتی، مەبەستیش لەمە تۆخکردنەوەی ئەو وشەیەیە، کە دووبارە دەگەڕێتەوە سەری، جا ئەمەی لەبەر پیشاندانی دەسەلاتی شیعری خۆی بێت، وەها بکات، یان لەبەر جوانییەك کە بە هۆیەوەی چێژێکی ئەدەبی خۆشتر بۆ شیعرەکەی دروست دەکات، یان بۆ روونکردنەوەی هۆی ئەو بارەی بێ، کە گوزارشتی لێ کردووە، یان لەبەر هەر پێویستی و جوانکارییەکی تر، کە شاعیر بە پێویستی دەزانێت.

شیاوی باسە: (گەڕانەوە) نە نووسەرانی کورد و نە نووسەرانی عەرەبیش ئاماژەیان بۆ نەکردووە، بەڵام وەکو حاڵەتێك لە شیعری کوردیدا، بە لای من گرنگ و جوانەو شایانی ئاماژە بۆکردنە، چونکە ئەمەش شێوازێکی تایبەتە و لادانە لە باری ئاسایی ئاخاوتن.. بۆیە من وەهای ناودەنێم و دەیخەمە خانەی (جوانکاری وشەیی).. بۆ نموونە:

ـ زۆر دەپاڕاوە لە وەقتی صەفوەتی

تاکو خوا ئەزیەت نەداتن ئوممەتی

ئوممەتی ڕاست بن بکەن شەرم و حەیا

خواپەرست بن تەرك بکەن ڕێگەی ڕییا... ڕەشاد موفتی

ئوممەت لە کۆتایی دێڕی یەکەم هاتووە، شاعیر لە سەرەتای دێڕی دووەم گەڕاوەتەوە سەری و تۆخیکردۆتەوە.

ـ بولبول لە باغی جەننەتێ، دایم دەخوێنێ، عەندەلیب

صەد ئافەرین لەو صوحبەتەی شادبین بە یاری عەن قەریب

شادبین بە یاری نەو نەمام، بەو دلبەری شیرین کەلام

شاە و سەلاتین بۆی غولام، باڵا نەمامی دل فریب... شێخ ئەحمەدی کۆر

له ناوەڕاستی نیوه دێڕی دووەمی دێڕی یەکەمدا شاعیر دەستەواژەی (شادبین بە یاری)ی هێناوە، لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەمی دێڕی دووەمیش گەڕاوەتەوە سەر هەمان دەستەواژەی (شادبین بە یاری) و درێژەی پێداوە، کە بەچی شادبین.

جۆرەکانی گەڕانەوە:

گەڕانەوە یان لە سنووری تاکە دێڕ دەکرێت، یان لە سنووری دوو دێڕ، یانیش لە کۆپلەیەك، یان لە چەند دێڕێکی کۆپلەیەکی شیعری نوێ، یانیش لە تەواوی هۆنراوەیەکدا.. بۆ نموونە:

١ـ لە سنووری تاکە دێڕدا:

ـ گۆتییان ئەی فەخری عالەم مەرحەبا

مەرحەبا نازداری ئادەم مەرحەبا... رەشاد موفتی

مەرحەبا لە کۆتایی دێڕی یەکەم هاتووە، شاعیر لە سەرەتای دێڕی دووەم گەڕاوەتەوە سەری و تۆخیکردۆتەوە.

- پانزە ڕۆژێکە خەریکی کارم

کار وەکو خۆیە و بار نابێ بارم

لەم دێڕەدا لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم، شاعیر وشەی (کار)ی هێناوە، کە گوایە پانزە ڕۆژێکە خەریکیەتی، لە پاشان لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمی، دیسانەوە هاتۆتەوە سەر وشەی (کار)ەکە، روونی کردۆتەوە، کە بە کوێ گەیشتووە.

٢- لە دوو دێڕدا.. وەکو لە پارچەك:

- خوا عێوەزی کرد ئەو هەواو بانە

نیشانەی پاییز زەردی خەزانە

خەزانی داوە درەخت خوەرەتاو

بێ شك پاییزە چیگۆ بووە ئاو... کاکە حەمە عەلی رەحیم پوور

خەزان لە کۆتایی دێڕی یەکەم هاتووە، شاعیر لە سەرەتای دێڕی دووەم گەڕاوەتەوە سەری و تۆخیکردۆتەوە.

٣- لەم هۆنراوەدا..وەکو ئاماژەمان بۆی کرد، دەشێت لە تەواوی هۆنراوەشدا لـە هـەموو دێڕەکانی دەربکەوێت، لە ئەدەبی کوردیدا (ئەحمەدی کۆر) یەکێکە لەو شاعیرە گرنگانەی، کە ئەم هونەرەی لە زۆربەی شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، بۆ نمونە ئەم شیعرەی دەخەینـە بـەر چاو:

ـ ئەی غەزالان شۆخ و شەنگان و خەدەنگان ڕاست و چەپ
دڵ چوو سەنگان خوو پڵنگان دای لە قەلبم ڕاست و چەپ
دای لە قەلبی من حەزینە چەند خەدەنگی سەر بە خوێنە
ئەو لە من کردن برینە خوێن بە خوڕ دێ ڕاست و چەپ
خوێن لە من دێ بێ قەرارە هەڵقولانی چەشمە سارە
ڕووبنیشن هەر چەپارە بۆم بگرێین ڕاست و چەپ

لەم سێ دێڕانەی سەروو، لـە دێـڕی یەکەمـدا دەسـتەواژەی (دای لـە قـەلبم)ی هێنـاوە، سەرەتای دێڕی دووەمی بۆ درێژکردنەوە (دای لە قەلبم) تەرخانکردۆتـەوەو دێڕەکـەی بـۆ ئـەو باسە تەرخانکردووە، واتە لە سەرەتای دێڕی دووەم گەڕاوەتەوە سەر ئەو دەستەواژەی (دای لـە قەلبم)، کە لە دێڕی یەکەم ئاماژەی بۆ کردبوو.

لە کۆتایی دێڕی دووەمیش وشەی (خوێن)ی هێناوە، لە دێڕی سێیەمدا گەڕاوەتـەوە سـەر (خوێن)ەکەو درێژی کردۆتەوە.. بەم شێوەیە، ئەگەر هەموو ئەو هۆنراوەیەی تەماشـا بکـەین، هەمان راستیمان بۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە لە دێڕی سێیەمی رستەی (بۆم بگرییێن)ی هێناوە، لە سەرەتای ئەو دێڕە چـوارەی، کـە ئێسـتا دەیخوێنینـەوە، دەبیـنین گەڕاوەتـەوە سـەر (بـۆم بگرییێن):

ـ بۆم بگرییێن زۆر بەجۆشە پێم نەما هیچ عەقڵ و هۆشە
ماری ڕەش یەکسەر خرۆشە عەقرەبان گرت ڕاست و چەپ
مار و عەقرەب کرد هجومە وەی لە خۆم بەدبەخت و شوومە
هیندەیان شیر لێ دەسوومە دێنە جەنگم ڕاست و چەپ
دێنە جەنگم چەند هەزاران هیندیی و ڕۆم و تەتاران
قەوسییان تیر لێ دەباران جووت بە جووت دێن ڕاست و چەپ
وا بە شدەت دێنە خوارێ دەستی من دامانی یاری
خوێن لە چاوانم دەباری جو بە جو دێن ڕاست و چەپ

جو بو جو سەر گرد لە دامان فرقەتی بێ حەد و سامان
ئەز دەناڵم سوبح و شامان سینە داغم ڕاست و چەپ
سینە داغم دەردەناكم من لە دوو لوتفت هیلاكم
ڕوح و گیانی خۆم فیداكەم ژێری نەعلت ڕاست و چەپ
ژێری نەعلت كەحلی چاوم كورەیی پڕ جۆش و تاوم
شبهی پەروانە سووتاوم دێمە گەردش ڕاست و چەپ
دێمە گەردش میسلی بادە دل لە بونی نامورادە
ئاخ لە دەست جووتێك جەلادە تیغ بە خین دێن ڕاست و چەپ
تیغ بە دەستن مەی فرۆشن بۆ هیلاكی جان بە جۆشن
عاشقانت خوێن دەنۆشن جورعە جورعە ڕاست و چەپ
سووت دەروونم وەك زوخاڵی كەوتمە بەحری ئاه و ناڵی
ناپرسی جارێك لە حاڵی كوشتەكانت ڕاست و چەپ
(ئەحمەدی كۆر)ی حەزینە دڵ لەسەر صیدق و یەقینە
یاری خۆت حازر ببینە دوور و نێزیك ڕاست و چەپ... ئەحمەدی كۆر

پاتكردنەوە:

(پاتكردنەوە) لە عەرەبیدا (التكرار)ی پێدەڵێن، بریتییە لەوەی شاعیر وشەیەك، یان دەستەواژەیەك، یان ڕستەیەك بێنێ، چەند جارێك پاتی بكاتەوە، بۆ چەند مەبەستێكی تایبەتی، بەومەرجەی هەموویان واتایان یەك بێت و لە جارێكەوە بۆ جارێكی تر واتایان نەگۆڕێت. بە واتە: نابێت وشە و دەربڕینەكان نە لە ڕواڵەت و نە لە گوزارەدا، هیچ گۆڕانیان بەسەر دابێت.. بۆ وێنە:

ـ ماینە كوێت جاران، كە دەتگوت ڕەوتی ڕەوتی ئاهووە
ئێستا هەستانی لەسەر ئاخوڕ بەیاهوو یاهووە.. شێخ ڕەزا

لەنیوە دێڕی یەكەمدا (ڕەوتی ڕەوتی)و، لە نیوەی دێڕی دووەمدا (یاهوو یاهوو) (پاتكردنەوە)ن، چونكە لە پاتكردنەوەی یەك وشە پێك هاتوون.. واتایان یەكەو، بە دوای یەكیشدا ریز كراون.

جۆرەکانی (پاتکردنەوە):

یەکەم: بە بەرچاوگرتنی مەبەست لە پاتکردنەوە:

شاعیر کاتێك وشەو دەستەواژەیەك زیاتر لە جارێك بەدوای یەکدا پاتدەکاتەوە، بێگومان مەبەستێك بۆ ئەمەی پاڵدەنێت، جا بە بەرچاوگرتنی ئەو مەبەستانە، دەکرێت ئەو جۆرانەی پاتکردنەوە دەستنیشان بکەین:

١- پاتکردنەوە بە مەبەستی تەحەداو بەرەنگاری کردنەوە، بۆ وێنە:

ـ تابمێنێ نوری چاوو، هێزی پێم

دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم.. هێمن

لە نیوە دێڕی دووەمدا، شاعیر شەش جار (دێم)ی پاتکردۆتەوە، بەمەبەستی تەحەدای دوژمنانی.

٢- پاتکردنەوە بە مەبەستی پێداگرتن و تەوکیدکردن، بۆ وێنە:

ـ لەملی بکەین تەوقی زیو و زەڕ

هەتا قیامەت هەر کەرەو، هەر کەر.. عەلی کەمال باپیر ئاغا

وشەی (هەر کەر) لە نیوە دێڕی دووەمدا دووجار پاتکراوەتەوە، ئەمەش بەو مەبەستەی کە (کەر) هەر کەرەو هەر چییەکی بۆ بکەیت، لەوە زیاتر بە شتێکی تر نابێت، وەك چۆن پەندێکی کوردیش لەو بارەوە دەڵێت: (کەر بچێتە بەغدایێ، نابێتە هێستر) بە هەمان مەبەست بۆ تەوکیدکردن و دڵنیایی کردنی بەرامبەر، شاعیر (هەرکەرەو، هەرکەر)ی بە پاتکراوەیی هێناوەتەوە.

٣- پاتکردنەوە بە مەبەستی ڕێککردنی سەروای هۆنراوەکە، بۆ وێنە:

ـ تێکدەرین، تێکۆشەرین

ئازادنیە، هەڵمەت بەرین

بۆ قەڵای سەرمایەدار

تێکدەرین تێکدەرین... دلزار

لە دوا نیوە دێڕی ئەم چوارینە وشەی (تێکدەرین) دووجار پاتکراوەتەوە، ئەمەش لەبەر ڕێکبوونی سەروای دوا نیوە دێڕەکە، لەگەڵ سەروای گشتی چوارینەکە، ئەگەرچیش لەلایەکی تریشەوە دەبینین لە هەمانکاتدا بۆ مەبەستی تەحەداو سووریەتی لەسەر داواکەش دێت.

دووەم: بە بەرچاوگرتنی ژمارەی وشە پاتکراوەکە ئەم جۆرانەی پاتکردنەوە هەیە:

١ـ پاتکردنەوەی دوویی.. ئەو پاتکردنەوەیە، کە وشە پاتکراوەکە دوو جار بە دوای یەکدا دێت، کە لە راستیدا ئەمە بچووکترین سنووری پاتکردنەوەیەو لەوە کەمتر، پاتکردنەوەکە لە نێو دەچێ.. دەرکەوتنی ئەوەش لە سنووری تاکە دێڕدا دەشێ چەند شێوەییێکی هەبێ.. بۆ نموونە:

یەك: یەك پاتکردنە: ئەو پاتکردنەوەیە، کە یەك جار لە سنووری دێڕەکەدا هاتووە.. بۆ نموونە ئەوەی لە سەروو نووسیمان:

ـ ئەم قیسەیەی کە کردم، ناگاتە چەند ساڵی تر

ئەم حاڵەتە دەبینن، یەك یەك بە چاوی خۆتان... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕە (یەك یەك) یەك پاتکردنەوەی بەرهەمهێناوە.

دوو: دوو پاتکردنەوە: ئەو پاتکردنەوەیە، کە دوو جار لە سنووری دێڕەکەدا هاتووە.. بۆ نموونە:

ئەو زەمانە گەرمەیی بازاڕی نەگبەتیانە قەوم

حەمدی، وەك قەوم ڕابوەستێ فیرقە فیرقە هۆز هۆز... حەمدی

لە نیوە دێڕی دووەم وشەی (فیرقە) بە واتای (تیپ) دوو جار بە هاوشێوە و هاوواتا پاتکراوەتەوە، هەر لە نیوە دێڕی دووەم و لە دوای ئەو پاتکردنەوەی پێشوویش وشەی (هۆز) وەکو ناوێك دوو جار بە هاوشێوە و هاوواتا پاتکراوەتەوە.

سێ: سێ پاتکردنەوە: ئەو پاتکردنەوەیە، کە سێ جار لە سنووری دێڕەکەدا هاتووە.. بۆ نموونە:

نەنۆشێ ئاوی گوڵ بولبول منیش نەینێمە سەر دەم دەم

دەبێ ئەو شیوەنی گوڵ گوڵ بکا، من گریەیی دەم دەم... حەمدی

لە نیوە دێڕی یەکەم وشەی (دەم) بە واتای (دەمی شت پێخواردن) دوو جار بە هاوشێوە و هاوواتا پاتکراوەتەوە، هەر لە نیوە دێڕی دووەمیش وشەی (گوڵ) وەکو ناوێك دوو جار بە هاوشێوە و هاوواتا پاتکراوەتەوە، هەر لە نیوە دێڕی دووەمیش وشەی (دەم) بە واتای (ماوە) دوو جار بە هاوشێوە و هاوواتا پاتکراوەتەوە.

٢ـ پاتکردنەوەی سێیی.. ئەو پاتکردنەوەیە، کە وشە پاتکراوەکە سێ جار بە دوای یەکدا دێت، کە لە راستیدا ئەمە سنوورێکی فراوانتری پاتکردنەوەیەو لەوە کەمتر، پاتکردنەوەی دووییە.. دەرکەوتنی ئەوەش لە سنووری تاکە دێڕدا دەشێ چەند شێوەییێکی هەبێ.. بۆ نموونە:

ـ ئۆف ئۆف ئۆف

پایز ڕەنگی ماتەمە

دنیا تاریك و تەمە

نوری چاوانم کەمە... پیرەمێرد

(ئۆف) وشەی حەسرەتکێشانە، لە لەتە دێڕی یەکەم سێ جار پاتکراوەتەوە.

سێیەم: بە بەرچاوگرتنی جۆری ڕێزمانی وشە پاتکراوەکە ئەم جۆرانەی پاتکردنەوە هەیە:

١ـ پاتکردنەوەی ناو: لێرەدا پاتکراوە (ناو)ە.. بۆ نموونە:

ـ دڵ تەقەی تێکەوت بە جارێ بوون بە نووکی نێزەوە

چاوی هەڵهێنا کە تەحریکی موژەی کرد فەوج فەوج... حەمدی

(فەوج) کە لە دوابەشی نیوە دێڕی دووەم دوو جار پاتکراوەتەوە، (ناو)ە.

٢ـ پاتکردنەوەی رستە: لێرەدا پاتکراوە (رستە)یە.. بۆ نموونە:

ـ بە غەیرەز باسی ئەوزارە، موهیممە دەرکی ئەوزارە

ئەوی بیستوومە بیستوومە، ئەوی دیتوومە دامناوە... حاجی قادری کۆیی

(بیستوومە) لە نیوە دێڕی دووەمدا دووجار پاتکراوەتەوە، رستەیەکە هاوشێوە و هاوواتایشە.

ـ دڵ بە پەرۆشە، دڵ بە پەرۆشە

خەبەرێکم بیست دڵ بە پەرۆشە... پیرەمێرد

(دڵ بە پەرۆشە) رستەیەکە دوو جار لە نیوە دێڕی یەکەم پاتکراوەتەوە.

ـ لەژێر سەقفێکا کۆڵەکەی نییە

کە ڕووخا ڕووخا ڕووگیری چییە؟... پیرەمێرد

رووخا رستەیەکی سادەیە، پێکهاتووە لە (ڕووخا)ی فرمانی رابردووی تێپەڕ و بکەرێکی ئەقڵی کە بۆ کەسی سێیەمی تاك دەگەڕێتەوە، ئەم رستەیە لە نیوە دێڕی دووەمدا دوو جار پاتکراوەتەوە.

٣- پاتکردنەوەی ئاوەڵناو: لێرەدا پاتکراوە (ئاوەڵناو)ە.. بۆ نموونە:

ـ وەرە ئەی دڵ بەسییە، بیدە سەگانی دەری یار

دڵەکەی کون کونی من، یا جگەری لەت لەتی خۆت... **حاجی قادری کۆیی**

(کون) لە نیوە دێڕی دووەم وەکو ئاوەڵناوێك، کە وەسفی دڵ دەکات دوو جار پاتکراوەتەوە، هاوشێوە و هاوواتایشە.. (لەت)یش هەر لە نیوە دێڕی دووەم وەکو ئاوەڵناوێك، کە وەسفی جگەر دەکات دوو جار پاتکراوەتەوە، هاوشێوە و هاوواتایشە.

٤- پاتکردنەوەی ئاوەڵفرمان: لێرەدا پاتکراوە (ئاوەڵفرمان)ە.. بۆ نموونە:

ـ دیسا نەسیمی بەهار نەرم نەرم هاتە خوار

دونیای زیندوو کردەوە، بە ئەمری پەروەردگار... وەفایی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (نەرم) وەکو ئاوەڵفرمانێکی چۆنی، کە وەسفی فرمانی (هاتە خوار) دەکات، دوو جار پاتکراوەتەوە.

ـ عەینی فەیزە گەر دڵت لەت لەت بکا ئەهلی شەرەف

سەیری شەئنی شانە کە کردی بە ئەگریچە تەماس... حەمدی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (لەت) وەکو ئاوەڵفرمانێکی چۆنی، کە وەسفی فرمانی (بکا) دەکات، دوو جار پاتکراوەتەوە.

٥- پاتکردنەوەی راناو: لێرەدا پاتکراوە (راناو)ە.. بۆ نموونە:

ـ ئیتر لە ڕاست و چەپەوە

هاواریان کرد هەوە هەوە... هێدی

وشەی (هەوە) راناوە، لە نیوە دێڕی دووەمدا دووجار بە هەمان واتا بەدوای یەکدا پاتکراوەتەوە، ئەوەش (پاتکردنەوە)ی دروست کردووە.

٦- پاتکردنەوەی وشەی نەفی: لێرەدا پاتکراوە (وشەیەکی نەفی)یە.. بۆ نموونە:

ـ کە میوان هات سەری ئەبڕین گۆشتەکەی

نەو، نەو، تخوا بابە ئەوە قەت نەکەی... پیرەمێرد

(نەو) وشەی نەفییە، لە نیوە دێڕی دووەمدا دوو جار پاتکراوەتەوە.

٧- پاتكردنەوەی دەستەواژە، گرێ: لێرەدا پاتكراوە (دەستەواژە، یان گرێ)یێكە.. بۆ نموونە:

ـ هەوای هاوینە، هەوای هاوینە
ئەمساڵ هاوینمان زۆر لێ بەقینە... پیرەمێرد
(هەوای هاوینە) گرێیەكی ناوییە دوو جار لە نیوە دێڕی یەكەم پاتكراوەتەوە.

٨- پاتكردنەوەی وشەی داد و شەكوا: لێرەدا پاتكراوە (وشەیەكە بۆ دادپرسی و شەكوا)یە.. بۆ نموونە:

ـ ئای ئامان ئامان سووتام، خۆشە وەك نوقڵی بادام
ڕەگی ڕۆحیان دەركێشام، لیرەكانیان دەرهێنام... پیرەمێرد
(ئامان) وشەی دەربڕینی داد و شەكوای حاڵە، دوو جار لە نیوە دێڕی یەكەم پاتكراوەتەوە.

جیاوازی نێوان (گێڕانەوە) و (پاتكردنەوە):

(گێڕانەوە) و (پاتكردنەوە) وەك دوو هونەری جوانكاری وشەیی، ئەگەرچی هەردووكیان بریتی بن لە دووبارە و سێ بارەكردنەوەی وشە، یان گرێ و رستەو دەربڕینەكان، بەڵام ئەم جیاوازیانەشیان هەیە:

ئەو وشەیەی لە (گێڕانەوە)دا چەند جارێك دووبارە دەكرێتەوە، هەر جارەی دەبێت خرابێتە پاڵ وشەیەك، بەڵام ئەو وشەی لە (پاتكردنەوە) دووبارە دەكرێتەوە، ئەگەر هەر چەندجاریش پاتكرابێتەوە، هەر دەبێ لە تەك یەك بێن و نابێت وشەیەك، یان رستە و دەستەواژەیەك جیاوازی بخاتە نێوانیان، بۆ وێنە:

ـ لە شەش كەسبا، لەگەڵ شەش كەس شەریكی
چ ئەقڵێكە لەسەر كام فاك و فیكی... موفتی پێنجوێنی

لەم دێڕەدا، ئەگەر چی لە نیوە دێڕی یەكەمدا (شەش) دووبارە كراوەتەوە، بەڵام نێوانیان هەیە، جارێك خراوەتە پێش (كەسب) و جاری دووەم خراوەتە پێش (كەس).. بۆیە بەم جۆرە دووبارەكردنەوەیە دەڵێن (گێڕانەوە)، واتە دوای ئەوەی وشەیەك سەرەتا بەكار هاتبوو، ئێستا دووبارە پێویستی لە شوێنێكی ترو لە پاڵ وشەیەكی تردا دووبارەی كردۆتەوە.. بەڵام لە نموونەیەكی وەك ئەمەی خوارەوە:

ـ دوایی گەروی لێبگرەوە

دیلی بگرە ڕەوە ڕەوە... هێدی

وشەی (ڕەوە) لە نیوە دێڕی دووەمدا پاتکراوەتەوە، هیچ یەکەیان نە خراونەتە پاڵ وشەیەك ئەمەش (پاتکردنەوە)یە.

بوونی پێویستە:

لە عەرەبیدا (لزوم ما یلزم)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە وەکیەکی و هاوشێوە هاتنی پیتێك، یان چەند پیتێکی بەر لەو پیتەی، کە لە هۆنراوەدا رووی (سەروا) و لە پەخشاندا (سەروادار) دروست دەکات، ئەمەش (سەروا) و (سەروادار)ەکان جوان و رێکتر دەکات لە شێوە، بۆ سەر زار خۆشتر گۆ دەکرێن، بەر لە گەیشتنمان بە کۆتایی رستە، یان دێڕە شیعرییەکە، دەزانین کۆتاییان بە چی دێت.. بۆ نموونە:

ـ باسی باوکی مەکە ئارامی نییە ئەو تەرەسە

ڕۆژێ جاسووسە بە شەو تا بە سبەینێ عەسەسە

ناکرێ مەتح و سەنای تۆ بە زوبان و بە قەڵەم

حەقە مەتحت نەکەم و قافیە زانیم عەبەسە

شێر وەکو موورە لە لای زولفی کەمەند ئەندازی

فیلە مێشوولەیە لێی لابدە عەنقاش مەگەسە... حاجی قادری کۆیی

وشەکانی (عەسەسە) و (عەبەسە) و (مەگەسە) رەوی (سەروا)یان دروست کردووە، (س) پیتی رەوییە، (ە)ی بزوێنی پێش رەوی بوونی پێویستەیە.

چەند شێوەییێکی بوونی پێویستە

دیارە ئەو پیتانەی بوونی پێویستە دروست دەکەن، چەندی زۆرتربن، سەرواکە بەهێزتر و جوانتر دەکەن، بەڵام هەمیشەش ناکرێ پێش سەروا، یان پیتەکانی بوونی پێویستە هەر زیاتر لە یەك بن، بەڵکو جاری وەها هەیە یەك پیتە و جاری وا هەیە دوو پیتە و جاری وا هەیە سێ پیتە و دەشێ جاری وەها هەبێ زیاتریش بێت، لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر هەندێ لەمانە:

١- بوونی پێویستەی یەك پیتی.. بۆ نموونە:

ـ وەنەوشە شین پۆش مل کەچ نگون سار

سوسەن کون کون بێ، بە نینۆکی خار

دەنگی کەو ببڕێت لە دەوری کۆسار
سروەی با نەبێ لەسەر پەلکی دار
ئەستێرەی سیوەیل وێنەی تازێدار
ڕەشپۆش بێ شەوقی نەبینێ دیار...

لەم دێڕانە هەر سێ دێڕەکانی بە وشەکانی (خار) و (دار) و (دیار) کۆتایی هاتوون، پیتی (ر)ی کۆتایی وشەکانی رەوی دروست کردووە، پیتی (ا)ی بزوێنی پێش رەوییەکەش بوونی پێویستەیە.

ـ بە سووکی تێمەگە ئەم خاکە لاتان زۆر بەقیمەت بێ
هەمووی هەر خاکی دەست و پێ و، چاو و لێو و زارێکە
ئەگەر تۆ هەڵکەنی، سا ناودڵی خاك بۆت بەدەربێخی
چ جێگای ئاوەدانی بێ، چ جێگای شوێنەوارێکە
ئەگەربێت و بەچاوی دڵ سەرنج بگری، دەزانی تۆ
کە شار وێران بووە، وێرانەیە ئێستاکە شارێکە.. عەونی

لەو پارچەیەدا پیتی (ر)ی وشەکانی (لێو و زار) و (شوێنەوار) و (شار) رەوی دروست کردووە، پیتەکانی (ێکە) کە لە دوای پیتی (ر) هاتوونە، پاش رەوی نە، پیتی (ا) کە لە پێش پیتی (ر)ەکە هاتووە پێش رەوییە و بوونی پێویستەیە.

٢- بوونی پێویستەی دوو پیتی.. بۆ نموونە:

گوڵ غەرقی ئاو و ڕەنگە
غونچە دەم و دڵ تەنگە
نێرگز گێژ و دەبەنگە
بولبول لەسەر ئاهەنگە
ڕۆژێکی شۆخ و شەنگە
لوتفێ بکە درەنگە... حەمدی

وشەکانی (تەنگە) و (ئاهەنگە) و (درەنگە) سەروایان دروست کردووە، (گ) پیتی رەوییە و سەرواکەی بەرهەمهێناوە، (ە)ی دوای ئەم رەوییە، پاش رەوییە، دوو پیتەکانی (ە)و (ن)ی پێش ئەو رەوییە (بوونی پێویستە)نە.

٣- بوونی پێویستەی سێ پیتی.. بۆ نموونە:

ئەی شەهیدان ئابڕۆی ئەهلی مەحەببەت با نەچێ
لەم مەسافی عەشقەدا بمرن بسووتێن بێ تەلاش
وا بەسەر تەختی هەواوە وەك سولەیمان عاشقت
تاجدارە هەرکەسێ سووتا وەکو پووش و پەلاش
ئەی سەنەم ئاوێنەیی ڕوومەت نیشانی خۆر مەدە
نەك بە جارێ گڕ لە گەردوون بەربدا عەکسی جەلاش... حەمدی

وشەکانی (تەلاش) و (پەلاش) و (جەلاش) سەروایان دروست کردووە، (ش) پیتی ڕەوییە و سەرواکەی بەرهەمهێناوە، سێ پیتەکانی (ە) و (ل) و (ا)یش کە لە پێشی ئەو ڕەوییە هاتوونە (بوونی پێویستە)نە.

لێیوەرگرتن:

لە عەرەبیدا (اقتباس)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لەوەی پەخشان یان شیعر شتێك لە قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لەسەر)، یان هەر گوتە و دەربڕینێکی بەهێز لە خۆ بگرێت، بەڵام مەرج لێرەدا ئەوەیە، کە وەرگیراوەکە، نابێت لە ڕستەیەکی سادە کەمتر بێت و نابێ ئاماژەش هەبێ، کە ئەو گوتەیە وەرگیراوە.. بۆ نموونە:

ـ کافر نەوینۆ سزای دەرد و خەم
سوپای خەم ئامان من کەردەن ماتەم... عەزیز

نیوە دێڕی یەکەم (کافر نەوینۆ سزای دەرد و خەم) گوتەی ئامادەی سەرزاری خەڵکییە، شاعیر وەریگرتووە و شیعرەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند کردووە، چ ئاماژەشی نەکردووە، کە ئەم ڕستەیەی وەرگرتووە.

شایانی باسە ئەم (لێیوەرگرتن)ەش جۆری زۆرە، لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر هەندێکیان.

جۆرەكانی لێیوەرگرتن:

١ـ لێیوەرگرتن لە قورئانی پیرۆز: لێرەدا قسەكەر، یان شاعیر بەشێك لە قورئانی پیرۆز، كە لە رستەیەكی تەواوی ئایەتێك كەمتر نییە، وەردەگرێ و قسەكەی خۆی پێ بەهێز دەكات.. بۆ نموونە:

ـ ﴿سبحان الذي اسرى﴾ سەراتە
﴿قاب قوسين﴾یش ئەدنا جێگاتە... پیرەمێرد

لە نیوە دێڕێ یەكەمدا ﴿سُبْحَانَ ٱلَّذِى أَسْرَىٰ﴾ ئایەتی ژمارە (١) سورەتی پیرۆزی ﴿الأسراء﴾ە، شاعیر وەریگرتووە و خستویەتییە ناو دێڕەكەی خۆی.

جاری وەهاش هەیە سورەتێكی پیرۆز بە تەواوی وەردەگیرێ و تێكەڵاوی شیعرەكە دەكرێت، بەڵام ناشگوترێ ئەمە سورەتە، بۆ نموونە:

ـ شێخ و دەروێش و مەلا كەوتووینە گێژاوی بەڵا
(قل هو الله احد) بگرە دەستم لەم زەحمەتە
وا بە (الله الصمد) پەنها ئەبەم یا (لم یلد)
هەم (ولم یولد) خووا ئەم كاتە كاتی رەحمەتە
یەعنی یا (من لم یكن له كفوا احد)
لوتف و رەحم پێ بكە ئەم رۆژە رۆژی هیممەتە... ئەسعەد مەحوی

لێرەدا شاعیر هەموو سورەتی پیرۆزی (الأخلاص)ی وەرگرتووەو بە شیعرەكەی خۆی تێكەڵكردووە، چ ئاماژەشی بۆ نەكردووە.

٢ـ لێیوەرگرتنی بە فەرموودە: لێرەدا قسەكەر، یان شاعیر بەشێك لە فەرموودەیەكی پێغەمبەر (درود و سلاوی خوای لەسەر)، كە لە رستەیەكی تەواو كەمتر نییە، وەردەگرێ و قسەكەی خۆی پێ بەهێز دەكات.. بۆ نموونە:

ـ (اطلبوا العلم ولو بالصين) گەر تێبگەی تەمام
قەتعییەن تەحصیلی عیلم و مەعریفەت ناكەی حەرام.. بێكەس

(اطلبوا العلم ولو بالصين) یەكێكە لە فەرموودە بە نرخەكانی پێغەمبەری ئیسلام (درود و سلاوی خوای لێ بێ)، شاعیر وەك و خۆی وەریگرتووە و مەبەستی هۆنراوەكەی خۆی پێ بەهێز كردووە.

٣ـ لێیوەرگرتن لە چەمکێکی ئایینی: لێرەدا قسەکەر، یان شاعیر بەشێك لە چەمکێکی ئایینی، کە لە رستەیەکی تەواو کەمتر نییە، وەردەگرێ و قسەکەی خۆی پێ بەهێز دەکات.. بۆ نموونە:

ـ شەوێ پیاوێك لە بەفرا ما، نەمرد ئاگرێکی دووری دی

لەلای من نائومێدی کفرە، ئەم ئاگرەی دڵم بو کێ... پیرەمێرد

(نائومێدی کفرە) وتەی زانایانی موسڵمانە، چەمکێکی شەرعییە، کە لە سەرچاوە فیکری و فیقهییەکانی ئیسلامدا وا هاتووە، شاعیر وەریگرتووەو هێناویەتی ئەو دێڕەی خۆی پێ بەهێز کردوو.

ـ میحوەری ڕووحە و ڕەئیسی هەیئەتی بەزمی وجود

با وجوودا عەرشی ڕەحمانە ئەڵێن عینوانی دڵ... حەمدی

نیوە دێڕی دووەم لە گوتەی نەستەقی ئایینی: دڵی ئادەمیزاد عەرشی پەروەردیگارە، (قلب المؤمن عرش الرحمن) وەرگیراوەو بە هۆیەوەی شیعرەکەی بەهێز کردووە.

٤- لێیوەرگرتن لە پەندی پێشینان: لێرەدا قسەکەر، یان شاعیر پەندێکی پێشینان، کە لە رستەیەکی تەواو کەمتر نییە، وەردەگرێ و قسەکەی خۆی پێ بەهێز دەکات.. بۆ نموونە:

ـ چۆن بێسوودە، ئەو ناڵینە

بەرد هەر لەجێی خۆی سەنگینە... حەسەنی دانیشفەر

(بەرد هەر لەجێی خۆی سەنگینە) پەندێکی پێشینانە، شاعیر وەریگرتووەو بەهۆنراوەکەی خۆی تێکەڵکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەی بڕگەکانی پەندەکە، بڕگەیەك لە ژمارەی بڕگەکانی هۆنراوەکەی خۆی کەمترە، بۆیە وشەی (هەر)ی وەك بڕگەیەك بۆ پەندەکە زیاد کردووە و خستویەتییە ئەو شوێنەی کە کار لە واتای پەندەکە نەکات، بەوەش پەندەکە لێرەدا بووەتە (بەرد هەر لە جێی خۆی سەنگینە).

٥- لێیوەرگرتن بە گوتەی ئامادە: لێرەدا قسەکەر، یان شاعیر گوتەیەکی ئامادە، کە لە رستەیەکی تەواو کەمتر نییە، وەردەگرێ و شیعرەکەی خۆی پێ بەهێز دەکات.. بۆ نموونە:

ـ لە دەوری دووریيا پەستم دەروون پڕ دەرد و زوخاوم

ئەجەل دێ بمکوژێ نامناسێ چی بکەم نامرم و ماوم... پیرەمێرد

(چی بکەم نامرم) لە نیوە دێڕی دووەمدا، گوتەیەکی ئامادەی سەر زاری خەڵکی کوردە، شاعیر وەریگرتووە و هێناویەتی ئەو دێڕەی خۆی پێ بەهێز کردووە.

ـ سەرانسەر دونیا بدەیتە پاوە

چاوچاو ناوینێ ئەگوستە چاوە... کاك ئەحمەدی موفتی زادە

(چاوچاو ناوینێ) وتەی ئامادەیە، شاعیر وەریگرتووەو مەبەستەکەی خۆی بە هۆیەوە بەهێز کردووە، چ ئاماژەشی نەکردووە، کە ئەمەم وەرگرتووەو هی خۆم نییە.

٦ـ لێیوەرگرتن بە ئیدیۆم: لێرەدا قسەکەر، یان شاعیر ئیدیۆمێك وەردەگرێ، کە لە رستەیەکی تەواو کەمتر نییە و شیعرەکەی خۆی پێ بەهێز دەکات.. بۆ نموونە:

ـ شا بە سەپانی خۆی ڕاناگرێ

ئەم سەرزەمینە بە فلسێك ناکرێ... پیرەمێرد

(شا بە سەپانی خۆی ڕاناگرێ) درکەیە (ئیدیۆم)ە لە وەسف، واتە: زۆر لە خۆی رازییە، شاعیر وەریگرتووەو هێناویەتی ئەو دێڕەی خۆی پێ بەهێز کردووە.

٧ـ لێیوەرگرتن لە گوتەی کۆن: لێرەدا قسەکەر، یان شاعیر بەشێك لە گوتەیێکی کۆن، کە لە رستەیەکی تەواو کەمتر نییە، وەردەگرێ و شیعرەکەی خۆی پێ بەهێز دەکات.. بۆ نموونە:

ـ با گرتن تەمی ترسم لا ئەبا

بریندار نەبێ شێر هەڵمەت نابا... پیرەمێرد

(بریندار نەبێ شێر هەڵمەت نابا) گوتەیەکی کۆنی کوردە، شاعیر وەریگرتووەو بە دێڕەکەی خۆی تێکەڵکێش کردووە.

٨- لێیوەرگرتن لە وتەی نەتەوەکانی تر.. لێرەدا قسەکەر، یان شاعیر بەشێك لە گوتەی نەتەوەیەکی تر، کە لە رستەیەکی تەواو کەمتر نییە، وەردەگرێ و قسەکەی خۆی پێ بەهێز دەکات.. بۆ نموونە:

ـ واتەی (عەزیزی) دوور و گەوهەرە

بەڵام کیم ئوقلەر و کیم دیکلەرە... پیرەمێرد

(کیم ئوقلەر و کیم دیکلەر) وتەیەکی تورکییە، واتە: کێ دەیبیسێ و کێ بە قسەی دەکات، شاعیر هێناویەتی بەو دێڕەی خۆی تێکەڵکردووە.

تێکهەڵکێش:

(تێکهەڵکێش) لە عەرەبیدا (التضمین)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە تێکهەڵکێش کردنی رستە و گوتەی یەکێکی تر بەو هۆنراوەیەی شاعیرێك لە نوێ دایدەرێژێت، جا گوتە و رستەکە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بێت، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەری خۆشەویست بێت (درود و سڵاوی خوای لەسەر)، یان پەندێکی پێشینان، یان نیوە دێڕ و دێڕە هۆنراوەی شاعیرێکی تر، یان تەنانەت شیعرێکی تەواوی شاعیرێکی تر، یان هەر دەربڕینێکی تربێت، بەو مەرجەی لە سنووری رستەیەکی سادە کەمتر نەبێت و ئاماژەش هەبێت، کە ئەم رستەیە وەرگیراوە و بەشێکی دیکە نییە لە گوتاری خودی شاعیرەکە.

ئەم هونەرە یەکێکە لە هونەرە وشەییە دەوڵەمەندەکانی (جوانکاری)، چ ئەوانەی لەسەر کێشی عەموودی، چ ئەوانەی لەسەر کێشی ئازادیش شیعریان هۆنیبێتەوە، لە شیعرەکانیاندا بەرجەستە دەبێت، هەروەها لە (پەخشان)یش نووسەر پەنای بۆ دەبات، نووسەر زۆرجار وتەکانی خۆی لەم رێگەیەوە بە وتەی کەسانی تر بەهێز دەکات.. بۆ نموونە:

ـ رۆژوو ئەگری کەچی لە نوێژ بێزراوی

بە فتوای شێخ یەکانەی دەم بەستراوی... پیرەمێرد

(یەکانەی دەم بەستراو) وتەی زانایانە شاعیر وەکو خۆی وەریگرتووەو بە دێڕەکەی خۆی تێکهەڵکێش کردووە.

جۆرەکانی (تێکهەڵکیش):

١- تێکهەڵکێشی (قورئانی پیرۆز): لێرەدا ئەو دەقەی وەرگیراوەو بە شیعرەکە تێکهەڵکێشراوە بۆ ئەوەی جوانتر و بەهێزتر بێت، ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە.. بۆ نموونە:

ـ دوور لە بانگەکە ئەمەم هاتە بیر

﴿أَنكَرَ ٱلأَصْوَاتِ لَصَوْتُ ٱلْحَمِيرِ﴾... پیرەمێرد

﴿أَنكَرَ ٱلأَصْوَاتِ لَصَوْتُ ٱلْحَمِيرِ﴾ کە لە نیوە دێڕی دووەمدا هاتووە، بەشێکە لە ئایەتی پیرۆزی ﴿وَٱقْصِدْ فِى مَشْيِكَ وَٱغْضُضْ مِن صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ ٱلأَصْوَاتِ لَصَوْتُ ٱلْحَمِيرِ﴾ ئایەتی ژمارە (١٩)ی سورەتی پیرۆزی (لقمان)ە، شاعیر وەریگرتووەو بە شیعرەکەی خۆی تێکهەڵکێشکردووە، ئاماژەش ئەوەیە، کە هاتەوە بیرم، واتە هی خۆم نییە و ئەوەم

بەبیرهاتەوە کە زووتر بیستبووم، لە قورئانی پیرۆز، بەڵام قورئانی پیرۆزەکـە کورتکراوەتـەوەو لەبەر کێشی شیعرەکە نەهاتووە.

ـ عیلمە سەرمایەی سەعادەت، پایەیی عالم بڵند

﴿یرفع الله الذین أمنوا﴾ نەصصون جەلی... سەید ئەحمەدی نەقیب

﴿یرفع الله الذین أمنوا﴾ بەشێکە لە ئایەتی پـیرۆزی: ﴿يَاأَيُّهَا ٱلَّذِينَ آمَنُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُواْ فِى ٱلْمَجَالِسِ فافْسَحُواْ يَفْسَحِ ٱللَّهُ لَكُمْ وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُواْ فَانشُزُواْ يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ آمَنُواْ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾.. (المجادلـة:١١).. شـاعیر وەریگرتووەو مەبەستەکەی خۆی پێ بەهێزکردووە.

٢- تێکهەڵکێشـی بـە (فـەرموودە): لێـرەدا ئـەو دەقـەی وەرگـیراوەو بـە شـیعرەکە تێکهەڵکێشراوە بۆ ئەوەی جوانتر و بەهێزتر بێت، فەرموودەیەکی پێغەمبەری سەروەرە (درود و سڵاوی خودای لەسەر).. بۆ نموونە:

ـ بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین

(اطلبوا العلم ولوبالصین)... حاجی قادری کۆیی

(اطلبوا العلم ولوبالصین) یەکێکە لـە فـەرموودە بەنرخـەکانی پێغەمبـەری ئیسـلام (درود و سڵاوی خوای لێ بێ)، شاعیر وەك و خۆی وەریـگرتووەو بە هۆنراوەکەی خـۆی تێکهەڵکێشـی کردووە.

٣- تێکهەڵکهێشکردن بە وتەی ناوداران: لێـرەدا ئـەو دەقـەی وەرگـیراوەو بـە شـیعرەکە تێکهەڵکێشراوە بۆ ئەوەی جوانتر و بەهێزتر بێت، وتەی یەکێکە لە ناوداران.. بۆ نموونە:

ـ سەیری ئەمانە کە، هەمووی کوردی صەف شکەن

گیانیان پێشکەش ئەکرد و ئەیان گوت: بژی وەتەن... پیرەمێرد

(بژی وەتەن).. وتەی شێخ سـەعیدی پـیران و دکتـۆر فوئـاد و شـێخ قـادری هاوەڵیـان و هاوەڵانی تریانن، کە لە ٢٤ی ئایاری ١٩٢٥ حکوومەتەکەی (ئەتاتورك) بە نارەوا لە سێدارەی دان، ئەوان بەو دروشمەوە بەرەو پەتی سێدارە دەچوون، شـاعیر هێناویـەتی بـەو دێـرەی خـۆی تێکهەڵکێشکردووە.

٤ـ تێکهەڵکهێشکردن بە شیعرێکی تر: لێرەدا ئەو دەقەی وەرگیراوەو بە شیعرەکە تێکهەڵکێشراوە بۆ ئەوەی جوانتر و بەهێزتر بێت، دێڕ، یان بەشێکی شیعری شاعیرێکی دیکەیە.. بۆ نموونە:

ـ لە دو ئاواندا کە یەك دەکەوی

وەك دوو میسرەعی فەردی مەولەوی

سیروانی ئەم چەم، تانجەڕۆی ئەو چەم

بدەن وەهەمدا ئەم چەم تا ئەو چەم ... پیرەمێرد

لەم دوو دێڕەدا شاعیر هاتووە دێڕی دووەمی (مەولەوی)ی هێناوە، کە بریتییە لە:

(سیروانی ئەم چەم، تانجەڕۆی ئەو چەم

بدەن وەهەمدا ئەم چەم تا ئەو چەم)و بەو پارچەیەی خۆی تێکهەڵکێشکردووە.

ـ مانگت ئەوا گیرا وەکو حەمدی ئەڵێ تا بەر ئەبێ

هەر لە تەشتی سینەیی زامار و تەپلی سەر ئەدەم... عەلی کەمال باپیر

نیوە دێڕی دووەم هی (حەمدی) شاعیرە، عەلی کەمال باپیر ئاغا وەریگرتووەو بە شیعرەکەی خۆی تێکهەڵکێشی کردووە.

چەند جۆرێکی تێکهەڵکێشی بە شیعر

تێکهەڵکێشی بە (شیعرێکی تر) چەند جۆرێکە: لەوانە: جاری وا هەیە شاعیر نیوە دێڕێکی شاعیرێکی تر دێنێ و بە هۆنراوەکەی خۆی تێکهەڵکێش دەکات.. جا یان بەبێ دەستکاری وەك بۆ وێنە:

ـ (گوتت: چۆنی؟ چلۆنت تێگەیێنم؟)

ئەشێ دوای جوانە مەرگان، جوان بمێنم؟.. حەسەنی دانیشفەر

نیوە دێڕی یەکەمی ئەم دێڕە هۆنراوەیە، (گوتت، چۆنی؟ چلۆنت تێگەیێنم؟) هی (هێمنی موکریانی)یە، شاعیر وەریگرتووەو بەبێ دەستکاری بە هۆنراوەکەی خۆی تێکهەڵکێش کردووە.

جاری واش هەیە شاعیر ئەو نیوە دێڕەی وەریدەگرێ بە هۆیەك لە هۆیەكان كەمە دەستكارییەكی دەكات، بۆ وێنە:

ـ كەوابو ئەی (هەژار) هەستە

(موژدەبێ وەتەن سەربەستە).. حەسەنی دانیشڤەر

نیوە دێڕی دووەمی ئەم دێڕەی سەروو (موژدە بێ وەتەن سەربەستە)

هی (هەژاری موكریانی) شاعیرە، وەڵامە بۆ شیعرێكی (هەژار) خۆی كە بەر لە مردنی دەڵێت:

ـ توخوا كاتێ كە ئازادی و سەند

ڕەگەزی خوێن مژەكان و هەڵقەند

كیژ و كوڕ هەرچی بەلاما لادا

پێم بڵێ و پایێ بە قەبرم دادا

ئەی (هەژار) بەسییەتی مردن هەستە

موژ دەبێ مەوتنەكەت سەربەستە... هەژاری موكریانی

دوای ڕاپەڕینیش كە كوردستانی عێراق بە ئازادی دەگات، ئیتر وەك وەڵامێك بۆ شیعرەكەی (هەژاری موكریانی) ، (حەسەنی دانیشڤەر) شیعرەكەی خۆی دەنووسێ و وەك موژدەیەك (موژدە بێ مەوتنەكەی سەربەستە)ی لێوەر دەگرێ و بە شیعركەی خۆی تێكهەڵكێش دەكات، تا هەواڵ و مزگێنی ئازادبوونی وڵاتی پێ ڕابگەینێت، بەڵام لەبەرئەوەی شیعرەكەی (هەژار)، (دە) بڕگەییە و شیعرەكەی (حەسەنی دانیشڤەر)یش (هەشت) بڕگەییە، بۆیە (حەسەن)ی شاعیر ناچارە نیوە دێڕەكەی (هەژار) بە كەمە دەستكارییەك بەو مەرجەی دوو بڕگەی كەم كاتەوە، واتاش وەك خۆی بمێنێ وشەی (مەوتنەكەت)ی كە (چوار) بڕگەیە، بە (وەتەن) بۆ دەگۆڕێ كە (دوو) بڕگەیە، بەمەش تێكهەڵكێشییەكەی سەركەوتووانە دادەڕێژێت.

٥- تێكهەڵكهێشكردن بە گوتەی باوی نێو بازاڕ: لێرەدا ئەو دەقەی وەرگیراوەو بە شیعرەكە تێكهەڵكێشراوە بۆ ئەوەی جوانتر بێت، گوتەیەكی سەرزاری نێو بازاڕە.. بۆ نموونە:

ـ بە عارەبی صاف، بە دەنگێكی ڕەق

ئەیگوت: ادخنوا من دخان الشرق... پیرەمێرد

له نیوه دێڕی دووەم (ادخنوا من دخان الشرق) وتەی ئەو مندالّە پاکەتفرۆشە عەرەبەیە، کە شاعیر لە بازاڕی بینیوە، بەم گوتەیەی پڕوپاگەندەی بۆ پاکەتەکانی خۆی کردووە، تا خەڵك لێی بکڕن، شاعیر وەکو خۆی هێناویەتی بەو دێڕەی خۆی تێکهەڵکێشکردووە.

٦ـ تێکهەڵکێشی بە پەند، یان قسەی نەستەقی پێشینان: لێرەدا ئەو دەقەی وەرگیراوەو بە شیعرەکە تێکهەڵکێشراوە بۆ ئەوەی جوانتر و بەهێزتر بێت، پەندێکی پێشینانە.. بۆ نموونە:

خۆتان دەڵێن: ئەگەرچی مەشهوری خاص و عامە

هەر ڕێوییەك گەڕابێ ئازاترە لە شێران... حاجی قادری کۆیی

هەر ڕێوییەك گەڕابێ ئازاترە لە شێران.. گوتەی نەستەقی پێشینانە و شاعیر بە شیعرەکەی خۆی تێکهەڵکێش کردووە.

ـ لاوی کورد مەردە لە مردن قەتعیەن باکی نییە

پەندی پێشینانە ڕاستە (بەرخی نێر بۆ سەربرین)... پیرەمێرد

لە نیوە دێری دووەمدا (بەرخی نێر بۆ سەربرین) پەندێکی پێشینانە شاعیر هێناویەتی و بە شعرەکەی خۆی تێهەلکێش کردووە.

ـ چلکی دەستە ماڵی دنیا وەك دەلێن

ماڵپەرست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن... هێمنی موکریانی

لەنیوە دێری یەکەمدا (چلکی دەستە ماڵی دنیا)، پەندێکی پێشینانە شاعیر هێناویەتی و تێکهەڵکێشی پێ کردووە.

ـ تۆز لە قوڕ هەڵناستێ قسەی پێشوو تەواوە

نێرە گورگ چۆن دەزێ؟ لە کام مێژوودا زاوە... سامی عەودال

لە نیوە دێری یەکەمدا (تۆز لە قوڕ هەڵناستێ)، قسەییێکی نەستەقی پێشینانە شاعیر هێناویەتی و تێکهەڵکێشی پێ کردووە.

جیاوازی نێوان لێیوەرگرتن و تێکهەڵکێش:

لێیوەرگرتن ئەوەیە ئاخاوتن شتێك لە قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لەسەر)، یان پەندی پێشینان، یان هەر باسێکی تر لە خۆ بگرێ، بێ ئەوەی ئاماژەی بۆ ئەوە بکات، کە ئەمانەی لە کوێ وەرگرتووە، بەم تێکهەڵکێش کە شتێ لەمانە وەردەگرێ، ئاماژەی بۆ دەکات، کە ئەم وەرگیراوە هی فلانە سەرچاوەیە.

کەوابێ ئەگەر بەرهەمێك ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەیێکی لە خۆیدا هەڵگرتبوو، ئاماژەیشی کردبوو، کە ئەوە ئایەتی پیرۆز، یان فەرموودە، یان هەر شتێکی دیکەیە، ئەوە لێیوەرگرتن نییە و تێکهەڵکێشە. بۆ نموونە حاجی قادری کۆیی فەرموودەی هێناوەتە نێو شیعرەکەی و گووتوویەتی:

بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین

(أطلبوا العلم ولو بالصین)

نێر و مێ لەو حەدیسە فەرقی نییە

گەر مەلا نەهیی فەرموو دینی نییە... حاجی قادری کۆیی

ئەمە تێکهەڵکێشە بە فەرموودە، چونکە ئاماژەی کردووە، ئەوەی وەریگرتووە فەرموودەیە.

بەڵام هەمان ئەو فەرموودەیە (بێکەس)ی شاعیر دەیهێنێت و بە هۆیەوەی مەبەستە شیعرییەکەی دەوڵەمەند و بەهێز دەکات، کەچی شێوازی وەرگرتنی فەرموودەکەی لێیوەرگرتنە و تێکهەڵکێش نییە، ئەوەتا دەڵێت:

(أطلبوا العلم ولو بالصین)ی گەر تێبگەی تەمام

قەتعییەن تەحصیلی عیلم و مەعریفەت ناکەی حەرام... بێکەس

٢- لێیوەرگرتن جوانتر و کورتتر و شێوازەکەی لە تێکهەڵکێش بەهێزترە.

هاوبڕی:

عەرەب (الموارده)ی پێدەڵێن.. ئەم شێوازە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە دوو کەس لە دوو شوێنی جودا، بێ ئەوەی ئاگایان لە یەك بێ، بە یەك زمان، یان بە دوو زمانی جودا، هەمان شت بڵێن.. بۆ نموونە:

مەلای جزیری لە دێڕێکی فەلسەفی بەرزی گوتوویەتی:

ـ حوسن و جەمالی جانان، نادێرتن تو پایان

هەرچی نەبن بیدایەت، ئەصلەن نەهن نیهایەت... مەلای جزیری

لەولاوە شاعیرێکی عەرەب، کە شیعرەکەی لە لایەن (نەبیل شعیل)ی کوەیتی کراوەتە گۆرانی، گوتوویەتی:

ـ اللي ما لو أول

أكيد ما لو تالي... نبيل شعيل

تەماشادەکەین ئەم شیعرە عەرەبییە و ئەو نیوە دێڕەی دووەمەی مەلای جزیری، تەواو یەك شتن و دەڵێی وەرگێڕدراوی یەکن، بەڵام ماوەیەکی زۆریش لە نێوانیاندا هەیە، ئەوەش کەوابێ لە یەك وەستەدا هەردوو شاعیر ئەقڵیان هەمان شتی بڕیوە، بۆیە هەمان شتیان گوتووە.

نەسخ:

لە ڕەوانبێژی کۆندا جۆرێك بووە لە دزی شیعری (السرقات الشعريه)، بریتییە لە نووسینەوەی دەقێك، کە لە هەردوو ڕووی وشە و واتاوە ئاشکرا دیاربێ ئەم دەقە نوێیە لە دایکبووی دەقێکی دیکەی پێشە خۆیەتی و بە هۆی ئەوەوە بەرهەمهێنراوە.. بۆ نموونە:

ـ تا قییامەت من منەتباری غەمی هیجرانی تۆم

ئەو دەخۆم و عامییانە نیم بە تەنگی قووتەوە... حەمدی

ئەمە دێڕێکی (حەمدی) شاعیرە، کە لەگەڵ دێڕێکی هاوشێوەی (نالی) بەراوردی دەکەین، دەبینین تا ڕادەییێکی زۆر نەسخی شیعرەکەی (نالی)یە، کە تیایدا دەڵێت:

ـ گەر دەپرسی من لەبەرچی کەم دەخۆم

من بە برسی قەت مەزانە غەم دەخۆم... نالی

دیاره راسته حەمدی جێ پەنجەی خۆی بەسەر دێڕەکەی خۆیەوەی دیاره و شتێکی زیاتری لە نالی گوتووە، بەڵام لەولاشەوە زۆربەی واتاو وشەکانی لە نالی وەرگرتووەو بە هۆیانەوە دێڕەکەی خۆی هۆنیوەتەوە.

ئەم شێوازە دیارە وەکو ئاماژەمان پێیکرد، لە کۆندا بە (دزی شیعری) وەسفکراوە و پەسندنەکراوە، ئەوەش راستییەکی حاشاهەڵنەگرە و دەشێ زۆر شاعیر بە تایبەتی لە رۆژی ئەمڕۆ بەم هۆیەوە لەسەر حسێبی داهێنانە گەورەکانی پێشەخۆیان، شتانێك بە ناوی خۆیانەوە تۆمار بکەن، بەڵام لەولاشەوە ئەگەر بێت و وەکو ئەوەی حەمدی بە جوانی وەرگرتنەکە بکرێت و بە داهێنانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوا دەبێتە هۆییێك بۆ نوێبوونەوەی کۆنەکان و بەرگێکی تازە بەبەر هەندێ شتی جواندا دەکاتەوە، ئەوەش جوانییەك و چێژێکی ئەدەبی خۆشی بۆ زامن دەکات.

لە دێڕێکی دیکەدا حاجی قادری کۆیی لە وەسفی خودای گەورە و میهرەباندا نووسیویەتی:

ـ مەعلومە بۆچی حاجی مەدحت دەکا بە کوردی
تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە مەدحی باری... حاجی قادری کۆیی

رەشاد موفتی لە مەولودنامەکەی خۆیدا، دێت فیکرەی تەواوی ئەو دێڕە، تەنانەت بە گەلێك لە وشەکانی ئێرەش دەخاتە نێو وەسفەکانی خۆی و دەنووسێ:

ـ بەو زمانی کوردییەی شیرین زمان
بەحسی گەورەی هەردوو عالەم کەم بەیان
با نەڵێن کوردی نییە مەدحی نەبی
من وەهام نووسی کە کەس قسەی نەبی... رەشاد موفتی

دەبینین ئەمەی رەشاد موفتی نەسخی ئەوەی حاجی قادری کۆییە، بەڵام هێندە هەیە، لای حاجی کورتتر نووسراوە و باسی مەدحی خودای تەبارەك و تەعالایە، بەڵام لێرەدا لای رەشاد موفتی باسەکە درێژترە و مەدحی پێغەمبەرە (درود و سڵاوی خودای لەسەر).

پێنج خشتەكی:

ئەمە هونەرێكی شیعری فارسییە، شاعیرانی كلاسیكی كوردیش پەیڕەوییان لێیكردووە، هەمیشە هونەرێكی شیعری تێكهەڵكێشكراوە، چونكە بینای ئەم هونەرە شیعرییە بەوە دەبێت، شیعرێكی ناوداری شاعیرێك وەربگیرێ و بكرێتە بناغە بۆ شیعرێكی پێنج خشتەكی نوێ، لەو پێنج خشتەكییە نوێیە هەمیشە و بە ریز دێڕی یەكەمی شیعرە بەناوبانگەكە دەكرێتە بناغەی پێنج خشتەكی یەكەم و سێ نیوە دێڕی بۆ دەخرێتە سەر، ئینجا دێڕی دووەمی شیعرە ناودارەكە دەكرێتە بناغەی پێنج خشتەكی دووەم و شاعیری خاوەن پێنج خشتەكییەكە سێ نیوە دێڕی تر دەخاتە سەر ئەویش، بەم شێوەیە تا شیعرە ناودارەكە دەگاتە كۆتایی، هەر دێڕێكی بە ریزە دەبێتە بناغەی پێنج خشتەكییەكی شیعرە نوێیەكە، ئەوەش كەوابێ هەموو شیعرێكی پێنج خشتەكی شیعری تێكهەڵكێشە و لە (پێنجین جیایە، كە لە پێنجیندا هەموو پێنج دێڕەكان هی خودی شاعیرەكەن)، هەر لەبەر ئەوەشە ئەم شێوازەی نووسینی شیعرە وەكو یەك لە هونەرە جوانكارییە وشەییەكان دەتوانرێ بژمێردرێ و لە كوردان هەیە، خستوویەتییە خانەی هونەرە جوانكارییەكان.. جوانی ئەم هونەرەش لە چەند شتێكدایە، لەوانە:

١ـ جەختكردنەوە لەسەر واتا بەهێز و جوانەكانی پێشوو، كە شاعیرانی پێشوو پێشكەشیان كردووە.

٢ـ فراوانكردنی وێنە شیعرییە كۆنەكان.

٣ـ بەرەوپێشبردنی بیر و ڕامانە پێشووەكان.

٤ـ بەرەوپێشبردنی ئەزموونە كەسییە سەركەوتووەكان.

٥ـ تێكەڵاوكردنی داهێنانی نوێ بە كۆن.

گەلێ لە شاعیران سوودی زۆریان لەم هونەرە وەرگرتووە، یەك لەو شاعیرانە (حەمدی)یە، سوودی زۆری لەم هونەرە وەرگرتووە و هاتووە شیعری (مەحوی) و (سالم) و (كوردی) و (حافزی شیرازی) و هی دیكەی وەرگرتووە و كردوونی بە بناغە بۆ پێنج خشتەكییەكانی، ئەمانەی خوارەوە نموونەی هەندێ لە پێنج خشتەكییەكانی (حەمدی) نە:

١ـ پێنج خشتەكی حەمدی لەسەر شیعری مەحوی:

بە سەرما پێ دەنێ لەم ئەرزەدا بێ ڕێم دەڵێ یا شێخ

که دەستی کەوتە کار عادەتیەتی جێ پێم دەڵێ یا شێخ
دەڵێی نورە لە فانۆسی دڵا بێ جێم دەڵێ یا شێخ
چ شۆخە ئاگرم تێبەردەدات و پێم دەڵێ یا شێخ
بە خاشاکی دەوت شوعلە عەسامە دەستی پێ دەگرم... حەمدی

سێ نیوەدێڕی یەکەم هی (حەمدی) و دوو نیوەدێڕەکانی چوارەم و پێنجەم هی (مەحوی)نە، بەمە پێنج خشتەکییەکی تێکهەڵکێشکراو دروستبووە.

٢ـ پێنج خشتەکی حەمدی لەسەر شیعری سالم:

چ موشتەعیل چ موزلێم ئەجرامی ئەرز و کێوان
جوملە میسالی شەونم مەحون بە ڕۆژی ڕەخشان
لەم ئەمرەدا ئەرستۆ بڕوانی چی بە دەستە
تیماری چاکی سینەم ڕاجیع بە چاوی مەستە
بەختیش موافقی عیشق بۆ من خراپی هێنا... حەمدی

سێ نیوە دێڕی یەکەم هی (حەمدی) و دوو نیوە دێڕەکانی چوارەم و پێنجەم هی (سالم)ن، بەمە پێنج خشتەکییەکی تێکهەڵکێشکراو دروستبووە.

دیارە هەروەها حەمدی لەسەر شیعری (کوردی و حافزی شیرازی)ش پێنج خشتەکی داناوە، لەبەر درێژبوونەوە نموونەمان لێیان وەرنەگرت.

٢ـ دوو پێنج خشتەکی بێبەش لەسەر شیعری هەردی و بێکەس:

ـ بە دەستی خۆی لەدەستیدا، کەچی ئێستا پەشیمانە
ئەڵێ چیم کرد، لەگەڵ خۆما، لە بۆ نامەردی بێگانە
بەرم دەن، باوەڵامی دەم، بڵێم پێی، مەرد و مەردانە
(بەدەستی خۆت کە جامت خستە سەر لێوت خەشیمانە
ئەگەر ژەهریش تێدابوو، گوناهی خۆتە بیزانە).. بێبەش

ئەم پێنج خشتەکییە، سێ نیوە دێڕی یەکەمی هی (بێبەش)ە، دوو نیوە دێڕەکەی تریش هی (هەردی)یە، (بێبەش) وەك بناغەیەك بۆ پێنج خشتەکییەکەی خۆی هێناوییەتی و بە

شیعرەکەی خۆی تێکهەڵکێشی کردووە.
جاری تریش شاعیر چەند دێڕێکی هۆنراوەی شاعیرێکی تر وەردەگرێ و هەر دێڕێکی دەکاتە بناغەی پێنج خشتەکییەکی خۆی بۆ وێنە:

ـ بەبێ مەی مەستەکی مەستم، دڵم یەکجاری غەمناکە
چ کەس نابێتە خزمی کەس، زەمانێکە کە ئێستاکە
هەزار سوندم بە زاتی خوای نییە تاکی، بەبێ تاکە

(سەرم سوڕماوە نازانم چ شەخصێ بێ غەش و چاکە
لە ناو ئەو قەومەدا کێ یە، لەگەڵ هاوجنسی خۆی پاکە؟!)

لە خەڵکی لادە، خۆت لادەی، ئیتر نابین شکستی تۆ
زەرەر نابینی، نابینن زەرەر خەڵکی لە دەستی تۆ
ئەڵێم گەر خاوەنی هەستی، هەیە یەك زەڕڕە هەستی تۆ
(لەلام واباشە ئێستاکە بە کەس پشتی نەبەستی تۆ
لەخزم و دۆست و ئاشنایان هەتا دەتوانی هەر ڕاکە)

لەوان دەرکەوت و دوورکەوتبە، هەتا ئەتوانی تۆ لێیان
لە ڕێیان لادە بێ ڕێنە، ئەگێڕی چاکەیی کێیان
(ئەقاریب کەلعەقاریب) ڕاستە (بێکەس) نێرە گەرمێیان
(کەس و کارت وەکو مارن، ئومێدت هیچ نەبێ پێیان
لەژێر سایەی ئەوان دەرچوو، برادەر خۆتی لێ لاکە).. بێبەش

سێ دێڕەکانی یەکەمی هەر پێنج خشتەکییەك هی (بێبەش)ەو دوو نیوە دێڕەکانی نێو کەوانەو دامێنی ئەو پێنج خشتەکییانەی سەرەوەش، هی (بێکەس)ی شاعیرن، ئەو لە شیعرێکیدا ئەوەی گوتووە کە پێنج دێڕە، ناونیشانەکەی بریتییە لە (کە پارەت بوو خزم زۆرە)، (بێبەش) ئەم سێ دێڕەی لێوەرگرتووەو هێناونی وەك بناغەیەکی پێنج خشتەکییەکانی خۆی، تێکەڵ بە هۆنراوەکەی خۆی کردووە.

٣ـ پێنج خشتەکی بێکەس لەسەر شیعری پیرەمێرد

جاری واش هەیە شاعیر تەواوی شیعری شاعیرێکی تر وەردەگرێ و هەر دێڕێکی دەکاتە بناغەی پێنج خشتەکییەکی خۆی.. بۆ وێنە:

ـ قەدری میللەتتان بە جارێ شکان
نەحەیاتان ما، نە ناوونیشان
باری تەعنەتان، واهاتە سەرشان
(وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان)... بێکەس

ئەم پێنج خشتەکییە یەکێکە لەو حەوت پێنج خشتەکییانەی (بێکەس)ی شاعیر، کە لەسەر بنەمای شیعرێکی حەوت دێڕی (پیرەمێرد)ی شاعیرەوە هۆنیویەتییەوە.. (بێکەس) هەر حەوت دێڕە هۆنراوەکەی لە (پیرەمێرد) وەرگرتووە، هەر دێڕێکی کردووەتە بناغەی پێنج خشتەکییەکی، بەم شێوەش تەواوی شیعرە وەرگیراوەکەی، بە هۆنراوە پێنج خشتەکییەکەی خۆی تێکهەڵکێش کردووە.. کە لەبەر درێژی لێرەدا هەر ئەو پارچەیەی سەروومان بەباش زانی.. بۆ لێوردبوونەوەی زیاتریش دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ هۆنراوەکەی (بێکەس) لە دیوانەکەی خۆیدا.

٤ـ پێنج خشتەکی حەیدەری لەسەر شیعرێکی ئەحمەد حەمدی بەگی صاحێبقڕان:

ـ وەکو فەرهادی خۆکوژ ڕوو لە کێوم
هەموو دەم هەر گەڕیدە و سەر بە خێوم
بە ڕەنگی زەردەوە بە وشکی لێوم
(ئەماشاکەن قوڕێکی شل دەپێوم
لە کاسەی دیدە خوێنی دڵ دەپێوم)... حەیدەری

پێنج خشتەکی رازی لەسەر شیعری ئەخۆل:

ـ لە یادت دەرنەچم هەرگیز کە مەرگی جوانی چەن تاڵە
سەرم دانێ لەسەر ڕانت کە شەنگم حاڵم بێ حاڵە
سەیری باڵای نەمامم کە، کە هێشتا بەرهەمی کاڵە
(ئەوا جێت دێڵم ئەی دایە بە عومری بیست و یەك ساڵە
لە بێخ و ڕیشە دەرهاتم وەکو لالە و گوڵی ژاڵە)... ڕازی

تێبینی:

دەبێ ئەوە بگوترێ لە تێکهەڵکێشی پێنج خشتەکی مەرج نییە لە ناو هۆنراوەکە بگوترێ ئەم دوو دێڕەی کۆتایی پێنج خشتەکییەکان هی یەکێکی دیکەن، چونکە لێرەدا باو وایە لە سەرووی هۆنراوەکە دەنووسرێ: پێنج خشتەکی فلان لەسەر هۆنراوە، یان بەیتێکی فلان.

چوارخشتەکی تێکەڵ:

ئەگەر پێنج خشتەکی حسێبی تایبەتی بۆ بکرێت، ئەوا چوارخشتەکی ئەو جۆرەی، کە لەسەر بنەمای شیعرێکی دیکەی شاعیرێکی تر بنیاتدەنرێت و شیعرێکی تێکهەڵکێش و پێکەوەییمان بۆ بەرجەستە دەکات، ئەوەش جێی خۆیەتی وەکو هونەرێکی پێکەوە گونجانی واتایی و پێکەوەگرێدانی بیر و ئەزموونی دوو شاعیر گرنگی تایبەتی پێبدرێت و وەکو هونەرێکی پێکەوەیی دەوڵەمەندکەر و جوانکردنی شیعر بۆی بڕوانرێت، بە بەرچاوگرتنی ئەمە، ناو لەو جۆرەی چوارخشتەکی، کە دوو شیعری تێکەڵکێش لەخۆدەگرێت دەنێم (چوارخشتەکی تێکەڵ) و وەکو هونەرێکی سەربەخۆ لە ریزی جوانکاری وشەییدا ریزی دەکەم.

چوارخشتەکی تێکەڵ: ئەو چوارخشتەکییەیە، کە ژمارەییێك چوارینی بەدوای یەك لەخۆ دەگرێت، لە هەموویاندا سێ نیوە دێڕی یەکەم هی خاوەنی چوارخشتەکییەکانە و نیوە دێڕی چوارەم لە شاعیرێکی تر وەرگیراوە، کراوەتە بناغە و لەسەر ئەوەوە بینای چوارخشتەکییەکە کراوە، ئەوەش هونەرێکی تێکهەڵکێشییە و لە بواری داهێنان و جوانکاری شیعریدا بەهای تایبەتی خۆی هەیە.. جوانی ئەم هونەرەش لەوەدایە:

١- دوو ئەزموون پێکەوە تێکەڵ دەکات.

٢- واتا فراوان و بەهێزتر دەکات و دەشێ بەڵگەی جوان و سەرنجڕاکێش بۆ ئەو گوتانە بێنێتەوە، کە لە شاعیرێکی دیکەی وەرگرتووەو کردوویەتییە بناغە بۆ چوارخشتەکییەکانی خۆی.

لە شیعری کلاسیکی کوردیدا نموونەی جوانی لەو جۆرە دەبینینەوە، هەندێ لەو نموونانە، بۆ وێنە:

١- حەمدی لە یەك لە چوارخشتەکییە تێکەڵکێشەکانیدا هاتووە، نیوە دێڕێکی شاعیری فارسی (حافزی شیرازی)ی وەرگرتووەو کردوویەتییە بناغە بۆ تەواوی چوارینەکانی، کە ژمارەیان حەوت چوارینە.. ئەوەتا لە یەکێکیاندا دەڵێت:

ـ نامەرد موغەننی وەقتی مەقاماتە نەسرەوی
توخوا قەتارێ خۆشە بە ئەبیاتی مەولەوی
یاخۆ بە سۆزی شۆرەوە بەیتێکی مەولەوی
(تا خواجه میخورد بغزلهای پهلوی)... حەمدی

نیوە دێڕی چوارەم هی حافزی شیرازی و سێ نیوە دێڕەکانی سەروو هی حەمدی خۆینە، بەوەش چوارخشتەکی تێکەڵ بەرهەمهاتووە.

٢- هەر حەمدی شاعیر لە یەك لە چوارخشتەکییە تێکەڵکێشەکانی تریدا هاتووە، نیوە دێڕێکی (فیردەوسی)ی شاعیری فارسیی وەرگرتووە، کردوویەتییە بناغە بۆ تەواوی چوارینەکانی، کە ژمارەیان نۆ چوارینە.. بۆ نموونە:

ئەگەر دەیبوو زەڕڕە وەفاو و هونەر
بسر بر نهادی مرا تاج زر
ئەنیسی سولەیمان ئەبووم هودهودی
اگر مادر شاه بانو بدی... حەمدی

نیوە دێڕی چوارەم هی فیردەوسی و سێ نیوە دێڕەکانی سەروو هی حەمدی خۆینە، بەوەش چوارخشتەکی تێکەڵ بەرهەمهاتووە.

٣- دیسانەوە حەمدی لە یەکێکی تر لە چوارخشتەکییە تێکەڵکێشەکانی تریدا، هاتووە نیوە دێڕێکی شاعیری دیکەی فارسی وەرگرتووە، ئەگەرچی ناوی شاعیرەکەی دیارینەکردووە، بەڵام کردوویەتییە بناغە بۆ تەواوی چوارینەکانی، کە ژمارەیان نۆ چوارینە.. بۆ نموونە:

شێخ کە پۆلیسی دەوێ و عەسکەری سوارە و پیادە
بۆ هەموو فیتنەو و شۆڕش کە بووە ئامادە
دەستی هەڵگرت لە خودا و دینی کە کرد ئازادە
(این همه از پی انست که زر میخواهد)... حەمدی

نیوە دێڕی چوارەم هی شاعیرێکی فارسی نەناسراو و سێ نیوە دێڕەکانی سەروو هی حەمدی خۆینە، بەوەش چوارخشتەکی تێکەڵ بەرهەمهاتووە.

رەنگامە، یان مولەممەع

لە (الملمع)ی عەرەبی وەرگیراوە.. عەرەبەکان کە تەماشای شیعری خۆیان کردووە، بینیویانە دەشێ شاعیرێك بێت، شیعر، یان دێڕە شیعرێکی بە زیاتر لە زمانێك بنووسێ، بۆیە بە بەرچاوگرتنی ئەم راستییە گوتوویانە: مولەممەع بریتییە لەوەی شاعیر لە شیعرەکەی خۆیدا نیوە دێڕێکی عەرەبی و نیوە دێڕێکی عەجەمی، یان دێڕێك لەم و دێڕێك لەو بهێنێت.. ئەوەش پێناسەیەکە تایبەتە بە مولەممەعی عەرەبی، لەبەر ئەوەو لەسەر ئەو بنەمایە لای کوردانیش وەها پێناسەی کراوە: بەو شیعرە دەگوترێ کە بە زمانێك زیاتر دەنووسرێ، واتە: بە دوو، یان سێ، یان چوار زمان دەنووسرێ.

بە کورتی: مولەمەع بریتییە لە شیعرێك، یان چەند دێڕێکی شیعر، کە بە زیاتر لە زمانێك نووسرابن، بەو مەرجەی بەکارهێنانی هەر زمانێك بۆ کەمتر لە نیوە دێڕێك، یان رستەییێك کورتنەبووبێتەوە، جا بە دوو زمان مولەمەعەکە نووسرابێ، یان بە سێ زمان، یان بە چوار زمان، هەروەها دەبێ هەموو شیعرەکەش هی خودی شاعیرەکە خۆی بن، نەك شتی لە شاعیرانی تر وەرگرتبێ، دەنا دەبێتە مولەممەعی تیکهەڵکێشراو.

مولەممەعی داهێنراو و مولەممەعی تێکهەڵکێشراو:

ئەمانە دوو جۆری مولەممەعن، داهێنراوەکە ئەوەیە ئەو شیعرەی نووسراوەو مولەممەعکراوە، بە هەر چەند زمانێك بێت، هەموویان هەر لە داهێنانی شاعیرەکەن، بەڵام مولەممەعی تێکهەلکێشراو ئەو مولەممەعەیە، کە دێڕ و نیوە دێڕەکانی بە چەند زمان نووسرابن، هی ئەوەندە کەس و لایەنەن.

١- مولەممەعی داهێنراو:

وەکو گوترا مولەممەعی داهێنراو ئەو مولەممەعەیە ئەو شیعرەی نووسراوەو مولەممەعکراوە، بە هەر چەند زمانێك بێت، هەموویان هەر لە داهێنانی شاعیرەکەن.. بۆ نموونە:

ـ تمنیت من الدهر ندائی أزمنا نادی
گوتی: هەرچی تەمەنناکەی لە دنیا غەیری من نادا... حاجی قادری کۆیی
ئەم مولەممەعە بە دوو زمانی عەرەبی و کوردی نووسراوە، هەردوو نیوە دێڕەکان هی خودی حاجی قادری کۆییینە، بەوەش مولەممەعێکی داهێنراو دروستبووە.
ـ ئەی سەییدی جووان و جەوان مەرد و موحتەرەم
یا ناقص العطیة، ویا قاصر الهمم... مەلا مەعروفی کۆکاییی
ئەم مولەممەعەش بە دوو زمانی عەرەبی و کوردی نووسراوە، هەردوو نیوە دێڕەکان هی خودی مەلا مەعروفی کۆکاییینە، بەوەش مولەممەعێکی داهێنراو دروستبووە.

جوانی ئەم هونەرەش لە چەند شتێکە، لەوانە:

١- شاردنەوەی هەندێ شت بە زمانەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم، کە ئەم زمانانە لای خوێنەری ئاسایی و زۆرێکی خوێنەرانی باشیش دەشێ ئاشکرا نەبن، بەوەش شاعیر جوانییەکی واتایی بۆ شیعرەکەی بەرجەستە دەکات.

٢- هونەرێکە بۆ پیشاندانی دەسەڵاتی شاعیر بەسەر زمانەکان لە کلاسیکدا رەواجی پێدراوە.

٣- پڕکردنەوەی ئەو پێویستیانەی شیعر لە هەر زمانێك، کە بە تەنیا وشەکانی زمانە نەتەوەییەکە فریای شاعیرەکە ناکەوێت بۆ گەیاندنی ئەو واتایانەی دەیەوێت بییانگەیێنێت.

جۆرەکانی مولەممەعی داهێنراو

بە پێی ژمارەی ئەو زمانانەی مولەممەعی پێ دەنووسرێت، چەند جۆرێکی مولەممەع هەیە، لەوانە:

١- مولەمەعی بە دوو زمان.. کە دەشێ یەکیان کوردی و ئەوی تریان عەرەبی بێ.. بۆ نموونە:

ـ ئەی بێ بەدەل و شەریك و تەنها
(ما أعظم شأنك تعالی)!... حاجی قادری کۆیی
ئەم مولەممەعە بە دوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسراوە.

هەروەها دەشێ یەك لە زمانەکان کوردی و ئەوی دیکە فارسی بێ.. بۆ نموونە:
ـ فەقر و سەروەت بۆ بەشەر هەردوو گرفتاری نییە
میحنەتی جاری نییە

هر کرانبود تمنا بیشتر از اب و زاد
واقعا ازاد زاد... حەمدی

دێڕی یەکەم بە کوردی و دێڕی دووەمی ئەو موستەزادەی حەمدی بە فارسی نووسراون.

٢ـ مولەممەعی بە سێ زمان.. لێرەدا شیعرە مولەممەعەکە بە سێ زمان دەنووسرێت.. بۆ نموونە: مەحوی مولەمەعێکی بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی هەیە، لە پارچەیەکی هاوسەنگە، تیایدا دەنووسێت:

ـ مەحمودی (في السما)یە، حەبیبی خودایە ئەو
مەقبولی بارەگاهە، ئەوە موختار و موستەفا
(صلی علیه الاهنا ما یلیق به)
(مع صحبه واله والأهل ذي الصفا)
تشویش حال من تو ز تخلیط من بفهم
ز اهل زمانه بس که رسد بر دلم جةفا... مەحوی

ئەم پارچەیە مولەممەعێکی هاوسەنگە، بەڵام لە هۆنراوەکەدا هەمووی سێ زمانەکە بە هاوسەنگی نەهاتووە.

٣- مولەممەعی چوار زمانی.. بۆ نموونە:
دریغ و حسرت أزان شاهباز سدرەنشین
بدام مرگ فتادو بخاك گشت دفین
ز لوحەئی خەتتی مەوزون قتعەیی مەنزوم
خجل شد ئیبن هیلال و روان ئیبن مەتین
بە کێ بڵێم کە بە کەیفی بڵێ بە کەیف و سرور

غەمی نەبێ لە فەلەك عاكيفانی چڵلەگوزين
جنوبهم تتجافى عن مضاجعهم
يستغفرون لك بالغدو حتى حين
علي تعلو بأعلى الجود عبرتنا
مدى الزمان أنواع نياح منتدبين
اوطون كة اسب كلامى زمانة ايلدى زين
كف كفايتى كيفية ويرديلر دزطين
بوطيجة كيفى افندى طورندى رئويادية
جنانده زمزه غلمان و حوره اولدى يقين... حاجی قادری كۆیی
ئەم مولەممەعە بە چوار زمانی فارسی و كوردی و عەرەبی و توركی نووسراوە.

جۆركانی مولەممەعی داهێنراو

١ـ مولەممەعی هاوسەنگ: ئەوەیە شاعیر لە سەرەتاوە تا كۆتایی، بە رێكی دوو، یان سێ، یان چوار زمان بەكاربێنێ.. بۆ نموونە:

نالی شاعیر لە پارچەیەكیدا بە دوو زمانی كوردی و عەرەبی دەنووسێت:
ـ یا بدر علوا وچیاوا وكمالا
فالغصن مع الأصل الى فرعك مالا
تا سونبلی زولفت لە نیهالی قەدت ئالا
من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی باڵا
ما عاد لك البان ولا اللينة لينا
اذ عد لك الباريء حسنا وجمالا
من گریە ئەتۆ خەندە بە یەكدی دەفرۆشین
من لەعلی بەدەخشان و ئەوتۆ لوئلوئی لالا... نالی

٢ـ مولەممەعی لاسەنگ: مەبەست لێی ئەو مولەممەعەیە، كە ئەو زمانانەی لە شیعرەكە بەكارهاتوون، بە قەد یەك بەكار نەهاتبن.. بۆ نموونە:

ـ سلام الله منی کل یوم
له ئەصحابانی صاحێب غیرەت و دین
له بێ عاری هەموویان کەوته یادم
ڕموزی ئیتتیحاد و ئیتتیفاقم... حاجی قادری کۆیی

ئەم دوو دێڕە بەشی پێشەوەی قەسیدەییێکی حاجی قادری کۆییە، کە پێکهاتووە لە (٣١) دێڕە شیعر، تەنها نیوە دێڕی سەرەتای یەکەم دێڕی قەسیدەکە بە عەرەبی نووسراوە، ئەوی دیکەی هەمووی بە زمانی کوردی نووسیوە، بەوەش مولەممەعی لاسەنگ دروست بووە.

ـ بە قەسسابی وت مەڕ منت کەندووە پۆست
مەحاڵە ئیتر کەس بە تۆ بێتە دۆست
سەرەوژێری دەستی دەکا باوەشێن
تواچع ز گردن فرازان نیکوست... حەمدی

لەم چوارینەیدا (حەمدی) دوو زمانی کوردی و فارسی بەکارهێناوە، بەڵام بە هاوسەنگی بەکاری نەهێناون، دەبینین سێ نیوە دێڕی یەکەم و دووەم و سێیەمی بە زمانی کوردی نووسیوە، تەنیا نیوە دێڕی چوارەمی بە زمانی فارسی نووسیوە.

٢ـ مولەممەعی تێکهەڵکێشکراو:

بریتییە لەو هونەرەی لە نێوان (مولەممەع) و (تێکهەڵکێش)دایە، لە لاییێك (مولەممەع)ەو لەولایشەوە (تێکهەڵکێش).. ئەمە بەوە پێکدێ، کە شاعیرێك گوتەی کەسێك، یان دوو سێ کەسی نەتەوەکانی دیکە، یان شیعری شاعیرێك، یان دوو سێ شاعیری نەتەوەکانی تر وەربگرێ و بە زمانی نەتەوەیی خۆیان، ئەو گوتە و دێڕە وەرگیراوانە بە شیعرەکەی خۆی تێکهەڵکێش بکات.

عەزیز گەردی تێبینی کردووەو ئاماژەی بەوە داوە، کە: زۆرجار مولەممەع و تێکهەڵکێش بە ناو یەکدا دەچن. بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکات، کە ئەم جۆرە خانەییێکی تایبەتی لە نێوان هەردوو هونەر بۆ دابنرێ و بە ناوێکی سەربەخۆ جیابکرێتەوە، بەڵام لەوە زیاتر لە بارەی ئەم جۆرە نەنووسیوەو نموونەی بۆ دەستنیشان نەکردووە.. بۆ نموونە:

بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین

(أطلبو العلم ولو بالصين)
نێر و مێ لەو حەدیسە فەرقی نییە
گەر مەلا نەهیی فەرموو، دینی نییە... حاجی قادری کۆیی

نیوە دێڕی دووەمی ئەو پارچەیە فەرموودەییێکی پێغەمبەرە (درود و سڵاوی خوای لەسەر) و بە زمانی عەرەبییە، شاعیر بە شیعرە کوردییەکەی خۆی تێکهەڵکێش و مولەممەع کردووە، بەوەی (مولەممەعی تێکهەڵکێشراو) بەرهەم هاتووە.

جوانی ئەم هونەرەش لەوەدایە: جگە لە سێ خاڵەکانی بۆ مولەممەعمان نووسی، ئەو خاڵەشی دێتە سەر: بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانە نەتەوەییەکە و شیعرە نەتەوەییەکەیە، بە بیر و واتای جوان و بەهێزی نەتەوەکانی تر.

جۆرەکانی مولەممەعی تێکهەڵکێشکراو:

١ـ مولەممەعی تێکهەڵکێشراوی هاوسەنگ.. ئەو مولەممەعەیە، کە دوو زمان، یان زیاتری بە یەکسانی بەکارهێناوە، بۆ نموونە:

دەخیلت بم وەرە ساقی (أدر کأسا وناولها)
غەم و غوصەی دڵم کەمبوو (ولی أفتاد مشکلها)
ئومێدی میسکی موشکینم (صبا زان گره بگشاید)
کەچی نەمزانی بەم دەردە (چە خون أفتاد در دلها)
تا لە دوادێڕدا کە دێڕی حەوتەمە دەڵێت:
ئەگەر تۆ موخلیسی عیشقی (أز و غائب مشو حافظ)
کە حاجی بۆ سەفەر بڕوا (دع الدنیا وأمهلها)... حاجی قادری کۆیی

لەم شیعرەیدا حاجی بە یەکسانی هەموو نیوەدێڕەکانی مولەممەع کردووە، کوردییەکە هی خۆیەتی و فارسییەکە هی (حافزی شیرازی)یە، بەوەش مولەممەعی تێکهەڵکێشراوی هاوسەنگ بەرهەمهاتووە.

ـ لە ئافاقی فەخرا ئەبوومە قەمەر
أگر شاهرا شەه بودی پدر
ئەگەر دەیبوو زەڕڕە وەفاو و هونەر
بسر بر نهادی مرا تاج زر

ئەنیسی سولەیمانی دەبووم هودهودی
أگر مادری شاه بانو بدی
لە پێشا ئەگەر نەقشی پارەی دەدی
مرا سیم و زر تا بزان و بدی... حەمدی

ئەم پارچە شیعرە مولەممەعە بەشێکە لە هۆنراوەییێکی مولەممەعی تێکهەڵکێشکراوی کوردی و فارسی، پێکهاتووە لە (١٠) دێڕە شیعر، هەمیشە نیوەی یەکەمی دێڕەکان بە زمانی کوردییە و هی (حەمدی)یە، بەڵام نیوەی دووەمی دێڕەکان بە زمانی فارسییە و هی (فیردەوسی توسی)یە، بەوەش مولەممەعی تێکهەڵکێشکراوی هاوسەنگ دروست بووە، چونکە وەکو گوتمان هەردوو زمانەکە بە یەکسانی بەکارهێنراون.

٢ـ مولەممەعی تێکهەڵکێشراوی لاسەنگ:

ئەو مولەممەعەیە، کە دوو زمان، یان زیاتری بە یەکسانی بەکارنەهێناوە، بۆ نموونە:

ـ شێخ کە پۆلیسی دەوێ و عەسکەری سوارە و پیادە
بۆ هەموو فیتنەو و شۆڕش کە بووە ئامادە
دەستی هەڵگرت لە خوداو دینی کە کرد ئازادە
(أین همه از پی انست که زر میخواهد)... حەمدی

ئەمە چوارینێکە لە هۆنراوەییێکی پێکهاتوو لە (٩) چوارین، هەمیشە سێ نیوە دێڕەکانی یەکەمی چوارینەکان هی (حەمدی) شاعیرن و بە زمانی کوردینە، نیوە دێڕی چوارەمیش هی شاعیرێکی فارسە، کە دیارە بە هاوسەنگی هەردوو زمانی کوردی و فارسی بەکارنەهێناوە، بەوەش مولەممەعی تێکهەڵکێشراوی لاسەنگ بەرهەم هاتووە.

دوو سەروا:

لە ڕەوانبێژی عەرەبیدا (التشریع)ی پێدەڵێن.. ئەم هونەرە تایبەتە بە شیعر.. بریتییە لە بوونی دوو (سەروا)ی لەیەك کات بۆ هۆنراوەیەك.. کە دەشڵێین دوو (سەروا)ی لەیەك کات بۆ هۆنراوە، مەبەستمان ئەوەیە، ئەگەر بۆ نموونە ژمارەی بڕگەکانی دێڕە هۆنراوەیەك (١٣) بڕگەبێ، لە کۆتایی بڕگەی هەشتەمی دێڕەکە و هەتا کۆتایی هۆنراوەکەش لەو شوێنە بە

شێوەیەك هۆنراوەكە سەروادار بكرێت، كە ئەمە (سەروا)ی یەكەمی هۆنراوەكەیە.. ئینجا ئەو پێنج بڕگەیەش، كە لە هەر نیوە دێڕێك و تا كۆتایی هۆنراەكە دەمێنیّ، دووبارە بە شێوەیەكی تر ئەوەش سەروادار بكرێت، ئەمەش سەروایەكی دووەمی هۆنراوەكەیە و بەو شێوە هۆنراوانە، كە ئاوا سەروادار دەكرێن، دەگوترێت هۆنراوەی (دوو سەروا)یی.. بۆ وێنە:

شیرین.. بەستەی گوڵاڵەی سوور	تریفەی مانگم
شیرین.. گەشەی ئەستێرەی دوور	گفت و گۆو بانگم
شیرین.. تیشكی ڕۆژی دەم كەل	بۆ وێرانەی دڵ
شیرین.. هاژە و جریوەی مەل	بۆ وەنەوشە و گوڵ... دیلان

لەو پارچەیەدا، دەبینین بەشی یەكەمی هۆنراوەكە:

ـ شیرین.. بەستەی گوڵاڵەی سوور
شیرین.. گەشەی ئەستێرەی دوور
شیرین.. تیشكی ڕۆژی دەم كەل
شیرین.. هاژەو جریوەی مەل

پێكهاتووە لە دوو دێڕە هۆنراوە، ژمارەی بڕگەكانی هەر نیوە دێڕێكیان هەشت بڕگەیە، سەروای دێڕی یەكەم (ر)و سەروای دێڕی دووەم (ل) دروستی دەكات.. بەشی دووەمی هۆنراوەكەش:

ـ تریفەی مانگم
گفت و گۆو بانگم
بۆ وێرانەی دڵ
بۆ وەنەوشەوگوڵ

پێكهاتووە لە دوو دێڕە هۆنراوە، سەروای دێڕی یەكەم (گ)و، سەروای دیری دووەم (ڵ) دروستی دەكات، ژمارەی بڕگەكانی هەر نیوە دێڕێكیشیان پێنج بڕگەیە.. ئینجا گەربێت و لە رووی واتاوەش بۆیان بڕوانین، كە دوو بەشەكە لێك دەكەینەوە، بەجیا چ بەشی یەكەم، چ بەشی دووەمیش دەتوانن واتای سەربەخۆش بدەن و ئەگەر بەسەر یەكەوەش نەبن، بێهوودە نەمێنن، كە ئەمەش مەرجێكی گرنگی (دوو سەروا)یە، دەبێت لە كاتی لێكجیاكردنەوەی هەردوو بەشەكان، هەریەكەیان بتوانن، بە تەنیا واتا ببەخشن.

جۆرەکانی (دوو سەروا)

بە گوێرەی پێکهاتە بڕگەییەکانی هەردوو بەشە سەروادارەکان، دەشێ (جووت سەروا) ئەم جۆرانەی خوارەوەی ببێ:

١- (دوو سەروا)ی (هەشت بە چواری).. لێرەدا سەروای بەشی یەکەم لە بڕگەی هەشتەم و سەروای بەشی دووەم لە بڕگەی دوانزەیەمی دێڕەکە دێت.. بۆ وێنە:

ـ چنگێکی ئاسنینی ڕەش　　　ڕایکێشاوم
لەچوار دیواری قووچ و کەش　　　خزێنراوم
ئەوەندەی کەڵلە بیژنێ　　　ئاسمانی شین
چاوی وەك کونی سوژنێ　　　پرقاڕ و قین
ئاراستەی نێو چەوانم و　　　دوو چاومە
ڕێگری شیعرەکانم و　　　هەنگاومە
ویلم بەدووی پڕشنگێکا　　　گەش و ئاڵە
بەدووی ئاوازی زەنگێکا　　　زۆر زوڵاڵە... دیلان

بەشی یەکەمی ئەم پارچەیە، نیوە دێڕەکانی هەشت بڕگەیی و بەشی دووەمیشی نیوە دێڕەکانی چوار بڕگەیین.

٢- (دوو سەروا)ی (هەشت بە پێنجی) .. لێرەدا سەروای بەشی یەکەم لە بڕگەی هەشتەم و سەروای بەشی دووەم لە بڕگەی سێنزەیەمی دێڕەکە دێت.. بۆ وێنە:

ـ نەبریقەی شەونمی سەر　　　چیمەنی قەراغ
نەخەندەکەی تازە غونچەی　　　درەختانی باغ
نە کەروێشکەی دەغڵی بنار　　　نە هاژەی چاوە
نە ئەو بۆنە سەرمەستکەرەی　　　ئەگریچە خاوە... دیلان

بەشی یەکەمی ئەم پارچەیە، نیوە دێڕەکانی هەشت بڕگەیی و بەشی دووەمیشی نیوە دێڕەکانی پێنج بڕگەیین.

٣- (دوو سەروا)ی (دە بە پێنجی)، بۆ وێنە: .. لێرەدا سەروای بەشی یەکەم لە بڕگەی دەیەم و سەروای بەشی دووەم لە بڕگەی پانزەیەمی دێڕەکە دێت.. بۆ وێنە:

ـ ئەی مانگ بۆ لێلە تریفەت ئیمشەو هەڵبزڕکاوە
چاوی کەژاڵت وەك چووبێتە خەو سیس و ژاکاوە
بریقەی گۆنای درەوشەدارت زەرد و خاکییە
شەوق و چریسکەی گەشی ڕووخسارت کەم ڕووناکییە... دیلان

ئەم پارچەیە، نیوە دێڕەکانی بەشی یەکەمی (دە) بڕگەیی و، نیوە دێڕەکانی بەشی دووەمیشی پێنج بڕگەیین.

دوو سەروای مولەممەع:

ئەم هۆنراوەیە، کە لە رووی کێش و سەرواوە لەسەر دوو کێش و دوو سەروای لە یەك جیا دادەمەزرێت، لە رووی دارشتنیشەوە بە زیاتر لە زمانێك دادەهێنرێت، بۆ نموونە:

غەم ئەنیسی رۆژ و شەومە من نەبم غەمبار ئەبێ
خۆی لە خۆی بێزار ئەبێ
تا کند ناشاد مارا مادرا سازیم شاد
درد ماگردد تچاد
فەقر و سەروەت بۆ بەشەر هەردوو گرفتاری نییە
میحنەتی جاری نییە
هر کرانبود تمنا بیشتر از اب و زاد
واقعا ازاد زاد
عاشق و تەدبیری یار و زاهید و تەزویری نار
ئەم بە ئیشی ئەو چ کار
نیك و بد این پیشەها اولادرا اجداد داد
داد از اجداد داد... حەمدی

ئەم هۆنراوەیە دەبینین لە لایەك لەسەر دوو کێش و دوو سەروای لێکجیا دامەزراوە، کێشی هۆنراوەکە کێشی (ڕەمەل)ی عەروزییە، سەرواکەیش بە پیتی (د) دروستکراوە، ئەگەر ئەم دوو کێش و سەروایە لێك بکەینەوە، دەبێتە دوو شیعری نوێ و وەهایان لێدێت:

شیعری یەکەم:

غەم ئەنیسی ڕۆژ و شەومە من نەبم غەمبار ئەبێ

تا کند ناشاد مارا مادرا سازیم شاد
فەقر و سەروەت بۆ بەشەر هەردوو گرفتاری نییە
هر کرانبود تمنا بیشتر از اب و زاد
عاشق و تەدبیری یار و زاهید و تەزویری نار
نیك و بد این پیشەها اولادرا اجداد داد
کێشی ئەم پارچەیە بریتییە لە (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلا)

شیعری دووەم:
خۆی لە خۆی بێزار ئەبێ
درد ماگردد تچاد
میحنەتی جاری نییە
واقعا ازاد زاد
ئەم بە ئیشی ئەو چ کار
داد از اجداد داد... حەمدی
کێشی ئەم کەرتەش بریتییە لە (فاعلاتن فاعلا)

لە لایێکی دیکەوە دەبینین ئەم شیعرە بە دوو زمانی کوردی و فارسیش نووسراوە، بەوەش مولەممەعێکی دوویی بەرهەمهێناوە، بۆیە دوسەروای مولەممەعی هونەرێکی لێکدراوە.

سەرواداری متەوازن:

ئەمە (موازنة) و (مماثلة) و (التسجیع المتوازن)یشی پێدەگوترێت.. جۆرێکە لە سەروادار، لەسەر ئەوە دادەمەزرێ، کە: دوو وشەکانی کۆتایی لەتەدێڕەکان هاوشێوە بن و تەنیا لە پیتی دواییینیان لێك جیابن، دیارە مەبەست لە هاوشێوەیی، ئەوەیە ئەو وشانە لە رووی مۆسیقییەوە وەکو یەك بکەونە بەرگوێ، بۆیە پێناسەکەی قەزوینی ئەمە روونتر دەکاتەوە، کە دەڵێت: بریتییە لەوەی دوو وشەکانی کۆتایی لەت، هاوکێش بن، بەڵام هاوسەروا نەبن، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کەواتە متەوازن: بریتییە لە یەکسانی دوو وشەکانی کۆتایی لەتەدێڕ بێ ئەوەی لە سەرواشدا یەکسان بن.. بۆ نموونە:

ـ بۆ باغی مەردی باغی سەرمایەکەی خەزانی

بۆ مەزرەعەی فەقیران سەرمایەکەی بەهاری... حاجی قادری کۆیی

کۆتایی لەتی یەکەم بە (خەزان) و کۆتایی لەتی دووەم بە (بەهار) هاتووە، ئەم دوو وشەیە هاوکێشن، بەڵام لە سەروادا لێکجیاوازن، ئەوەش (متەوازن)ی پێ دەڵێن.

ـ هیجرەتە حەمدی عیلاجی دەردی هەمسایەی خراپ

ئەمسەر و ئەو سەر خەریکی گەستنی لێوە ددان... حەمدی

کۆتایی لەتی یەکەم بە (خراپ) و کۆتایی لەتی دووەم بە (ددان) هاتووە، ئەم دوو وشەیە هاوکێشن، بەڵام لە سەروادا لێکجیاوازن، ئەوەش (متەوازن)ە.

سەرواداری متەوازی:

لە (التسجیع المتوازی)ی عەرەبی وەرگیراوە.. جۆرێکە لە سەروادار، ئەوەیە، کە: وشە کۆتاییەکانی رستە، یان لەتەدێڕ هاوکێش و هاوسەروا بن.. واتا متەوازی ئەوەیە: وشە کۆتاییەکانی رستە، یان لەتەدێڕ پیتەکانیان بە قەد یەکبن، با زۆربەشیان، یان هەندێکیشیان لێك جیاواز بن، بەڵام لەسەر یەك کێش بن و یەك سەرواشیان هەبێ.. بۆ نموونە:

ـ چە فەرقێکە لە مابەیندا بوخاری، یانە گەیلانی

کە مەیلت بۆ عیبادەت بێ، چە تەحتانی چە فەوقانی... مەلا عوسمان

وشەکانی (گەیلانی) و (فەوقانی) کە کەوتوونەتە کۆتایی هەردوو لەتەدێڕەکانی یەکەم و دووەمی ئەم دێڕەی سەروو، هەردووکیان هاوکێش و هاوسەروان، بەوەش سەرواداری متەوازی دروستبووە.

سەرواداری موتریف

لە (سجع المطرف)ی عەرەبی وەرگیراوە.. جۆرێکە لە سەروادار، ئەوەیە کە وشە کۆتاییەکانی رستە، یان لەتەدێڕ هاوکێش نەبن، بەڵام هاوسەروا بن.. بۆ نموونە:

ـ داغی کردم بە جەفا لالە ڕوخێ زیبایێ

پیری کردم بە ستەم لا مەزەبێ تەرسایێ

تییژ بین وەقتی ستەم گاهی کەرەم بێ بەصەرێ

لە وەفا هیچ نەزانیٚ لە جەفا دانایێ
یاری ئەغیار و بە خۆی موئمین و کافر سیفەتێ
خزمی دوشمن ڕەووش و قاتیلی بێ پەروایێ... حاجی قادری کۆیی

وشەکانی (تەرسا) و (دانا) و (پەروا) هەر سێکیان بە پیتی (ا) کۆتا هێنـراون، (ا) پیتـی ڕەوییـە، کەواتـە هاوسـەروانە، بـەڵام هـاوکێش نینـە، ئـەوەش (سـەروادارى موتریـف)ی پێدەگوترێت.

ـ بولبولێکم دی بە خەمناکی لە خاك دەخولایەوە
خوێن لە زامی جەرگی هەردەم تاك و جووت دەتکایەوە... خاکی

وشەکانی (دەخولایەوە) و (دەتکایەوە) هەر دووکیان بە پیتەکانی (ایەوە) کۆتا هێنـراون، (ا) پیتی ڕەوییە، (یەوە) پاش ڕەوییە، کەواتە هاوسـەروانە، بـەڵام هـاوکێش نینـە، ئـەوەش (سەروادارى موتریف)ی پێدەگوترێت.

ـ ئەی خۆش خەبەر نەسیمی سەحەر پەیکی عاشقان
ئەی قاصیدی نیازی هەر ئاوارە وا وەرە
دیدەم ببینە هەر وەکو دوو چاوە پڕ لە خوێن
سینەم ببینە هەروەکو کورەی پڕ ئاورە
گەر ئاوی سەیلی دیدە نەبێ سینە سووتووە
گەر تاو و جۆشی سینە نەبێ دیدە موزتەرە
سوتاوی تاوی سینەم و غەرق و ئاوی چاو
لوتفێ بفەرموو چارەیێ لەو ئاو و ئاورە
وەك نەهری چاو و مەشعەلەیی دڵ بڕۆ بە تاو
بۆ و دولبەرە کە گوڵبەرە پەیغامی دڵ بەرە... وەفایی

وشەکانی (وەرە)، (ئاورە)، (موزتەرە)، (ئاورە)، (دڵ بەرە) هـەر پێنجیـان بـە پیتـەکانی (رە) کۆتا هێنراون، (ر) پیتی ڕەوییە، (ە) پاش ڕەوییـە، کەواتـە هاوسـەروانە، بـەڵام وەکـو تەماشا دەکەین هاوکێش نینە، ئەوەش (سەروادارى موتریف)ی پێدەگوترێت.

بەشی دووەم
جوانکاری واتایی

دەستپێکی دلگیر:

ئەمە لە عەرەبیدا (براعة المطلع) و (براعة الأستهلال)یشی پێدەگوترێت.. یەکێکە لە گرنگترین هونەرەکانی جوانکاری (البدیع)، بریتییە لەوەی: شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمی دێڕەکەی (سەدرِی دێڕەکەی) بە گوتەیەکی ناسك و ئاسان دەست پێبکات، کە هیچ زۆر لەخۆکرنێکی تێدا نەبێت و لە رووی واتاوە روون و ئاشکرابێ، لە دێڕەکانی دوای خۆی سەربەخۆ بێت، بەڵام بە ئاماژە، نەك بە راستەوخۆیی مەبەستی شاعیر لە تەواوی هۆنراوەکەی لە خۆ بگرێت، وشەکانی گونجاو بن لەگەڵ ئەو بابەتەی گوزارشتی لیَ دەکەن، واتە: ئەگەر بابەتە گوزارشتلێکەرەکەی حەماسی بوو، ئەویش وشەکانی قەبە و توند و پڕ لە حەماسەت بن و بەرانبەر بخەنە جۆش و خرۆش، ئەگەر بابەتەکەشی سۆزاوی بوو، وشەکانیشی ناسك و سادە و سۆزجولێن بن.

بە کورتی: دەستپێکی دڵگیر ئەوەیە یەکەم دێڕی هۆنراوە، بە هۆییێك لە هۆیەکان زەینی خوێنەر بۆ ئەوە ببات، کە هۆنراوەکە باسی دەکات، دەبێ وشەکانی ناسك و دەربڕینەکانی جوان و بیری روون و واتای بەهێز بێت.. بۆ نموونە:

ـ ئەی حەددی کبرییات، وەڕای فەهمی ماسیوا
وەی حەصری ئیعتیلات لە وەهمی مە ماوەڕا... ئەدەب

ئەمە دێڕی سەرەتای هۆنراوەیەکی (میصباحول دیوان ـ ئەدەب ـ)ە، کە تایبەتی کردووە بۆ ستایش و سەناکردنی خودای گەورە، وشەکانی دێڕەکە هەمووی وشەو دەستەواژەکانی قەبە و سەنگین و پڕ لە واتاو رێزێکی تایبەتن، (حەددی کبریات) و (وەڕای فەهمی ماسیوا)، (ئیعتیلات)، هەموو تایبەت و پڕ واتاو بە نرخن، شیاون بۆ ستایشی خوای گەورە بەکاربهێنرێن، واتە: ئەی ئەو زاتەی ئاستی شکۆداری و مەزنایەتیت لە سەرووی تێگەیشتنی ئێمە و مانانەوەیە، ئەوەی بچووکی وەکو ئێمە لە بارەی تۆی بەرز و پایەبڵند و شکۆدار بۆی دەچێت، زۆر بچووکترە لەوەی تۆ هەیت و شیاوی باشتر بتناسین.

لەم دێڕەدا ئاشکرا و ڕاستەوخۆ تیشك نەخراوەتە سەر ئەوەی هۆنراوەکەی باسی خوای گەورە و تاك و تەنیای بەتوانا دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیەك هەیە، کە بابەتی هۆنراوەکە زاتی عەزیم و گەورەی خوای بە دەسەڵاتە، بە گشتی دێڕەکە هەموو مەرجێکی دەستپێکی دڵگیر (براعە الٚستهلال)ی تێدایە.

ـ یەك لەمعەیی ئەنوارە سەراپایی پەیەمبەر
ئەمسالٚی بە سایەش نییە ئەعزایی پەیەمبەر... حەمدی

ئەم دێڕە دەستپێکی هۆنراوەییێکی جوانی (حەمدی)یە لەسەر پێغەمبەر (درود و سلاٚوی خوای لەسەر)، هۆنراوەییێك کە سەرەتای بە وەسفی پێغەمبەر دەست پێبکات (درود و سلاٚوی خوای لەسەر)، دیارە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، کە بە یەك دێڕ لەسەری بنووسرێ، بۆیە ئەوە ئاماژەیە، کە هۆنراوەکە باس لە چی دەکات. شێوازی ئەم دێڕە بەهێزە، وشەکانی جوان و کاریگەرن، واتاکەی روون و بەهێزە، بەوەش (دەستپێکی دڵگیر) بەرهەم هاتووە.

ـ تا فەلەك دەورەی نەدا، سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو
کەوکەبی میهری موبارەك تەڵعەتی پەیدا نەبوو... نالی

ئەمە دێڕی سەرەتای هۆنراوەیەکی (نالی)یە، بە بۆنەی کۆچی دوایی سلێمان پاشای بابان و هاتنە سەرتەختی ئەحمەد پاشای بابانی کوڕیەتی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چ پەیوەندی بە دێڕەکانی دوای خۆیەوەی نییە و بە خوێندنەوەی تەنها ئەو دێڕە، کەس لەوە ناگات کە دەبێت لە پاشتر شاعیر چی بڵێت، چونکە بە ئاشکرا باسی لە فەلەك و سووڕانەوەی کەشکەلانی فەلەك و ئاوابوونی ئەستێرە و مانگەکانی دەکات، بەڵام ئەمە بە ئاماژە ئەوە لە خۆیدا هەڵدەگرێت، کە تا مانگێکی زۆر روون و گەش بەسەر نەچێت، کە سلێمان پاشایە، مانگێکی هاوشێوەی ئەوەی پێشوو گەش، کە ئەحمەد پاشایە دەرناکەوێت. دەبینین دێڕەکە هیچ زۆر لەخۆکردنێکی تێدا نییە و وشەکانی جوان و ناسك و پڕ سۆزن و هەموو مەرجێکی دەستپێکی دڵگیر (براعة الأستهلال)ی تێدایە.

ـ گوتم بە بەختی خەواڵوو: بەسە ئەتوو بی خودا
لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا... حاجی قادری کۆیی

ئەم دێڕە هی سەرەتای هۆنراوە بەناوبانگەکەی (حاجی قادری کۆیی)یە، دوای بێزاربوونی شاعیر لە دووره وڵاتی هۆنراوەتەوە، ئاماژەیەکی تێدایە، کە گوزارشت لە ئەولا دەکات، کە ناوەوەی وڵات و (کۆیە)ی زێدی خۆیەتی، بابەتەکە سۆزئامێزە و وشەکانیش کرۆزانەوەیەکی ناسك و جوان لەخۆ دەگرن، کە شاعیر دێت لەبەر نەفسی خۆی دەلاڵێتەوەو دەیداتە خوا، بۆ ئەوەی دڵی نەشکێنێت و لەگەڵیدا رێککەوێت، گەشتێکی خەیاڵی بەرەو کۆنەهەوارەکەی بکەن. بە کورتی دێڕێکە هەموو مەرجێکی دەستپێکی دڵگیر (براعة الأستهلال)ی تێدایە.

ـ بە بیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو
نە مەحکومی عەجەم نە سوغرەکێشی ئالی عوسمان بوو... شێخ رەزای تالەبانی

ئەمە یەکەم دێڕی هۆنراوە بەناوبانگەکەی (شێخ رەزای تاڵەبانی)یە، کە تیایدا بۆ رۆژانی سلێمانی سایەی بابان دەگەڕێتەوە، هەردوو نیوە دێڕەکانی یەکەم و دووەم لە رووی واتاوە تەواوکەری یەکن و لە یەك ئاستی بەهێزدا هاتوون، دەستەواژەی (دارولمولکی بابان) بۆ (سلێمانی) بەکارهێنراوە، کە مەبەست لە باسکردنی سلێمانی ئەوسا دەرخستنی پایە سەربەخۆ و دڵگیرەکەیەتی، بۆیە دەستەواژەی ئاماژەبۆکراو زۆر بە جوانی لەگەڵ مەبەستی ئەو بابەتەدا یەکدەکەوێت، کە شیعرەکەی بۆ هۆنراوەتەوە. هەموو مەرجێکی دەستپێکی دڵگیر (براعة الأستهلال)ی تێدایە.

کۆتایی دڵگیر:

عەرەب (براعة المقطع)ی پێدەڵێن.. جۆرێکە لە (کۆتایی جوان)، بەڵام شتێکی لەو زیاترە، بریتییە لەو دوا بەشەی ئاخاوتن، کە بە هۆیەك لە هۆیەکان وا دەکات، هەست بەوە بکرێ، کە ئەمە کۆتاییە.. جوانی ئەم هونەرەی (کۆتایی دڵگیر)یش لە چەند شتێك دایە، دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەیان کورتبکەینەوە:

١ـ چێژی ئەدەبی خۆش دەبەخشێت.

٢ـ ئامۆژگارییەکی هێندە بەهێز پێشکەش دەکات، هەمیشە هەر لە بیر دەمێنێتەوە.

٣ـ وشەکانی مۆسیقی و خاوەن کێشێکی خۆشن و لە بیردا دەمێننەوە.

شێوەکانی دەرکەوتنی کۆتایی دڵگیر:

١ـ دەشێ شاعیر تۆمەت بداتە پاڵ قەڵەم، بەوەی کەوا توانای نووسینی نەماوە، چونکە شکاوە، یان مەرەکەبی تیانەماوە، کە ئەمە یەکێکە لە شێوازە بەهێزەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، شاعیر کە پەنا دەباتە بەر ئەم شێوازە، ئیتر ناڵێت هۆنراوەکەم تەواو بوو و بە خواتان دەسپێرم، یان وەکو حەکایەت گێڕانەوە ناڵێت، (منیش کلاشم دڕاو چیم پێ نەبڕا)! بەڵکو بە شێوازێکی هونەری جوان و دڵگیر دەڵێت: (خامەکەم نووکی شکا)، یان (خامەکەم مەرەکەبی نەما)، بەم شێوەیە خوێنەر لەوە حاڵی دەکات، کە هۆنراوەکەی گەیشتە کۆتایی، دیارە ئەوە لە هەمانکاتیشدا خۆدزینەوەییێکی جوانە لە چیتر درێژکردنەوە، شاعیریش بەهێزەوە پیشان دەدات، چونکە گوایە قسە و باس و فیکر و داهێنانی دیکەی مابوو، لەبەر نەمانی ئەوانە نییە هۆنراوەکەی بە کۆتا دێنێ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە قەڵەمەکەی چیتر نانووسێ، یان بە هۆییێکی تر پەکی کەوتووە.. بۆ نموونە:

ـ گەلێ قسەم لە دڵا بوو حیکایەتم مابوو

کەچی لە بەختی کەچم، خامە نووکی لێرە شکا... حاجی قادری کۆیی

(خامە نووکی لێرە شکا) ئاماژەیە بەوەی کەوا ئیتر بەمە هۆنراوەکە هاتە کۆتایی. وشەکانی ئەم دێڕەش هەموویان روون و ئاشکران و واتای جوان و تەواو دەگەینن، شێوازەکەش وەکو گوتمان شێوازێکی جوان و بەهێزە، بۆیە ئەمە بە یەك لە کۆتاییە دڵگیرەکانی حاجی قادری کۆیی دادەنرێت.

(حەمدی)ش سەر بە هەمان قوتابخانەی کلاسیکە، بۆیە ئەویش سوود لە هەمان شێوازی کلاسیك وەردەگرێت، ئەوەتا دەڵێت:

ـ زمانی خامە مووی لێ دێ، لە باسی زوڵفی جانانە

بە دەست حەمدی نییە چ بکەم، کە نانووسێ قەڵەم گەر خەت... حەمدی

کەوابێ تۆمەت دانە پاڵ خامە بە نەمانی توانای نووسینی، ئەوە یەکێکە لەو هۆیانەی زەینی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە شیعرەکەی گەیشتە کۆتایی.

٢ـ جگە لەوەی سەروو، هەندێ جاری دیکە شاعیر روو دەکاتە خۆی و داوای وازهێنان لە خۆی دەکات، بەوەش دیسانەوە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە شیعرەکەی لێرەدا ئیتر بە کۆتا دەگات.. بۆ نموونە:

ـ ئەدیب و عاقڵی، لەم بەحرە وەك ترِی بن گۆم

گەلێکی ون بووە (حاجی)، وەچاکە لێی دەرچین... حاجی قادری کۆیی

شاعیر لێرەدا ئەوەی خستۆتەڕوو، کە ئەم باسەی کردوویەتیانەوە باسێکی ئاوکێشەو زۆر کەس تیای دەرنەچووە، بۆیە داوای لە خۆی کردووە، کە ئەویش وازبێنێ و چیتر درێژی نەکاتەوە، ئەوەش هۆکارێکی دیکەی جوانە بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بەوەی کەوا شیعرەکەی گەیشتە کۆتایی، لەولاشەوە وشەکانی ئەم دێڕە شیرین و واتا روون و بەهێزن و شێوازی دێڕەکە کاریگەری جوانی هەیە، هەموو ئەوەش دەیبەنە خانەی کۆتایی دڵگیر.

دژیەك:

یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی، لای عەرەبکان بە زاراوەکانی (الطباق والمطابقة، والتطبیق والتضاد والتکافوء) ناودەبرێت، بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو وشە، کە ئەو وشانە لە رووی واتاوە دژ و پێچەوانەی یەك بن، بۆ نموونە: رەش و سپی، پاك و پیس، جوان و ناشـرین، گەورە و گچکە، پاك و ناپاك...هتد. بۆ نموونە:

ـ عەکسی چاوی تۆ لە چاوی دا بە خواری تێدەگەی

کەچ نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا... نالی

خوار و ژوور و خێر و شەڕ دوو جووتە وشەی دژو پێچـەوانەی یـەکن و هـەر یەکـەیان لـە فەرهەنگدا رەگی سەربەخۆیان هەیە، بەوەش دژیەکی دروستبووە.

ـ لە ئەزەل تا ئەبەد خوا خوایە

جیلوەییێکە کە پڕ دوو دنیایە... حەمدی

وشەکانی (ئەزەل) و (ئەبەد) دوو وشەی دژو پێچـەوانەی یـەکن، یەکـەمیان بریتییـە لـە رابردووی بێ سەرەتا و دووەمیان بریتییە لە داهاتووی بێ کۆتایی. کـە ئەمانـە هـەردووکیان سیفەتی خودای گەورەو میهرەبانن.

ـ لابدا هەر کەس لە رێگەی شەرع و دین

قوڕ بەسەر خۆی پاشی مردن رۆژی ژین... رەشاد موفتی

وشەکانی (مردن) و (ژین) دوو وشەنە دژو پێچەوانەی یەکترین و هەر یەکەیان لە فەرهەنگدا رەگی سەربەخۆیان هەیە، بەوەش دژیەکی دروستبووە.

ـ هەر پایەداران ناویان زیندووە

پیاوی بێ کەڵك پەست و مردووە... بێکەس

وشەکانی (زیندووە) و (مردووە) دوو وشەنە دژ و پێچەوانەی یەکترین و هەر یەکـەیان لـە فەرهەنگدا رەگی سەربەخۆیان هەیە، بەوەش دژیەکی دروستبووە.

گرنگی دژیەك لەوەدایە: لەلایەك جوانییەك بە دەربڕین دەبەخشێـت، لەولاوەش لـە واتـای دەق فراوانتر دەکات، کاتێك کە دەڵێیت (دەر و ژوور)، (شەو و ڕۆژ)، (پاك و پـیس) گـەڕاوم، یان بینیومە، یان هەر شتێکی تر، واتە هیچت نەهێشتۆتەوە لە رووی ئەو فرمانـەی بـەکارت هێناوە تاقیت نەکردبێتەوەو سوودت لێ وەرنەگرتبێت، هەر ئەمـە وا دەکـات مەبەسـتەکانی قسەکەر روونتریش بێت، لەوەی تەنیا یەك لایەنی دوو وشـە دژیەکەکـە بـەکاربهێنێت، لەبـەر هەموو ئەوانە لە کۆنەوە ئەدەب گرنگی زۆری بەو هونەرە داوەو دەکرێ بڵێین: ئەدیب نییە لـە دەربڕینەکانی دژیەك بەکارنەهێنێ.

جۆرەکانی دژیەك:

بە پێی جۆری ئەو وشانەی دژیەکەکە دروست دەکەن، دوو جۆر دژیەکی لەیەك جودا هەیە، ئەوانیش بریتینە لە:

یەکەم: دژیەکی فەرهەنگی

دژیەکی فەرهەنگی: لە عەرەبیدا (تیباقی ئیجاب)ی پێـدەڵێن.. بریتییـە لـە بـوونی دوو وشەی هەر لەبنجدا دژ و پێچەوانە بە واتای یەکتری، هەر وەك (باش و خراپ)، (پاك و پیس)، یان بە واتایـەکی تـر، لـەم جـۆرە دژیەکـەدا، دوو وشـەکانی (دژیـەك) لـە فەرهەنگـدا دوو سەرچـاوەی لەیـەکجیایان هەیـە و پەیوەنـدی نێوانیـان، پەیوەندییـەکی سروشـتییە، نـەك پەیوەندییەکی دروستکراو.. بۆ وێنە:

ـ بە ڕوئیەتی ماهی مونیر، شاهی بەشیر و هەم نەزیر

تۆی صاحیبی فەزڵی کەبیر، ڕوویی تۆ شەمسی ئەزهەرە... شێخ ئەحمەدی کۆر

(بەشیر) و (نەزیر) دوو وشەی خاوەن دوو رەگـی تایبـەت و سـەربەخۆن لـە فەرهەنگـدا، هەردووکیان ئاوەڵناوی سادەن، دژیەکی فەرهەنگییان دروست کردووە.

ـ غەیری تۆ کێ قادرە بڕوا دەمێ لەم ڕێگەوە
یەعنی ئیزهاڕی کەلامی تاڵ و شیرین پێکەوە... ناری
(تاڵ) و (شیرین) دوو وشـەی خـاوەن دوو رەگـی تایبـەت و سـەربەخۆن لـە فەرهەنگـدا، هەردووکیان ئاوەڵناوی سادەن، دژیەکی فەرهەنگییان دروست کردووە.

ـ وان لە گێژی بەحری جەهلا وەرنەدەی ئەی گەنجەکان
عیلمە پاپۆڕی نەجاتتان تێبکۆشن ڕۆڵەگیان... عاصی
(جەهل) و (عیلم) دوو وشەی خـاوەن دوو رەگـی تایبـەت و سـەربەخۆن لـە فەرهەنگـدا، هەردووکیان ئاوەڵناوی سادەن، دژیەکی فەرهەنگییان دروست کردووە.

ـ داخۆم خاوەنی بەرزی و نشێوی
لە کارخانەی غەیب چی بۆ نووسیوی...ئەحمەدی موفتی زادە
(بەرزی) و (نشێوی) دوو وشەی خاوەن دوو رەگی تایبـەت و سـەربەخۆن لـە فەرهەنگـدا، هەردووکیان ئاوەڵناوی سادەن، دژیەکی فەرهەنگییان دروست کردووە.

ـ جارێك کەم و زۆر غەدرت لێکرا
بە توڕە و گرژی مەیکە بە هەرا
هێمن لەسەرخۆ بکەن گفتوگۆ
هێندەی پێناچێ دەبنەوە برا... برژاو
(کەم) و (زۆر) دوو وشەن دژ و پێچەوانەی یـەکن، لـە فەرهەنگـدا هـەر یەکـەو ریشـەی سەربەخۆیان هەیە، بۆیە دژیەکی فەرهەنگی دروست دەکەن.

ـ بە پارە و پوولی زۆرت مەنازە
چەند جار گۆڕاوە لە کۆن و تازە
ئەوەی پەسند و ئاواتەخوازە
کردەوەی چاکە، جێگەی شانازە... برژاو

(کۆن) و (تازە) دوو وشەن دژو پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگدا هەر یەکەو ریشەی سەربەخۆیان هەیە، بۆیە دژیەکی فەرهەنگی دروست دەکەن.

ـ جۆرەکانی دژیەکی فەرهەنگی

یەك: دەشێ دوو وشە دژیەکەکان، دوو (ناو) بن، بۆ وێنە:

ـ بەگەرمای هاوین، بەسەرمای زستان
تێری و برسییەتی لەلام بوون یەکسان... حیلمی

لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەکانی (تێری و برسییەتی) دوو ناوی واتایین، (دژیەکی فەرهەنگی)ن.

ـ ئەمن بۆ فیرقەتی ئەو ڕۆژ و شەو دائیم دەناڵێنم
لە دووری من هەمیشە ئەو کە خۆش خەندان و مەسرورە... کوردی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەکانی (ڕۆژ و شەو) دوو ناوی بەرجەستەن، (دژیەکی فەرهەنگی)ن.

جاری وایە شاعیر دوو ناو دێنێ، یەکیان کوردیەو یەکیان عەرەبی، واتە هەریەکەی بە زمانێکن.. بۆ نموونە:

ـ ئوممەتی تۆ شادوومانن، چونکە ئەهلی وەحدەتن
قەت لە دۆزەخدا ئەبەد نین، ئاخیری هەر جەننەتین... حەیدەری

(دۆزەخ) و (جەننەت) دوو وشەی خاوەن دوو رەگی تایبەت و سەربەخۆن لە فەرهەنگدا، هەردووکیان ئاوەڵناوی سادەن، دژیەکی فەرهەنگییان دروست کردووە.

دوو: دەشێ وشە دژیەکەکان دوو (ئاوەڵناو) بن... بۆ وێنە:

ـ فرسەتە تۆبەی بکەن بە گیان و دڵ
توندە ڕشتەی دینتان مەیکەن بە شل... رەشاد موفتی

(توند) و (شل) دوو ئاوەڵناوی چۆنین، لە بنجدا دژو پێچەوانەی یەکترین و لە فەرهەنگدا هەریەکەو کەسایەتییەکی سەربەخۆیان هەیە.

ـ دەوڵەمەند و ئەهلی دنیا قەت مەکەن فکری غرور
وا ئەجەل کەوتۆتە شوێنتان دائیمەن نێزیك و دوور... عاصی

(نێزیك) و (دوور) دوو وشەی خاوەن دوو رەگی تایبەت و سەربەخۆن لە فەرهەنگدا، هەردووکیان ئاوەڵناوی سادەن، دژیەکی فەرهەنگییان دروست کردووە.

سێ: دەشێ وشە دژیەکەکان دوو (ئاوەڵفرمان) بن... بۆ وێنە:

ــ صاعیقەو بەرقی نحوسەت زوڵمەتی دا شەرق و غەرب
بەردە بارانە بە مەخصوصی لەسەر موڵکی بەبان... سالم

(شەرق و غەرب) لە نیوە دێڕی یەکەمدا دوو ئاوەڵفرمانی شوێنن، (دژیەکی فەرهەنگی)ن.

ـ کوردی ئامان سەد ئامانت بێ کە ئەمشەو جومعەیە
تا سبەی قەت نەبییە غافل تۆ لە زیکری قادری... کوردی

(ئەمشەو و سبەی) لە نیوە دێڕی یەکەم و دووەمدا دوو ئاوەڵفرمانی شوێنن، (دژیەکی فەرهەنگی)ن.

چوار: دەشێ وشە دژیەکەکان دوو (فرمان) بن، بۆ وێنە:

ـ هەور ئەگری بۆ گوڵ، گوڵ پێئەکەنی
باوك و فرزەندەی بێ ڕەحم دەنوێنی... پیرەمێرد

لە نیوە دێڕی یەکەمدا: وشەکانی (ئەگری) و (پێئەکەنی) دوو فرمانی رانەبردووی ئیخبارین و (دژیەکی فەرهەنگی)ن.

پێنج: دەشێ وشە دژیەکەکان دوو (چاوگ)بن، بۆ وێنە:

ـ لەزەتی مردن بە سەد ساڵی ژیان ناگۆڕمەوە
گەر بزانم، تۆ لەگەڵما دێیە سەر قەبرانەکەم... شێخ نووری.

وشەکانی (مردن و ژیان) لە نیوە دێڕی یەکەمدا، دوو (چاوگ)ن و لە واتادا (دژیەکی فەرهەنگی)ن.

شەش: یان وادەبێ هەردوو دژیەکەکان (پیتی مانا) دەبن، بۆ وێنە:
ـ گوتم: زووکە درەنگە کاتی فرمانە، گوتی: (نا)
گوتم: بۆچی، خەبات ناکەی؟! گوتی: (با)... باوکی ئازیز
(نا) و (با) کە دو (پیتی مانا)ن هەردووکیان (دژیەکی فەرهەنگی)ن.

حەوت: دەشێ دوو وشەکان یەکیان ناو و ئەوی دووەم ئاوەڵناو بێ.. بۆ نموونە:
ـ لێم حەرامە دانەو و ئاوی حەماماتی حەرەم
من کە بازی دیدە بازم نەك شەوارەی دەستەمۆم... نالی
(دیدەباز) ئاوەڵناوی چۆنی و (شەوارە) ناوە و دژیەکی فەرهەنگین.

هەشت: دەشێ رستەیەك و گرێیەك وێنەیەکی دژیەکی دروست بکەن.. بۆ وێنە:
لە کن من با وجودی ناس و ئەجناس
کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ... نالی
(با وجودی ناس و ئەجناس) واتە، پڕی خەڵك و (کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ) واتــە، خاڵیبوونی شار لە کەس، ئەمەش دوو وێنەی دژو پێچەوانەی یەکە.

دووەم: دژیەکی نافەرهەنگی

ئەمە لە عەرەبیدا (طباق السلب)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە بوونی ئەو دوو وشە بە یەك دژ و پێچەوانانەی، کە لە فەرهەنگی زماندا هەریەکەیان ریشەو بنجێکی رەسەن و سەربەخۆی نییە، بەڵکو هەردووکیان لە بنجدا هەر یەك ریشەو رەگیان هەیە، بەڵام وشەی دووەم لەسەر بنەمای دژایەتی و پێچەوانەیی بۆ وشەی یەکەم دروست دەبێت، بە واتا: وشەی دووەم هەمیشە دەبێتە نەرێی وشەی یەکەم.. بۆ نموونە: (هات) و (نەهات).. دەبینین هەریەکە لەم دوو وشانە لە فەرهەنگدا لە ریشەیەکی سەربەخۆ و خاوەن کەسایەتی تایبەتی خۆیانەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکو وشەی دووەم، کە (نەهات)ە، نەرێی وشەی (هات)ەو هەر لەسەر بنەمای ئەو دروستبووە، بەڵام بە چەمکی پێچەوانەیی، بۆیە بەجۆرە دژیەکە دەگوترێت: (دژیەکی نافەرهەنگی).. بۆ نموونە:

ـ **محەممەد** بوو بە غەیری وی نەبوو کەس بچتە سەر سیدڕە
درودی خوا لەسەر ئیسم و موسەممایی **محەممەد** بی... ڕەشاد موفتی
(بوو) و (نەبوو) دژیەکی نافەرهەنگین، چونکە دووەم لەسەر بنەمای ئەوەی یەکەم بووەتەوە نەرێ و پێچەوانەی.

ـ دیدە نابینایە وەك یەعقوب لە هیجرانی عەزیز
تۆی خودای صاحیب مەکان و تۆی خودایی لا مەکان... سالم
(مەکان) و (لا مەکان) دژیەکی نافەرهەنگین، چونکە دووەم لەسەر بنەمای ئەوەی یەکەم بووەتەوە نەرێ و پێچەوانەی.

ـ من لە بێ بەرگی مەحەم پرسی کە بۆچ ڕووتی؟ وتی
ڕەببی من شێت بم ئەگەر شادبم بە بەرگی عارییە... نالی
(بێ بەرگ) و (بە بەرگ) دژیەکی نافەرهەنگین، چونکە دووەم لەسەر بنەمای ئەوەی یەکەم بووەتەوە ئەرێ و پێچەوانەی.

ـ ئەگەرچی یاوەر و یاوەر بوون بە دوژمن
خەمی بێ یاوەری یاوەرە ئەمشەو... کوردی
(بێ یاوەری) و (یاوەر)ی دژیەکی نافەرهەنگین، چونکە یەکەم لەسەر بنەمای ئەوەی یەکەم بووەتە نەرێ و پێچەوانەی.

ـ دارا لە نەدارا بووەتە کێوی زلەو بەرز
وا دوورە پەرێز ملکەچ ئەکا بۆ سەلەم و قەرز... چروستانی
(دارا) و (نەدارا)ی دژیەکی نافەرهەنگین، چونکە یەکەم لەسەر بنەمای ئەوەی یەکەم بووەتە نەرێ و پێچەوانەی.

جوانی دژیەکی نافەرهەنگی لەوەدایە، کە لە ناوەڕاستی ئەگەر و بارە گشتی و تایبەتییەکاندا بارێکی ناوەند هەڵدەبژێرێ و لەوێوە مەبەست پێشکەش دەکات، بۆ نموونە لە

قسەی سەر زاریدا زۆرجار دەگوترێت: (پیاوەکە ئیسرحاتەکی کرد و نەکرد...)، (ژنەکە مانگاکەی دۆشی و نەدۆشی...)، (منداڵەکە نانەکەی خوارد و نەخوارد...). هەموو ئەمانەش بارێکی ورد و ناسکی جوان لە دەربڕیندا پێشکەش دەکەن.

شیعر و ئەدەبی کوردی، چ کۆنی و چ نوێی و تەنانەت فۆلکلۆر و میللییەکەشی پڕیەتی لەو جۆرە دژیەکە.. لە خوارەوە کۆمەڵێك نموونە لە شیعری کلاسیك دەخەینە بەرچاو.

جۆرەکانی دژیەکی نافەرهەنگی

یەك: دەشێ دوو وشە دژیەکەکان دوو (ناو) بن:

ـ مەسرورە بە خوێن ڕێژی و غەمناکە بەچاکی

خۆشحاڵە بە ناپاکی و بێزارە لە پاکی... ئەحمەدی خانی

(پاکی و ناپاکی) لە نیوە دێڕی دووەم دوو ناوی واتایین، یەکەمیان ئەرێ و دووەمیان نەرێی یەکەمیانە، بەمەش دژیەکێکی نافەرهەنگییان دروست کردووە، دەنا لە بنجدا هەردووکیان هەر لەسەر بنەمای وشە (پاك)ە کە دروستکراون.

دوو: دەشێ وشە دژیەکەکان دوو (راناو) بن:

ـ لە ناکەس کارییا خاکم بەسەر ڕۆیی بە با عومرم

خودا تۆ بمژیێنە، تا لە ژێر قاپی کەسێ دەمرم... مەحوی

دوو وشەکانی (ناکەس و کەس) لەم دێڕەدا، وەك دوو راناوی نادیار هاتوون (کەس) ئەرێ یەو (ناکەس) نەرێیەتی، واتە راناوە (نەرێ)کە لەسەر بنەمای راناوە (ئەرێ)یەکە دروستکراوە، بەوەش (دژیەکی نافەرهەنگی)یان دروست کردووە.

سێ: دەشێ وشە دژیەکەکان دوو (فرمان) بن، ئەمەش بەچەند شێوەیەك:

أـ دەشێ فرمانی دووەم، کە نەرێی فرمانی یەکەمە لە رستەدا بە (نا) نەرێ کرابێ، ئەمەش تایبەتە بە فرمانی رانەبردووی ئیخباری، لەو بارەدا (نا)ی نەرێیەکە، شوێنی (دە)ی نیشانەی فرمانە رانەبردووەکە دەگرێتەوە، بۆ وێنە:

ـ حاجی کەسێکە بێکەس، بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ

گوێی لێدەگرن زەریفە، ناگرن بەڵا لە خۆتان.. حاجی قادری کۆیی
(دەگـرن) و (نـاگرن) دوو فرمـانی رانـەبردوون، دووەمیـان نـەرێی یەکەمیانـە، (دژیـەکی نافەرهەنگی)یان دروست کردووە.

ب ـ دەشێ فرمانی دووەم کە نەرێی فرمانی یەکەمە، لە دێڕەکـەدا بـە (نـە) نـەرێ کرابـێ، ئەمەش تایبەتە بە فرمانی رانەبردووی ئینشائی و دەمەکانی فرمـانی رابـردووی ئیخبـاری و ئینشائی.. بۆ وێنە:

ـ عالەمێکم دی نەخۆش و، یەك کەسی ساغم نەدی
دوور لە مەردانی خودا، غەیری قورمساغم نەدی.. حاجی قادری کۆیی
لە نیوە دێڕی یەکەمدا فرمانەکانی (دی) و (نەدی) دوو فرمانی رابـردوون، دووەمیـان نـەرێی یەکەمیانە و بە هەردووکیان (دژیەکی نافەرهەنگی) دروست دەکەن.

ج ـ دەشێ فرمانی دووەم کە نەرێی فرمانی یەکەمە، بـە (مـە) نـەرێ کرابـێ، ئەمـەش تایبەتە بە فرمانی داخوازی، بۆ وێنە:

ـ مەڕوانە ئەمڕۆ کە بە ڕوومەت گوڵی تاکی
بڕوانە سبەینێ، کە لە نێو دامەنی خاکی.. هەردی
(بڕوانـە)و (مەڕوانـە) دوو فرمـانی داخـوازین، دووەمیـان نـەرێی یەکەمیانـە، (دژیـەکی نافەرهەنگی)یان دروست کردووە.

چوار: دژیەکی دوو چاوگ: دەشێ وشە دژیەکەکان چاوگ بن.. بۆ نموونە:

ـ بوون و نەبوونم لەلا یەکسان کە
لە وەختی غەمدا شادیم ئاسان کە... پیرەمێرد
(بوون) چاوگێکە ئەرێیە، (نەبوون) نەرێی ئەوە، لەسـەر بنـەمای ئـەو دروسـتبووە، بۆیـە هەردووکیان یەك رەگیان هەیە، نەك دوو رەگی سەربەخۆ، بەڵام دژو پێچەوانەی یەکن.

سێیەم: جۆرێکی تری (دژیەکی نافەرهەنگی) لە نێوان ئەو دوو وشانەدا بەرجەستە دەبێت، کە ئەگەر چی یەك بنج و سەرچاوەشیان هـەبێ، بـەڵام چ (ئـەرێ) کـەیان و، چ (نەرێ)کـەیان هەردووکیان بە زیاد کردنی پێشگر، یان پاشگر بۆ سەر ئەسڵی وشەکە دروسـت دەکـرێن، بـۆ

وێنە:

ـ خواناس و مەلاو بەناو و بێ ناو

خونكارە هەژارە پیرە یان لاو... ئەحمەدی خانی

لەم پارچەیەدا وشەكانی (بەناو) و (بێناو)، هەر دووكیان یەك بنچینەیان هەیە كە (ناو)ە.. (بەناو) ئەرێیە، بەواتای كەسی ناودار، پێكهاتووە لە (بە + ناو).. (بێناو)یش نەرێیە، بەو كەسە دەگوترێت، كە ناناسرێت و ناوێكی ئەوتۆی نییە، پێكهاتووە لە (بێ + ناو).. پەیوەندی نێوان هەردووكیان (بەناو) و (بێناو) پەیوەندییەكی دروستكراوە، ئێستا هەر دووانیان (دژیەكێكی نافەرهەنگی) دروست دەكەن.

چەند جۆرێكی دیكەی دژیەك:

دژیەك بە پێی باری ئەو دوو وشانەی دروستی دەكەن، دەشێت دروست بن، واتا بۆ واتای خۆیان بەكارهاتبن، هەروەها دەشێ خوازەیی بن، واتە دوو وشەكان بۆ واتای فەرهەنگییان بەكارنەهێنرابن و بۆ واتای خوازەیی هێنرابن، یان لە نێو رستەكاندا تەواوی رستەكە بۆ واتای دركاو هاتبن، بەڵام جاری تریش هەیە دەشێ دوو دژەكان یەكیان دروست و ئەوی دیكەیان خوازە بێت.. لە خوارەوە ئەمە روون دەكەینەوە:

١- دژیەكی دروست (الطباق الحقيقي)

بریتییە لەو دژیەكەی، كە ئەم دوو وشانەی دروستی دەكەن، هەردووك دروست بن، وەكو ژن و پیاو، مەبەست لێیان ئەوەیە لە باری راستەقینەدا ژن و پیاوی دروست بن، نەك بۆ واتای خوازەیی بەكارهێنرابن.. بۆ نموونە:

ـ خواردن و سەتری عەورەت و سوكنا

باعیسی ژینە بۆ گەدا و پاشا... حاجی قادری كۆیی

(گەدا) و (پاشا) دوو وشەن بۆ واتای دروست هاتوونە، دوو كەسی دژ و پێچەوانەی یەك لە باری ژیانیاندا وێنە دەكێشن، بۆیە دژیەكی دروستن.

٢- دژیەکی خوازەیی (الطباق المجازی)

بریتییە لەو دژیەکەی، کە ئەم وشانەی دروستی دەکەن، هەردووك بۆ مەبەستی خوازەیی بەکارهاتبن.. بۆ نموونە:

ـ ئەی موحەممەد وەی ئەمینولدەولە ئەمرۆ کۆیی تۆ

جەننەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دوورکەوتەوە... حاجی قادری کۆیی

بەکارهێنانی وشەی (جەننەت) بۆ کۆیە و (دۆزەخ) بۆ هەر شوێنێکی دووری کۆیە، کە ئەمانە دوو وشەی دژ و پێچەوانەی یەکترینە، ئەوە واتا ئەو (جەننەت) و (دۆزەخ)ە بۆ واتای دروست نەهاتوون و بۆ واتای خوازەیی هاتوونە، چونکە لە باری دروستدا نە کۆیە (جەننەت) و نە شوێنانی تریش (دۆزەخ)ن، بۆیە دژیەکی خوازەیی دروست دەکەن.

٣ـ دژیەکی درکاو (مەکنی)

ئەو دژیەکەیە، کە بە هەردوو وشەکانی لەو سییاقەی تێیدا هاتوون، درکەیەك دروست دەکەن، بۆ نموونە:

.دەهاتە جونبوش و لەرزین لە ماهی بگرە تا ماهی

لە سەحرا چەندە وەحشی بوون لە ترسان چوونە سەر کێوان.. حاجی قادری کۆیی

ماهی یەکەم: ماسی، کینایەیە لە نزمی

ماهی دووەم: مانگ، کینایەیە لە بەرزی.. بەمەش دژیەکێکی مەکنی جوان دروستبووە.

٤ـ دژیەکی دروست بە خوازە

ئەو دژیەکەیە، کە یەك لە وشەکانی دروستن و بە واتای فەرهەنگی هاتووە، بەڵام وشەکەی تری دروست نییە و بە واتای خوازەیی هاتووە، بۆ نموونە:

ـ ئەتۆ ماوی لە نووقفادی ویلایەت

ئەوانی تر هەمووی بوونە حیکایەت... حاجی قادری کۆیی

ماوی: فرمانی رابردووە، دروستە.. حیکایەت، ناوە، خواستراوە بۆ (مردوون)، چونکە ئەگەر یەکێك مرد، ئیتر دەبێتە حیکایەتی سەر زاران و بەسەردەچێ.. ئەمەش دژیەکی تێکەڵی دروست بە خوازەیە.

٥ـ دژیەکی ئاشکرا (الطباق الظاهر)

بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو واتای بە ئاشکرا دژ و پێچەوانەی یەك، جا فەرهەنگی بن، یان نافەرهەنگی.. بۆ نموونە:

ـ ئەو ڕزقی موقەڕڕەرە بە خۆی دێ

سەد دەفعە بخوازی یا نەخوازی... حاجی قادری کۆیی

(بخوازی) و (نەخوازی) دوو فرمانی دژ و پێچەوانەی یەکن، بە ئاشکرا دیارە کە دووەم نەرێی یەکەمە.

٦ـ دژیەکی نائاشکرا (الطباق الخفي)

بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو واتا، یەکێکیان پەیوەندی هەیە بە وشە دژەکەی ئەوی تر، جا پەیوەندییەکە پەیوەندی بۆیەك پێویستی، یان پەیوەندی هۆیی بێ.. بۆ نموونە:

ـ سەد قائیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ

ڕۆژنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان... حاجی قادری کۆیی

لە نیوە دێڕی یەکەم فرمانی (نایکڕێ) هاتووە، کە خراوەتە دوای قائیمە و قەسیدە، مەبەستیش بێ ڕەواجی قائیمە و قەسیدەیە، دەبوو لە نیوە دێڕی دووەم (دەیکڕێ) بێ، چونکە ئەمە دژ و پێچەوانەکەی فرمانی (نایکڕێ)یە، بەڵام ئەمە نەهاتووە و گوتراوە (ڕۆژنامە و جەریدە کەوتوونە قیمەت و شان)، واتە ئەم دووانەی دوایی ڕەواجیان پەیدا کردووە، ئەوەش واتە: خەڵك دەیانکڕێ، چونکە هەر شتێك بە ڕەواج بێ، بێگومان بەرناکەوێ و بە زۆری دەکڕدرێ. بەمەش دەبینین لە رووی واتاوە نیوە دێڕی یەکەم و دووەم دژ و پێچەوانەی یەکن، بەڵام وەکو گوتمان دژیەکییەکە ئاشکرا نییە، بۆیە دژیەکی نائاشکرا لەم نموونەیە بەرجەستە بووە.

دژیەکی وێنەی تاك و دژیەکی وێنەی جوڵاو:

بە پێی ئەو وێنەیەی دژیەك دروستی دەکات، دەشێ دوو جۆر وێنەمان بۆ دروست بێت، بریتینە لە وێنەی وەستاو و تاك و وێنەی جولاو.. لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر ئەم دووانە:

١ـ دژیەکی وێنەی تاك

ئەو دژیەکەیە، کە دوو وشە دژ و پێچەوانەکانی گوزارشت لە حاڵەتێکی تاك، یان وێنەییێکی زەینی چەسپاو دەکەن.. بۆ نموونە:

ـ سەیری چەند سەیرە حاڵی ئەم عەشقە

بێوجوودی وجوودە، بێحزووری حزوور... حەمدی

(بێوجود) و (وجود) لەگەڵ (بێحزور) و (حزور) دوو وێنەی تاك و چەسپاوی دژو پێچەوانەی یەك دەخەنە بەرچاو.

٢ـ دژیەکی وێنەی جوڵاو

ئەو دژیەکەیە، کە دوو وشە دژ و پێچەوانەکانی گوزارشت لە وێنەییێکی واقیعی جوڵاو دەکەن.. بۆ نموونە:

ـ کە دایهێناو هەڵی نا چاوی مەستی

ڕەوان فیدا دەکەم دڵ چاکی هێنا... حاجی قادری کۆیی

(دایهێنا چاوی) وێنەییێکە و (هەڵی نا چاوی) وێنەییێکی تر، دژو پێچەوانەی یەکترین، چونکە دوو دیمەنی جوڵاوی پێچەوانەی یەکتری پیشان دەدەن.

ـ سەرم سوڕما گەلێ دەمرێ لە بۆ گەل شین و گریانە

گەلێکیش مردنی هۆی جەژن و شایی و چەپڵە ڕێزانە... چروستانی

لێرەدا دوو وێنەی جوڵاو و سینەمایی دژبەیەك دەکەنە بەرچاومان، یەکەمیان بە مردنی کەسانێك شین و گریان ڕوودەدات و دووەمیشیان بە مردنی کەسانێکی تر جەژن و خۆشی بەرپا دەبێ ئەوەش دوو وێنەی دژ و پێچەوانەی یەکن.

دژیەکی بنجی و دژیەکی تێکەڵ:

بە پێی بوونی بنجی دوو وشە دژیەکەکان، دوو جۆر دژیەکمان بۆ بەرجەستە دەبێت، یەکیان دژیەکی بنجی و ئەوی دیکەیان دژیەکی تێکەڵە.. لە خوراوە تیشك دەخەینە سەر ئەم دوو جۆرە:

١ـ دژیەکی بنجی

ئەو دژیەکەیە، کە دوو وشەکانی روون و سەربەخۆبن و لە فەرهەنگ، یان لە دەرکەوتندا تەواو پێچەوانەی یەك بن.. بۆ نموونە:

ـ هەموو عومرم لە ڕێی هات و نەهاتی

بەسەرچوو ئەی ئەجەل تۆ هەر نەهاتی... حاجی قادری کۆیی

(هات) و (نەهاتی) دوو وشەن روون و لە دەرکەوتندا تەواو دژ و پێچەوانەی یەکترینە.

٢ـ دژیەکی تێکەڵ

ئەو دژەیەکەیە کە دوو وشەکانی روون و سەربەخۆن، بەڵام لە فەرهەنگدا چ دژیەکی و پێچەوانەییەکیان نییە.. بۆ نموونە:

ـ کاکە ئێمە موئمنین نە ڕووسین

بۆچ کفرە زوبانمان بنووسین... حاجی قادری کۆیی

لە نیوە دێڕی یەکەم لە بەرامبەر وشەی (موئمن) وشەی (رووس) بەکار هاتووە، کە لە راستیدا دەبوو بڵێ: نە (کافر)، چونکە دژەواتای (موئمین) وشەی (کافر)ە نەك (رووس)، لەمەشدا شتێکی بە شتێکی دیکەدا تێکەڵکردووە، چونکە وەهای داناوە کە رووسەکان موسڵمان و ئیماندار نینە، ئەمەش لە باری واقیعیدا مەرج نییە سەدا سەد دروست بێ، بەڵام ئەو دێڕە شیعرە، شیعریش وەکو مێژوو حیسابی راستی و وردی بۆ ناکرێت، چونکە ناکرێ راستەقینەی واقیع و مێژوو وەکو خۆی بگوازێتەوە، ئەمە هەروەها دژیەکی دووریشی پێدەگوترێت و ناوی دیکەیشی لێنراوە.

دژیەکی تاك حاڵەت و دژیەکی فرە حاڵەت:

١ـ دژیەکی تاك حاڵەت

ئەوەیە لە دێڕە شیعرێکدا یەك جووتە وشەی دژ و پێچەوانەی یەکتری بە جودا هاتبن، بۆ نموونە:

ـ پادشاهێکم هەیە گەر من بکاتە دەرگەوان

حاجیب و خادیمی من ئەسکەندەر و دارا دەبێ... حاجی قادری کۆیی

(پادشا) و (دەرگەوان) دوو وشەی دژو پێچەوانەی یەکن، لەم دێڕەدا هەر ئەو دژیەکە هێنراوەو چی دیکەی بەدوادا نەهاتووە.

٢ـ دژیەکی فرە حاڵەت

ئەو دژیەکەیە لە دێڕە شیعرێکدا زیاتر لە چەند حاڵەتێکی بەدوای یەکتریدا دێن.. بۆ نموونە:

ـ بێدەرپێ ئەبینم بوونە ساحێبی دەرپێ

بێجێ هەموو دیارن بوونە ساحێبی ڕێ و جێ... حەمدی

(دەرپێ) و (بێ دەرپێ)، هەروەها (بێجێ) و (جێ) دوو ناوی دژ و پێچەوانەی یەکن، لە فەرهەنگدا یەك ریشەیان هەیە، بەڵام دووەم نەرێی یەکەمە، بۆیە دژیەکی نافەرهەنگین لە ناو.

ـ ئەوا ئاوابوو ڕۆژی من، ئیتر ژینم لە دونیا چی؟

لە هات و چۆ و لە گریان و لە ناڵەی سوبح و شامم چی... ئەخۆل

(ئاوابوو ڕۆژی من) واتە، (مردم) دژیەکە لەگەڵ (ژین).. (هات) دژیەکە لەگەڵ (چۆ).. (سوبح) دژیەکە لەگەڵ (شام).

دژیەکی ئاشکراو دژیەکی شاراوە:

١ـ دژیەکی ئاشکرا

ئەو دژیەکەیە، کە لە دوو بنەڕەتەکانی دژیەك (دوو وشە، یان رستەکانی دژیەك) هەردووکیان دەمێنن و هیچ یەکیان لانەبراون.. بۆ نموونە:

ـ ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بلّندی کورد

موژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیك ئەبرد.. پیرەمێرد

(دوور) و (نزیك) دوو ئاوەڵناون، بە ئاشکرا دیارن لە واتادا دژ و پێچەوانەی یەکترن، بەوەش دژیەکی ئاشکرا بەرهەمهاتووە.

شایانی باسە: لە باری ئاساییدا هەموو دژیەکێك دژیەکی ئاشکرایە، ئەو نموونانەی سەرووشمان هەموویان دژیەکی ئاشکران.

٢ـ دژیەکی شاراوە

ئەو دژیەکەیە، کە لە دوو بنەڕەتەکانی دژیەك (دوو وشە، یان رستەکانی دژیـەك) یـەکیان بهێنن و یەکیان لابرابن، بەڵام بە سیاقی دەربڕینەکە، بتوانین لابراوەکە ببینینەوە.. بۆ نموونە:

ـ هەتا تۆ بووی لە شار شام و نەهار گۆشت و پڵاوم بوو

بە شۆرباوێکی بێ تام ئێستا زۆر مەمنونم و ڕازی... مەلا مەعروفی کوکایی

لەم دێڕەدا، کە دەڵێت: تا (تۆم هەبوو) نیوەڕۆ و ئێوارە گۆشت و پڵاوی باشم هەبوو، بەڵام ئێستا بە شۆرباش رازیم، بۆ ئێستا بـە شـۆربا رازییـە، چـونکە ئێسـتا (تـۆ نـەماوی)، جـا مەبەستی شاعیر ئەوەیە، کە ئێستا تۆ نەماوی بۆیە بە شۆربا رازیمە، ئەوەش کەواتـە لـە دوو لایەنەکانی دژیەکییەکە (تۆم بوو) و (تۆم نەما)، دووەمیان لابراوە، بـەوەش دژیـەکی شـاراوە بەرهەم هاتووە.

دژیەکی وەهمی:

بریتییە لە بوونی دو وشە، کە لە رواڵەتدا دژ و پێچەوانەی یەکترینە، بەڵام لە راسـتیدا چ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا نییە، هێندە هەیە شێوەیان لە یەك دەچێت.. بۆ نموونە:

ـ دەمێکە ئینتیزاری هاتنی دەور و زەمانێکم

لە دوونانم فەرقکا چونکە من موحتاجی نانێکم... حەمدی

دوونان .. واتە نزم نەك دوو دانە نانی دژی یەك نان

نان: واتە یەك نان

لە رواڵەتدا دوونان دژیەکی نانێکە، بەڵام لە راستەقینەدا چ پەیوەندییەك لە نێوان ئەم دوو وشەیە نییە.

ـ ئەتۆ مەصنوعی چیت داوە لە صانیع؟

لە زانینی ئەوە نادانە دانا... حاجی قادری کۆیی

لە رواڵەتدا (نادان) دژیەکی نافەرهەنگی (دانا)یە، بەڵام لە راستیدا وانییـە، (نـادان) بـە واتای نەزان و (دانا) بە واتای حەکیم دێت.

چەند نموونەیەکی دژیەکی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا:

ـ لەم لاوە هەتا حاجی نەچێتە ئەولا

مومکین نییە تێبگا لەوە گەر بفڕێ... حاجی قادری کۆیی

(لەم لاوە) خۆی لە (ئەم لاوە)یە، (ئەم... ە) کە بە تەنها (م ... ە)ەکەی ماوە، ئاوەڵناوی نیشانەیە بۆ نزیك و (ئەو لا) کە خۆی (ئەو لایە)یە، (ئەو... ە) بە تەنها (ئەو)ی ماوە، ئاوەڵناوی نیشانەیە بۆ دوور، دژ و پێچەوانەی یەکن، فەرهەنگینە.

ـ ئەم دەستە کە چوو دەستەیەکی تازەیە دێ

مەعلوم نەبوو ئەم کەشمەکەشە کەی دەبڕێ... حاجی قادری کۆیی

(چوو) و (دێ) دوو فرمانن، یەکەمیان رابردوو و دووەمیان رانەبردووەو دژ و پێچەوانەی یەکترین.

ـ سەیرە هەرکەس ڕوو دەکاتە ئەم خەراباتەی وجود

کاسەکەی هەرچەندە پڕتربێ ئەوەندە بۆشترە... حەمدی

(پڕتر) و (بۆشتر) دوو ئاوەڵفرمانی دژو پێچەوانەی یەکن، تەواوکەری فرمانی ناتەواوی (بێ) و (ە)نە، لە فەرهەنگدا وشەی سەربەخۆن، بۆیە دژیەکی فەرهەنگی لە ئاوەڵفرمانی چۆنی بە ئاوەڵفرمانی چۆنینە.

ئەمانەو دەشێت لەمڕووەوە چەندین جۆری دیکەی دژیەك هەبن.

بەرامبەری:

یەکێکی دیکەیە لە هونەرە گرنگەکانی جوانکاری وشەیی، لەسەر بنەمای دژیەکی نێوان چەند وشەیەکی بەرامبەر بەیەك هاتوو دادەمەزرێت، بەڵام لە (دژیەك) بەهێزتر و جوانترەو دەسەڵاتێکی گەورەتری خاوەنەکەی پیشان دەدات.. لە عەرەبیدا (المقابلە)ی پێدەڵێن.. بریتییە لە بوونی بە لانی کەم چوار وشە، دوویان لە بەشی یەکەمی ئاخاوتن و دووەکانی تر لە بەشی دوای ئەوەوە بێن، بەو مەرجەی پەیوەندی نێوان هەر وشەیەکی بەشی یەکەم و وشە بەرامبەرەکەی لە بەشی دووەمدا پەیوەندییەکی دژیەکی بێت.. بۆ نموونە:

ـ با وجودی ئەم هەموو تەكلیفە گێژیان كردووم
كوڕ خەیاڵی ژن ئەكات و كچ دەڵێ من شوودەكەم... شێخ رەزا

لە نیوە دێڕی دووەمدا، سەرەتا وشەكانی (كوڕ) و (ژن) هاتوون، ئینجا لە كۆتایی ئەم نیوە دێڕەدا وەك بەرامبەری وشەكانی پێشوو، دوو وشەی (كچ) و (شوو) هاتوون. پەیوەندی نێوان (كچ) و (كوڕ) پەیوەندی دژیەكی و پەیوەندی نێوان (شوو) و(ژن)یش دیسانەوە پەیوەندی (دژیەك)ییە، بەوەش نموونەییەكی (بەرامبەری) لەو دێڕەدا بەرجەستەبووە.

ـ تۆ یوسفی نەو حوسنی لەسەر میسری جینانی
من پیرم و فانی
لەم كولبەیی ئەحزانە نە زیندووم و نە مردووم
هەروا بە تەماتم... نالی

لێرەش لە دێڕی یەكەمدا لە بەشی یەكەمی گوتەكە دوو وشەی (تۆ) و (یوسفی نەو حوسن) هاتوونە، لە پاشان بە دوای ئەوان دوو وشەی تر هاتوونە، كە بریتینە لە (من) و (پیری).. (من) لە بەرامبەر (تۆ) و (پیری) لە بەرامبەر (یوسفی نەو حوسن) وەستاون، كە پەیوەندی نێوان ئەم وشانە لەگەڵ یەكتری (دژیەكی)یە، بۆیە بەمەش (بەرامبەری)یەكی تر دروستبووە.

ـ تەیبە كە یەعنی ڕۆژ و شەوی تیبی عالەمە
ڕۆژی كە وشكە شەو تەڕە كافور و عەمبەرە... نالی

لێرەش لە نیوە دێڕی دووەمدا لە بەشی یەكەمی گوتەكە دوو وشەی (ڕۆژ) و (وشكە) هاتوونە، لە پاشان بە دوای ئەوان دوو وشەی تر هاتوونە، كە بریتینە لە (شەو) و (تەڕ).. (شەو) لە بەرامبەر (ڕۆژ) و (تەڕ) لە بەرامبەر (وشك) وەستاون، كە پەیوەندی نێوان ئەم وشانە لەگەڵ یەكتری (دژیەكی)یە، بۆیە بەمەش (بەرامبەری)یەكی تر دروستبووە.

ـ نەمان و مانی عالەم تابیعی وەختی موعەییەن بێ
بە من چی مردنی دوژمن لە مانی دۆستانم چی... حەمدی

لە نیوە دێڕی دووەمدا سەرەتا (مردنی دوژمن) بەسەریەکەوە هاتووە، بەڵام پاش ئەوە (مانی دۆستان) هاتووە، (مان) لە بەرامبەر (مردن) و (دۆست) لە بەرامبەر (دوژمن) بەمەش (بەرامبەری) دروستبووە.

بەرامبەری بە بەرچاوگرتنی ژمارەی وشە بەرامبەرەکان:

بە بەرچاوگرتنی ژمارەی ئەو وشانەی بەرامبەرییەکە دروست دەکەن بەرامبەری ئەم جۆرانەی خوارەوەی هەیە:

١ـ بەرامبەری دوویی: لێرەدا ژمارەی وشەکانی هەردوو گروپە بەرامبەرەکان دوونە، هەر وشەیەکەیان لە گروپی دووەم لە بەرامبەر وشەیەکی گروپی یەکەم هاتووە، جا بە ڕێکی بێت، یان بە ناڕێکی.. بۆ نموونە:

ـ بنوارە بوونی ئەووەلت و چوونی ئاخیرت
هاتی چ رووت و قووت و هەڵاتی چ لووس و پووس... نالی

چوونی ئاخر لە بەرامبەر بوونی ئەووەل هاتووە، بەرامبەری دووییە.

ـ نە ئەمرێکم بەجێ هێنا دڵی پێ خۆش بکەم جارێ
نە خۆم لادا لە نەهییێکت موفەڕڕەح بێ کە ئیمانم... حەمدی

لە سەرەتادا وشەکانی (ئەمر) و (بەجێهێنان) هاتوون، دواتر بە ناڕێکی بە دوایاندا وشەکانی (نەهی) و (خۆلادان) لە بەرامبەریان هاتوون، (نەهی) لە بەرامبەر (ئەمر) و (خۆلادان) لە بەرامبەر (بەجێهێنان)، بەوەش بەرامبەری دوویی ناڕێك بەرهەمهاتووە.

ـ بە هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام
بە زستان دڵشکستەی بەردی سەرمام... نالی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، بەڕیزە وشەکانی (هاوین) و (گەرما) هاتوون، لە نیوە دێڕی دووەمیش وەك (بەرامبەری) ئەم دوو وشانە، بەڕیزە وشەکانی (زستان) و (سەرما) هاتوون. پەیوەندی نیوان وشەکانی (هاوین) و (زستان)و هەروەها پەیوەندی نێوان وشەکانی (گەرما) و (سەرما)ش پەیوەندی (دژیەك)ییە، بەو شێوەیەش (بەرامبەرییەکی دوو بە دوو) بیمان بۆ دروستبووە.

٢ـ بەرامبەری سێیی: لێرەدا ژمارەی وشەکانی هەردوو گروپە بەرامبەرەکان سێ وشەن، هەریەکەیان لە گروپی دووەم لە بەرامبەر وشەیەکی گروپی یەکەم هاتووە، جا بە ڕێکی بێت، یان بە ناڕێکی.. بۆ نموونە:

ـ کە ڕۆژی وەصلی ئاوابوو بە چاو گریان نەکەم چی بکەم؟

شەوی هیجرانی وا داهات کە دڵ بریان نەکەم چی بکەم؟... صافی هیرانی

لە نیوە دێڕی یەکەم وشەکانی (ڕۆژ) و (وەصل) و (ئاوابوو) هاتووە، لە بەرامبەریان لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەکانی (شەو) و (هیجران) و (داهات) هاتوون، (شەو) لە بەرامبەر (ڕۆژ)، (هیجران) لە بەرامبەر (وەصل)، (داهات) لە بەرامبەر (ئاوابوو)، پەیوەندی هەر سێ جووتە وشەکە لە هەردوو نیوە دێڕەکان لە بەرامبەر یەك هاتوون، پەیوەندی دژیەکییە، بەوەش بەرامبەری سێیی بەرهەمهاتووە.

ـ لە جێگەی شادی و بەزم و پێکەنین

بەشی من هەر غەم، مەینەت و قارە... لوتفی

دەبینین، لە نیوە دێڕی یەکەم، لەو دێڕەدا، وشەکانی (شادی) و (بەزم) و (پێکەنین) هاتوون، بەرامبەریشیان لە نیوە دێڕی دووەمدا، وشەکانی (غەم) و (مەینەت) و (قار) هاتوون، بەوەش (بەرامبەری سێیی) یان دروست کردووە.

٣ـ بەرامبەری چواری: لێرەدا ژمارەی وشەکانی هەردوو گروپە بەرامبەرەکان چوارن، هەریەکەیان لە گروپی دووەم لە بەرامبەر وشەیەکی گروپی یەکەم هاتووە، جا بە ڕێکی بێت، یان بە ناڕێکی.. بۆ نموونە:

ـ لە زوڵماتی جەهلدا نین، کەچی مەجهولن و غائیب

لە عینوانی عیلمدا نین، کەچی مەعروف و مەعلومن... حەمدی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا سەرەتا (زوڵمات) و (جەهل) و (مەجهول) و (غائیب) بەسەریەکەوە هاتووە، بەڵام پاش ئەوانە لە نیوە دێڕی دووەمدا (عینوان) و (عیلم) و (مەعروف) و (مەعلوم) هاتوونە، (عینوان) لە بەرانبەر (زوڵمات) چونکە عینوان ئاشکراو زوڵمات شاراوەو لە تاریکیدایە، دژیەکن، (عیلم) لە بەرانبەر (جەهل) دژیەکن، (مەعروف) لە بەرامبەر (مەجهول) دژیەکن، (مەعلوم) لە بەرامبەر (غائیب) دژیەکن، بەمەش (بەرامبەری چواری) دروستبووە.

جیاوازی نێوان (دژیەك) و (بەرامبەری):

دەشێت گرنگترین جیاوازی نێوان (دژیەك) و (بەرامبەری) لەوەدا کورت بکرێتەوە، کەوا: (دژیەك) لەو دێڕ و رستانەدا بەرجەستە دەبێت، کە تیایاندا بە تەنیا دوو وشەی دژبەیەك دێن.. بەڵام (بەرامبەری) لە دێڕ و رستانەدا بەرجەستە دەبێت، کە بەلانی کەم تیایاندا وشە دژیەکەکان لە چوار وشە کەمتر نەبن، جا ئەگەر زیاتریش بن ئاساییە، بەڵام بەو مەرجەی لە بەشی یەکەمی گوتەکە دوو وشە، یان سێ وشە و زیاتربێت، لە بەرامبەریشیاندا لە بەشی دووەمی گوتەکە بە قەد ژمارەی ئەوانەی پێشوو وشەی تر هاتبن، نەك بەو شێوەی کە هەر جارەی وشەیەك هاتبێ و یەکسەر دژیەکەکەی بەدوایدا هاتبێ، چونکە بەو شێوەیە ئەگەر دێڕێك زیاتریش لە چوار وشەی دژیەکی تیاهاتبێت هەر (دژیەك)ەو (بەرامبەری)ی دروست نەکردووە.. بۆ وێنە:

ـ هەرچی کە هەیە، لە زۆر هەتا کەم
گشتی ڕائەکا، لە بوون بۆ عەدەم... لوتفی

ئەوەتا لەم دێڕەدا، لە نیوەی یەکەمی وشەکانی (زۆر) و (کەم) بەدوای یەکدا هاتوون و (دژیەك)یان دروست کردووە، لە نیوەی دووەمیشیدا وشەکانی (بوون) و (عەدەم) هاتوون و (دژیەك)یان دروست کردووە، ئەم جۆرە دێڕانەش بە نموونەی (دژیەك) دەناسرێن، چونکە وەك گوتمان دوو وشە دوو وشە نەهاتوون، بەڵکو هەرجارەی وشەیەك هاتووە، یەکسەر دژەکەشی بە دوایدا هاتووە. بەوەش (بەرامبەری) دروست نەبووە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەم دێڕەی خوارەوە بکەین:

ـ لە جێگەی شادی و بەزم و پێکەنین
بەشی من هەر غەم، مەینەت و قارە... لوتفی

دەبینین، لە نیوە دێڕی یەکەم، لەو دێڕەدا، وشەکانی (شادی) و (بەزم) و (پێکەنین) هاتوون، بەرامبەریشیان لە نیوە دێڕی دووەمدا، وشەکانی (غەم) و (مەینەت) و (قار) هاتوون، بەوەش (بەرامبەری) یان دروست کردووە.

موشاكەلە:

ئەم هونەرە بریتییە لە باسكردنی شت بە وشەی غـەیری خـۆی، لەبـەر ئـەوەی كەوتۆتـە هاوەڵێتی ئەو، جا بە دروست (تحقیق) بێ، یان بە خەملاندن (تقدیر).. بـۆ نموونـە: (پاداشـتی خراپە خراپەیێكی وەكو خۆیەتی).. لێرەدا مەبەست لە خراپەی دووەم پاداشتی دادگرانەیە بـۆ خراپەكەی یەكەم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هاوەڵێتی ئەودا هاتووە، بە هەمان وشە پاداشتەكە بە خراپەكە ناوزەد كراوەتەوە، ئەوەش دروستەكەیە، هەرچی خەملاندنەكەیە، لە قورئانی پیرۆزدا (سیبغەتوڵڵا) لە بڕی (ئیمان بە ئەڵڵا) هاتووە، ئەوەش خەملاندنەكەیە، كە بـە واتـای ئـەوە هاتووە، ئیمان وەكو (سیبغەتوڵڵا)یەو دڵان خاوێن و جوان دەكاتەوە.. بۆ نموونە:

قەرزدارێك بۆ كڕینی ئۆتۆمبێلەكەی هەندێ پارەی لە یەكێك لە هاوڕێكانی قـەرزكردبوو، ساڵێكی زیاتر پێچوو، نەیبوو قەرزەكە بداتەوە، خاوەن قەرزیش شەرمی دەكـرد داوای پـارەی خۆی بكاتەوە، ڕۆژێكیان ژن و پیاوەی قەرزار دەچنە ماڵی كابرای خاوەن قەرز، ژنەكە دەڵێت: ساڵێك و سێ مانگە ئۆتۆمبێلمان كڕیوە.

كابرای خاوەن قەرز بە هەڵی دەزانێ، بۆ ئەوەی قەرزەكەیان بەبیربێنێتـەوەو دەڵێـت: چـۆن چۆن؟! نا ئەوەندە نابێت، ئۆتۆمبێلتان كڕیوە!

ژنە بێ ئاگا لەوەی كە چۆن تێكەوتووە، دووبارەی دەكاتەوەو دەڵێت: بە خوا ساڵی پـار لـە ئەوەندەی ئەوەندە كڕیومانە؟

كابرای خاوەن قەرز دەڵێت: وەڵڵا ئەگەر وا بێ! گەلەك لە مێژە سەیارەتان كڕییە!!

یانیش دەڵێن: لە هەژارێكیان پرسی: شیعری (نالی)ت پێ خۆشترە، یان شیعری (بێكەس)؟

هەژارەكە وەڵام دەداتەوە: وەڵڵاهی لەفەیەكم پێ خۆشترە.

ـ ئاغایەك بە شوانەكەی خۆی گوت: هەر چاكە چاكە!

شوانەكەش لەبەر ئەوەی زۆری حـەز لـە (چـایە) بـوو، رسـتەكەی بـە شـێوەیەكی دیكـە دووبارەكردەوە، گوتی: ئەرە وەڵڵا گەورەم.. هەر چا كە چاكە!

ـ لە جوتیارێكیان پرسی
چاوەڕوێی چی؟
پێتان بدەین تۆوی نایاب
یان پەینی كیمیاوی زۆر چاك

گوتی: سوپاس
چاوەڕوانین خوا بارانمان بۆ ببارێنیێ.
واتە: چاوەڕوانی هیچ نینە لە ئێوە.

لە شیعری کلاسیکیشدا نموونەی موشاکەلە زۆر بەرچاو دەکەون، لەوانە:
ـ سەد قوببەیی خەورنەق و سەددی سکەندەری
ناگاتە بەیتە کاولی (نالی) و مەتانەتی... حاجی قادری کۆیی
(قوببەیی خەورنەق و سەددی سکەندەری) ئەمانە شتی ماددینە و چوێنراون بە (بەیتە شیعری نالی)، لەبەرئەوەی لە هاوەڵێتی یەك هاتوون، شاعیر هەلی وەرگرتووەو گوتوویەتی بەیتە کاولی نالی، کە لە ڕاستیدا کاول سیفەتی بەیتی دروستە کە (ماڵ)ە، نەك (بەیتی شیعر)، مەتانەت و هێز و قایمیش هەر هی بەیتە لە بەرد و ئاسن دروستکراوەکانە نەك هی بەیتە شیعر، بەڵام چونکە پێکەوە هاتوون شاعیر هەلی وەرگرتووەو موشاکەلەی لێ دروست کردووە.

ـ وەك موحەمەد حەنیفە بەیتی مەتین
نییە ئیللا حەساری قوستەنتین... حاجی قادری کۆیی
ئەمەش بە هەمان شێوەی پێشووە، بەڵام ئەمجارە بە هەڵگەڕێنراوەیی، چونکە بەیتی محەمەد حەنیفە چیرۆکە شیعرە و واتاییە، کەچی حەساری قوستەنتینییە لە ماددەی بەهێز و سەخت دروستکراوە، ئەمە لەبەر هاتنی وشەی بەیتەکە، کە شاعیر هەلی پێ وەردەگرێ، دێت موشاکەلەکەی پێ دروست دەکات و دوو شتی ماددی و مەعنەوی پێکەوە دەبەستێتەوە، کە لە ڕاستیدا پێکەوە نابەسترێنەوەو ناشێ پێکەوە بەراورد بکرێن، ئەمەش جوانییەکی دڵگیر پێشکەش دەکات.

ـ خۆ لابدەن لە باری گرانی حقوقی خەڵك
بنوارە هەڵگری کە لە فیلەی حەماڵ ئەچێ... حەمدی
باری گرانی حقوق جیایە لە باری گرانی شتانی تر، چونکە شتانی تر کە باردەکرێن لەسەر مل، یان لەسەر هەر شتێکی تر شتی ماددیینە، بەڵام (حقوق) شتێکی مەعنەوییە، شاعیر

لەبەرئەوەی ئەم دووشتانە پێکەوە هاتوون، موشاکەلەی دروست کردووە و بە گاڵتەو بۆ خۆشی ئەوەی حەقی خەڵکی لە ملە، ئەو کەسەی بە فیلەی حەمال چوواندووە، کە چ لێکچوواندنێك لە نێوان هەردووکیاندا نییە.

ـ کاشکێ ئەوسا ئەسیری دەستی ئینگلیزی دەبووم
نەك بکەومە داوی زلف و پەرچەمی پڕ پێچی یار... حەمدی

موشاکەلەشە، چونکە ئەم دوو ئەسیرییە چ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە، کە لە نیوە دێڕی یەکەم باسی ئەوە دەکات: خۆزگا ئەسیری ئینگلیز دەبووم، عەقڵ بۆ ئەوە دەڕوات، کە ئێستا دەڵێت: بەڵام ئێستا بوومەتە ئەسیری ئەم وڵاتە لە ئینگلیز خراپترە، کەچی کە دێڕەکەی تەواو دەکات و دەڵێت: نەك بکەوتمایەتە دیلی زولفی ئەو یارە!! ئەمە خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە بەهەڵەچووە، شاعیر موشاکەلەی لە نێوان دوو شت کردووە، کە ئەوانیش سوپای داگیرکەری ئینگلیز و کاریگەری پەرچەمی یارن، ئەم دووشتەش لە دوو کەناڵێ لێکتر جیاوازن و یەك شت نینە و دووەم جێگەی یەکەم ناگرێتەوە، بەوەش موشاکەلە بەرهەم هاتووە.

پێچە و پەخشە:

لە عەرەبیدا (اللف والنشر)ی پێدەگوترێت.. ئەوەیە چەند وشەیەك بە دوای یەك بێنی و پاشان بە قەد ئەوانەوە وشەی تر بێنی، کە پەیوەندییان بە وانەی پێشەوە هەبێ، بێ ئەوەی دیاری بکەی کام وشە بۆ کام وشە دەگەڕێتەوە، چونکە خوێنەر دەتوانێ هەر وشەیەك بۆ ئەوە بباتەوە، کە پەیوەندی پێوە هەیە.. دیارە لێرە مەرج ئەوەیە ژمارەی وشەکانی بەشی یەکەمی گوتەکە و ژمارەی وشەکانی بەشی دووەمی گوتەکە بە قەد یەك بن و پەیوەندی نێوانیشیان دەشێت بەیەکەوە گونجان و بۆیەك شیان و پەیوەستی و دژیەکی یان هەر پەیوەندییەکی تر بێت، بەڵام پەیوەندی نێوان هەموویان دژیەکی نەبێت، چونکە لەو بارەدا دەبێتە (بەرامبەری).. بۆ نموونە:

ـ عەجەب نالی بە قووەت و حیکمەت ئەدای دەکا
مەعنای زۆر و گەورە، بەوشەی کەم و بچووك.. نالی

لە بەشی یەکەمی نیوە دێڕی دووەمی ئەو دێڕە، سێ وشەی (مەعنا) و (زۆر) و (گەورە) بە

دوای یەکدا هاتوون، لەبەشی دووەمیشدا، دوا بە دوای ئەو سێ وشانەو وەك بەرامبەری ئەوان، سێ وشەی (وشە) و (کەم) و (بچووك) هاتوون، بۆ ئەوان دەگەڕێنەوە.. پەیوەندی نێوان (مەعنا) و (وشە) پەیوەندییەکی بە دوای یەکدا هاتووە، چونکە کە (وشە) هەبێ، دەبێت (مەعنا)ش هەبێت، کە (مەعنا)ش ببێ، دەبێت (وشە)ش ببێ.. هەرچی پەیوەندی نێوان وشەکانی (کەم) و (زۆر) و وشەکانی (گەورە) و (بچووك) یشە پەیوەندییەکی دژیەکییە، بەمەش (پێچە و پەخشە)مان بۆ دروستبووە.

جۆرەکانی (پێچە و پەخشە)

یەکەم: بەگوێرەی ژمارەی ئەو وشانەی (پێچە و پەخشە) کە دروست دەکەن، ئەم جۆرانەی (پێچە و پەخشە) هەن:

١ـ (پێچە و پەخشە)ی دوویی:

ـ چڵ و جۆکەر مەدە دەورم، خودا حافیز نەصیحەت گەر
لە شەکوەی عیشق و لۆمەی عەقڵ، ئەمن هەم لاڵم و هەم کەڕ... مەحوی

لە بەشی دووەمی نیوە دێڕی دووەمدا، (لاڵ) و (کەڕ) لە بەرامبەر دوو وشەکانی بەشی یەکەمی ئەو نیوە دێڕە (شەکوە) و (لۆمە) هاتوون.. پەیوەندی نێوان (لاڵ) و (شەکوە)و پەیوەندی نێوان (کەڕ) و (لۆمە) پەیوەندییەکی بەدوای یەکدا دروستبووە، بەمەش (پێچە و پەخشە)یەکی دوو بە دوویيمان بۆ دروستبووە.

٢ـ (پێچە و پەخشە)ی سێیی:

ـ جگەر کون کە، خوێنی گریە بەردە، سینە هەڵبدڕە
نیگاهێ کە، ببینە کاری تیر و نەشتەر و خەنجەر... مەحوی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر سێ شتی بە دوای یەکدا پێچاوەتەوە، کونکردنی جگەر و، بەردانی خوێنی گریە و، هەڵدڕینی سینە، دوابەدوای ئەمانەش لە نیوە دێڕی دووەمدا باسی لە کاری (تیر) و (نەشتەر) و (خەنجەر) کردووە، دیارە (تیر)ەکە بۆ کونکردنی جگەر ، (نەشتەر)ەکە بۆ شەقکردنی چاو و بەردانی خوێنی تیا قەتیس ماوی گریە ، (خەنجەر)ەکە بۆ هەڵدڕینی سینە بەکاردەهێنرێن، بەمەش (پێچە و پەخشە)یەکی (سێ بە سێ) بیمان بۆ دروست دەبێت، چونکە پەیوەندی نێوان هەموو جووت وشەکان بە دوای یەکەوە، پەیوەندییەکی بە یەك گونجاوییە.

٣ـ (پێچە و پەخشە)ی چواری:

ـ خۆمن هەمیشە بولبولی حەزم، فەرهاد و مەم و نالی و مەولەوی ئاسا، بە دوای
نازدار حەیرانەکەی شیرین و زین و حەبیبە و خاتوو عەنبەرەوە دەگەڕا...

لە بەشی یەکەمی ئەو پارچە پەخشانەدا، (فەرهاد) و (مەم) و (نالی) و (مەولەوی) هاتوون و وەیەك پێچراون، لە بەشەکەی دواتریشدا هەریەکە و لەو چوار ناوە بۆ خۆشەویستەکانی خۆیان بەڕیز (شیرین) و (زین) و (حەبیبە) و (خاتوو عەنبەر) گەڕێنراونەتەوە.. ئەمەش پێچەوپەخشەیەکی چوار بەچواری بۆ دروست کردووین، کە پەیوەندی نێوان دوو وشەکانی بە یەکەوە، بە پەیوەندییەکی سۆزی (عاتیفی) بەیەکەوە بەستراوە.

بەداخەوە بۆ ئەمە شیعرێکم نەدۆزییەوە، بۆیە ئەو پارچە پەخشانەم هێنا.

٤ـ (پێچە و پەخشە)ی پێنجی:

ـ سیاپۆشن لە داخی خەتت و خاڵ و لێوو ڕوو و زوڵفت
وەنەوشەو میسکی چین و ئاوی خزر و لالەو و عەنبەر... مەحوی

لە نیوە دێڕی یەکەمی ئەم دێڕە، شاعیر پێنج وشەی (خەت) و (خاڵ) و (لێو) و (ڕوو) و (زوڵف)ی بە یەك پێچاوەتەوە، پاشانیش لە نیوە دێڕی دووەمدا لە بەرامبەری ئەو وشانە، پێنج وشەی تری (وەنەوشە) و (میسك) و (ئاوی خزر) و (لالە) و (عەنبەر)ی بەڕیز هێناوە، پەیوەندی نێوان هەر یەکە لە (وەنەوشە) و (خەت) ـ (میسك) و (خاڵ) ـ (ئاوی خزر) و (لێو) ـ (لالە) و (ڕوو) ـ (عەنبەر) و (زوڵف) پەیوەندییەکی کێ بڕکێییە، کاتێ هەر یەکە لە وشەکانی نیوە دێڕی دووەم، دەزانن لە جوانیدا ناگەنە وشەکانی بەرامبەریان لە نیوە دێڕی یەکەم، بەمە لەداخان ڕەشپۆش و غەمناك دەبن.

دووەم: بەگوێرەی ئەو وشانەی لە بەشی دووەمدا لە بەرامبەر وشەکانی بەشی یەکەم هاتوون، دوو جۆری (پێچە و پەخشە) هەیە:

١ـ (پێچە و پەخشە)ی ڕێك: ئەو (پێچە و پەخشە)یەیە، کە وشەکانی ڕیزی دووەمی بەڕێکی لە بەرامبەر وشەکانی بەشی یەکەمی دێن.. بۆ نموونە:

ـ ئەی بوون و نەبوونی نەفەست، مان و نەمانم
بێ نەقدی هەوا، مردن و سەوداتە ژیانم... چروستانی

له بەشی یەکەمی نیوە دێڕی یەکەمدا، وشەکانی (بوون) و (نەبوون) بە ریز هاتوون و بە یەك پێچراونەتەوە، دوا بە دوای ئەوانیش لە بەشی دووەمدا بەڕێز و لە بەرامبەر وشەکانی بەشی یەکەمی وشەکانی (مان) و (نەمان) هاتوون.. (مان) لە بەرامبەر (بوون) و (نەمان) لە بەرامبەر (نەبوون)، ئەوەش (پێچە و پەخشە)ی ڕێکە.

ـ منیش وەك ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم بچووك

هەتا ناشتوانم بفڕم بخوێنم بە باڵ بە دەنووك... گۆران

لەم دێڕەدا لە بەشی یەکەمی نیوە دێڕی دووەمدا، رستەکانی (بفڕم) و (بخوێنم) بە پێکەوەپێچراوی هێنراون، دواتر لە بەشی دووەمی هەمان نیوە دێڕدا بە ڕێکی دوو وشە بۆ ئەم دوو رستەیەی یەکەم پەخشکراونەتەوە، ئەوانیش (بە باڵ) بۆ (بفڕم)، (بە دەنوك) بۆ (بخوێنم)، بەوەش (پێچەوچەخشی ڕێکی دوویی) دروستبووە.

ـ ئێستێ گیرۆدەی بە دەستی دوژمنم

دێوی شەڕ دیارەو لە بۆیە من ونم... حەسەنی دانیشفەر

لەم دێڕەدا لە سەرەتادا دەبینین دوو وشەکانی (دێوی شەر) و (دیار) هاتوونە، لە دوای ئەوانیش دوو وشەکانی (من) و (ون) هاتوون، (من) لە بەرامبەر (دێوی شەڕ) کە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندی کێبڕکێییە، (ون)یش لە بەرامبەر (دیار) کە پەیوەندی نێوانیان (دژیەکی)یە، بەوەش پێچەوچەخشی ڕێك دروستبووە.

٢ـ (پێچە و پەخشە)ی نارێك: ئەو (پێچە و پەخشە)یە، کە وشەکانی ریزی دووەمی بە نارێکی لە بەرامبەر وشەکانی ریزی یەکەمیدا هاتبن.. بۆ نموونە:

ـ گوتم: ئەی ماه: دڵی من، بە دڵی خۆت بکڕە

گوتی: بەردی بە قیمەت بە کەبابی نادەم... نالی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، شاعیر (دڵی من) و (دڵی خۆت)ی هێناوە، لە نیوە دێڕی دووەمیشدا دوا بە دوایان وشەکانی (بەردی بەقیمەت) و (کەباب)ی هێناوە.. (بەردی بەقیمەت) لە بەرامبەر (دڵی خۆت) و، (کەباب) لەبەرامبەر (دڵی من)، بەمەش پێچەوپەخشەیەکی نارێك دروستبووە.

٣ ـ پێچە و پەخشی تێکەڵ ـ نادیار ـ

بریتییە لەو پێچە و پەخشەی، کە کاتێك لە بەشی یەکەمی گوتە دوو شت، یان سێ شت، یان زیاتر دێن و لێکدەپێچرێن، لە بەشی دووەمی گوتەکە، لە بەرامبەر ئەوان بە قەد ژمارەی ئەوان شتی تر دێنەوە، بەڵام دیار نییە، کە کامە شتی بەشی دووەمی گوتە بە روونی بۆ کامە شتی بەشی یەکەم دەگەڕێتەوە، چونکە دەشێت هەریەکە لە وشەکانی بەشی دووەم بۆ هەردوو، یان هەرسێ وشەکانی بەشی یەکەم بگەڕێنەوەو لەگەڵیان هاوپەیوەندی بن.. بۆ نموونە:

ـ وەسمان حەبەش و حەمەشین و ئەحمەدی حاجی

دەم دەم دەوەڕن، وەك سەگ و تولە و تانجی... شێخ رەزای تالەبانی

لەم دێڕەدا لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەکانی (وەسمان حەبەش) و (حەمەشین) و (ئەحمەدی حاجی) بەدوای یەکدا هێنراون و لێکپێچراون، ئەمە (پێچ)ەکەیە، دواتر لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەکانی (سەگ) و (تولە) و (تانجی) بۆ ئەم سێ وشانەی سەروو پەخشکراونەتەوە، ئەوەش (پەخش)ەکەیە، بەڵام نادیارییەکی پێوەدیارە، ئاسان نییە بزانرێ، کامەیان لەو سێ وشانەی بەشی دووەم، بۆ کامە لە سێ وشەکانی پێشوو دەگەڕێنەوە، بەوەش (پێچەوپەخشی تێکەڵ ـ نادیار ـ) بەرهەم هاتووە.

جیاوازی نێوان (بەرامبەری) و (پێچە و پەخشە):

لە (بەرمبەری)دا، هەمیشە وشە بەرامبەرەکان، ئەگەر چوار بن و ئەگەر شەش و ئەگەر هەر چەندێکیش بن، پەیوەندی نێوانیان، پەیوەندی دژیەکییە، بەڵام لە (پێچەوپەخشە)دا پەیوەندی نێوان دوو بەرامبەرەکان دەشێت پەیوەندی بە دوای یەکدا هاتن، یان بەیەکەوە گونجان، یان لە هەندێ جاردا دژیەکی و هەر پەیوەندییەکی تریش بێت.

پێچە و پەخشی پڕ:

ئەو پێچەوپەخشەیە، کە بە دوو هەنگاو تەواو نابێ، هەنگاوی یەکەم پێچ و هەنگاوی دووەم پەخشەکەی بێت، بەڵکو دوای ئەوە لە هەنگاوی سێیەمیشدا ئەم پێچەوپەخشەی یەکەمە هەردووکیان پێکەوە دەپێچرێن و پەخشێکی دیکەیان بەدوادا دێت، واتە

پێچەوپەخشی یەکەم دەبنە پێچ و دواتر پەخشێکی دیکەیان بە دوادا دێت، بەمەش پێچەوپەخشەکە لە ئاسایی دەردەچێت و پڕ دەبێت.. بۆ نموونە:

عەشقان فەرهاد و مەجنون دلبەران شیرین و لەیل

نسبەتەن دیارە کە ئێمەش وەك ئەوانین و لەوین... حەمدی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا سەرەتا وشەکانی (عاشقان) و (فەرهاد) و (شیرین) پێکەوەپێچراون، لە دوایاندا وشەکانی (دلبەران) و (شیرین) و (لەیل)یش بۆیان پەخشکراونەتەوە، ئەم پەخشەش ڕێکەو بە ریزە وشە پەخشکراوەکان لە بەرانبەر وشە پێچراوەکان هاتوون، بەڵام دوای ئەوە، وشە پێچراو و پەخشراوەکانی پێشوو بوونەتەوە پێچراو بۆ پەخشێکی دیکە، ئەوەتا لە بەرانبەریاندا، کە بوونەتەوە پێچراو، وشەکانی (ئێمەش) و (ئەوانین) و (لەوانین)دا پەخشکراونەتەوە، (ئێمەش) واتە: (من و تۆی دولبەر) وەکو (عاشق و دولبەر)ەکە وەهاین، (من وەکو فەرهاد و مەجنون)، (تۆ وەکو شیرین و لەیل)، بەوەش پێچە و پەخشی پڕ دروستبووە.

جوانی بایس:

لە عەرەبیدا (حسن التعليل)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لەوەی ئەدیب بە ئاشکرا، یان بە پۆشراوی هۆی زانراوی شتێك پشت گوێ بخات و بێت هۆیەکی ئەدەبی جوان بۆ شتەکە بێنێتەوە، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەوەی مەبەستیەتی.. واتە ئەو هۆیەی شاعیر بۆ دۆخەکانی دێنێتەوە زادەی خەیاڵی شاعیرانەی خۆیەتی، نەك هەڵقوڵاوی واقیع و راستەقینە.

بە واتایەکی تر: جوانی بایس لێکدانەوەی تایبەت و شاعیریانەی شاعیرە بۆ ئەو بار و دیاردانەی لە سروشت، یان لە دەوروبەری خۆی روودەدەن، بەڵام بێ ئەوەی باس لە هۆیە زانستی و دروستەکەیان بکات، کە لەبەرچی وەهان، چونکە هێنانەوەی هۆی دروست ئیشی زاناکانە، نەك ئیشی شاعیر.. بۆ نموونە:

ـ ئەی مەهی دوو هەفتە تا شەمس و قەمەر تۆیان نەدی

دانەگیرسان ئەو میسالی ئاگر ئەمیان گڕ نەبوو... حاجی قادری کۆیی

شاعیر لێرەدا روو لە مەهی دوو هەفتە، دەکات (کە مەبەست لە مەهی دوو هەفتە یارە جوان و دڵگیرەکەی خۆیەتی) و دەڵێت هەتا خۆر و مانگ رووی جوانی تۆیان نەدی، ئەوان ئاوا دانەگیرسان و تیشکی زێڕین و جوانی خۆیان پەخش نەکرد، واتە بەلای شاعیرەوە هۆی

داگیرسانی خۆر و گرگرتنی مانگ بۆ دەرکەوتنی یارەکەی و کەوتنە بەرچاوی خۆر و مانگ دەگەڕێتەوە، چونکە کە خۆر و مانگ رووی یارەکەی شاعیریان وەها بە درەوشاوەیی و جوانییەوە بینی، ئیرەییان پێ هات و هەوڵیاندا ئەوانیش وەکو ئەم رووی جوانی خۆیان وەدەربخەن. ئەمەش دیارە لێکدانەوەی شاعیرە بۆ بە جوانی دەرکەوتنی خۆر و مانگ، چونکە هۆی دروستی دەرکەوتنی خۆر و مانگ بەو شەوق و جوانی و بەخشینی گەرمییە، ئەوە نییە کە لێرەدا شاعیر دەیڵێ، ئەوانە ئیرەیی بە کەس نابەن و ئیرەیی بردن ئیشی مرۆڤە، نەك هی مانگ و خۆر، بەڵام هۆی دروستی بەو شێوە دەرکەوتنی مانگ و خۆرە، ئەو هۆیەیە کە خودای گەورە کاتێك مەخلوقاتەکانی خۆی خەلقکردووە، ئەو ئەرکەی بە مانگ و خۆر بەخشیوە، ئەوانیش ئەدای ئەرکی خۆیان دەکەن. شاعیر لەم حەقیقەتەی لاداوە، چونکە ئەمە هۆی راستەقینەیە لە لایەن زانایانی ئاین و فەلەکناسییەوە ئەم هۆیە دەخرێتە روو، بەڵام شاعیر ئیشی ئەوە نییە، ئیشی دروستکردنی وێنەی جوان و کاریگەرە، بۆیە وەکو شاعیرێك بە خەیاڵی شاعیرانەی خۆی بەڵگەو هۆکار بۆ دۆخ و دیاردەکان دادەنێ، نەك وەکو زانایان، ئەمەش لێکدانەوەییێکی جوان و دڵگیرە بۆ بابەتەکان و بە (جوانی بایس) دادەنرێت.

ـ لە ئیجلالی گوڵا شەیدایە بولبول دۆستی ئیقباڵە
وەك ئەهلی ئێستە ئەلبەتتە بەشی هیجرانە تا مردن... حەمدی

شەیدابوونی بولبول لە لای شاعیر لەبەر جوانی گوڵە، بەڵام نە بولبول شەیدایەو نە جوانی گوڵێش ئەو کاریگەرییەی لەسەر بولبول هەیە، وەکو کەسێك لەسەر کەسێکی دیکە دەشێ ببێ، چونکە شەیدابوون سیفەتی مرۆڤە دراوەتە بولبول، ئەوەش لێکدانەوەییێکی جوان و دڵگیرە بۆ بابەتەکە و بە (جوانی بایس) دادەنرێت.

ـ عاشقی ڕەنگی خەزانی تۆیە بۆیە دێ بەهار
فەسڵی هاوین گەرمی مەیلی بەفرەکەی زستانتە... حەمدی

شاعیر روو لە یارەکەی دەکات و پێی دەڵێت: بەهار لە بەر خەزانی کوردستان نایێ، هەر لەبەرئەوە دێ، چونکە عاشقی تۆیە! ئەمەش لێکدانەوەییێکی جوان و دڵگیرە بۆ بابەتەکە و (جوانی بایس)ە، دەنا لە راستەقینەدا شتی وەها دروست نییە.

ـ هەنگامی وەصڵە شەستپەڕ و مینا بە یەك ئەگەن
پەردەی زەفافە قەوس و قەزەح ڕاكشایەوە... حەمدی

شاعیر لێرەدا دەڵێ: لەبەر وەصڵ و بەیەكگەیشتنی شەستپەڕ و مینا پەلكەزێڕینە وەكو پەردەی زەفاف باڵیكێشاوە، ئەمەش لێكدانەوەییێكی جوان و دڵگیرە بۆ بابەتەكە و (جوانی بایس)ە، دەنا دروستبوونی پەڵكەزێڕینە بە هۆی فەلەكی دروست دەبێت، لە دوای بارانی بەهاران كە تیشكی خۆر دەردەكەوێ، ئەو تیشكە ناتوانێ وەكو هەمیشە ئاسایی بێت، بۆیە ڕەنگ لە سروشت وەردەگرێت و دروست دەبێ.

ـ خوێنی ئەمەندە گەرمە گوڵی ئاتەشی سەحەر
لـــــــــــــــــــوئلوئی شەونمی لە مەراقا توایەوە... حەمدی

شاعیر لەم دێڕەیدا دەڵێت: گوڵی بەرەبەیان هێندە خوێنگەرمە، بە هۆی ئەو گەرمییەوە شەونم مەراق دەكات و دەتوێتەوە! ئەمەش لێكدانەوەی جوان و دڵگیری شاعیرانەیە، دەنا توانەوەی شەونم پەیوەندی بە خوێنگەرمی چ گوڵێكەوە نییە، هۆیەكە دەركەوتنی خۆر و بڵاوبوونەوەی تیشكە بەهێزەكانیەتی، بەوە شەونم دەمی بەسەر دەچێت، بەرگەی خۆرەكە ناگرێت و لە گوڵەكە جیادەبێتەوە، جا دەبێتە هەڵم، یا دەكەوێتە خوارەوە، بۆیە هۆكەی شاعیر بۆ توانەوەی شەونمی داناوە، (جوانی بایس)ە.

ـ لە بەرقی ڕەنگی شەڕواڵی حەیا دامێنی هەڵماڵی
لە تەقەی دەنگی خڵخاڵی لە گەردوون زوهرە داماوە... حاجی قادری كۆیی

لە نیوە دێڕی دووەمدا شاعیر دەڵێت: ئەستێرەی زوهرە لە ئاسمانەوە بۆیە داماوە، چونكە گوێبیسی دەنگی خۆشی خڕخاڵەكانی یار بووە لەسەر زەوی، ئەدی ئەگەر دەنگی خڕخاڵەكان وەها خۆش و وروژێنەر و كاریگەربن و لەو دوورەوە زوهرە داماو بكەن، دەبێ حاڵی منی نزیك بە گوێبیستبوونی ئەم دەنگە خۆشە چی لێبێت و چیم بەسەر بێ؟ بەڵام ئەمە لە ڕاستیدا لێكدانەوەی شاعیرانەیە، چونكە لەلایێك زوهرە داماو نییە، چونكە داماوی بۆ مرۆڤە نەك بۆ ئەستێرە و ئاسمان و خۆر و مانگ، لەولاشەوە ئەگەر هات و زوهرە داماویش بێ، لەبەر دەنگێ خڵخاڵی یارەكەی شاعیر نییە، چونكە زوهرە ئەستێرەیە و لەم دەنگ و ئاوازانە ناگات و پێیان

ورووژاوو کارتێکراو نابێ. ئەمەش لێکدانەوەییێکی جوان و دڵگیرە بۆ بابەتەکەو بە (جوانی بایس) دادەنرێت.

ـ داغداری ڕوخییە لالەیی حەمرا لە چەمەن

نەرگسە چاو لەبەری غەمزەیی غەممازی ئەوە... حاجی قادری کۆیی

شاعیر لەم دێڕەدا لە نیوە دێڕی یەکەمیدا دەڵێ: دەڵێ لالەی حەمرا بۆیە وەهایە، چونکە داغداری روومەتی جوانی ئەوەو ناتوانێ وەکو ئەو وەها جوان و سوور بێ، بۆیە وەها بە داغەوە ماوەتەوە، بەڵام لە راستیدا ئەمە لێکدانەوەی شاعیرانەیە، دەنا نە لالەی سوور ئاگای لە رومەتی یارەو نە دەشتوانێ ئیرەیی بە یەکێك ببات و بە هۆیەوەی داغدار بێ، ئەوانە خەیاڵێ شاعیرانە دروستیان کردووەو لێکدانەوەی جوان و دڵگیرن بۆ بابەتەکان و بە (جوانی بایس) دادەنرێت.

لە نیوە دێڕی دووەمیشیدا شاعیر دەڵێ: نەرگس بۆیە وەها سەری شۆڕکردۆتەوە، ئەوە چونکە چاولەبەری هاتنی یارەو غەمزەیی غەممازی دەکات، ئەوەش دیسانەوە هۆی وەها وەستان و دەرکەوتنی گوڵە نێرگس ئەوە نییە، کە شاعیر بۆی دادەنێت، چونکە ئەوەی شاعیر گووتوویەتی ئەوە لە پسپۆڕی مرۆڤەو گوڵ وەکو مرۆڤێك مامەڵە ناکات، تا وەها بکات، بۆیەشە ئەمە (جوانی بایس)ەو بۆ جەمالییەتی دەربڕینی ئەدەبی پەنای بۆ براوە.

ـ گەر بە ئومێدی ویصاڵی شامی زلفی تۆ نەبێ

سەر لە کەل دەرنایەنێ هەر نایەوێ ئەو مانە ڕۆژ... حەمدی

شاعیر روو لە یار دەکات و دەڵێت: لەبر خاتری تۆیە رۆژ حەزی لە ژیانە و درێژە بە تەمنی خۆی دەدات، دەنا ئەگەر لەبەر تۆ نەبێ، ئەو تاقەتی ژیانی نەماوەو جارێکی دیکە سەردەرنابێنێ! بەڵام ئەمە لێکدانەوەی شاعیرانەیە، دەنا هاتن و ونبوونی رۆژ لەبەر بێتاقەتبوون و ژیانی کەس نییە، بەڵکو ئەمە سووڕی ژیانی رۆژ خۆی وەهایەو خودای گەورە کە زەوی و مەخلوقات و ئەستێرە و مانگەکانی دروست کردووە، هەریەکەو ئەرکێکی پێسپاردوون بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێ، خۆریش ئەوەی پێسپێردراوە، کە بە تیشکە زێڕینەکانی خزمەتی خەڵك و خاك و هەموو کونجێکی گەردوون بکات، ئیتر بەردەوام لە سووڕانەوەیەو بەوە چەند کاتژمێرێك لە هەر شوێنێکە و دوای ئەوە بۆ چەند کاتژمێرێك ئاوا دەبێ و دەگاتە شوێنانێکی تر و پاش چەند کاتژمێرێك دیسانەوە دێتەوە شوێنی پێشووی و

بەم شێوەیە تا ژیان لەسەر پشتی ئەم زەمینە بمێنێ، رۆژیش خەریکی ئەم ئەرکەی خۆی دەبێ، بەلاّم لەبەر خاتری فلاّن و فیسار حەز لە ژیان کردن، ئەوە کارێکی بچووکی هەندێ کەسە، نەك کی هەموو خەلّکیش، چونکە ئادەمیزاد لەبەر هۆی گەورە و لەبەر ئەو ئەرکە گەورەی لەسەرشانیەتی حەز لە مانەوەی لەسەر زەوی دەکات و دەکۆشێ و دەبەخشێ، نەك لەبەر خاتری فلاّنێك، با ئەو لاّنە هەر کێش بیت، بەلاّم دەشێ عاشقێك لە باری شەیدابوونێکی گەورەی بۆ یارەکەی خۆی وایلێبێ رۆمانسییانە بیربکاتەوەو لە کاتێ لە کاتەکاندا بۆ خۆبردنە پێشی زیاتری لە یارەکەی ئەو قسەیەی ئاراستە بکات، بەلاّم ئەوەش قەت بۆ رۆژ دروست نییە، بۆیە ئەمەی شاعیر دەیلێ، لێکدانەوەییێکی جوان و دلّگیری خۆیەتی، وەکو شاعیرێك بۆ دەرخستنی سەرسامی خۆی بە یارەکەی ئەوەی بۆ گوتووە، بەوەش هونەری (جوانی بایس)ی بەرهەمهێناوە.

ـ هەر لە ئاوابوونی ڕۆژانایە ماتەم دەیگرێ
عەرزی ئەندامی دەکا دیارە لە ڕەشپۆشانە شەو... حەمدی

شاعیر لێرەدا دەلّێ: لەبەر ئاوابوونی رۆژ شەو خەمبار و ماتەمدار دەبێ و جلی رەش دەپۆشێ، دیارە ئەوەش هۆکاری رەش دەرکەوتنی شەو نییە، ئەمە خەیالّی شاعیرانەیە و (جوانی بایس)ە، چونکە ماتەم گرتن بۆ مەرگی ئازیز کاری مرۆڤە، نەك هی شەو، کە شەو هەست و سۆزی نییە و ئەقلّ و فیکری نییە، بتوانێ وەکو مرۆڤێك بیربکاتەوە.

ـ خەرامان لە دەوری گولّستان چنار
خەریکن دەکەن مەشقی بالاّی یار... حەمدی

مانگی خەرامان بای دێت و دار چنارەکانی دەوری گولّستان دەهەژێنێ، ئەمە هۆی راستەقینەی جولانی دار چنارەکانە، بەلاّم شاعیر کە ئەو وێنەیە لە شیعری خۆیدا تەوزیف دەکات، ئەو وەکو جووتیارێك قسە ناکات، تا بێت ئەو راستییە تۆمار بکات، بەلّکو وەکو شاعیرێك بە شێوازی تایبەت و شاعیریانەی خۆی گوزارشتی لێدەکات و وای پیشان دەدات، لەبەر مەشقی بالاّی یار وەهان، ئەمەش (جوانی بایس)ەو واقیع نییە.

ـ له دنیادا سەری موو غەم نەماوە
له دەورەم گردە بۆیە میسلّی کێوم... حەمدی

شاعیر له موبالەغەیێکیدا دەلّێت: من بۆیە بە قەد کێوێك گەورەم، چونکە غەم بە قەد سەری موویێك لە دونیا نەماوەو هەمووی هاتووە لە دەوری من کۆبووەتەوە، ئەوە وایکردووە من بەو شێوەیە گەورە بم! بەلاّم ئەمە لێکدانەوەی شاعیرانەیە، دەنا شتی وەها راست نییە و ئەگەر شاعیر کەمێکیش قەلّە و بێت، ئەوە لەبەر ئەوەیە شتی زۆر خواردووەو گۆشتی زۆری گرتووە، نەك لەبەر ئەوەی غەمی دونیا بەسەریاندا دابێت و بەم هۆیەوە گەورەبووبێت! ئەوە (جوانی بایس)ە.

ـ شەو وتی ئەولادی ڕۆژم ڕووڕەشی بۆ مایەوە
نووری وەششەمسی لە وللەیلا نەدی، کەس ئاشکار... حەمدی

شەو تاریکە، هۆکەش ئەوەیە خۆر ونە، هەر کاتێك خۆر دەرکەوتەوە، شەو بەسەردەچێ و ئیتر تاریکی تا ئاوابوونێکی دیکە ناگەڕێتەوە، ئەمە هۆی راستەقینەی تاریکی شەوە، کەچی شاعیر کە باس لە تاریکی شەو دەکات، وەکو شاعیرێك بە شێواز و خەیالّی شاعیرانە مامەلّە لەگەلّ ئەو دیمەنە دەکات و دەلّێت: ئەوە لەبەر ئەوەیە درۆی کردووەو گوتوویەتی ئەولادی خۆرم، ئەوەش راست نییە و مایەی شەرمەزارییە بۆیە رووی رەش هەلّگەڕاوەو وەهای بەسەر هاتووە، بەلاّم ئەمەش لێکدانەوەی خەیالّی جوان و دلّگیری شاعیرانەیە بۆ بابەتەکە و (جوانی بایس)ە، دەنا شەو ئادەمیزاد نییە ئاخاوتن بکات و راستی و درۆ لە قسەکانی بکەوێت!

ـ له داخی بەفر و زستان و کرێوە
چیای ڕازاندبۆوە خاکە لێوە... هێدی

(خاکە لێوە) چیای رازاندۆتەوە، ئەوەش بە لێکدانەوەی شاعیر بەو هۆیەوەیە، کە ئەو رقی زۆری لە (بەفر و زستان و کرێوە) بووە، بۆیە وەها بە بالاّی چیادا هاتۆتە خوارو سەرەوخواری رازاندۆتەوە، بەلاّم لە راستیدا ئەوە هۆی دروست نییە، بەلّکو هۆی دروستی رازاندنەوەی چیا لەو کاتەداو بەم شێوەیە، بە هۆی سروشتییە، کە شاعیر ئەو هۆیە سروشتیەی بەلاوە گرنگ نییە، ئەو دەیەوێت دەقێکی ئەدەبی دروست بکات و جوانییەکی دیکەی زادەی خەیالّی

شاعیرانەی بە دەقەکەی بدات، بۆیە بەم شێوەیە بەڵگە بۆ ئەو دۆخە دادەنێت، ئەمەش لای زانایانی ڕەوانبێژی (جوانی بایس)ی پێدەگوترێت.

بادانەوە:

عەرەب (رجوع) و (مغایرە)یان بۆ بەکارهێناوە، بەڵام (مغایرە) جیایە، ئەبی هیلالی عەسکەری گوتوویەتی: ئەوەیە باسی شتێك بکات، دواتر لێی باداتەوە.. کوردیش (بادانەوە)یان پێ گوتووە، گوتوویانە: بریتییە لەوەی، کە لە پێشدا قسەیەك بکەیت و بە دوای قسەکردنەکە ڕاستەوخۆ نکۆڵی و لالوتی لە قسەکە بکەیت، شتەکە بە جۆرێکی تر هەڵبگێڕیتەوە. یانیش هەر (رجوع)ەکەیان بۆ بەکارهێناوە، بۆ نموونە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس هەر (رجوع)ی بەکارهێناوەو گوتوویەتی: ئەوەیە وتاری بڵێیت و پاشان بگەڕێیەوە سەری بە معارەزە.

کەواشبێ قسەکردن و پەشیمان بوونەوە لێی بۆ ئەوەی شتێکی پێچەوانە بڵێیت، ئەمە ڕاگۆڕین و بادانەوەیەو شێوازێکی دەربڕینە، لەبەر گەلێ هۆ دەکەوێتە نێو شیعریش، جا لە دێڕێکدا بەرجەستە بێت، یان لە دوو دێڕی هاوشێوەدا.. بۆ نموونە:

ـ ئەوا لە دوورە و پەیابوو جوانێ

مەڵێ جوان، بڵێ مانگی تابانێ... ئەحمەدی موفتی زادە

سەرەتا شاعیر وەسفی دەرکەوتنی کەسێك دەکات (مەبەست پێغەمبەرە ـ درود و سڵاوی خوای لەسەر ـ)، بە جوان ناوی دەبا، دواتر لەو وەسفەی بادەداتەوەو دەڵێ: نا وەهای وەسف مەکە، بەڵکو بڵێ مانگی تابان بوو هات، کە ئەمە واتە هێندە جوان بوو، وەسف ناکرێ، ئیدی چۆن بڵێین جوان بوو و بەس؟!

ـ گەرچی تا ئێستا گوتوومە: تێبگەن، زوو پێبگەن

بەم قسانەم ئێوە قەت باوەڕ مەکەن، سەگ بووم وەڕیم... بێکەس

لە نیوە دێڕی یەکەم داوای تێگەیشتن و پێگەیشتنی کردووە، بەڵام لە نیوە دێڕی دووەم لەوە پەشیمان بووەتەوەو بایداوەتەوە.

جوانی ئەم هونەرە

بادانەوە هونەرێکی قەشەنگی جوانکارییە، جوانییەکەی لەوەدایە شاعیر بە ئاشکرا، یان بە نائاشکرا شتێك دەزانێت و دواتر لێی لادەدات، یانیش شتێك دەڵێت زۆر پێی پشت ئەستوورەو بە دڵنیاییەوە دەیڵێت، لە پاشان زوو ترسی پێچەوانە و لێتێکچوونی بۆ دروست دەبێت، بۆیە بە زوویی پەشیمان دەبێتەوەو رای خۆی دەگۆڕێت.

جۆرەکانی بادانەوە:

بە پێی ئەو مەودایەی (بادانەوە)ی تیا ئەنجام دەدرێ، دوو جۆری (بادانەوە) هەیە، بریتینە لە:

١ـ بادانەوە لە سنووری تاکەدێڕ

ـ بە بە بادی سەرسەڕی سەردی ئەوت من ناشکێم ئەما

برا پشتی شکاندووم بێکەسی بەستوویەتی باڵم... حەمدی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا قسەکەر گوتوویەتی من ناشکێم، ئەوەش بڕیارێکی گشتییە، لە پاشان گوتوویەتی: برا پشتی شکاندووم! دیارە ئەوەش (بادانەوە)یە، چونکە شکان بە هۆی مردنی برا، یان ونبوونی، یان بە هەر هۆیەکی دیکەش بێ، هەر شکانە، ئەوەی نەشکێ، بە هیچ هۆیەك لەم هۆیانە نابێ بشکێ.

٢ـ بادانەوە لە دوو باری لێکجیا

جاری وەها هەیە شاعیر لە هۆنراوەییێکیدا، کە لە بارێکی دیاریکراو گوتوویەتی، شتێکی گوتووەو لە بار و هۆنراوەییێکی تر پێچەوانەی گوتووە.. بۆ نموونە: حاجی قادری کۆیی لە دوو بەیتیدا کە بەراوردی نێوان خۆی و نالی دەکات لە رووی داهێنانی شیعرییەوە، خۆی زۆر بچووك پیشان دەدات و دەڵێت: ئەوا دێڕێکی نالی بە شیعرەکەی خۆم تێکەڵدەکەم، بۆ ئەوەی بزانن من قەت وەکو ئەو نابم، دەنووسێت:

بە تەزمین فەردەکی نالی دەهێنم تا ڕەفیقانم

بزانن فەرقمان زۆرە خەزەف قەت وەك گەوهەر نابێ

(کەمەندی زولفی دوو لانە، لە بۆ گەبر و موسڵمانە

دەکێشێ بێ موحابانە، چ لەم لا بێ، چ لەولا بێ)... حاجی قادری کۆیی
بەڵام هەر حاجی لە شوێنێکی تردا لەم رایەی دەگۆڕێت و بادەداتەوە دەڵێت:
ـ بەجێ ما (نالی) وەك (نالّی)، بە پاش کەوت کوردی وەك گەردی
کە حاجی غاری دا ئەسپی لە مەیدانی سوخەندانی... حاجی قادری کۆیی

(حەمدی)ش هەمان شێوازی هەیە، بۆ نموونە لە دێڕێکیدا گوتوویەتی:
من غولامی تۆم تەنەززوول قەت دەکەم بۆ تەخت و تاج
بێ سولەیمانی دەکا هودهود بە تاجی ئیحتییاج... حەمدی
لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر بەم پرسیارەی مەبەستی ئەوەیە بڵێ: ئەی یار! من مادام غولامی تۆمە قەت بۆ تەخت و تاج تەنازوول ناکەم، ئەمە هەواڵێکە بە (قەت) نەفیکراوەو بە (دەکەم)ی رانەبردوو لە نێو رستەییێکی پرسدا بەستراوەتەوە، ئەوەش کەواتە بەردەوامی هەیە و قەت تەنازوول بۆ تەخت و تاج ناکات، بەڵام هەرزوو دەترسێ ئەو غولامییەی نەمێنێ، بۆیە رای دەگۆڕێ و دەڵێ: بەڵام بۆ نا خۆ ئەگەر سولەیمان نەما، ئەوا هودهود ناچارە پەنا بۆ (تاجی)ش ببات! واتە، بەڵام بۆ نا؟! خۆ ئەگەر تۆ نەمای، ئەوا دوورنییە ناچاربم تەنازوول بکەم و چۆن هودهود بە هۆی سولەیمان پێغەمبەرەوە (درود و سڵاوی خوای لەسەر) پشت ئەستوور بوو، دواتر کە ئەو نەما ناچار بوو پەنا بۆ تاجی ببات، دەشێ منیش تۆم نەمێنێ تەنازوول بۆ هەریەکێکی زۆر کەمیش بکەم! ئەمەش بادانەوەیە لە بڕیارێك کە پێشتر داویەتی.

کۆکردنەوە:

(کۆکردنەوە) لە عەرەبیدا (الجمع)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو شت، یان زیاتر لە ژێر بەیداخی بڕیارێکەوە.. بۆ وێنە:
ـ پشتیوانی، بینایی، شەرعی مەتین
شیرو، بەخشین و، خامەیی ڕەنگین
بەو شەشە دین موحافەزە دەکرێ
یەکێ مرد لەو شەشانە، دین دەمرێ... حاجی قادری کۆیی
لە دێڕی یەکەمدا، شاعیر هاتووە شەش شتی کۆکردۆتەوەو بە دوای یەکیدا ریز کردوون، کە بریتین لە: (پشتیوانی ـ بینایی ـ شەرعی مەتین ـ شیر ـ بەخشین ـ خامەی رەنگین)، هەر

هەموویانی لەژێر بەیداخی ئەو بڕیارەدا کۆکردۆتەوە، کە لە دێڕی دووەمدا بەسەریاندا دەبڕێ، تیایدا دەڵێت: (بەو شەشە دین موحافەزە دەکرێ)، ئەگینا هەر یەکە لەو شەشانە لە ئەوانی تر دابڕێنرا، ئەوا دینیش دەکەوتە مەترسی و لە ژیان دادەبڕێ.

جاری واش هەیە، کە شاعیر دوو سیفەت یان زیاتر لەگەڵ یەك کۆدەکاتەوە، دەیانهێنێ پەسنی شتێکیان پێدەدات، کە ئەمە لای ڕەوانبێژان کەمتر باسی لێوەکراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی چەند شتێك بۆ پەسنی یەك شت بەدوای یەکدا کۆدەکرێنەوە، لەو بڕوایەدام، ناکرێ فەرامۆش بکرێت و ئاماژەی پێنەدرێت، بۆ وێنە:

کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن

پێکەوە پووش و ئاگر و نەوتن... حاجی قادری کۆیی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر سەرەتا باسی لە (کورد) کردووە، ئینجا لە دوای ئەوە بە دوو سیفەتی (نەزان)ی و، (پاشکەوتن)ی کە بەدوای یەکی کۆکردوونەتەوە پەسنی ئەو (کورد)ەی داوە، لە نیوە دێڕی دووەمیش هەر بۆ پەسنی (کورد) سێ سیفەتی تر لە دوای یەك کۆدەکاتەوە، کە کاتێ لەگەڵ یەکن ئەم کوردانە وەك (پووش و ئاگر و نەوت) وان و ناتەباو دژ بەیەکن، ئەوەش جۆرێکی تری (کۆکردنەوە)یە.

جۆرەکانی (کۆکردنەوە):

بە گوێرەی ئەو وشانەی بە هۆیانەوە (کۆکردنەوە)کە ئەنجام دەدرێت، دەشێ ئەم جۆرانەی (کۆکردنەوە) هەبن:

١ـ دەشێ (کۆکردنەوە) لە نێوان دوو (ناو)یان زیاتر بێت، بۆ وێنە:

ـ گوڕەی بەهارییە ئێستێکە شاخ و داخی وڵات

پڕە لە لالەوو نەسرین و نەرگسی شەهلا... حاجی قادری کۆیی

(لالە) و (نەسرین) و (نەرگسی شەهلا) هەر سێکیان (ناو)ن و کۆکراونەتەوە.

ـ قەومەکان بەو زاتە وا حوکمی لە سەر بەحرِ و بەڕە

بەرخە نێرێ گەر نەنێرێ، هەر کەسێ صاحێب مەڕە

دێم بە گژیا، دەیدڕم، گەر (في المثل) شێری نەڕە

بانەقەومێت و نەزانن، ئەو هەموو شۆڕ و شەڕە

گشت لەسەر بزنی شەل و کاوڕی گەڕ و بەرخی لەڕە.. شێخ رەزا
(بزنی شەل) و (کاوڕی گەڕ) و (بەرخی لەڕ) سێ ناوی لێکدراون، کۆکراونەتەوە لە ژێر بەیداخی هۆیەکانی ئەو هەموو شۆڕ و شەڕەی، شاعیر لە دروستبوونیان دەترسێت.

٢- دەشێ (کۆکردنەوە) لە نێوان دوو (ڕاناو) بێت.. بۆ وێنە:

ـ ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین
هەردوو گرفتار یەك ئاهی سەردین... بێکەس
(من) و (تۆ) دوو راناوی کەسی سەربەخۆن لەژێر بڕیاری هاودەردی کۆکراونەتەوە.

٣- کۆکردنەوەی ئاوەڵناو

ـ ئەمانە زادەیی ئەفکارِ و خۆشەویستی منن
ئەگەر قەبیح و کەریهن، ئەگەر شەل و ئەعما... حاجی قادری کۆیی
(قەبیح) و (کەریە) و (شەل) و (ئەعما) هەر چواریان (ئاوەڵناو)ن و کۆکراونەتەوە.

٤- دەشێ (کۆکردنەوە) لە نێوان کۆمەڵێ وشەی پەسن لێکجیابێت.. بۆ وێنە:

ـ کپی و ناڵین و سکاڵاو زاری
پەستی و بێزاری، دەردی بێکاری
کزی باوەڕ و سستی ئەنوێنن
تای تین و وزەی گیان ئەپسێنن... جەمال بێدار
لە دێڕی یەکەمدا دەبینین: وشەکانی (کپی)و (ناڵین)و (سکاڵا و زاری) و (پەستی) و (بێزاری) و (دەردی بێکاری) هەر شەشیان لەگەڵ یەکدا لە ژێر بڕیاری کزی باوەڕ و سستی نواندن کۆکراونەتەوە.. وشەکانی (کپی) و (پەستی) و (بێزاری) ناوی سادەی واتایین.. (سکاڵا و زاری)و (دەردی بێکاری) هەردووکیان ناوی لێکدراون، (ناڵین) چاوگەو وەك و ناو بەکارهاتووە.

٥ـ کۆکردنەوەی دەستەواژە.. جاری وا هەیە دوو یان زیاتر لە دوو دەستەواژە پێکەوە لەژێر خاسەوێژێك کۆدەکرێنەوە.. بۆ نموونە:

ـ دوعای نیوە شەو و ناڵەی سەحەرگاه نەبووە تەئسیری

به ئومێدی ویصاڵی تۆ ئەمانە حەمدی تەی ناکا... حەمدی

(دوعای نیوە شەو) و (ناڵەی سەحەرگاھ) هەردووکیان (دەستەواژەن) و کۆکراونەتەوە.

٦ـ دەشێ (کۆکردنەوە) لە نێوان دوو (رستە) یان زیاتر بێت.. بۆ وێنە:

ـ وەك تریشقە ئاگر دەگرن، هەوری ڕەحمەت ناگرن

ئەژدەها دەگرن بە قەد دێوێك و عیبرەت ناگرن... حەمدی

ئەم دێڕە چوار رستەی بە دوای یەکی لە ژێر پەسنی (ئەوان)دا کۆکردۆتەوە، کە بریتینە لە رستەکانی: (وەك تریشقە ئاگر دەگرن)، (هەوری ڕەحمەت ناگرن)، (ئەژدەها دەگرن بە قەد دێوێك) و (عیبرەت ناگرن).

ـ خەوم بێهۆشی یە، بەرگم پەلاشە

خۆراکم خوێنە، شادیم شینە، بێ تۆ.. کوردی

(خەوم بێهۆشی یە)، (بەرگم پەلاشە)، (خۆراکم خوێنە)، (شادیم شینە) هەر چواریان رستەن و لەژێر (بێ تۆ)بیدا کۆکراونەتەوە.

لێککردنەوە:

(لێککردنەوە) لە عەرەبیدا (التفریق)ی پێدەگوترێت.. بە تەواوی پێچەوانەی کۆکردنەوەیە.. لە (کۆکردنەوە)دا دوو شت، یان پتر، لە فرمانێك یان خاسە وێژێك و (بڕیارێك) کۆدەکرێنەوە، کەچی لێرەدا دوو شت یان زیاتر کە پێکەوە دێن، لێکدەکرێنەوەو جیاوازی نێوانیان دەخرێتەڕوو.. بۆ وێنە:

ـ دڵی شاد ئاگای لە شێواو نییە

لەش ساغ خەبەری لەداماو نییە

سوچی کەس نییە، هەروەها بووە

ئازاد کوا ئاگای لە گیراو نییە؟.. باباتاهیری عوریان

لەم چوارینەدا، شاعیر (دڵی شاد) و (دڵی شێواو)ی لێککردۆتەوە.. لە نیوە دێڕی دووەمدا (لەش ساغ) و (داماو)ی لێککردۆتەوە.. لە نیوە دێڕی چوارەمیشدا پیاوی (ئازاد) و پیاوی (گیراو)ی دیسانەوە لێککردۆتەوە.

ـ داری دنیا هەر کەسێکی تێگەیی

میوەیی خامی هەیە و میوەی گەیی... حاجی قادری کۆیی

دوو میوەی داری دنیا لێکتری جیاکراونەتەوە، یەکیان (خاو)ەو ئەوی تریان (گەییو)، بەوەش (لێککردنەوە) دروستبووە.

دابەشکردن:

(دابەشکردن) لە عەرەبیدا (التقسیم)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە سەرەتا باسکردنی چەند شتێك، لە دواتریش بە جیا بۆ هەر شتەی شتی تر زیاد بکەیت.. بۆ وێنە:

ـ ئەگەر تۆ هیوات بە بەگ و خانە

تۆ ماڵوێران و ئەو سەرگەردانە... موفتی پێنجوینی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، شاعیر وشەکانی (تۆ) و (بەگ و خان)ی هێناوە، لە نیوە دێڕی دووەمیشدا بۆ هەر یەکەیان بە جیا، شتی تری زیاد کردووە.. بۆ (تۆ) ماڵوێرانی و بۆ (بەگ و خان)یش سەرگەردانی، کە بە (ئەو)ی راناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاك ئاماژەی بۆ (بەگ و خان)ەکە کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەینێ کە مەبەستی لە (بەگ و خان) یەك شتە، نەك دوو شتی لەیەك جیا، لەوەشدا (دابەشکردن) بەرجەستە بووە.

نموونەیەکی تر لەم بارەیەوە، لەو دێڕەی خوارەوە بەرجەستە دەبێت، کە تیایدا شاعیر دەڵێت:

ـ لەگەڵ دڵ شەرتی من وایە، هەتا ڕۆژێ حەیاتم بێ

بەشی ئەو دەرد و غەم بێت و منیش ماتەم خەڵاتم بێ... ئەحمەد موختار جاف

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، دەبینین شاعیر وشەکانی (دڵ) و (من)ی هێناوە، دواتریش لە نیوە دێڕی دووەمدا، بۆ هەر یەکەیان بەجیا شتێکی زیادکردووە، (دەرد و غەم) بۆ (دڵ) کە بە (ئەو)ی راناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاك ئاماژەی بۆ کردووە، (ماتەم)یش بۆ (من)، بەمەش نموونەیەکی (دابەشکردن)مان بۆ بەرجەستە بووە.

ـ هەرچی تۆ بێژی گشت قەبووڵمانە

لە ئێمە دەرد و لە تۆ دەرمانە... ئەحمەدی موفتی زادە

دەرد بۆ ئێمە و دەرمان بۆ تۆ دابەشکراون.

کۆکردنەوە لەگەڵ لێککردنەوە:

(کۆکردنەوە لەگەڵ لێککردنەوە) لەعەرەبیدا (الجمع مع التفريق)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو شت یان زیاتر لەژێر دەواری بڕیارێك یان خاسەویژێکدا، لەپاشان جیابکرێنەوە لەو هۆیەی کە یەکی خستوون.. بۆ وێنە:

ـ دڵی زارم وەکو ئاگر بە دایم کاری سووتانە

کەچی ڕووی یار وەك و ئاگر، هەموودەم وابە تابانە... زێوەر

لێرەدا شاعیر دڵی خۆی و ڕوومەتی یاری بە ئاگر چواندووە، لە پاشان جیایانی کردۆتەوە، بەوەی کە لێکچوونەکە لە ڕوومەتی یارا شەوق و بریسکەکەیەو لەدڵی خۆیشیدا کڵپە و بڵێسەکەیە.

کۆکردنەوە لەگەڵ دابەشکردن:

(کۆکردنەوە لەگەڵ دابەشکردن) لە عەرەبیدا (الجمع مع التقسيم)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو شت یان زیاتر لەژێر دەواری بڕیارێك یان خاسە ویژێك، دواتریش بە جیا بۆ هەر شتەیان شتی تر زیاد بکرێت، بۆ وێنە:

ـ بە جووت پەروانەو و ماسی، کە دڵدادەی چراو گۆڵن

نزیکی ئەم ئەسووتێنیٚ، لە دووری ئاو ئەوان حۆڵن... پیرەمێرد

لە نیوە دێڕی یەکەم باس لە (پەروانە) و (ماسی) کراوە، کە یەکەمیان حەزی بە (چرا)و دووەمیان حەزی بە (گۆڵ)ە، ئەمە کۆکردنەوەیە، دواتر بۆ یەکەمیان کە (پەروانە)یە ئەوە زیادکراوە، کە ئەگەر لە (چرا)کە زۆر نزیك بێتەوە دەسووتێت، بۆ دووەمیش کە (ماسی)یە ئەوە زیاد کراوە، کە ئەگەر لە (گۆڵ) دوور بێت (حۆڵ) دەبێت، بەمە کۆکردنەوە لەگەڵ دابەشکردن بەرهەم هاتووە.

ـ قەڵەم من و تۆ و ژیان مەزلومین

هەرسیٚ وێنەی یەك بەندومەحکوومین

من مەحکوومی چەرخ، تۆ مەحکوومی من

ژیان گیرۆدەی دۆستی دڵ دوژمن... قانیع

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، سەرەتا کە شاعیر ڕوو لە (قەڵەم) دەکات، سیٚ شت بە دوای

یەکدادێنێت، کە (من) و (تۆ) و (ژیان)ن و لە ژێر دەواری (مەزلومین)دا کۆیان دەکاتەوە، ئەمەش (کۆکردنەوە)یە.. ئینجا لە پاش ئەوە دێت بەجیا بۆ هەر یەکە لەو سێ شتانە شتی تر زیاد دەکات، بە وێنەی (مەحکوومی چەرخ) بۆ (من).. (مەحکوومی من) بۆ (تۆ).. (گیرۆدەی دۆستی دڵ دوژمن) بۆ (ژیان) ئەوەش (دابەشکردن)ە، بەم شێوەش لەو پارچەیەی سەروو، نموونەیەکی (کۆکردنەوە لەگەڵ دابەشکردن) بەرجەستەبوو.

(لێککردنەوە) لەگەڵ (دابەشکردن):

(لێککردنەوە لەگەڵ دابەشکردن) عەرەبییەکەی دەبێتە (التفريق مع التقسيم)، هەرچەندە لەو سەرچاوە عەرەبییانەی من بەرچاوم کەوتووە، نەم بینیوە رەوانبێژانی عەرەب ئاماژەیان بە هونەرێکی وەك ئەوە بەم ناوەکردبێ، هەروەها رەوانبێژانی کوردیش ئاماژەیان بۆ نەکردووە.. بریتییە لەوەی لە نیوە دێڕی یەکەمدا دوو شت لێکبکرێنەوە، ئینجا دواتر لە نیوە دێڕەکەی تردا بەجیا بۆ هەریەکە لەشتە لێککراوەکان شتی دی زیاد بکرێت..بۆ وێنە:

ـ بەیەك ناچن ڕەقیب و حاجی قادر

خودایە ئەو ڕەزیل کەو، ئەم موکەڕڕەم... حاجی قادری کۆیی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا دەبینین، شاعیر لە لێکنەچووندا (رەقیب) و (حاجی قادر)ی لێککردۆتەوە، ئەمەش (لێککردنەوە)یە.. لە نیوە دێڕی دووەمیشدا شاعیر بۆ هەریەکە لە (رەقیب) و (حاجی قادر) شتی تری زیادکردووە، بۆ (یەکەم) (رەزیلی) کە بەو پەسنەی جیادەکاتەوە، بۆ (دووەم)یش (موکەڕڕەم)ی، ئەوەش (دابەشکردن)ەکەیە.

ـ یەکێ نەمام ئەڕوێنێ، یەکێ نەمام ئەنێژێ

ئەمیان چاوەڕێی گوڵە و ئەویان فرمێسك ئەڕێژێ... ئەخۆڵ

لە نیوە دێڕی یەکەمدا دەبینین، شاعیر لە لێکنەچووندا دوو کەسی بە دوو سیفەتی لەیەکجیا لێککردۆتەوە، یەکیان نەمام ئەڕوێنێ، ئەوی دیکەش نەمام ئەنێژێ، ئەمەش (لێککردنەوە)یە.. لە نیوە دێڕی دووەمیشدا شاعیر بۆ هەریەکە لەو دوو یەکانە، شتی تری زیادکردووە، بۆ (یەکەم) (چاوەڕوانی چرۆکردنی گوڵ)، بۆ (دووەم)یش (وەراندنی فرمێسك)، کە ئەمانە ئەنجامی ئاسایی دوو کردەوەکانی سەروون، ئەوەش (دابەشکردن)ەکەیە.

شێوەیەکی تری (لێککردنەوە لەگەڵ دابەشکردن)، ئەوەیە کە لە دوو پەسنی (باش و

باشتر)ی، یان (جوان و جوانتر)ی سەرەتا شاعیر دوو شت لێکدەکاتەوە، ئینجا لە دواتریشدا، دێت بۆ هەریەکە لە شتە لێککراوەکان شتی تر زیاد دەکات بۆ وێنە:

ـ بە ڕەنگی سپییەوە چەند شۆخە، شاخی گۆیژە بیبینە

لە ڕەنگی ئاسمان دولْبەرترە، ئەو سپییە، ئەم شینە... پیرەمێرد

لە نیوە دێڕی یەکەم و بەشی یەکەمی نیوە دێڕی دووەمدا، شاعیر دێت رەنگی سپی شاخی گۆیژەو رەنگی ئاسمان لێکدەکاتەوە، بەوەی کەوا یەکەمیان لەوەی دووەم جوانتر و دولبەرترە، ئەمەش (لێککردنەوە) کەیە.. ئینجا هەر لە نیوە دێڕی دووەمدا و لە بەشی دووەمیدا، شاعیر دێت بۆ هەر یەکە لە (رەنگی شاخی گۆیژە) و (رەنگی ئاسمان) شتی تر زیاد دەکات، بۆ یەکەم (سپی)یەتی، بۆ دووەم (شین)ی، ئەوەش (دابەشکردن)ەکەیە.

وەسف:

هونەرێکی جوانکاری واتاییە، لە سەرچاوەکاندا باسی نەکراوە، بەڵام من بە گرنگی دەزانم، چونکە کارێکی داهێنانی جوانە و وەسفێکی ئاسایی نییە، بریتییە لە وەسفکردنی هەر کەس و شتێك، کە لە دەوروبەری نزیك، یان دووری شاعیرن و بە هۆیەك لە هۆیەکان بە رەوای دەزانێ وەسفیان بکات.. ئەمەش شێوازێکی دەربڕینی جوانە، لە کۆنەوە خەڵك بە گشتی و ئودەباش لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بە شێوەییێکی تایبەت، سوودیان لێوەرگرتووە، چونکە شێوازێکی نایابی گرنگ و کاریگەرە، مەرجیشی ئەوەیە، وەسفەکە بۆ شتەکان ناڕاستەوخۆ بێت، نەك پیاهەڵدانی راستەوخۆ بێت لە بۆیان.. بۆ نموونە:

ـ لە مەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ

قوبەی کشمیری دا بەر شەق وەکو گۆ... حاجی قادری کۆیی

لێرەدا شاعیر کە باسی بەهاری کۆیە دەکات، راستەوخۆ ئەوە نالێت، کە ئەم بەهارە چەند سەوز و دڵگیرە، بەڵام دێت بە بەرزتر لە سەوزاییە دڵگیرەکانی کشمیری دادەنێت، ئەو کشمیرەی کە لە سەرچاوەکاندا لەبەر سەوزی و جوانی بە (بەهەشتی خوا لەسەر زەوی) وەسفکراوە، دەی باشە ئەگەر ئەو کشمیرە لە بەرامبەر جوانی کۆیەدا خۆی نەگرێت و وەکو تۆپێکی یاری تورهەڵبدرێت، ئەدی باشە دەبێ کۆیە لە وەرزی بەهاردا چەند جوانبێت، چونکە ئەم شێوازە وەسفێکی ناڕاستەوخۆ و گەورەی کۆیەی کردووە، ئەوەش جوانییەکی زۆری بەخشیوە.

جوانی وەسفکردن لە چەند شتێکە، لەوانە:

١ـ ئاشکراکردنی خەڵك و خووە جوان و بەهێزەکان و ناساندنیان بە خەڵکی، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە وشیاربببنەوەو سوودیان لێوەربگرن.

٢ـ بەرهەمهێنانی شێوازی هونەری و ڕەوانبێژی جوان بۆ گەیاندنی پەیام، جیا لە قسەی ئاسایی، کە ئەم شێوازە هونەری و ئەدەبییە ڕۆڵی گەورەتر دەبینێ، لە هێنانەدی مەبەست.

ـ ئەی وەتەن ڕۆم و عەجەم موشتاقی کوردستانتە

ئیفتیخاری میللەتی کورد شەوکەتی عینوانتە... حەمدی

شەیدابوونی کوردستان لە لایەن ڕۆم و عەجەم و لە پاڵ ئەوانیشەوە هەموو دونیا بۆ کوردستان، ئەمە مانای دەوڵەمەندی و جوانی و هەبوونی هۆکارەکانی ژیانی باشە لە کوردستان، ئەوەش وەسفێکی جوان و شاراوەی وڵاتە لە لایەن شاعیرەوە.

لۆمەکردن:

بریتییە لە لۆمەکردنی هەر کەس و شتێك، کە لە دەوروبەری نزیك، یان دووری شاعیرن و بە هۆیەك لە هۆیەکان بە ڕەوای دەزانێ لۆمەیان بکات.. ئەمەش شێوازێکی دەربڕینی جوانە، لە کۆنەوە خەڵك بە گشتی و ئودەباش لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بە شێوەییێکی تایبەت، سوودیان لێ وەرگرتووە.. بۆ نموونە:

ـ ئەم سەگانەی لە لای مە وەزیر و ووکەلان

بێنە لای تۆ بە خودا نایکەیە گاوان و شوان... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەدا شاعیر لۆمەی خۆی ئاراستەی دەستەی فەرمانڕەوایی وڵات دەکات و نە وەزیر و نە جێگرەکانیان و نە ئەوانی دیکەش کە دەسەڵاتێکیان هەیە لەبەر لۆمی دەربازنابن، پێی وایە، ئەوانەی لەوێ شتن، لە شوێنی دیکە خەڵك بە شوان و گاوانیشیان وەرناگرێ. لە خوارەوە چەند نموونەییێکی لۆمەکردن لای ئەم دوو شاعیرە دەخەینە بەرچاو.

جوانی لۆمەکردن لە چەند شتێکدایە، لەوانە:

١ـ ئاشکراکردنی خەڵك و خووە خراپەکان و ناساندنیان بە خەڵکی، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە وشیاربببنەوەو گۆڕانیان تیا دروست ببێت.

٢ـ بەرهەمهێنانی شێوازی هونەری و ڕەوانبێژی جوان بۆ گەیاندنی پەیام، جیا لە قسەی ئاسایی، کە ئەم شێوازە هونەری و ئەدەبییە ڕۆڵی گەورەتر دەبینێ، لە هێنانەدی مەبەست.

ـ کامی کچ و هەتیوی شیرین بێ ڕای دەکێشن
هاوار دەبەنە بەر کێ؟! پەشمە دەخیل و ئامان! ... حاجی قادری کۆیی

لێرەدا لۆمەی شاعیر ئاراستەی میللەتە، کە ئەگەر کوردستان کرا بە ئەرمەنستان، ئەوسا بەم شێوەیەتان لێ دێ و چ چارێکیشتان نامێنێ، مەگەر هاوار بۆ ئەم و ئەو ببەن، کە ئەمەش کارێکی نارەوا و ناشرینە، ئەدی بۆچی ئێستاکە وەها بێخەمن و تا کار لە کار نەترازاوە، بەرگرییەك ناکەن؟! بۆیە لۆمەیان دەکات و دەیەوێت بەم شێوەیە وشیاریان بکاتەوە.

ـ تۆ لە ئەرزای بۆ لە ئێمە لوتی خۆت کردە سەما
مەعریفەت بنوێنە باوی چەشم بەندی وا نەما... حەمدی

لۆمەکردنی شاعیر لەم دێڕەیدا لە خووێکی خراپی ناژیارییە، کە ئەویش خوی لوتبەرزییە، لەگەڵ ئەو بەرامبەرە دەدوێت و لۆمەی دەکات، کە وەهایەو داوای لێدەکات، وشیاربتەوە، چونکە سەردەمی ئەوە نەماوە.

ـ بە تێشەی تەعنە عاشق بەرببێتە بێستوونی چەرخ
مەڵێن شیرین نییە نامەرد تەقازای عەشقی فەرهادە... حەمدی

لۆمەی شاعیر لێرەشدا ئاراستەی خوی قسەکردنی بە نارەوای خەڵکە، شاعیر ناشرینی دەکات و دەیەوێت بیگۆڕێت.

(جەختی وەسف وەکو لۆمە) و (جەختی لۆمە وەکو وەسف)

ڕەوانبێژەکان جەختی وەسف وەکو لۆمەو جەختی لۆمە وەکو وەسف لە یەك شوێندا باس دەکەن، ئەمەش چونکە هەردوو بابەتەکان لەسەر یەك شێوازی ڕەوانبێژی دامەزراون.

لێرەدا نووسەر لە ڕستەی یەکەمدا، سەرنجی خوێنەر بۆ واتایەك ڕادەکێشێ، جا بە وەسف بێ، یان بە لۆمە، پاشان بە هۆی ئەو ئامرازە جیاکەرەوەی دەیخاتە سەرەتای دووەم، یەکەمجار

به هەڵەی دەبات، وای لێدەکات، چاوەڕوانی ئەوەبێت، کە ئێستا لە ڕستەی دووەمدا شـتێکی پێچەوانەی ئەوەی یەکەم دەڵێت، بەڵام کە ڕستەکە تەواو دەکات، ئینجا خوێنەر تێدەگات، کە ئەم ڕستەی دووەمەش، هەر بۆ جەختکردنەوەو پشتگیری واتای ڕستەی یەکەم هاتووە، وەك لە خوارەوە بە نموونەوە باس لە هەردوو جۆرەکان دەکەین.

جەختی وەسف وەکو لۆمە

ئەمە لە عەرەبیدا (تأكيد المدح بما يشبه الذم)ی پێدەگوترێت، دوو جۆری هەیە:

یەکەم: سەرەتا لە پەسندراودا نەفی لۆمەیەك دەکرێت، ئینجا بە هۆی یەکێ لـە ئامرازەکـانی جیاکردنەوە بە باشەوە وەسف دەکرێت.. بۆ وێنە:

پیاوێکی بێ عەیبە، بەڵام چ دەکەی یەکەکی تری وەکو ئەو نییە؟!

لەم نموونەیەدا، سەرەتا نووسەر هاتووە نەفی ئەوەی کردووە، کە ئەو پیاوەی پەسنی دەدات، هیچ عەیبێکی هەبێت، ئەمەش بێگومان وەسف کردنییەتی، کەچی لە ڕستەی دووەمدا، کـە ئامرازی جیاکردنەوەی (بەڵام) دێنی، سەرەتا زەینی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە ئێستا یـەکێ لە عەیبە خراپەکانی دەڵێت، کەچی کە ڕستەکەی تەواو دەکات، دەڵێت (چ دەکەی کەسی تری وەکو ئەو نییە؟!)، ئینجا خوێنەر تێدەگات، کە ئەم ڕستەی دووەمەش هـەر وەسـفی بەباشـی کابرایەو دەرخەری ئەوەیە، کە لە چاکییەکانی بێ وێنەیە، کەسـێکی تـری هاوشـێوەی نییـە، بۆیە ئەوەش وەسفێکی ترە، وەك جەخت کردنەوەی ڕستەی یەکەم هێنراوە، لەوەشدا (جـەختی وەسف وەکو لۆمە) مان بۆ بەرجەستە بووە.

دووەم: سەرەتا پەسندراو وەسف دەکرێت، ئینجا دواتر بە هۆی ئامرازی جیاکردنەوە وەسفێکی تریش دەکرێت، وەك جەختکردنەوە بۆ ڕستەی یەکەمی.. بۆ وێنە:

ـ لە سەخاو لە کەرەمدا
لە فەساحەت لە ئەدەبدا
یەکە بازە لە سەفەردا
یەکە تازە لە حەزەردا
تاقە عەیبێ کە هەیبێ
هەر ئەوەیە تاقە کەسە

لە هەموو خاکی عەرەبدا

لە هەموو شاری عەجەمدا... شێخ رەزای تاڵەبانی

شێخ رەزا کە باسی یەك لە پیاوە بەڕێزەکان دەکات، چی صیفاتی جوانی سەخاوەت و کەرەم و فەصاحەت و یەکەبازی سەفەر و یەکەتاز و بێوێنەی نێو (شار)ی پێدەدات، ئەمانەش هەموویان وەسفن، دواتر دوای ئەمانە دەڵێ: تاقە عەیبێك کە هەیبێ! ئەم وشانە هی لۆمەن، بۆیە خوێنەر وا دەزانێ، ئێستا لۆمەیەکی دەکات، کەچی کە مەبەستی دەردەخات، دەڵێت: عەیبی هەر ئەوەیە لە هەموو خاکی عەرەبدا نموونەیەکی دیکەی نییە! کە ئەوەش وەسفێکی دیکەیە، بەوە بۆمان دەردەکەوێت، شاعیر دیسانەوە جەخت لەسەر وەسفی ئەو بەڕێزە دەکاتەوە، کە پێشتر لە سەرەتاوە وەسفی کردبوو، بەوەش جەختی وەسف بە وەکو لۆمە بەرهەم دێت.

ـ موحەممەد دادگرە نیتی غەل و غەش

ئەوەی هەیتی بۆ هەمووان لێی دەدا بەش... مەلا عەبدی

لە نیوە دێڕی یەکەمی ئەم دێڕەدا شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێغەمبەر موحەممەد (درود و سڵاوی خوای لەسەر) دادگرە، ئەوەش وەسفە، بەڵام لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمدا دەڵێت: (ئەوەی هەیتی)، بەم دەربڕینە، خوێنەر دڵی لەوە دەترسێ، مەبادا شاعیر شتێکی نەشیاو بەرامبەر پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لەسەر) بڵێ، بەڵام کە تەواوی دەکات، دەڵێت: ئەوەی هەیەتی بەشی هەمووانی لێ دەدات. دەبینین ئەمە دیسانەوە وەسفێکی دیکەیەو بەمە جەختی وەسفەکەی پێشووی دەکاتەوە، بەوەش جەختی وەسف وەکو لۆمە بەرهەم دێت.

ـ ئەی صەبا ئەی قاصیدی ئەربابی نامووس و شەرەف

هەستە تا کەرکوك بچۆ، ئازانە ئەمما لا تەخەف... بێخود

بێخود کە روو لە بادی صەبا دەکات، پێی دەڵێت: ئازانە هەڵیکە، ئەمە وەسفە، دواتر ئامرازی جیاکردنەوەی (ئەمما) دێنێ، بەوە بیر بۆ ئەوە دەچێ، دوای ئەم وەسفە لۆمەیەك بکات، کەچی کە مەبەستی دەردەخات، دەڵێت: بەڵام نەترسی، ئەوەش وەسفێکی دیکەیە،

ئەمە ئەوە دەردەخات، دیسانەوە جەخت لەسەر وەسفی ئەو ژنــە دەکاتــەوە، بــەوەش جــەختی وەسف بە وەکو لۆمە بەرهەم دێت.

ـ ژن ئەمما (فی الحقیقە) خادیمەی قەوم
کە یەعنی سەییدەی غیرەت شکاران... بێخود

بێخود کە باسی ئەو ژنە دەکات، دەڵێت (ژنە)، واتە بە واتای وشە ژنــە، دواتــر ئــامرازی جیاکردنەوەی (ئەمما) دێنیٚ، بەوە بیر بۆ ئەوە دەچیٚ، دوای ئەم وەسفە لۆمەیەك بکات، کەچــی کە مەبەستی دەردەخات، دەڵێــت: لــە هەقیقەتــدا خزمــەتکاری نەتەوەکــەی بــووە، ئەمــەش وەسفێکی دیکەیە، ئەوەش ئــەوە دەردەخــات، دیســانەوە جــەخت لەســەر وەســفی ئــەو ژنــە دەکاتەوە، بەوەش جەختی وەسف بە وەکو لۆمە بەرهەم دێت.

ـ حەمەش چی وەك شێری پرچن
ئازا بەڵام تورەو تۆسن.. هێدی

لەم دێڕەدا کە باسی حەمە دەکات، سەرەتا دەڵێت حەمە وەکو شــێری پرچــن ئازایــە، لــە پاشان دەڵێت (بەڵام)، بەم (بەڵام)ە سەرەتا بیری خوێنەر بۆ ئەوە دەچێت، کە ئێستا لۆمەیەکی بکات، کەچی دواتر بە دوو وشەی تورە و تۆسن جــەخت لەســەر هــەمان ستایشــەکەی بەشــی یەکەمی گوتەکەی دەکاتەوە، ئەوەش (جەختی وەسف بە وەکو لۆمە)یە.

جەختی لۆمە وەکو وەسف

ئەمە لە عەرەبیدا (تأکید الذم بما یشبه المدح)ی پێدەگوترێت.. دوو جۆری هەیە:
یەکەم: سەرەتا لەپەسندراودا، نەفی وەسفێك دەکرێت، ئینجا بــەهۆی یــەکیٚ لــە ئامرازەکــانی جیاکردنەوە، وەك جەختکردنەوەی واتای رستەی یەکەم، لۆمەشی دەکرێت، بــۆ وێنــە: ئــەوەی خوا پێی خۆشبێت، نایکات، بەڵام ئەوەندە هەیە، ترسنۆکە.
لەم پارچەیەدا، سەرەتا نووسەر نەفی ئەوە دەکات، کــە لەپەســندراودا هــیچ ســیفەتێکی بــاش هەبێت، بەڵام دواتر کە ئامرازی جیاکردنەوەی (بەڵام) دێنێت، سەرەتا خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە لەوانەیە، ئەمجارە وەسفێکی باشی بکات، کەچی کە رستەکەی تەواو دەکات (ئەوەندە هەیە

ترسنۆکە)، ئینجا بۆ خوێنەر دەردەکەوێت، کە ئەم بەشەی دووەمی قسەکەشی هەر لۆمەیەکی ترە، دیسانەوە جەختە بۆ لۆمەکەی پێشوو، بەوەش دەگوترێت (جەختی لۆمە بە وەکو وەسف).

دووەم: سەرەتا پەسندراو لۆمەیەك دەکرێت، ئینجا دواتر بە هۆی یەکێ لە ئامرازەکانی جیاکردنەوە لۆمەیەکی تریش دەکرێت، بۆ وێنە:

ـ شێخ عەلی خۆ تۆ منت ئاوارە کرد و دەربەدەر

چاکە هەجوێکت بکەم، ئەمما موفیدو موختەصەر... شێخ ڕەزا

لە نیوە دێڕی یەکەمی ئەو دێڕەی سەرەوودا، سەرەتا شاعیر باس لەوە دەکات کە شێخ عەلی خراپەی لە دەرهەقی کردووە، ئاوارە و دەربەدەری کردووە، بۆیە ڕێگە بە خۆی دەدات، کە وا باشە منیش هەجوێکت بکەم و پاداشتی خراپەکارییەکەی خۆت بدەمەوە، بەڵام کە دوای ئەوە ئامرازی (ئەمما) دێنێ، سەرەتا زەینی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە دەشێت بڵێ، ئەمما لەبەر ئەوەی لە من گەورەترە و چاکەی تری لەگەڵما زۆرە، قەیناکات دەیبەخشم، کەچی کە ڕستەکەی تەواو دەکات (ئەمما موفید و موختەصەر)، ئینجا خوێنەر لەوە حاڵی دەکات، کە بە هەڵەی بردووە، دەنا مەبەستی ئەوە نییە، دوای (ئەمما)یەکە لە بڕیارەکەی خۆی لەسەر هەجوکردنی (شێخ عەلی) پاشگەزببێتەوە، هەجوەکەی نەکات، بەڵکو ئەوەتا هەر سوورە لەسەر هەجوکردنەکەی، جەختیش دەکاتەوە لەسەر بڕیاری هەجوکردنەکەی، ئەمەش (جەختی لۆمەی بە وەکو وەسفە).

ـ خۆشی و دەسەڵاتی خۆی دەویست بەس

بێجگە لەوە زوڵمی پێ ڕەوا بوو... هێدی

لەم دێڕەدا سەرەتا باس لەوە دەکات، کە ئەو پاشایە هەر تەنها خۆشی و دەسەڵاتی خۆی دەویست، ئەوەش بێگومان لۆمەی پاشایە، لە پاشان بە وشەی (بێجگە)، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە ئێستا شتێکی جیا بڵێت و وەسفێکیشی بڵێت، کەچی کە قسەکەی تەواو دەکات، لۆمەی زیاتریشی دەکات و پەسنی خراپتریشی ئاشکرا دەکات، ئەوەش (جەختی لۆمە بە وەکو وەسف)ە.

سێیەم: جاری واهەیە بەبێ بەکارهێنانی ئامراز و بەشێوەیەکی تر شاعیر جەختی لۆمەکەی پێشووی دەکات.. بۆ وێنە:

ـ ئەو مریشك و کەڵەشێرەی کە گوتم بینێرە
دووی لە ڕێگە مردو یەکێکی بە نەخۆشی لێرە... شێخ ڕەزا

لە نیوە دێڕی دووەمدا، کاتێك شاعیر دێتە سەر پەسنی، ئەو مریشك و کەڵەشێرەی کە لە نیوە دێڕی یەکەم ئاماژەی بۆ کردوون، سەرەتا دەڵێت (دووی لە ڕێگە مرد) ئەمەش لۆمەیەکی بەرامبەرەکەیتی، کە مریشك و کەڵەشێری نەخۆش و دەردەداری بۆ (شێخ) ڕەوانەکردووە، بەڵام کە دەڵێت: (یەکێکی).. یەکەمجار بیری خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە دەشێت، ئەوەیان جیابکاتەوەو ڕستەکەی وا لێبکات (دووی لە ڕێگە مرد و یەکێکی گەیشتە ئێرە)، کەچی ڕستەکەی تەواو دەکات، دەڵێت: یەکەکەی تریشی بە نەخۆشی لای من مرد.. ئینجا خوێنەر تێدەگات، کە شاعیر بە هەڵەی بردووە، دەنا لە نیازی نەبووە، پەسنی بە تەنیا یەکێکی مریشکەکان بدات و لەوانی تری جیابکاتەوە، بەڵکو ئەو گوتەی دواییشی هەر جەختی لۆمەکەی پێشوویەتی، ئەوەش (جەختی لۆمە بە وەکو وەسف)ە.

وەسفی لە بەرگی لۆمە:

وەسفی لە بەرگی لۆمە لە عەرەبیدا (المدح بما يشبه الذم)ی پێدەگوترێت.. ئەو گوتەیەیە، کە تیایدا شاعیر سەرەتا لە بەرگی لۆمە کۆمەڵە پەسنێکی خراپ، بۆ شتێ، یان یەکێ ئاراستە دەکات، بەڵام لە پاشان بەشێوەیەکی تر بڕیار دەدات و دەریدەخات کە ئەو گوتانەی پێشووی کە لە بەرگی لۆمە دەبینران، نەك بە لایەوەی لۆمە نەبووە، بەڵکو وەسف بووە.. بۆ وێنە:

ـ خزمینە مەدەن پەنجە لە تەك عەشرەتی جافا
مێروولە نەچێ چاکە وەگژ قوللەیی قافا
خوێنڕێژ و شەڕەنگێز و عەدوبەند و تەن و مەند
کامیان کە گەنە، شێرە لە مەیدانی مەصافا.. شێخ ڕەزا

خوێنەر کاتێ سێ نیوە دێڕەکانی یەکەمی ئەم پارچەیە دەخوێنێتەوە، سەرەتا وا هەست دەکات، شاعیر هاتووە لۆمەی عەشیرەتی جافی کردووەو کۆمەڵێ سیفات و کردەوەی خراپی خەڵکانی ئەو هۆزەی بە لۆمەوە خستۆتە ڕوو، بە شێوەیێك، کە تا سەر ئێسقان قێزیان لێدەکات و پێیان دڵتەنگە، بەڵام لە دوا نیوە دێڕدا، کە دەڵێت: (کامیان کە گەنە شێرە لە مەیدانی مەصافا)! ئینجا خوێنەر بۆی دەردەکەوێت، کە ئەو سیفەت و کردەوانەی سەروو، کە

شاعیر خستویەتییە پاڵ پیاوانی ئەو عەشیرەتە، نەك بۆ ئەوەیە، بە هۆیەوەی ناشرینیان بکات و خۆیشی رەتیانبکاتەوە، بەڵکو زۆر دڵخۆشە بە بوونی ئەو رەوشتانەیان و وا دەزانێ لە سای ئەو رەوشتە چاکانەیاندایە، هەموو هەر شێرن، ئەمەش (وەسفی لە بەرگی لۆمە)یە.

ـ ئێستەش نالێم وەرن رێزی لیێ بگرن
من هەر دەلێم دەگەڵ کەسی ڕامەگرن... هێدی

لەم دێڕەدا نیوە دێڕی یەکەم کە دەڵێت (ئێستەش نالێم وەرن ڕێـزی لـیێ بگـرن)، سـەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە لۆمەی وەسفکراوی کردووە، بەلاّم لە پاشان کە دەڵێت (مـن هـەر دەڵێم دەگەڵ کەسی ڕامەگرن)، بەمە خوێنەر بۆی دەردەکەوێت سەرەتا بەهەڵە تێگەیشـتووە، چونکە مەبەستی شاعیر وەسف کردنە، نەك لۆمەکردن، ئەوەش (وەسفی لە بەرگی لۆمە)یە.

لۆمە لە بەرگی وەسف:

(لۆمەی لە بەرگی وەسف) لە عەرەبیدا (الذم بما يشبه المدح)ی پێـدەگوترێت، پێچـەوانەی (وەسفی لە بەرگی لۆمەیە) بریتییە لەو دەربڕینەی، کە شاعیر تێیدا سەرەتا بە باشی ستایشی یەکێك، یان شتێك دەکات و پەسـنی دەدات، بـەلاّم دواتـر دەریـدەخات، کـە لـە گوتەکـەی مەبەستی لۆمەیە نەك وەسف.. بۆ وێنە:

ـ گوڵە باغ گوڵە باغ گوڵی باغی
بیێ عەقل و زۆر بیێ دەماغی

لەم دێڕەدا بە گوڵەباغ وەسفی بەرامبەر دەکرێـت، خوێنـەر وا دەزانـێ پـەیامی دێڕەکـە وەسفکردنە، بەلاّم کە دێڕەکە تەواو دەبیێ، دەردەکەویێ مەبەست لۆمەیـەو لـە بـەرگی وەسـف پێشکەش کراوە.

ـ ئەتۆ زەمم دەکەی، مەدحت دەکەم من
جەزای قەولی درۆ، با هەر درۆبیێ... نالی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، شاعیر هاتووە، روو لە هاوڕێکەی دەکات، ئەوەی کە هەمیشە لۆمەی

دەكات، بەهەق و ناهەق بە بەرچاوی خەڵكانەوەی دەیشكێنێت، بەڵام پێی دەڵێت: كەچی من وەكو تۆ نایم بتشكێنمەوەو بە خراپییەكانتدا بڵێم، بەڵكو من وەسفت دەكەم، ئەمەش لە خۆیدا وەسف دەگەینێت، بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا، كە شاعیر دێتە سەر وەڵامی ئەوەی، كە لە نیوە دێڕی یەكەمدا، بڕیاری كردنی داوەو دەڵێت، بۆیە مەدحت دەكەم، چونكە كە تۆ لۆمەی من دەكەی، درۆدەكەی، منیش بە هەمان شێوە دەبێ پاداشتی تۆ بدەمەوە، بۆیە ئەگەرچیش وەسفت لێ نەهێت، بەڵام وەسفت دەكەم.. لێرەشدا تێدەگەین، كە مەبەستی شاعیر لۆمەیە نەك وەسفكردنی بەرامبەری، ئەگەرچیش لە قاڵبی وەسفكردندا لۆمەكەی ئەنجام بدات، ئەوەش لە رەوانبێژیدا (لۆمەی لە بەرگی وەسف)ی پێدەڵێن، لەم نموونەیەدا، شاعیر بە ئاشكرا هۆی لۆمەكردنی بەرامبەرەكەی ئاماژە پێكردووە.

بەڵام جاری وا هەیە، شاعیر ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ هۆی لۆمەكردنی بەرامبەرەكەی دەكات، بۆ وێنە:

ـ ئەگەر شیعرێ بڵێم و نەشری كەم هیچم لە كەس ناوێ

لە فیكرا پەیڕەوی مەرحومی زاتی شێخ ڕەزا ناكەم.. موفتی پێنجوێنی

لەم دێڕەی (موفتی پێنجوێنی)دا، سەرەتا وای پیشان دەدات، كە (شێخ رەزا) لە لای زۆر بەرێز و گەورەیە، بەڵام ناڕاستەوخۆ دێت گلەیی و لۆمەیەكی ئاراستەی (شێخ ڕەزا) دەكات، ئەویش وەنەبێ بڵێ (شێخ رەزا) ئەو سیفەتە خراپەی هەبووەو جێی خۆیەتی بەر لۆمەی بخەین، بەڵكو وەك ئاماژەمان بۆ كرد، سەرەتا شێخ رەزا زۆر هەڵدەنێ، لە دواییدا بە ناڕاستەوخۆیی لەوەی دەیڵێت، كە من لەسەر نەشركردنی شیعری خۆم داوای هیچ شتێ لە كەس ناكەم وەك شێخ رەزا، ئەمە ئەوە دەگەینێت، كە شێخ رەزا لەم بارەیەوە سیفەتێكی خراپی بووە و لەسەر شیعرەكانی داوای شتی لە بەرامبەرەكانی كردووە.. بۆیە لە راستیدا ئەگەرچیش بەرگی وەسف لە لایەن شاعیرەوە كرابێتە بەر ئەو دێڕەی لە بەرامبەر شێخ رەزادا، بەڵام لە ناواخندا لۆمەی دەكات و جۆرێكە لە (لۆمەی لە بەرگی وەسف)دا.

جۆرێكی تری (لۆمەی لە بەرگی وەسف) ئەوەیە، كە سەرەتا شاعیر پەسنێكی پەسندراو دەدات، بەڵام لە پاشان یەكسەر پێچەوانەكەشی دەڵێت.. بۆ وێنە:

ـ شكلی تەكیە و خانەقاهی شێخەكان

واقیعەن ڕەنگینە، ئەمما بۆ ڕیان... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەدا، سەرەتا شاعیر دانی بەوە داناوە، کە شێوەی تەکیە و خانەقای شێخەکان جوان و ڕەنگینن، ئەمەش وەسفێکی چاکە، بۆ ئەو خانەقاو تەکیانە، کەچی دوای ئەوە هەر بە ئاشکرا دێت عەیبێکی گەورەیان باس لێوە دەکات، ئەویش ئەوەیە دەڵێت ئەو شوێنانە ئەگەرچی دەبێ بۆ خواپەرستی بینا بکرێن، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئەو مەبەستە بینا نەکراون و ڕیاکارییان تێدا دەکرێت، ئەوەش لۆمەیەکی گەورەیە ئاراستەی ئەو دەامەزراوانەی دەکات، بۆیە گەرچی سەرەتا وەسفێکیشی کردبن، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی شتێکی پێچەوانەیە و (لۆمەی لە بەرگی وەسف)ە.

چەند نموونەییێکی دیکەی لۆمەی لە بەرگی وەسف:

ـ شێخی من بەو غایەتە پشتی لە عالەم کردووە

صورەتی خۆشی لەنێو ئاوێنە پشتی تێ دەکا... حاجی قادری کۆیی

لێرەدا شاعیر بە (شێخی من) باس لە شێخەکەی دەکات، ئەوەش وشەی وەسفکردنە، بەڵام بەو تۆمەتەی دەیداتە پاڵی، کە: لەبەرئەوە پشت لە خەڵك دەکات، چونکە وێنەی خۆیشی لە ئاوێنە پشتی تێدەکات! هەست دەکەین دەیەوێت بەمە گەوجێتی و بێئەقڵی شێخەکەی دەربخات، ئەوەش کەوابێ لەم نموونەیەی هێناویتییەوە مەبەستی لۆمەی شێخە، نەك مەبەستی دەرخستنی ئەقڵ و حیکمەتی شێخ بێت، ئەوەش لۆمەی لە بەرگی وەسفە، چونکە نابێ هەموو شتێك وەکو خۆی وەربگیرێ، بەڵکو کەسی ئاقڵ هەر شتەی بە جۆرێك تێدەگات و سوودی لێوەردەگرێت، کە شێخی ئەو وەکو خەڵکی ئاقڵ نییە و وەکو کەسی گەوجە و گێلە و بە هەڵە شتەکان پڕاکتیك دەکات.

ـ توخودا مەنعی مەکەن هەرچی بکا حاجی فەرەج

چونکە خوا فەرموویەتی ﴿لیس علی الأعمی حرج﴾ ... حەمدی

شاعیر لەم دێڕەیدا داوای ئەوە دەکات، کە هیچ کەسێك ڕێگری لە حاجی فەرەج نەکا، چیدەکات با بیکات، چونکە خودا فەرموویەتی کوێر چ حەرەجێکی لەسەر نییە، ئەمە لە باری ئاساییدا خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، شاعیر وەسفی حاجی فەرەج دەکات و بەزەییی پێدادێتەوە،

که کەمئەندامە، بەڵام لە ڕاستیدا لەولاوەش مەبەستی لەم قسەیەی ناشیرینکردنی حاجی فەرەجە، چونکە ڕاستە کوێر لە ئەنجامدان و نەدانی هەندێ شت عوزری هەیە، بەڵام خۆ لە هەموو شتێکدا هەر عوزری نییە، شاعیر بە دەربڕینی هەرچی دەکا، هەل وەردەگرێ و مەبەستیەتی ئەم پیاوە تەواو نییە، یانی نەك هەر کوێرە بەڵکو ئەقڵیشی تەواو نییەو نەك هەر شتە ماددییەکان، بەڵکو شتە مەعنەوییکانیش نابینێ، بەوەش کەواتە نەك هەر مەبەستی وەسفی حاجی فەرەج نییە، بەڵکو مەبەستی لۆمەکردنیەتی، ئەمەش لۆمەی بە وەکو وەسفە.

ـ کە پیربووم تێگەیشتم دەستی گرتم

لە کەسب و کار و تەحصیلی مەعانی... حاجی قادری کۆیی

دەست گرتن باشە، بۆیە کە سەرەتا هاتووە، خوێنەر وا دەزانێ وەسفە، بەڵام کە دەڵێ: لە کەسب و کار و تەحصیلی مەعانی! ئیتر ئەمە دەبێتە لۆمەو بەوە لۆمەی لە بەرگی وەسف بەرهەم دێ.

ـ شای ئەو دەمە ناوی ئەژدەهاك بوو

شای چی؟ وەك شێری سامناك بوو... هێدی

لەم دێڕەدا سەرەتا شاعیر باس لە شایەك دەکات، کە ناسراوە ناوی (ئەژدەهاك)ە، ئینجا پرسیار دەکات، دەڵێت: (شای چی)، بەوەش خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، ئێستا وەسفی بکات، چونکە دەربڕینی (شا چ شا) یان هەر دەربڕینێکی هاوشێوەی لە کوردیدا بۆ مەبەستی ستایش و پیاهەڵدان دێت، کەچی شاعیر کە دێڕەکەی تەواو دەکات، دەڵێت (وەکو شێری سامناك بوو)، بەمە لۆمەی دەکات، خوێنەر لێرەدا وشیار دەبێتەوە، کە مەبەستی شاعیر ناشیرنکردنی شایە، نەك جوانکردن و خۆشەویستکردنی، ئەوەش (لۆمەی لە بەرگی وەسف)ە.

ـ وەڵڵا لەسەر ئەو جوانییە

فڕی بە دنیاوە نییە... هێدی

لەم دێڕەدا شاعیر کە باس لە جوانی وەسفکراو دەکات، دەڵێت: وەڵڵا لەسەر ئەو جوانییە، بیر بۆ ئەوە دەبات، ئێستا وەسفی دیکەیشی دەکات، کەچی کە زیاتر دەڵێ، ئەمجارە لۆمەی دەکات، ئەمەش (لۆمەی لە بەرگی وەسف)ە.

ـ شەڕی وا هەر نابێتەوە

یاخوا بڕواو نەیێتەوە... هێدی

لەم دێڕەدا سەرەتا شاعیر کە باسی ئەو شەڕە دەکات، دەڵێت: شەڕی وا هەر نابێتەوە، بەوەش سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە شەڕەکە شتێکی بەسوود بووبێت، بۆیە کە دواتر دەڵێت (یاخوا)، خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە ئێستا وەسفێکی دیکەی ئەو شەڕە دەکات و شتێکی دیکەی باشی لەبارەوە دەڵێت، کەچی کە دێڕەکەی تەواو دەکات، دەڵێت: (بڕواو نەیێتەوە)، بەوەش خوێنەر دێنێـەوە سەرسامی و بەمە (لۆمەی لە بەرگی وەسف) دروست دەکات.

پۆشین:

(پۆشین) لە عەرەبیدا (التوریە)ی پێدەڵێن.. بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندی لە نێـوان دوو شت، یەکیان واتایەکی دووری هەبێ، ئـەوی تریـان واتایـەکی نزیـك، بـەڵام لـە دەقەکـە مەبەست واتا دوورەکە بێ.. یان بەواتایەکی تر: پۆشین ئەوەیە شاعیر، یـان نووسـەر وشـەیەك بێنێت، ئەو وشـەیە دوو واتـا بگـەینێت، یـەکی دوور و یـەکی نزیـك، ـ (کـە دەڵـێین دوور، مەبەست ئەوەیە پیاو درەنگ بۆی دەچـێ نـەختێ لێکدانـەوەی پێـدەوێ، بـەڵام کـە دەڵـێین: مانایەکی نزیك، مەبەست ئەوەیە، کە گوێگر یان خوێنەر هەر زوو بۆی دەچێ و وەریدەگرێ) ـ جا مەرجە لە پۆشین، شاعیر، یان نووسەر مەبەستی بەم وشە جـووت واتایـە، واتـا دوورەکـە بێت.

بێگومان ئەم واتا دوورەش وەنەبێ لە خوێنەری زرنگ و هۆشیار ون و شـاراوەبێ، بـەڵکو هەر ئەوەندەیە، کە سەر لە خوێنەری کەمبین دەشێوێنێ و نەزاکەتێکی تەڕیش پەیدا دەکات.. بۆ وێنە:

ـ بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد، لەگەڵمان شێخ حەسەن

سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێڕا، ئەوکەرە... شێخ رەزا

لێرەدا وشەی (کەر)، کە شاعیر لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەمـی بـەکارهێناوە، دوو واتـای هەیە، نزیکەکەیان (کەر)ە راستییەکەی نیوە دێڕی یەکەمە، کە لەسەریدا شەڕ و گۆڤەنـدێکی گەورە نراوەتەوە، بەڵام مانا دوورەکەی (شێخ حەسەن)ە، کاتێ (شێخ رەزا)ی شاعیریش وشـەی (کەر)ی لە نیوە دێڕی دووەم بەکاردێنێ، مەبەستی پێی مانا دوورەکەیە، کە (شێخ حەسەن)ە،

بەڵام ئەوەی پۆشیوە، بەو وشە (کەر)ە راستەقینەی یەکەمجار هێنابووی، چونکە ئەگەر شێخ حەسەن تێشبگات، شێخ رەزا پاساوی هەیە و دەڵێ من مەبەستم کەرە گوێدرێژەکەیە، چۆن قسە بە بەڕێزێکی وەکو جەنابت دەڵێم، بەوەش شێخ حەسەن هیچی بۆ نامێنێتەوەو ئەگەر بڕواشی پێنەکات، بەڵام چ پاساویشی نابێ، شتێك لە دژی شێخ رەزا بڵێ.

جۆرەکانی (پۆشین):

پۆشین وەکو یەك لە شێوازە جوانەکانی دەربڕین زیاتر لە جۆرێکی هەیە، لەوانە :

یەکەم: پۆشینی رووت

بریتییە لە بە تەنیا هاتنی ئەو وشەیەی کە (پۆشین)ەکەی لێدروست دەبێت، بەو شێوەیەی کە هیچ هێماو ئاماژەیەکی لە تەك نەهاتبێت، ئەوە بخاتە روو مەبەست واتا نزیکەکە، یان دوورەکەیە.. بۆ نموونە:

ـ (بانگی کوردستان)ە، وا دنیایی ئیحیاکردەوە

زامی قەلبی کوردی بێچارەی موداوا کردەوە... ئەحمەد موختار جاف

لەم دێڕەدا (بانگی کوردستان) بە دوو واتادێت، واتایەکی نزیك کە مەبەست لێی گۆڤاری (بانگی کوردستان)ە، کە لەو رۆژگارەدا بڵاو دەبووەوە، کوردی بووژاندۆتەوە، واتاییێکی دووریش، کە دوای بیرکردنەوە وای لێ تێدەگەیشتریێ، کە مەبەست لێی جاڕی سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان بێ، کە بە زمانی حاڵ داوای خەبات لە پێناو ئازادی و چوونە ریزی وڵاتان لە رۆڵەکانی دەکات، مەبەستیش واتا دوورەکەیە، ئەمەش بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی لە تەك هاتبێ، بۆ ئەوەی دەریبخات، کە مەبەست کامە مانایە.

دووەم: پۆشینی پاڵاو

بریتییە لەو پۆشینەی، کە لە تەك ئەو وشەیەی کە پۆشینەکەی لێ دروست دەبێت، وشەیەکی تر هاتبێت، وای دەربخات، کە هێمایە بۆ واتا نزیکەکە، ئەمەشیان هەر بۆ ئەوەیە، تا زیاتر بیر و هۆشی گوێگر بۆ لای مانا نزیکە نامەبەستەکە بچێت و زەین و هۆشی لە مانا دوورە مەبەستەکە دوور بکەوێتەوە.. بۆ نموونە:

ـ تا(سلێمان)ان نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت

ئەحمەد موختاری ئێمە، شاهی تەخت ئارانەبوو... نالی

ئەم پارچەیەی سەروو، دێڕێکە لە هۆنراوەیەکی (نالی)، تیایدا مێژوویەکی بۆ ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای سێیەمی بابان داناوە، ئەم ئەحمەد پاشایە لە پاش مردنی سولەیمان پاشای باوکی هاتۆتە سەر تەخت، جا لەم دێڕەدا وشەی (ئەحمەد) بە دوو واتا دێت.. وەك چۆن وشەی (سلێمان)یش بە هەمان شێوەی بە دوو واتا دێت.. واتایەکی نزیکی ئەو وشانە (ئەحمەد) پێغەمبەری ئیسلامە و (سلێمان) پێغەمبەری بەنی ئیسرائیلییانە (درووود و سڵاوی خودایان لەسەر)، کە مەبەست لێرەدا ئەو واتا نزیکەیان نییە، بەڵام بۆ بیر سەرەتا بۆ ئەو واتا نزیکەیان دێت؟ چونکە (صەدری تەختی ئاخیرەت) و (موختار) کە شاعیر لە دێڕەکەدا یەکەمیانی وەپاڵ (سلێمان) و دووەمیانی وەپاڵ (ئەحمەد)داوە دروودو سلاّوی خوایان لێ بێ، پەیوەندییان هەیە بەو پیاوە بەڕێزانەوە، خوێنەر بە هۆی ئەم وشانە وا لە دێڕەکە دەگات، کە (نالی) مەبەستی لێیان ئەوەیە بڵێ (تا سلێمان پێغەمبەری بەنی ئیسرائیلییان و پێغەمبەرانی تری هاوشێوەی کۆچی دواییان نەکرد و بەرەو دوا مەنزڵی ئاخیرەت نەڕۆیشتن، ئەحمەدی موختاری ئێمە (واتە محەمەدی پێغەمبەری ئێمە- درووود و سلاّوی خوای لێ بێ- کە یەکێ لە ناوەکانی ئەحمەدەو بە ئەحمەدی موختاریش ناوبراوە)، نەهاتە دونیاو وەك پێغەمبەرێك دەرنەکەوت. ئەمە مانای نزیکی ئەو وشانەو بەیتەکە دەخەنەڕوو، بەڵام مانای دووری بەیتەکە ئەوەیە شاعیر مەبەستی لە (سلێمان) سلێمان پاشای سێیەمی بابانە و مەبەستی لە (ئەحمەدی موختار)یش، ئەحمەد پاشای کوڕی ئەو سلێمان پاشایەیە، لە بەیتەکەیدا مەبەستی ئەوەیە (کە تا سلێمان پاشای سێیەمی بابان و هەردوو سلێمانەکەی پێش ئەویش نەمردن لە دونیا دەرنەچوون، سرەی دەرکەوتن و هاتنە سەرتەختی ئەحمەد پاشا نەهاتەپێش و نەبووە پاشای بابان) ئەمە واتای دووری بەیتەکەیە و هەر ئەو واتایەش مەبەستی شاعیرە، جا بەم شێوەیە، پۆشینە کە تیایدا وشەی (پۆشین) وشەیەکی وای لەگەڵداهات پەیوەندی بە واتا نزیکەکەی وشە پۆشراوەکە هەبوو، ئەڵێین (پۆشینی پاڵاو).

سێیەم: توانج پۆشی: بریتییە لەو پۆشینەی، کە تیایدا ئەو وشەیەی (پۆشین)ەکە دروست دەکات، هەر لە دێڕەکە، یان لە پارچە هۆنراوەکە، بۆ دوو وشە بگەڕێتەوە، یەکەمیان لە داڕشتن و واتادا وەکو خۆی بێ، کە ئەمە دەلالەتی مانا نزیکەکەی بگەینێ و مەبەست نەبێ، بەڵکو وەك نیشانەیەك شاعیر هێنابی تا ئەگەر ویستی لە مانا دوور و مەبەستەکەی دێڕەکەی پاشگەزببێتەوە، بتوانێ سوود لەو نیشانەیە وەربگرێ و خۆی پێ دەرباز بکات، وشەی

دووەمیش، کە ئەو وشەی (پۆشین)ە، کە دروست دەکات، بۆی دەگەڕێتەوە، لە ڕەگەزێکی ترەو واتا دوورە مەبەستەکەیە.. بۆ وێنە:

ـ گەرچی هەژار و موفلیسە شێخ مامە سالم
نەمدی کەسێ وەکو ئەو ساحیبی کەرەم
میوانی بووم نان و کەرەی نایە بەر دەمم
ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنونی ئەو کەرەم... شێخ ڕەزا

وشەی (کەر)ی نیوە دێڕی یەکەمی دێڕی دووەم، بە دوو واتا دێت، یەکەمیان کە ئەوە مانا نزیکەکەیە، ئەو (کەر)ەیە کە بەیانیان لەگەڵ نان و چا دەخورێت، لێرەدا ئەو کەرەیە مەبەست نییە، بەڵام شاعیر ئەم وشەیەی وەکو نیشانەیەکی پۆشراو هێناوە، تا ئەگەر ویستی ئەو توانجەی خۆی کە لە دێڕەکەدا گرتوویەتی بە هۆیەوەی بتوانێ بیپۆشێ، هەرچی واتای دووەمیشە، کە ئەوە واتا دوورەکەیتی، (شێخ مامە سالم) خۆیتی، کە لێرەدا (شێخ ڕەزا) بەرتوانجی دەگرێ و بە کەر و گوێدرێژێکی بێ ئەقڵی دەچوێنێ.

ڕێبازی گوتەیی:

لە عەرەبیدا (المذهب الكلامي)ی پێدەگوترێت.. لەلای (ئیبنول موعتەز) بە هونەری پێنجەمی (جوانکاری) دانراوە، (ئیبن و ڕەشیق) لە بەشی دووەمی کتێبەکەی خۆیدا (العمدة) دەڵێت: ڕێبازێکی گوتەیی فەلسەفییە، (زەرکەشی)ش دەڵێت: بریتییە لە پاساوهێنانەوە بۆ واتای مەبەست، بە پاساوێکی ئەقڵی وەها هیچ لاملێییکردنێك بۆ خۆی نەهێڵێتەوە. واتە بەڵگە ئەقڵییەکە بڕوا بە بەرامبەر بێنێت و ڕایەکی دیکەی بۆ نەهێڵێتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕایانەش دەتوانین بڵێین: بریتییە لەوەی شاعیر، یان نووسەر لەسەر شێوازی کەلامییەکاندا بەرگری لەو بیرەی خۆی بکات، کە پێشکەشی دەکات و بەرگریکردنەکەیشی لە بیرەکەی خۆی بە بەڵگەی ئەقڵی وەهابێت، بەرانبەر چ بیانووێکی بۆ نەمێنێتەوەو یەکسەر بڕوای پێبکات. بۆ نموونە:

ـ لە کابرایەکی کوردیان پرسی خودا چەندە؟
وتی: هەر یەکە
وتیان: بەچیدا دەیزانی؟
وتی: بە ئاشەکەی ماڵی لالەما.

وتیان: چۆن؟

وتی: ئاشەکەی لالەم تا هەر هی خۆی بوو، باش ئەگەڕا، بەڵام لەو رۆژەوەی بوو بە شەریك لەگەڵ حەمەی میروەیسدا، ئیتر پەکی کەوت! ئەم دنیایەش هەروایە، ئەگەر خودا یەکێکی تری لەگەڵ بووایە، هەر لە زووەوە ئەم دام و دەزگایە تێك دەچوو.

لەم پارچەیەدا، دەبینین کابرای پرسیارلێکراو، بۆ ئەوەی پرسیاری بەرامبەرەکانی بەکۆتابێنێ و ئیتر بڕوایان پێکات، دێت بەڵگەیەکی جوانیان بۆ دێنێتەوەو پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ قسەکەی خۆی دێنێتە پێش.

ـ ئەتۆ خۆت بوویە گورگی مێگەلی خۆت
ئیتر کێ بیت و دڵسۆزی بکا بۆت
لە خوێندا سوور بووە دندوکی ئاڵت
ئەبێ بیگریە ئەستۆی خۆت وەباڵت... هێدی

بەڵگەکە ئەقڵییە، ئەگەر ئادەمیزاد خۆی بووە دوژمنی میللەتی خۆی، ئیدی کێ لە بۆیان دەبێتە دۆست، بێگومان کەس نابێ بە دۆست لە بۆیان.

جێگۆڕین:

لە عەرەبیدا (العکس) و (القلب)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لەوەی دەربڕین، لە سنووری وشەی لێکدراودا بێ یان رستە بێ، چ لە سەرەتاوە تا کۆتایی وشەکانی بخوێنرێتەوە، چ لە کۆتایی بۆ سەرەتا وشەکانی بخوێنرێتەوە هەر هەمان شت دەربچێت، بۆ نموونە:

ـ یەزدانی تاك و تەنیا، سەتتار و کردگاری
بێ عەیبی عەیب دەپۆشی، کردگار و سەتتاری.. بێبەش

لەم دێڕەدا لە نیوە دێڕی یەکەم، کە شاعیر باس لە یەزدانی مەزن دەکات، بە (سەتتار و کردگار) پەسنی دەدات، بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا کە هەر بەردەوام دەبێ، لەسەر پەسنی (یەزدان) ئەمجارە بە (کردگار و سەتتار) پەسنی دەدات، ئەمەش وێنەیەکی ئاشکرای (جێگۆڕین)ە، چونکە دوو پەسنەکانی (سەتتار و کردگاری)، لە جاری دووەمدا شاعیر هەڵیگەڕاندوونەتەوەو پاش و پێشی کردوون.

ـ تەنگانە وا دەبیٚ کە لەو جێگە تەنگەدا

سائیل نەکیری عاریف و مەعروف مونکەرە... نالی

(نەکیری عارف) کە لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمدا هاتووە، دواتر لە کۆتایی دێڕەکە کراوەتە (مەعروفی مونکەر)، بەوەش (جێگۆڕین) بەرهەم هاتووە.

جوانی جێگۆڕین لەوەدایە، کە جۆرێکە لە گەمەکرد بە وشە، ئەوەش زۆرجار واتا دەگۆڕێت و هەندیٚ جاری تریش واتا وەکو خۆی دێڵتەوە، بۆ نموونە (شێت چا دەکەی) واتە: دەتوانی شێتان لە نەخۆشییەکەیان رزگار بکەیت و چاکیان بکەیتەوە، بەڵام کە جێگۆڕینی لیٚ دروست دەکرێت و دەبتە (چا دەکەی شێت)، ئەم رستەی دووەم واتاکەی جیاوازە، واتە: تۆ هۆیەکی بۆ ئەوەی خەڵك شێت بن. ئەوەش جوانییەکە دەبەخشێت.

هەندیٚ جاری تریش بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەمان واتای یەکەم دێت، بەڵام بە شێوەیەکی نویٚ، کە خوێنەر لە وەڕسی رزگار دەکات.

ـ هونەرمەندیت لەوەیدا نازەنینم

کە هەم شێت چادەکەی هەم چادەکەی شێت... حەسەنی دانیشڤەر

لەم دێڕەدا لە نیوە دێڕی دووەم شاعیر دەڵێت: (شێت چادەکەی)، لە دوای ئەو ئەو رستەیەی هەڵگێڕاوەتەوە، جێگۆڕکێی بە وشەکانی کردووەو کردوویەتییە (چادەکەی شێت). بەوەش شاعیر (جێگۆڕین)ی دروست کردووە.

ـ ئەڵێم ئەوجار ناوت بێنم

ئەوجار ئەڵێم بتناسێنم... هێدی

(ئەڵێم ئەوجار) کە لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەمدا هاتووە، دواتر لە کۆتایی لە نیوە دێڕی دووەمدا کراوەتە (ئەوجار ئەڵێم)، بەوەش (جێگۆڕین) بەرهەم هاتووە.

ـ نە تۆ بە بیٚ من، نە من بە بیٚ تۆ، ئەژین لە ژیان

ئالآین بە یەکدا، وەك و تان و پۆ، یەك لاشە یەك گیان... سەلام

(تۆ) و (من) هەردووکیان راناوی کەسی سەربەخۆن، جاری یەکەم (تۆ) لە پێش (من) هاتووە، بەڵام جاری دووەم جێگۆڕکێیان پێکراوەو، ئەمجارەیان (من) لە پێش (تۆ) خراوە.

چەند جۆرێکی جێگۆڕین

١- جێگۆڕینی وێنەی چەسپاو.. بۆ نموونە:

- عالەم شەوانی کردووەتە ڕۆژی ڕۆشنا

ئەم ڕۆژی ڕۆشنایە بە نیوە شەوانمان... حەمدی

نیوە دێڕی یەکەمی ئەم دێڕە ڕستەییێکی سادەیە، (عالەم شەوانی کردووەتە ڕۆژی ڕۆشنا) لە پاشان ئەم ڕستەیە هەڵگەڕێنراوەتەوەو جێگۆڕکێ بە وشەکانی کراوە، بووەتە (ئەم ڕۆژی ڕۆشنایە بە نیوە شەوانمان).

٢- جێگۆڕینی وێنەی جوڵاو.. بۆ نموونە:

چۆنت کە ئەکرد کافری موتڵەق بە موسڵمان

بەو نەوعە موسڵمانە ئەکەن ئێستە بە کافر... حەمدی

ئەوسا ــــــــــــــ ئێستا

کافری موتڵەق ــــــــــــــ موسڵمان

موسڵمان ــــــــــــــ کافر

٣- جێگۆڕینی واتایی.. بۆ نموونە:

- مەپرسە دەردی غەریبی و لەزەتی وەتەنم

ئەوی لە دەستی دەگریام ئەمێستە بۆی دەگریم... حاجی قادری کۆیی

لە نیوە دێڕی دووەم: (لە دەستی دەگریام) وەکو واتا هەڵگەڕێنراوەتەوەو کراوەتە (ئەمێستە بۆی دەگریم).

تێلنیشان:

تێلنیشان لە عەرەبیدا (تلمیح)ی پێدەگوترێت.. بریتییە لە ئاماژەدانی شاعیر، بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەیەك، یان پەندێکی پێشینان و ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ، یان داستان و بەسەرهات و هەر شتێکی تری هاوشێوە، بەڵام بێ ئەوەی کە ئاماژە بۆ شتێ دەکات، لەسەری بوەستێ و بە درێژی باسی بکات، بەڵکو هەر بە ئاماژەیەکی خێرا بەسەریاندا تێدەپەڕێت.. بۆ وێنە:

ـ یەکەم وشەیەك لای خوا هاتە خوار
بۆ سەر پێغەمبەر سەرکردەی نازدار
﴿إقرأ﴾ بخوێنە هێمای رزگاری
لە گشت تاریکی و ژان و بێزاری.. قەرەداغی

لەم پارچەیەدا، شاعیر کە وشەی (إقرأ)ی خستۆتە نێو دێڕەکانی، ئاماژەیەکی خێرای بەم چەند ئایەتە پیرۆزە کردووە، کە بۆ یەکەمجار جوبریلی ئەمین (سەلامی لەسەر) بۆ سەر پێغەمبەری دابەزاند (دروود و سڵاوی خوای لێ بێ) و پێی فەرموو ﴿ٱقْرَأْ باسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِی خَلَقَ (١) خَلَقَ ٱلإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) ٱقْرَأْ وَرَبُّكَ ٱلأَكْرَمُ (٣) ٱلَّذِی عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ ٱلإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ (٥)..﴾.. سوڕەتی پیرۆزی (العلق) ئایەتەکانی (١ تا ٥)، بەڵام ئاماژەکەی شاعیر ئاماژەیەکی خێرایە بۆ ئەو ئایەتە پیرۆزانە، بێ ئەوەی لە سەریان بوەستێ و درێژەیان پێبدات.

جۆرەکانی (تێلنیشان):

بە گوێرەی ئەو بابەتەی تێلنیشانی بۆ دەکرێت، تێلنیشان بۆ زیاتر لە شتێك دەکرێت و بە هۆیانەوە مەبەستی قسەکەر فراوانتر و بەهێزتر دەکرێت، لەوانە گرنگترینیان:

١ـ تێلنێشان بۆ ئایەتی قورئانی پیرۆز.. ئەو تێلنیشانەیە کە بە وشە، یان بە واتایێك ئاماژە بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەکات.. بۆ نموونە:

ـ ئەوە شاهەنشەهە بۆ عەبد و پاشا
موعەللەق خەیمەیی ئەفلاکی هەڵدا... حاجی قادری کۆیی

تێلنیشان بۆ ئایەتی پیرۆز ﴿اللّهُ الَّذِي رَفَعَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لأَجَلٍ مُّسَمًّى يُدَبِّرُ الأَمْرَ يُفَصِّلُ الآيَاتِ لَعَلَّكُم بِلِقَاء رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ﴾.. سوڕەتی پیرۆزی ﴿الرعد﴾ ئایەتی ژمارە (٢).

ـ ئاو و ئاگر یەك ئەخەی وەك بە زگێ زابن ئەوان
شاهیدی حاڵی ئەوان ((في الشجر الأخضر نار))... مەولانا خالیدی نەقشەبەندی، و: پیرەمێرد

((في الشجر الأخضر نار)) تێلنیشانە بۆ ئایەتی پیرۆزی ﴿ٱلَّذِی جَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلشَّجَرِ ٱلأَخْضَرِ نَاراً فَإِذَآ أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ﴾.. سوڕەتی پیرۆزی (یس) ئایەتی (٨٠).

ـ به نەصصی (کل نفس) هەر فەرامۆشیت ببێ (نوری)

نییه چارە دەبێ بمرین، بەشەر بەم تەرزە خولّقاوە.. نووری

(کل نفس) لە نیوە دێڕی یەکەمدا، تێلنیشانە بۆ ئایەتێ پیرۆزی: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾.. سورەتی پیرۆزی ﴿الأنبياء﴾ ئایەتی (٣٥).

جاری وەها هەیە لە سنووری دێڕە شیعرەکە زیاتر لـە وشـەیەك تێلنیشـان بـۆ ئایـەتێکی قورئانی پیرۆز دەکات، بۆ نموونە:

ـ به قەلبی (مطمئن)ی بوو نیدایی (ارجعي) گەر بیست

به ئەمری (فادخلي) سەربەست لە بۆ باغی جینان ڕۆیی... خادیم

وشەکانی: (مطمئن)، (ارجعي)، (فـادخلي) هەموویان تێلنیشانن بۆ ئەو ئایەتـە پـیرۆزەی دەفەرمووێت: ﴿يا أَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ (٢٧) ٱرْجِعِـى إِلَـى رَبِّـكِ رَاضِـيَةً مَّرْضِـيَّةً (٢٨) فادْخُلِى فِى عِبَادِي (٢٩) وَٱدْخُلِى جَنَّتِي (٣٠)..).. سورەتی ﴿الفجر﴾.

٢ـ تێلنیشانی ڕووداوێکی لە قورئان تۆمارکراو.. ئەو تێلنیشانەیە کە بە وشە، یان بە واتاییێك ئاماژە بۆ ڕووداوێکی قورئانی پیرۆز دەکات.. بۆ نموونە:

زیایی جیلوەییێکی ئاگری بەردایە کێوی توور

به بەحسی کلکە تووریکم کە من مەعلومە بریانم... حەمدی

تێلنیشانە بۆ ڕووداوێکی لە قورئانی پیرۆزدا باسکراو، کە ئەویش بریتییە لە تەجەللای خوای گەورە بۆ کێوی توور و هەپڕوون بە هەپڕوون بوونی ئەو کێوە، بە هۆی دەرکەوتنی ئەم تەجەللایەی خودای گەورە. وەکو ئەم ڕووداوە لە قورئانی پیرۆز تۆمارکراوە، کە دەفەرمووێت: ﴿وَلَمَّا جَاء مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَن تَرَانِي وَلَـكِنِ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكّاً وَخَرَّ موسَى صَعِقاً فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ﴾.. ﴿الأعراف : ١٤٣﴾.

٣ـ تێلنیشان بۆ فەرموودە و ئایەت.. ئەو تێلنیشانەیە کە بە وشە، یان بە واتاییێك لەیەککاتدا ئاماژە بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (درود و سلاوی خوای لەسەر) دەکات.. بۆ نموونە:

ـ بەبێ دینی جەمالی بێ قەرینی
خەلایق سەر بە سەر ئیمانی هێنا... حاجی قادری کۆیی
جەمالی بێ قەرین.. تێلنیشانە بۆ فەرموودەی ((الله جميل يحب الجمال))
بێ قەرین (ئەگەر بە تەنها وەرگیرا)، یان هاتبا.. تێلنیشانە بۆ ئایەتی پیرۆزی ﴿...لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ﴾.. ﴿الشورى : ١١﴾.

ـ خودا ئەم ئاینەی لایق بەئەبوبەکر و عومەری دیوە
کە ئەووەل ﴿ثاني﴾و، پانی شەرەفیاوە بە (لوکان)... مەحوی
لە نیوە دێڕی یەکەمی ئەو دێڕەدا، شاعیر بەدوای یەکدا ناوی دوو هاوەڵی بەڕێزی وەکو (ئەبو بەکری صدیق) و (عومەری کوڕی خەتاب)ی هێناوە (ڕەزای خوایان لێبێ). لە نیوە دێڕی دووەمیشدا بە وشەی (ثاني) ئاماژەی بۆ ئەبوبەکر و بەوشەی (لو کان) ئاماژەی بۆ (عومەر) کردووە.. کە بەم دوو پەسنە، ئەو دوو بەڕێزەی لە ژیانی خۆیاندا پەسنداوە.. مەبەست لە (ثاني) تێلنیشانە بۆ ئایەتی پیرۆزی: ﴿إِلاَّ تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لاَ تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلسُّفْلَىٰ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِىَ ٱلْعُلْيَا وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾.. سورەتی پیرۆزی ﴿التوبة﴾، ئایەتی (٤٠)، کە ئەمە ئایەتێکە باس لەو دوو کەسە دەکات، کە لە شەوی هیجرەتە بەناوبانگەکەی پێغەمبەردا (دروود و سڵاوی خوای لێ بێ) لایاندایە ئەشکەوتی (پور)، دوو کەسەکەش یەکەمیان حەزرەت خۆی و دووەمیشیان (ئەبو بەکری صدیق)ی هاوەڵی بوون، کەوابێ وشەی (پانی) بۆ (ئەبو بەکر) تێلنیشانە.
وشەی (لوکان)ەش تێلنیشانە بۆ ئەو فەرموودەیەی، کە تیایدا پێغەمبەر (دروود و سڵاوی خوای لێ بێ) دەفەرمووێت: ((لو كان بعدي نبي لكان عمر))، کە ئەمەش شاعیر دەڵێت شەرەفێکە بۆ (عومەر) کە هێشتا هەر لە ژیاندا بوو، پێی شەرەفیا.

٤ـ تێلنیشان بۆ فەرموودە: ئەو تێلنیشانەیە کە بە وشە، یان بە واتاییێك ئاماژە بۆ فەرموودەییێکی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لەسەر) دەکات.. بۆ نموونە:
ـ سەر نامەیی نامە، نامێ ئەڵڵاه
بێ نامێ وی ناتەمامە وەڵڵاه.. ئەحمەدی خانی

لەم دێڕەدا کە شاعیر دەڵێت، سەرەتا بە ناوی (ئەڵڵاھ) دەست بە نووسین دەکەم، چونکێ بێ ناوی وی، نووسینەکەم بێ بەهاو بێ بایەخ و ناتەواو دەردەچێ، ئەم وتەیەی ئاماژەیە بۆ ئەو فەرموودەیەی کە تیایدا پێغەمبەری ئیسلام (دروود و سڵاوی خوای لەسەر بێ) دەفەرموویێت: ((کل کلام او امر ذي بال لایفتح بذکر الله عز وجل فهو ابتر او قال اقطع)) بڕوانە: (مسند امام احمد، ذ: ٨٥٣٠٨).

٥ تێلنیشان بۆ گوتەی نەستەق و پەندی پێشینان.. ئەو تێلنیشانەیە کە بە وشە، یان بە واتایێك ئاماژە بۆ گوتەیێکی نەستەق، یان پەندێکی پێشینان دەکات.. بۆ نموونە:

ـ ئەم ئەرزە کۆنە هەوارە خەلایقیش کۆچە

تەماعی سوری کەس نەبێ لەژێر چادری شین... حاجی قادری کۆیی

نیوە دێڕی دووەم تێلنیشانە بۆ گوتەی نەستەقی: کەس لە دونیایێ بە تەمای خۆشی نەبێ!

ـ خولاسە گەر قسەی ڕاستی دەپرسی

ئەوی خۆی تێرە ناپرسێ لەبرسی.. موفتی پێنجوێنی

لەم دێڕەشدا، نیوە دێڕی دووەم، تێلنیشانە بۆ ئەو پەندەی پێشینان کە تیایدا، دەڵێن (زگی تێر ئاگای لە برسی نییە).

٦ـ تێلنیشان بۆ سەربردە و ئەفسانەی فۆلکلۆر.. ئەو تێلنیشانەیە کە بە وشە، یان بە واتایێك ئاماژە بۆ سەربردەییێکی فۆلکلۆری دەکات.. بۆ نموونە:

ـ ئەو ڕزقی موقەڕڕەرە بە خۆی دێ

سەد دەفعە بخوازی یا نەخوازی... حاجی قادری کۆیی

ئەمە تێلنیشانە بۆ گەلێ سەربردەی فۆلکلۆری، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە: خودا رازیقەو ئەو رزقەی دایناوە بۆ بەندەکانی، هەر پێیان دەگەینێت.

ـ بۆچی حەمدی وا بە سووکی سەیری ئەهلی دڵ ئەکا

بۆ بە گوێیا نەچووە مێشوولە کە چی کردووە بە فیل... حەمدی

تێلنیشانە بۆ هەقایەتی مێشوولەو فیل، کە لە فۆلکلۆر بە چێژەوە پێشکەشکراوە.

ـ خودا بیدا له دێڕێکی دەیدا، سەیری هەیە ڕێکەوت
وەنەوزم دا، نیگارم هاتە خەو، ئەمشەو خەوم پێکەوت... مەحوی

له نیوه دێڕی یەکەمدا، شاعیر تێلنیشان بۆ ئەو سەربردە کۆنە دەکات، کە دەڵێت: ساڵێکیان جووتیارێك زۆر چاك خۆی ئامادەکردبوو، بۆ جووت و تۆو کردنێکی زۆر، کەچی هەر لە سەعاتی یەکەمی جووتەکەی گەڕایەوە ماڵ و وازی لە جووتەکەی و لەزەوییەکەیشی هێنا، ئەمەش چونکه هەر کە هەوجاڕەکەی دادەبەستێ، لە دێڕی یەکەمی جووتەکەیدا هەوجاڕەکەی گیر دەبێت، کە دێت تەماشا بکات، داخوا لەچی گیر بووە، دەبینێ کووپەیەك گیری کردووە، پڕی لیره زێڕە.. ئیتر خۆڵەکەی بەسەردا دەکاتەوە، لە تاریکی شەودا وڵاغ دێنێ، هەر هەموو لیرەکان بار دەکات و لەگەڵ خۆی بۆ ماڵەوەی دێنێتەوە.. بۆ بەیانیش کۆفی لێ قیت دەکات، دەچێتە بەر دیوەخان بۆ قسەی خۆش و بەلای کارەکەیدا ناچێتەوە، خەڵکی کە وای دەبینن و ئاگایان لەسەربردەکەی نییە، سەیریان پێ دێ، هۆیەکی دیار بۆ ئەمە نابینن، بۆیە کە دێن پرسیاری ئەوەی لێدەکەن: بۆچی وازت لە جووت و کارەکەت هێنا، ئەدی بەچی دەگوزەرێنی؟ وەڵامیان دەداتەوە: (خوا ئەگەر بیدا له دێڕێکی دەدا)! من هەر زوو جۆخینی خۆم هەڵگرت و تازە پێویستیم بەجووت و تۆو کردن نەما.. جا نیوه دێڕی یەکەمی شاعیر (خودا بیدا لە دێڕێکی دەدا..) تێلنیشانە بۆ ئەو سەربردەیە.

ـ جار بە جارێ بە لەقە لێی دەخوڕێ بە توندی
ئەڵێی ڕۆستەمی زاڵە سوار بووە لە شەودێزە... لوتفی

ئەم دێڕە کە باس لە یەکێ دەکات، شاعیر دەیچوێنی بە ڕۆستەمی زاڵ و سوار بوونی لە شەودێزە.. تێلنیشانە بۆ (ڕۆستەمی زاڵ)و ئەفسانەکەی، کە یەکێکە لە ئەفسانەکانی وڵاتی فارس و کەوتۆتە نێو ئەفسانەکانی میللەتانی ڕۆژهەڵات.

تێبینی:

شایانی باسە هەندێجار تێلنیشان لە وشەیەك زیاتر تێدەپەڕێنێ و دەچێتە سنووری رستەش، بەڵام دیسانەوە هەر تێلنیشانە و تێکهەڵکێش، یان لێیوەرگرتن نییە، چونکە واتای مەبەست دەریدەخات، تێلنیشانە، نەك ئەم دووانەی تر، بۆ نموونە:

ـ بۆ نیشانەی عیززەتی یاسین بە بانگی بەرز ئەلێ

باسی میعراجی شەریفی (الذي أسرى) ئەکا... قانع

﴿الذي أسـرى﴾ هەرچەندە رستەشە، بەڵام هەست دەکەین ئاماژەیەو تێلنیشانە بۆ پـاکی و تەنیایی خودای گەورەو نواندنی مـوعجیزەی ئیسـڕاو میعـراج بـە موحەمـەدی پێغەمبـەر و نێردراوی خۆشەویسی خۆی، وەکو هاتووە: ﴿سُبْحَانَ ٱلَّـذِى أَسْـرَىٰ بِعَبْـدِهِ لَـيْلاً مِّـنَ ٱلْمَسْـجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَىٰ ٱلْمَسْجِدِ ٱلأَقْصَى ٱلَّذِى بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَآ إِنَّهُ هُوَ ٱلسَّـمِيعُ ٱلبَصِـيرُ﴾.. ﴿الأسراء: ١﴾.

ـ تەئسیری قەتعییە بە دوعا باوەڕت ببێ

﴿ٱدْعُونِيۤ أَسْتَجِبْ﴾ وەکو گەوهەر لە گوێ گرین... مەحوی

لەم دێڕەدا ﴿ٱدْعُونِيۤ أَسْتَجِبْ﴾ بەشێکە لـە ئایـەتی پـیرۆزی: ﴿وَقَـالَ رَبُّكُـمْ ٱدْعُـونِيۤ أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ ٱلَّـذِينَ يَسْـتَكْبِرُونَ عَـنْ عِبَـادَتِى سَـيَدْخُلُونَ جَهَـنَّمَ دَاخِـرِينَ﴾.. (غـافر:٦٠).. ئەوەش دیسانەوە راستە لە سنووری رستەدا هاتووە، بەڵام هەر تێلنیشانە، چونکە مەبەسـتی شاعیر تێلنیشانە بۆ تەواوی ئایەتە پیرۆزەکە.

ـ بە حاڵی خۆت بکە ڕەحمێ هەتا وەك سفرە نەدڕاوی

لە ئایەی ﴿ما خلقت الجن والأنس﴾ سەرنجێ دە... خادیم

﴿ما خلقت الجن والأنس﴾ تێلنیشانە بۆ ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذاريات: ٥٦).. من ئەجندە و ئادەمیزادم بۆ هیچ خەلقنەکردووە، بۆ ئەوە نەبێ بمپەرستن، چونکە مەبەستی شاعیر ﴿إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ﴾ەکەیە، کە بووار نەبووە لە دێڕەکەیدا ئەویش بڵێ.

جاری وەها هەیە ئایەتە کراوەتە کوردی و بە واتا دەربڕینەکە دەبێتە تێلنیشان بۆ ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، بۆ نموونە:

ـ ئەووەل ئەتۆی و ئاخیر ئەتۆی، هەرچی هەی ئەتۆی

نەت ئیبتیدا لە ئەووەل و نەت لە ئاخر ئینتیها... عەبدوڵڵا بەگی میصباح دیوان

نیوە دێڕی یەکەم بە واتای خۆی، تێلنیشانە بۆ ئایەتی پیرۆزی: ﴿هُوَ ٱلأَوَّلُ وَٱلآخِرُ وَٱلظَّـاهِرُ وَٱلْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾.. (الحديد: ٣).

جیاوازییەکانی نێوان (تێکهەڵکێش) و (تێلنیشان):

١ـ لە (تێکهەڵکێش)دا، شاعیر راستەوخۆ ئایەتێکی پیرۆزی قورئان، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لەسەر)، یان دێڕێك، یان نیوە دێڕی شاعیرێکی تر، یان پەندێکی پێشینان، یان هەر شتێکی تر وەك خۆی و بەبێ دەستکاری کردنیان وەردەگرێ، لەگەڵ هۆنراوەکەی خۆی (تێکهەڵکێش)یان دەکات، بەڵام لە (تێلنیشان)دا شاعیر بە وشەیەك، یان زۆر جار بە واتا ئاماژە بۆ ئەو ئایەت و فەرموودە و پەند و رووداوانە دەکات.. وەك لە نموونەکانی پێشوو ئاماژەمان بۆ کردن.

٢ـ لە (تێکهەڵکێش)دا، جاری واهەیە، شاعیر ئاماژە بەوەش دەکات، کە ئەم دەبڕینە ئایەتە، یان فەرموودەیە، یان هی شاعیر و کەسێکی ترە، یان ئەگەر هیچیش نەڵێت، ئەوا لە نووسیندا ئەو پارچەیەی بە نووسینەکەی خۆی تێکهەڵکێش کردووە، جا لە شیعر بێ، یان لە پەخشان، لە نێو کەوانەی دەخات، بەڵام لە (تێلنیشان)دا شاعیر ئەم ئاماژە و کەوانانە بەکارناهێنێ، چونکە راستەوخۆ هیچ شتێکی وەرنەگرتووە، ئەوە نەبێ بەخێرایی ئاماژەیەکی بۆ شتەکان کردووە.

٣ـ (تێکهەڵکێش) یەکێکە لە هونەرەکانی (جوانکاری وشەیی)، بەڵام (تێلنیشان) یەکێکە لە هونەرەکانی (جوانکاری واتایی).

فرەواتایی

(فرەواتایی) بریتییە لە بەکارهێنانی وشە یان چەند وشەو دەستەواژەیەك، کە بەسەریەکەوە، زیاتر لە واتایەك ببەخشن.. بۆ وێنە:

ـ گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون

نەکەی بیدەی بەنەرگسجاڕی گەردوون... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەی سەرەوەدا، دەشێت نیوە دێڕی یەکەم بەکۆمەڵە واتاییێك بێت، لە وانە:

١ـ (گوڵ)ە (حاجیلەکان)ی دەشتی هاموون.

٢ـ (گوڵ)ە (حاجیلە)ی دەوروبەری (کانی) دەشتی هاموون.

٣ـ (گوڵ)ە (حاجیلە)ی دەوروبەری (کان)ی دەشتی هاموون.

٤ـ (گوڵی حاجیلە) و (کانی) دەشتی هاموون.

٥ـ (گوڵی حاجیلە) و (کان)ی دەشتی هاموون.

٦ـ (گوڵی حاجیلە)، (کوانێ) دەشتی هاموون.

جۆرەکانی (فرەواتایی):

له (فرەواتایی)دا بە گوێرەی توانای شاعیر و بـە گـوێرەی بیرتیـژی خوێنـەریش، دەشـێت دێڕێك، یان نیوە دێڕێك زیاتر لە واتایەك هەڵگرێت، دوو بێ، یان سـێ بـێ، یـان چـوار، یـان زیاتر.. لێرەدا بۆ وێنە ئەم نموونە و جۆرانەی خوارەوە ئاماژە پێدەدەین:

یەك: دەشێ نموونەکە لە رستەیەکدا بەرجەستەببێت.. بۆ نموونە:

ـ فیکری موخالەفەتی وەتەن مەحو ئەکاتەوە.

(ئەهلی مەعاریفی) بە قسەی خۆشی خۆی ژیان... زێوەر

نیوە دێڕی دووەم، دەشێ بە یەکێ لەم واتایانە هاتبێت:

١ـ رۆژنامەی (ژیان) خوێنەرانی بە قسە خۆشەکانی ژیاند.

٢ـ رۆژنامەی (ژیان) بە قسەو پڕوپاگەندەی خۆی، گوایـە بـە بابـەت و بەرهـەمی چـاکی خوێنەرانی ژیاندوون.

لێرەدا دەبینین نموونەکە لە رستەیەکدا بەرجەستەبووە.

دوو: دەشێ نموونەکە لە (گرێ) یەکدا بێت.. بۆ وێنە:

ـ دایکی بەسۆز و دڵسۆز و دڵخۆش

لە پێشوازیدا بە ڕوویێکی خۆش

لەگەڵ باوەدا پیری بڕوادار

کردیانە باوەش ڕۆڵەی تۆبەکار... باوکی ئازیز

نیوە دێڕی یەکەمی ئەو پارچەیە کە (گرێ)یەکە، دەشێت، بەو واتایانە بێت:

١ـ دایکی سێ کچەکان (بەسۆز) و (دڵسۆز) و (دڵخۆش).

٢ـ دایکی بەسۆز، لەگەڵ (دڵسۆز) و (دڵخۆش).

٣ـ دایکی بەسۆز و دڵسۆز، لەگەڵ (دڵخۆش).

٤ـ دایکی کوڕە تۆبەکارەکە بە بەسۆزی و دڵسۆزی و دڵخۆشییەوە.

پاساوهێنانەوە:

(پاساوهێنانەوە) بریتییە لەوەی شاعیر سەرەتا شتێك بڵێت، دواتر بێت پاساوێك بێنێتەوە بۆ ئەو قسەیەی کە زووتر کردوویەتی، بۆ وێنە:

ـ ڕێیەك مەدە بەر بە تاقی تەنیا

هەوراز و نشێوی زۆرە دنیا... هێدی

لەم دێڕەدا شاعیر ئامۆژگاری ئازیزێکی دەکات، کە بە تەنیا ملی ڕێ نەگرێ، بەڵام بۆ سەلماندنی قسەکەی خۆی، تا زیاتر کار بکاتە سەر بەرامبەرەکەی، دێت پاساوێك بۆ قسەکەی یەکەمی دینێتەوە، دەڵێ: بۆیە وات ئامۆژگاری دەکەم، کە بە تەنیا هەڵنەکەی، چونکە (هەوراز و نشێوی زۆرە دنیا) ئەمەش بەڵگەی شاعیرە و پاساویەتی لە بۆ ئەو ئامۆژگارییەی سەرەتا بۆ ئازیزەکەی کردبوو.

جۆرەکانی (پاساوهێنانەوە):

بە گوێرەی دەربڕینی شاعیر یان نووسەر، دەکرێت چەند جۆرێکی پاساو هێنانەوە هەبێت، ئەمە لە شیعریش و لەپەخشانیش دەبێت.. بۆ نموونە:

١ـ (پاساوهێنانەوە)ی بە بەکارهێنانی ئامرازی پاساوهێنانەوە:

ـ چونکە یەك نوسخەی خاڵی لە غەڵەت

دەست نەکەوت غەیری خراپ و سەقەت

وا (چروستانی) بە سەعی و تەلاش

ساغی کردەوە نوسخەی ئەمما باش... چروستانی

لەم پارچەیەدا سەرەتا شاعیر پاساوەکەی هێناوەتەوە، بۆ ساغکردنەوەی ئەو نوسخە کتێبەی، کە کاری لەسەر کردووە، ئامرازی (چونکە)ی پاساوهێنانەوەی بەکارهێناوە، کە ئەم ئامرازە لە هەمانکاتدا ئامرازی لێکدەریشەو دوو ڕستە بەیەکەوە لێکدەدات.

٢ـ (پاساوهێنانەوە)ی بێ بەکارهێنانی ئامراز، بۆ وێنە:

ـ مەصلەحەت وایە، هەتا نەیخواردووم، بینێرمەوە

زۆر دەترسم دەفعەیەك قوتم بدا، بمکا بە قووت... شێخ ڕەزا

لەم دێڕەدا، لە نیوە دێڕی یەکەمدا، دوای ئەوەی شاعیر باس لە هەناردنەوەی ئێسترێکی دەکات، کە یەکێ لە میرەکانی دۆستی بە دیاری بۆی ناردووە، لە نیوە دێڕی دووەمدا پاساو بۆ کارەکەی دێنێتەوە، کە ئەمەم لەبەر ئەوەیە، ئێسترەکە هەندە برسی و بێ خێرە، دەترسم ڕۆژێك لە برسان قەمپاڵێ لە منیش بداو بە دەردی وێنجەو جۆیەکەم ببات.. بۆیە لە نیوە

دێڕی دووەمدا مەبەستی ئەوەیە بڵێت: (چونکە زۆر دەترسم دەفعەیەك قووتم بدا، بمکا بەقووت)، بەڵام لەبەر کێشی شیعرەکە ناتوانێ ئامرازی (چونکە) بەکاربهێنێ، لای دەبات، واتاش بەڵام هەر هەمان واتا دەمێنێ و گۆڕانی بەسەردا نایێت.

بەهەڵەبردن:

بریتییە لەو دەربڕینەی، کە سەرەتا لە مێشکی بەرامبەردا، واتایەك دروست دەکات، بەڵام کە قسەکەر قسەکانی تەواو دەکات، ئینجا بەرامبەرەکەی بۆی دەردەکەوێت، کە بە هەڵەچووە، ئەگینا مەبەست بە تەواوی پێچەوانەی ئەو واتایەیە کە یەکەم جار بۆی دروستبووە.. بۆ نموونە:

ـ ئەم: بەرەئی تۆ، تەلەفزیۆنی خەڵك موسەقەف دەکات؟

ئەو: تەبعەن.

ئەم: چۆن چۆنی؟

ئەو: من خۆم تەجرەبەم هەیە.. هەرکاتێ تەلەفزیۆنەکە داگیرسێنن، من لە داخا دەچمە ژوورەکەی ئەودیو، دەست ئەکەم بە کتێب خوێندنەوە)... گۆڤاری سیخوڕمە.

لەم پارچەیەدا، کاتێ (ئەم) پرسیاری تەلەفزیۆن لە (ئەو) دەکات، کە (بە رای تۆ خەڵك موسەقەف دکات)، (ئەو)یش وەڵام دەداتەوە: (تەبعەن). سەرەتا (ئەم) بەهەڵەدەچێ، وا دەزانێ بێگومان تەلەفزیۆن بەرنامە و بابەتانێکی رۆشنبیری بەهێز و بەپێز پێشکەش دەکات، بەو هۆیەوە خەڵکی رۆشنبیر دەکات، بەڵام کە دەیەوێت دڵنیابێ و تەواو بۆی دەرکەوێ (چۆن چۆنی) پرۆسەی خەڵك رۆشنبیر کردنەکە بەهۆی تەلەفزیۆنەوە دەکرێت.. (ئەو) وەڵامی دەداتەوە: (من خۆم تەجرەبەم هەیە.. هەرکاتێ تەلەفزیۆنەکە داگیرسێنن، من لە داخا، دەچمە ژوورەکەی ئەودیو، دەست دەکەم بە کتێب خوێندنەوە!).. بەوە (ئەم) بۆی دەردەکەوێت، بەهەڵەبراوە، ئەگینا مەبەستی (ئەو) هەر لە سەرەتا ئەوە نەبووە، کە (ئەم) بۆی چووەو لە مێشکیدا دروستبووە.

شێوازەکانی (بەهەڵەبردن):

(بەهەڵەبردن) دەشێ لە شێوازێك زیاتری هەبێ، لەوانە:

یەکەم: دەشێ راستەوخۆ کەسی (یەکەم)، (دووەم) بەهەڵە ببات، بۆ وێنە:

ـ یەکەم: دەزانی تا تۆم نەدەناسی، وام دەزانی زۆر هیچ و پووچی؟!

دووەم: بە راست؟! ئەی ئێستا ؟!

یەکەم: ئێستا یەقینم هات!!.

لێرەدا هەر کە سەرەتا کەسی یەکەم روو لە دووەم دەکات بەهەڵەی دەبات، بەڵام دووەم نازانێ.. ئەی کەی لەخۆی دەگات، کە بە هەڵەبراوە؟ ئەوکاتە تێدەگات، کە دەیەوێت دڵنیابێ لەوەی ئێستا چی وایکردووە راکەی بگۆڕێ و لەم بارەیەوە پرسیاری لێدەکات، بەڵام کە (یەکەم) وەڵامی ئەداتەوە (ئێستا هەر یەقینم هات) کە تۆ لە راستیدا وەك پێیشتر دوور بەدوور تێدەگەیشتم هیچ و پووچ بی، ئێستا دڵنیا بووم لە هیچ و پووچییەکەت.. بەمەش دووەم دەشکێتەوە، ئینجا تێدەگات، کە هەر سەرەتا کەسی یەکەم لە قسەکەی مەبەستی ئەوە نەبووە، کە بڵێ: جاران وا لە تۆ دەگەیشتم، بەڵام ئێستا نا.. کە لە راستیدا قسەکەی کەسی یەکەم ئەوەی لێدەخوێنرایەوە، بەڵکو هەر سەرەتا مەبەستێکی تری بووە، بەڵام لەو شێوازەی دەربڕینی، هاتووە (دووەم)ی بەهەڵەبردووە.

دووەم: دەشێ دوای پرسیاری کەسی (یەکەم)، (دووەم) بە هەڵەی ببات، بۆ وێنە:

ـ یەکەم: ئەرێ تۆ کاك فلان ئەناسیت؟

دووەم: ئەی چۆن نایناسم، عائیلەوییەن شەڕەجنێومان لە نێوان دایە!

لێرەشدا کە (دووەم) وەڵامی پرسیارەکەی (یەکەم) دەداتەوە، وەڵامەکەی رستەیەکی لێکدراوە، بەشی یەکەمی (ئەی چۆن نایناسم)، (یەکەم) بەهەڵەدەبات، چونکە وا تێدەگات پەیوەندییان لەگەڵ یەك باشبێ و لە نزیکەوە یەکتر بناسن، بەڵام کاتێك قسەکەی درێژە پێدەدات و دەڵێت: (عائیلەوییەن شەڕە جنێومان لە نێوان دایە!) ئینجا (یەکەم) تێدەگات، کە بەهەڵەبراوە، دەنا (دووەم) مەبەستی ئەوە نەبووە، لە قسەکەی وەك ئەو تێگەییوە پەیوەندییان لەگەڵ یەك باشبێ، بەڵکو مەبەستی شتێکی ترەو دەیەوێت بڵێت، پەیوەندیمان لەگەڵ یەك هەر تەنها شەڕە جوێنەو بەو شێوە یەکتر دەناسین.

دوو نموونەی بەهەڵەبردن:

ـ تا وەها بێ ئیتتیفاق و سەرکەشی بێ شێوەتان

تاجی کیبر و نیخوەت و غیرەت لە سەرتان دادەنێ... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەدا شاعیر کاتێك دەڵێت: (تاجی کیبر و نیخوەت و غیرەت لە سەرتان دادەنێ)، خوێنەر سەرەتا وای بۆ دەچێت، مەبەستی شاعیر ئەوەیە بڵێ: (تاجی گەورەیی و پاشاییتان دەخاتە سەر سەر)!! واتە دەتانکاتە پاشاو گەورەتان دەکات!! بەڵام لە راستیدا مەبەستی شاعیر ئەوە نییە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە لە خۆیاندا پاشای لوتبەرز و سەرکێش و تورەتان بۆ دادەمەزرێنێت و دەیخاتە سەرتان، بە هۆشیەوەی خراپە و ئازاری جۆراوجۆرتان تووش دەکات، تووشی رۆژە رەشی خۆتانتان دەکات، ئەوەش کەواتە (بەهەڵەبردن)ەو شێوازێکی خۆشی بەرهەمهێناوە.

ـ هەوێنی شیری سافی شیعری حەمدی باسی شێخانە

دەترسم بیبزرکێنن، کە نابن قەت بە بێ ئاشووب... حەمدی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا باسی شێخانی بە هەوێنی شیعرەکانی خۆی داناوە، ئەمەش خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، وا بزانێ لەبەر گرنگی و پیرۆزی شێخەکان، چونکە هەوێن زۆر گرنگ و پیرۆزە بۆ ئەوەی شیرەکە بگەیێنێتە دوا قۆناغ و بیکاتە ماست، کەچی کە تەواوی دەکات، دەڵێ دەترسم شیعرەکەم ببزرکێنن وەکو ماست، چونکە شێخەکان هەمیشە بە بەڵاو ئاشووبن! ئەمە خوێنەر سارد دەکاتەوەو ئەوەی لە لا دروست دەبێ، کە بەهەڵەچووە، دەنا مەبەستی شاعیر لە سەرەتاوە پیاهەڵدان و بە گرنگگرتنی شێخان نەبووە.

جوانی بەهەڵەبردن:

خوێنەر لە سەرەتاوە تێی ناگات و دواتر لەوە دەگات، کە مەبەست شتێکی وردترە لەوەی رواڵەتی دەربڕین لە مێشکیدا دروستی کرد.

خۆهەڵەکردن:

(خۆهەڵەکردن) لە عەرەبیدا (تجاهل العارف)ی پێدەڵێن.. لە کوردیشدا (راگومکی ئاشنا) و (خۆگێل کردن)ی بۆ بەکارهێنراوە.. بریتییە لە خۆهەڵەکردنی شاعیر بەرامبەر شتێك، کە باش دەزانێ راستی ئەو شتە چییە، یان چۆنە، بەڵام بۆ مەبەستێکی تایبەت، بەوشێوەیە خۆی هەڵەدەکات، بۆ وێنە:

ـ بۆ هەوا ئالۆزە؟ بۆچی لێڵ و سوورە ئاسمان؟
گێژە لووکی نەگبەتە؟ یان فیتنەیی ئاخرزەمان؟... حەمدی

ئەو دێڕە پارچەیەکە لەو هۆنراوە بەناوبانگانەی (حەمدی) شاعیر، کە دوای کارەساتەکەی (٦)ی ئەیلوولی (١٩٣٠)، بەردەرکی سەرای سلێمان گوتوویەتی، بۆ تەعبیردان لەو غەمە زۆرانەی، کە بەهۆی گوللە بارانکردنی خەڵکانێکی بێ تاوانی شارەکەی، کە تەنها لەبەر داوای مافەکانیان بەم دەردە بران.. شاعیر ئەم راستییەو هۆی روودانی کارەساتەکەو کەوتنی خەڵکە شەهید و زامدارەکەو.. هتد، هەموو ئەوانە باش دەزانێ، بەڵام کە هۆنراوەکەی دەهۆنێتەوە، بەشێوەیەکی وا دەست پێدەکات، خۆی لە راستییەکە هەڵە دەکات، وەك ئەوەی ئاگای لە دەنگ و باس نەبێ، لەبەر تێکچوونی باری ئاو و هەواو سووربوونی رەنگی ئاسمان کەوتبێتە شیعر گۆتن، کەچی لە دێڕەکەی دواتری دەبینین، دەڵێت:

ـ ئەم هەموو لاوە نەمامن نێژران لەم باخچەیە
ریشەیی کوردایەتی بوو، یەعنی بۆمان نێژران... حەمدی

ئەوەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە شاعیر هەر لە سەرەتاوە زاینویەتی مەسەلە چ بووە، بەڵام بۆ مەبەستێکی شاعیرانە هاتووە، لە دێڕی یەکەمدا، خۆی هەڵەکردووە.

شایانی باسە حەمدی شاعیر لە شیعرەکانیدا زۆر گرنگی بەم شێوازەی خۆهەڵەکردن دەدات و لە شوێنانی زۆر و بۆ زۆربەی مەبەستەکان، دێت بە شێوازی خۆهەڵەکردن مەبەستەکەی دەخاتەروو.. ئەمانەی خوارەوە هەندێ لەو نموونانەی ئەون.

ـ هەوری قەهرە مەوجی دەریای غەزەب دێنێتە جۆش
یا فیغان و دوو کەڵی ئاهی هەناسە سەردەکان... حەمدی

ـ وەختە ساڵێکە کە رۆژێکم نەدیوە هەر شەوە
مردنە ئەو حاڵە یا ئاخیر زەمانە یا خەوە... حەمدی

ـ ئاوە یا نوورە لە عەکسی خۆر کە ئەبریسکێتەوە

ئەهلی حیکمەت وا دەزانێ دووڕڕەکانی کانتە... حەمدی

لە هەموو ئەو نموونانەش شاعیر هۆی راستەقینەی ئەو دۆخانە دەزانێت، کە باسیان دەکات، بەڵام وای پیشان نادات و بە پێچەوانەوە خۆی لە هۆی راستەقینەیان بێ ئاگا پیشان دەدات، ئەوەش جوانییەکی ئەدەبی دەداتە تێکستەکان.

هۆیەکانی (خۆهەڵەکردن):

(خۆهەڵەکردن) وەك هونەرێکی جوانکاری دەشێت بە چەند هۆیەکەوە بێت، لە وانە:

یەکەم: (خۆهەڵەکردن) لەبەر هۆی سیاسی: وەکو لە دوو نموونە یەکەمەکانی سەروو خرایەڕوو.

دووەم: (خۆهەڵەکردن) لەبەر مەبەستی شاعیر خۆی، تا شیعرەکەی بەڕای خۆی جوانتر بخاتەڕوو:

ـ لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە، تۆراوە دڵی من
هەرچەند دەگەڕێم، بێ سەروشوێن ماوە دڵی من
ئاخۆ بە چ شاخێکەوە، گیرساوە دڵی من
یاخۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من... بێخود

ئەمە یەکێکە لەو چوارینانەی هۆنراوەیەکی درێژ و بەپێزی شاعیر، تیایدا وەك دیارە، لەم پارچەیە و لە چەندان پارچەی دواشی هەر بە دوای سۆراغی دڵەکەیەتی، وەك دەڵێ لێی ونبووەو نایدۆزێتەوە، کەچی لە کۆتاییدا لە یەکێ لە چوارینەکانی دوایی لە پڕیکا دەڵێت:

ـ مەعلوم چووە بۆ خزمەتی سالاری مەدینە
وامزانی کە فەوتاوە، نەفەوتاوە دڵی من... بێخود

بەمەش دەردەکەوێت کە هەر لە سەرەتاوە شاعیر بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی، خۆی هەڵەکردووە، ئەگینا دڵ شتێك نییە ونبێ و خاوەنەکەی پێی نەزانێت، کە لێرەشدا مەبەستی لە دڵ، مەیل و سۆزی دڵەکەیتی، واتە مەبەستی لە دڵە مەعنەوییەکەیتی، نەك ئەو دڵەی کە پارچە گۆشتێکەو لە سنگیدایە.

جیاوازی نێوان (بەهەڵەبردن) و (خۆهەڵەکردن):

گەربێت و نموونەکانی پێشووی ئەو دوو هونەرە بەراورد کەین، کە لە بۆ هەریەکەیان ئاماژە بۆ کرا، دەکرێ گرنگترین جیاوازییەکانیان لە مانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١ـ (بەهەڵەبردن) لەو دەربڕینانە بەرجەستە دەبێت، کە بریتییە لە وتووێژی نێوان دووکەس، بەڵام (خۆهەڵەکردن) کاتێ دروست دەبێت، کە شاعیر لە شێوەی پرسیارکردن لە کۆمەڵێ شتدا، بێ رەچاوکردن و ویستنی وەڵامی بەرامبەر دەیانخاتەڕوو.

٢ـ لە (بەهەڵەبردن)دا هەردەم کە دووکەسی بەرامبەر قسە بۆ یەك دەکەن، هەمیشە مەبەستی قسەکەری یەکەم لە قسەکەی، بە هەڵەبردنی دووەمە، بەڵام دووەم درەنگ تێی دەگات، کەچی لە(خۆهەڵەکردن)دا شاعیر خۆی هەر لە سەرەتاوە دیارە، کە لە راست ئەوشتەی باسی لێوە دەکات گوایە لێی بێئاگایە، لە راستیدا لێی بێئاگا نییە، بەڵام بۆ مەبەستێکی تایبەت خۆی هەڵدەدەکات.

گردکردنەوە:

(گردکردنەوە) لە عەرەبیدا (العقد)ی پێدەگوترێت. بریتییە لە داڕشتنەوەی پەخشان بە شیعر، با ئینجا لەم پێناوەشەدا، وشەکانی دەقی یەکەم کەم یان زیاد بکەن، چونکە گرنگ ئەوەیە هۆنراوە تازەکە هەمان واتاکانی پەخشانەکەی بناغەی بەخۆوە گرتبێ.. بۆ وێنە:

ـ (هۆشی نایەتەوە بەرخۆی، تا ئەو ڕۆژەی سەر ئەکاتە سەر بەردی ئەلحەد، ئەو وەختە تێ دەگا، کە تا لە دنیادا بووە، مردوو بووە، چونکە بێئاگا بوو لە ئیشی چاکە).

ئەو پارچە پەخشانە، (صەفوەت)ی شاعیر دێت و بەم شێوەیەی خوارەوە، دەیکاتەوە بناغەی شیعرەکەی خوارەوەی:

ـ ئەو وەختەی کەوا لە دنیادا بوو
لە ڕاستی چاکە مردووێك بوو، زیندوو
ئەو ڕۆژەی داینا، سەر لەسەر ئەلحەد
بۆی دەرکەوت کەوا زیندووێکە مردوو
بەڵام بێ کەڵکە، زیندوێتی ناو خاك
زیندوو چاکەیە، تا نەبووە مردوو... صەفوەت

دەبینین هەمان ئەو واتایانەی پەخشانەکەی سەروو، بەخۆیان دەگرت، لەو پارچـە هۆنراوەیـەدا شاعیر گردیکردۆتەوە، بە ئاواز و پیِزێکی تازە دایڕشتۆتەوە، بەمەش دەڵێن (گردکردنەوە).

ـ وەختی تەشریفی جەنابی مستەفا
ئەهلی شاری دیتییان زەوق و صەفا
فەخری عالەم وا لە بۆ دنیایێ هات
هیچ نەما تاریکی ئەمڕۆ ڕۆژهەڵات
هات لە مابەینی بتان دەنگ و سەدا
تەرك بکەن ئەصنامی لیّیان بن جودا
ئاوی شاری (ساوە) ئەو ئاوی عەجیب
غەوری عاردی بوو ئەوێ شەو زۆر غەریب!!
هەر ڕەئیسێکی هەبوو گەورە و گران
لاڵ و کەڕ کەوتن ئەوێ شەو بێ زمان
پارچە پارچە تاقی کیسڕا شەق دەبوو
جێ بە جێگای جوملە کافر لەق دەبوو
ئاتەشی ئاتەشپەرست وەختی سەحەر
وا کوژا تێکچوو نەما شوعلە و ئەسەر
هات مەلائیك چین بە چین دایان سەلام
هەم دەیانکرد بەینی خۆ قصەو کەلام... ڕەشاد موفتی

ئەم پارچەیە گردکردنەوەی ئەو پەخشانە واقیعییە مێژووییەیە، کـە بـاس لـەو ڕووداوانـە دەکات، کە لە ساتی هاتنە دونیای پێغەمبەری خۆشەویستمان (درود و سلاّوی خوای لەسـەر) لێـرەو لـەوێ وەکـو نیشـانەی هـاتنی سـەرەتایەکی نـوێ لـە دینداریـدا ڕوویانـدا. شـاعیر گردیکردوونەتەوەو بە شیعر دایڕشتۆتەوە.

ـ بۆت بەیان کەم چۆن چووە ئاسمان نەبی
گوێ بدە ئەی ئەهلی دین شوبهەت نەبی
هەر کەسێ ئینکار بکا ئەم قصەیە
فاسقەو کەم دین گوناهی گەورەیە

هەیبوو ئەو نازداری عالەم وەقتی خاص
بەحسی میعراج زاهیرە لای عام و خاص
هات بە شەو بۆ لایی ئەحمەد جوبرائیل
خوا سەلامت لێ دەکاتن ئەی خەلیل
موژدە بۆ تۆ ئەی نەبییی موحتەرەم
بۆ سەما دەعوەت دەکا ڕەببول ئومەم
وا ڕجا دائیم دەکەن جوملەی مەلەك
تۆ بچی بۆ سەیری ئاسمان و فەلەك
با بچین ئەی مەفخەری میسر و عیراق
وا لە دەرگا حازرە تاج و بوراق
چوو لە بۆ سەر بیری زمزم دابەزی
بەم قصە کافر هەموو جەرگیان تەزی
غوسلی کرد تازە، هەمین شوشتی دەستنوێژ
سرڕی وا کو تێدەگاتن قەومی گێژ؟!
حەمد و شوکری خوایی گەورەی کرد تەمان
بۆ قودس ڕۆیی شەوێ خەیرولئەنام
عەرزی کرد ئەرواحی جوملەی ئەنبییا
خوا موبارەك کا مەقامت مستەفا
قامەتی کرد جوبرائیل هەینێ لەوێ
پێش نوێژی کرد ئەحمەد بەو شەوێ
هەم لە ئەصنافی مەلائیك زۆرییان
خوا موبارەك کا مەقامت گۆتییان
هات تەواو بوو گفتوگۆ و قصە و کەلام
بۆ سەما ڕۆیی بە توند گرتی لیجام
زین کرا حازر بوو ئەو دەم لۆی بوراق
هات سووار بوو چوو لە بۆ سەبعول تیباق
زۆر عەجیب سەیری سەماواتی دەکرد

خوا بەوی لوتف و عینایاتی دەکرد
دۆزەخی دی هەم بەهەشتی ئاشکار
ئەحمەدی مەحبوبی خوای پەروەردگار
فکری کرد بڕوا لە سیدرەش تێپەڕی
کەس نەما هەینێ ببێتە ڕەهبەری
ئەمری کردە جوبڕائیل نوڕول بەصەر
با بچین ئێستا لەگەڵ من بۆ سەفەر
عەرزی کرد دەیگۆ جەنابی موقتەدا
سیدڕەیە بۆ من لە ئاسمان مونتەها
سیدڕەیە جێگەم ئەمن ئەی زو کەڕەم
تێپەڕم لێرە دەسووتێم لا جەڕەم
غەیری تۆ هەورازی سیدڕە هیچ کەس
ناوێرن نێزیك بن، بشکەن هەوەس
ئەو دەمی دەیکرد لەگەڵ جبڕیل کەلام
دیتی ڕەفرەف هاتە خدمەت دای سەلام
فەرموو تەشریفت بچێ لای حەزرەتی
با بڕۆین تا بارەگایی قودڕەتی
چوو لە بۆ عەڕشی لە سیدڕەی کرد عوروج
ما لەوێندەر ڕەفرەفی زاتول سوروج
پێیی ڕاستەی خۆی کە هاویت با صەفا
هەینێ زانی سرڕو مەعنای ئستەوا
ئەمری پێکرد هەینێ ئەو خوایی جەلیل
هیچ دەبێ ترست نەبێ تۆ ئەی خەلیل... ڕەشاد موفتی

ئەمەش گردکردنەوەی ڕووداوی ئیسڕاو میعراجە کە لە قورئان و فەرموودەدا هـاتووەو بـە پەخشان کە لە کتێبەکانی سیرەدا دارێژراوە، شاعیر گردیکردۆتەوە و کردوویەتییە شیعر.

ـ خەدیجە قەڵس بوو لە کار تەشقەڵە
پێی خۆش بوو ڕاس بێ سەوداو مامەڵە

لە هەقی خەڵکی قەت نەبوو تەمای
ئەو ماڵە زۆرەش کە کەوتبووە لای
بۆ کوت فرەی خۆی هەوڵی نەدابوو
ئێرسی چەند کەس بوو بۆی بەجێمابوو
لە پاکی ئەحمەد کە ناویان ئەبرد
لە دڵی پاکی زۆر کاری ئەکرد
فکری کرد بە خوا ئێژم لەمەولا
بسپێرمە ئەو مامەڵەو سەودا

*　　　*　　　*

ناردی بۆ ئەبوتالب پەیغامێ
ئەوا کاروانم دەچێ بۆ شامێ
ئەگەر ڕێککەوێ ئەحمەد بنێری
پێم خۆشە کاروان بە ئەو بسپێری
ئەبو تالب و محەمەد هەردوو
بەم سفارشە زۆر دڵیان خۆشبوو
کاروان کەوتە ڕێ کاروانی دا جوین
بە سەرکردەیی ئەحمەدی ئەمین
قافڵەچی جاران بەر لەم سەفەرە
خزمەتکارێ بوو بەناو (مەیسەرە)

*　　　*　　　*

ئەمجار خەدیجە ناردی بەو بۆنە
بزانێ ڕەفتار محەمەد چۆنە
بێدەنگێ پێی وت: بە نادیاری
سەرنج دە لە خەرج لە سەوداو کاری
داخۆم بەجێ وا باش ئەکەن باسی
ناوی دەرچووە بە پاکی و ڕاسی
داخۆم گەر دەسی بکەوێ پارە

بە لێشاو هێشتا ئەمانەتدارە؟
کاروان هاتەوە زووتر لە جاران
کەچی نەفعیشی هێشتا ئەیدا بان
* * *
لەبەر سەر ڕاسی مامەڵەیان زوو
تەواوی خەرجی کاروان کەم دەرچوو
مەیسەرە هەر چەن تۆزێ دڵمەن بوو
کە سەر کاروانی لە دەسی دەرچوو
بەڵام ئەخلاقی قافڵەچی تازە
ماتی کردبوو زیاد لە ئەننازە
لە جێی حەسوودی، یان قین لێکردن
یا (داخی قەسەم بە بوت نەخواردن)!
سەرسام بوو دڵی سەد دڵ حەیرانی
فریفتەی قسەو ڕەفتاری جوانی
* * *
هەر لە دوور قافلە گەییە نزیك شار
تەقەڵکووت ڕایکرد بۆ لای خاوەن کار
هیچ ئاگای نەبوو شەکەت و ماندوو
کۆچ و کاروانی هەر لە بیر نەبوو
بێ چاکە و چۆنە بەبێ وچان دان
ملی نا باسی چاکەی سەرکاروان
خانم لە ڕاسی و پاکی ئەم لاوە
چیتان بیستووە! هەر ناتەواوە!
سوێن بە مەنات و لات و عوززا بێ
بە ڕاسی باسی هەر تەواو نابێ!!!
* * *
من لە ئەووەڵەو زۆرم پێ تاڵ بوو

که سەرکاروانی چەنای چەن ساڵ بوو
بە من بوو ئەو لێی سەندم بە ڕاسی
گەلێ کرمۆل بوو دڵم لە حاسی
بەڵام خوا ڕاسە و ڕاسی پێ خۆشە
بەشی زۆر زۆرە لە هەرچی بەشە
خۆ پێم ناکرێ خۆ لە هەق لادەم
ئەوەی دیومە کەس نەیدیوە وە چەم!!! ئەحمەدی موفتی زادە

ئەم پارچە شیعرە بەشێکە لە ڕووداوی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی پێغەمبەر (درود و سلاوی خوای لەسەر)، لە لایەن خاتوو خەدیجەی دایکی ئیماندارانەوە (ڕەزای خوای لێبێ)، بۆ ئەوەی ببێتە سەرقافڵەی کاروانە بازرگانیەکەی و بەرەو شام بچێ و ئیتر لەم کارەوە، چۆن زیاتر جوانییەکانی ڕەوشت و خووی بەرزی حەزرەت (درود و سلاوی خوای لەسەر) وە دەردەکەوێ و چۆن ناحەزێکی وەکو (مەیسەرە)ش کە بە هۆی حەزرەتەوە کارەکەی لە دەستچووە، کە پێشتر خۆی سەرقافڵەی کاروان بوو، بەڵام دوای ئەم سەفەرە هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ بە دڵ حەزرەتی حۆش بووێت و بە دڵسۆزییەوە شایەدی بۆ باشی و چاکی و ڕەوشتە بەرزەکانی بدات. ئەمە لە کتێبەکانی سیرەدا بە درێژی هەیە، شاعیر وەریگرتووەو لەم شیعرەیدا گردیکردۆتەوە.

هەڵوەشاندنەوە:

(هەڵوەشاندنەوە) لە عەرەبیدا (الحل)ی پێدەگوترێت.. هونەرێکە تەواو پێچەوانەی (گردکردنەوە)یە، بریتییە لە داڕشتنەوەی هۆنراوە بە پەخشان، کە بە هەمان شێوەی گردکردنەوەکە، گرنگ نییە لەو گۆڕانکارییە، هەندێ وشە و ئامراز کەم، یان زیاد بکەن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە، واتای هۆنراوەکە بە باشی وەبەر پەخشانەکە کرابێت، بۆ وێنە:

ـ من و تۆ پێکەوە، با ئاشنابین
وەکو پەروانە و شوعلەی چرابین... قانیع

ئەم دێڕە شیعرە دەبینین، ئەدیبێك هێناویەتی کردوویەتییە بناغە بۆ پارچە پەخشانێکی، بەم شێوەیەی لە پەخشانەکەی خۆیدا هەڵیوەشاندۆتەوە:

(چۆن پەپوولە - وێنە گەردانەی مرواری دەوری مل- دەسوڕێتەوە، بە دەوری چرادا، توخوا بامن و تۆیش بەو جۆرە بین.. من پێم خۆشە پەروانە بم، توخوا تۆش پێت خۆشبێ، با چرای من بیت).

نموونەیەکی تر لەم بارەیەوە:

ـ سەری نامەم بە ناوی تۆ خودایە

کە بێ ناوی تۆ نامە بێ نەوایە

خوای تەنیای دیار و نادیاران

خوای میر و بەلەنگاز و هەژاران... هێدی

ئەدیبێکی تر ئەم پارچەیە لە پەخشانێکدا هەڵدەوەشێنێتەوەو بەم شێوەیەی لێدەکات: خوایەگیان.. ئەی خوای تەنیای ئەوانەی دیارن و هەموو ئەوانەشی نادیار، لەوانەی کە هەر نەماون، یاخود هێشتا نەهاتوون.. خوای میر و فەرمانڕەوایانی زل، خوای فەقیر و هەژارانی ناسك دڵ.. ئەوا نامەم بە ناوی تۆ دەنووسم، چونکە گەرنا دەزانم پووچە هەوڵم.

روونکردنەوە:

(روونکردنەوە) لە عەرەبیدا (التفسیر)ی پێدەڵێن.. بریتییە لەوەی شاعیر، یان نووسەر دوای ئەوەی باس لە شتێکی دیاریکراو دەکەن، دواتر پرسیار بۆ شتەکە دروست دەکەن و بە وەڵامی پرسیارەکە شتەکە چاکتر روون دەکەنەوە، بۆ تیگەیشتنی بەرامبەر.. بۆ وێنە:

ـ بەسەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم

شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەر چاوم

شریتی چی سەراپا سەرگوزشتەی نائومێدیمە

فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەسهێنانی لاویمە... ئەحمەد هەردی

لە دێڕی یەکەم نیوەی دووەمدا باسی لە شریت کردووە، لە دێڕەکەی دواتر دەپرسێك شریتی چی؟ ئینجا هەر خۆی وەڵامدەداتەوەو شتەکە روون دەکاتەوە.

ـ چڵ ساڵ تێپەڕی زەمانی ماندوو

لەو ساڵەی مەشهور بە عامولفیل بوو

زەمان چ زەمان سەنگین بۆ هەژار

وەك تەوقی زاڵم، تاڵ وەك ژەهری مار... ئەحمەدی موفتی زادە

لە دێڕی یەکەم شاعیر باس لە زەمانی بەر لە دەرکەوتنی ئیسلام دەکات، دواتر دێت پرسیار دەکات بزانێ ئەم زەمانە چ زەمانێك بووە، ئینجا وەسفی دەکات کە چۆنی بڵێی وەها تاریك و تار بووە، ئەوەش روونکردنەوەیە.

شێوازەکانی روونکردنەوە:

روونکردنەوە بە چەند شێوازێك دەبێ، لەوانە:

١ـ کە لە نێو دێڕدا وشەیەك، ناوێك، زاراوەییێك دێت، یەکسەر دوای ئەو ئەو وشەیە شیبکرێتەوەو واتای مەبەستی بخرێتەروو، بۆ نموونە:

ـ دەیگۆ تەشریفی کە هات شاهی جیهان

یەعنی ئەو پێغەمبەری ئاخر زەمان... رەشاد موفتی

دەبینین، کە لە نیوە دێڕی یەکەم وشەی شاهی جیهان هاتووە، یەکسەر دوا بە دوای ئەوە، روونکراوەتە، کە مەبەست لە شاهی جیهان کێیە، بۆ ئەوەی پایەی پێغەمبەر (درود و سلاوی خوای لەسەر) کە مەبەستەو ئەو پایەیە هی ئەوە، بەهەڵە زەین بۆ یەکێکی دیکەی نەبات.

٢ـ ـــ مەی لەبەر دەم بێ، کە ئیمڕۆ عادەتێکی جارییە

عادەتی چی؟ موئنیسی چی؟ پیشەیی بێکارییە... دلدار

لەم دێڕەدا، دوای ئەوەی شاعیر باس لە کۆڕی مەی نۆشی دەکات و دەڵێت، ئیمڕۆ عادەتێکی پیادەکراوە، بە ناوخەڵکانێك دانیشتنەکانیان بەبێ (مەی) بە ناتەواو دەبینن. لە نیوە دێڕی دووەم دێت دوو پرسیار بۆ (عادەتەکە) دروست دەکات، یەکەمیان (عادەتی چی؟)، کە ئەمە پرسیارە لە خودی عادەتەجارییەکە، کە لە نیوە دێڕی یەکەمدا، باسی لێوەکراوە، دووەمیش (موئنیسی چی؟) واتە: خەمڕەوێنی چی؟ کە ئەمە لە دێڕەکە باس نەکراوە، بەلام بیانووی خەڵکە مەینۆشەکانە، بۆ مەی نۆشینەکەیان.. ئینجا پاش ئەم پرسیارانە، راستییەکە روون دەکاتەوە، کە مەینۆشی نە عادەتە و نە بۆ هاودەمی و خەمڕەوێنیش سوودێکی هەیە، بەڵکو پیشەی کەسانێکی بێکارە، کە بێئاگای هەموو کاروبارێکن.

وەرچەرخان:

(وەرچەرخان) بەو دەربڕینە دەگوترێت، کە تیایدا شاعیر سەرەتا باس لە شتێك بکات، بەلام کە لە درێژەی باسەکەیدا دەگاتە شتێکی تایبەتی، لە لاباسەکەی یەکەمی وەردەچەرخێ

و باس لە شتە تازەکە دەکات.. بۆ وێنە:

ـ شیوەنی من شیوەنی ئینسانی یە
بانکی ئازادی و گرۆی یەکسانی یە
شیوەنی من شینی کوردی بێبەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن، لیَ ی و هەشە.. هێمن

لەو پارچەیەدا سەرەتا شاعیر باس لە شیوەنی خۆی دەکات، بەڵام کاتێـك لـە درێـژەی باسـی شیوەنەکەی دەگاتە سەر (کورد)، لە باسەکەی خۆی وەردەچەرخیَ، دێت ئەمجارەیان باسی کورد دەکات، کە میللەتێکە، گەلێکـە حاشـای لێدەکـەن و هەشـە.. ئەمـەش (وەرچـەرخانە) لـە باسێکەوە بۆ باسێکی تر.

جیاکردنەوە:

(جیاکردنەوە) بریتییە لە خستنەڕووی شتێك بە پەسنێکی گشتی، ئینجا دواتر لە پەسنێکی تایبەت، شتێکی تر بە سەر شتەکەی پێشوو، زەقبکرێتەوە، مەبەستیش لەمە جیاکردنەوەی دۆسیەکان بیَ.. بۆ وێنە:

ـ عەرەب ئینکاری فەزلی ئێوە ناکەم، ئەفزەلن ئەمما
سەلاحەدین، کە دنیای گرت، لە زومرەی کوردی بابان بوو... شێخ رەزا

لەم دێڕەدا، شاعیر سەرەتا هاتووە، بە شێوەیەکی گشتی پەسنی میللەتی عەرەبی داوە، ئەوەی دەرخستووە، کە ئێوەی عەرەب لە گەلانی تر باشترن و چاکەتان بەسەر هەمووانەوە هەیە، من لاملێیی لەوە ناکەم، ئەوەش بە هۆی بوونی ئاینی ئیسلام و پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لەسەر) یەکەمجار لە ئێوە، بەڵام پاش ئەوە شاعیر هاتووە ئەمجارەیان بە شێوەیەکی تایبەت سەلاحەدینی گەورە سەرکردەی کورد و جیهانی ئیسلامی جیاکردۆتەوە، ئینجا هەر رووی دەمی لە عەرەبەکان دەکات و پێیان دەڵیَ، بەڵام دەبیَ ئاگاداری ئەوەش بن، کە پێشەوایەکی مەزنی وەکو سەلاحەدین، کە لەسەر دەستیدا ئەم هەموو سەرکەوتن و سەروەرییە بۆ جیهانی ئیسلامی و سەرجەم موسڵمانانی جیهان تۆمارکران، کوڕە کوردێکی قارەمانی کوردستان بوو، بەمەش شاعیر دۆسیەی چاکە و سەروەرییەکانی هەردوو میللەتی کورد و عەرەبی سەرکەوتووانە لێك جیاکردۆتەوە.

چەند نموونەیەکی (جیاکردنەوە):

ـ ئەوەی تۆ هەتبوو، من نەمبوو: قەرار و صەبر و عیززەت بوو

ئەوەی من هەمبوو، تۆ نەتبوو: وەفاو میهرەبانی بوو.. حاجی قادر کۆیی

لێرەدا، شاعیر بۆ جیاکردنەوەی دۆسیەی خۆی و بەرامبەرەکەی، لە نیوە دێڕی یەکەم، بە شێوەیەکی گشتی بەرامبەرەکەی بە وشەکانی (قەراو صەبر و عیززەت) پەسن دەدات، خۆی جیادەکاتەوە لەوەی ئەو سیفەتانەی وەك بەرامبەرەکەی هەبێ، بەڵام لە نیوە دێڕی دووەم: ئەمجارەیان بە شێوەیەکی گشتی، بە وشەکانی (وەفاو، میهرەبانی) پەسنی خۆی دەدات و بەرامبەرەکەی جیادەکاتەوە لەوەی ئەو سیفەتانەی هەبێ.

ـ کەس نەماوە، بە غەیری کاك ئەحمەد

شەیخی مەعروف و، عالیمی ئەرشەد... حاجی قادر کۆیی

لەم دێڕەدا، سەرەتا شاعیر پەسنێکی گشتی کە (نەمان)ە، بەسەر دانیشتوانی کوردستاندا دەدات، دەڵێت: لە زاناو خزمەتکارانی گەورەی ئایین، بەداخەوە کوردستان کەسی تیا نەماوە، بەڵام دواتر دێت و بە هۆی ئامرازی جیاکردنەوەی (غەیری)، (کاکە ئەحمەدی شێخ) جیادەکاتەوە، کە ئەم زانایە بەر پەسنە گشتییەکە ناکەوێ و بە راستی شێخێکی ناسراو و زانایەکی سوودمەندە.

ـ گوتم: کەوابێ ئاشنا

بەشی ئێمە لە نێوچوونە

گوتی: نا، نا، دوور بنوارە

دوور بنوارە، ئاسۆ رِوونە.. هێمن

لەم چوارینەدا، سەرەتا شاعیر بە بەرچاوگرتنی ئەوانەی دەیانزانێت، بڕیارێکی گشتی بەسەر ئایندەدا دەدا، وا دەزانێ لەنێوچوون هەرِەشەیان لێدەکات، ئەوەش عەرزی بەرامبەرەکەی دەکات، بەڵام بەرامبەرەکەی تروسکە هیوایەکی لە ئەو زیاتر بەدی دەکات، ئەگەرچی ئەویش تا ئەو ساتەی وەڵامی شاعیر دەداتەوە، دڵنیابێ لەوەی، کە لەنێوچوون و فەوتاندن هەرِەشەیان لێدەکات، بەڵام بۆ ئایندەیان (روونی ئاسۆ) بە خاڵێکی بەهێز دەبینێ، لێرەدا دێت ئایندە بەو هیواو تروسکەی ئومێدەوە لە رابردوو جیادەکاتەوە.

هێماکەر:

(هێماکەر) لە عەرەبیدا (الارصاد)، یان (التسهیم) و (التوشیع)یشی پێدەگوترێت، ئەگەرچیش هەبێ جیاوازی لە نێوان ئەم دووانەی دواییش کردبێ.. بریتییە لەوەی لە دەربڕیندا شتێکی وا پێشبکەوێت، کە دەلالەت لەسەر بەشەکەی دوایی دەکات، ئەمەش جارێ بە واتاو، جارێ بە وشە. بە واتایەکی تر: شاعیر، یان نووسەر لە دەربڕینەکەی خۆیدا چ بە واتا، چ بە وشە، کە بەشی یەکەمی قسەکەی دەکات، هێشتا بەشە دووەمەکەی قسەکەی نەکردووە، بەڵام خوێنەر تێدەگات، یان بیری بۆ دەچێت، کە ئێستا بەو شێوەیە دەبێ کۆتایی بە قسەکەی بێنێ.. بۆ وێنە:

ـ مردنێکی لەبەر ئەو قاپییەدا مەردانە

بە خودا چاترە ئەمڕۆ، لە گلاراوی حەیات... مەحوی

لەم دێڕەدا، کاتێك شاعیر لە بەشی یەکەمی دەربڕینەکەی ئاماژە بەوە دەکات، کە مردنێکی مەردانە لەبەر ئەو قاپییەدا چاترە، بە وشەکانی (مردن ـ چاترە) ئەگەرچی هێشتا شاعیر قسەکەی تەواو نەکردووە، بەڵام خوێنەر زەینی بۆ ئەوە دەڕوات، کە ئەو وشەی لە بەشی دووەمدا شاعیر دەیهێنێت، دەبێت وشەی (ژیان) بێت، چونکە بەراوردی (مردن) بە (ژیان) دەکرێت، ئەمانە وەکو دوو وشە دژو بەرامبەری یەکن، کە شاعیریش گوتەکەی تەواو دەکات دەبینین، رێك بەراوردی مردنە مەردانەکە، لەگەڵ (گلا راوی حەیات) دەکات، کە یەکەمیان لە دووەمیان چاکترە.. کە واشبێ ئەوەی خوێنەر بۆی چوو، راستبوو (حەیات)یش هەر عەرەبییەکەی (ژیان)ە.. ئەم چەشنە دەربڕینەش ئێمە ناوی دەنێین (هێماکەر)، وەك لە سەرووش ئاماژەمان بۆ کرد، کە عەرەبەکان چ ناوێکیان بۆ بەکارهێناوە.

ـ بەم کەلامە لە وجد و حاڵەتام

گەه بە هێواشی و گەه بە خرۆشم... حەمدی

لە نیوە دێڕی دووەمدا، کە کراوەتە دوو کەرت، دیارە کەرتی یەکەمی بە هۆی وشەی (گەه)ەوە بووەتە هێماکەر بۆ ئەوەی لە کەرتی دووەمی هاتووە، ئەوەش لە شیعری کوردیدا بە زۆری بەرچاو بکەوێت.

ـ گەه لەگەڵ سالیکانی مەسجیدام

گەه لە مەیخانە مەست و سەرخۆشم... حەمدی

لەم دێڕەدا نیوە دێڕی یەکەم بە وشەی (گەھ) کە لە سەرەتای نیوە دێڕەکە بەکاری هێناوەو دەڵێت: (گەھ لەگەڵ سالیکانی مەسجیددام)، هێما بۆ ئەوە دەکرێت، کە لە نیوە دێڕی دووەمدا باس لە کارێك بکرێت، پێچەوانەی مزگەوت و سالیکانی مزگەوت بێت، چونکە (گەھ) لەو وشانەیە، کە هەمیشە ئەگەر بەکارهێنرا، دووبارە دەبێتەوەو جاری دووەمیش شتێکی پێچەوانەی ئەوەی بەدوادا دێت، کە لە جاری یەکەم بەدوایدا هاتووە، کاتێکیش کە نیوە دێڕی دووەم دەخوێنینەوە، دەبینین ئەمجارە باس لە (مەستی و سەرخۆشی مەیخانان) دەکات، بەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە راستی بۆ چووبووین و ئەوەی پێشبینیمان کرد لە هێماکەی نیوە دێڕی یەکەم، لە نیوە دێڕی دووەم وەدی هات.

جۆرەکانی (هێماکەر):

گوتمان (هێماکەر) بەو دەربڕینانە دەڵێین، کە بەشی یەکەمیان، هێما بۆ بەشە دووەمەکەیان دەکەن، ئەمەش بە دوو جۆر چ بە واتا بێ، چ بە وشە، لە خوارەوە ئاماژە بۆ هەر دوو جۆرەکە دەکەین.

یەکەم: هێماکەری واتایی: ئەو دەربڕینەیە، کە واتای بەشی یەکەمی، هێما بۆ ئەو گوتەیە دەکات، کە لە بەشی دووەمیدا دێت، بۆ وێنە:

ـ نەوەك هەرچاوی مەستە، خۆشی هەر مەست

بەلادا دێ، کە دێ، وەك تورکی سەر مەست... مەحوی

لێرەدا، لە بەشی یەکەمی نیوە دێڕی یەکەمدا، کاتێ شاعیر پەسنی بەرامبەرەکەی دەدات بەوەی کەوا: (نەوەك هەرچاوی مەستە)، هێشتا گوتەکەشی تەواو نەکردووە، بەڵام واتای ئەو بەشی یەکەمی قسەیەی، زەینی گوێگر، یان خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە ئێستا باس لە مەستی زیاتری بەرامبەرەکەی بکات، چونکە گوتەکەی ئەوە لە بیردا دروست دەکات، کە لەگەڵ ئەو کەسەی لە شیعرەکەیدا رووی تێدەکات، دەیەوێت، پێی بڵێت: براکەم کە تۆ باس لە مەستی چاوی دەکەی، ئەوا من مەستیم هەر تەنیا لە چاوی نەدیوە، بەڵکو بیستومە، مەستییەکەی لەوە زیاتر بووە، بۆیە خوێنەر چاوەڕێ دەکات کە ئێستا دەبێ باس لە مەستییەکی زیاتر بکات، جا کە گوتەکەشی تەواو دەکات (خۆشی هەر مەست) ئینجا گوێگر یان خوێنەر دڵنیادەبێ، کە بە هەڵەنەچووە و چۆنی بۆچوو، وابوو.

دووەم: هێماکەری وشەیی: ئەو هێماکەرەیە کە یەکێ لە وشەکانی بەشی یەکەمی دەربڕینەکە، لە مێشکی گوێگر یان خوێنەری دروست دەکەن، کە ئەو گوتەیەی بەشی دووەمیش دەبێت لەسەر هەمان کێشی گوتەکەی بەشی یەکەمی دەربڕینەکە بێ، بۆ وێنە:

ـ تاڵەبانی زۆرن ئەمما، هەردووانیان دێنەکار

ڕۆژی دەعوا شێخ حەمید و ڕۆژی حەلْوا شێخ ستار ... شێخ رەزا

لە نیوە دێڕی دووەمی ئەم دێڕە، دەبینین، بەشی یەکەمی دەربڕینەکە، کە دەڵێ (ڕۆژی دەعوا شێخ حەمیدو) یەکسەر زەینمان بۆ ئەوە دەچێت، ئێستا ئەو گوتەیەی بە دوایدا دێت، لەسەر هەمان کێشی (ڕۆژی دەعوا)یە، چونکە شاعیر نیوە دێڕەکەی لە ناوەڕاست کەرتکردووەو ئاوازی دێڕەکە، ئەوە دەخوازێ، کە ئێستا وشەی (ڕۆژی...)یشی بەدوادا بێت، کاتێکیش گوتەکەی تەواو دەکات و دەڵێت: (ڕۆژی حەلوا شێخ ستار) ئینجا دڵنیا دەبین، کە لە بۆ چوونەکەماندا ڕاست ڕۆیشتووین و بەهەڵەدا نەچووین.

ـ خۆم ناکەم بە بار بەسەر کۆمەڵدا

گەر بار سووك نەبم؟ بۆ بارگران بم... برژاو

بەشی یەکەمی نیوە دێڕی دووەم، کە بە ئامرازی مەرجی (گەر) دەست پێدەکات و دەڵێت: گەر بار سووك نەبم؟ ئەمە دەبتە هێماکەر بۆ ئەوەی بەشی بەدوا داهاتووی ئەوە بۆ (بار گران بم)؟ بێ.. کە شاعیریش دێڕەکەی تەواو دەکات، ڕاستی بۆچوونەکەمان بۆ بەدەر دەکەوێت.

شێوازەکانی (هێماکەر):

١ـ دەشێ شاعیر لە بەشی یەکەمی گوتەکەی باس لە نەبوونی شتێك بکات لای بەرامبەر، بۆ نموونە بڵێت: (کە تۆ نەداری بە تۆ چی...) یەکسەر و بەر لە تەواو کردن، خوێنەر تێدەگات، ئەوەی بە دوای بەشی یەکەمدا دێت، دارایی یەکێکی ترە، چونکە واتاکەی بەشی یەکەمی گوتەکە هەر ئەوە هەڵدەگرێت، بۆ وێنە:

ـ فەزیڵەی ئەصل و فەصل ئینسانی پێ نابێ، بە صاحێب فەزڵ

کە تۆ کۆسەی بە تۆ چی مامە، ڕیشی باب و باپیرت... مەحوی

لە نیوە دێڕی دوومدا، دەبینین، دوای ئەوەی لەبەشی یەکەمدا دەڵێت: (کە تۆ کۆسەی بە تۆ چی مامە)، یەکسەر لە زەینی خوێنەر ئەوە دروست دەبێت، لە بەشی دووەمی گوتەکە،

باس لە ریشی یەکێکیتر بکات، چونکە کە (کۆسە) خۆی ریشی نەبێ، هەر ئەوە هەڵدەگرێ پێی بڵێین ریشی خەڵکانی تر بە تۆچی و دادت نادات، بۆیە کە نیوە دێڕەکە تەواو دەکات، بۆمان دەردەکەوێت، کە بە راستی بۆ دوابەشی گوتەکە رۆیشتووین.

٢ـ کە لە نیوە دێڕی یەکەم باس لە شتێکی دیاریکراو دەکات، بە باشتر، یان چاکتر، یان هەر پەسنێکی تری وەسف دەکات لە پلەی بەراوردی سیفەتدا، یەکسەر زەینمان بۆ ئەوە دەچێ، کە ئەو وشەیەی لە بەشی دووەم دێت، لە واتادا دژە واتای وشەکەی بەشی یەکەم بێت، بۆ وێنە:

ـ بەو هەموو تاڵییەوە شەربەتی مەرگ

خۆش گەواراترە بۆی، ئێستا لە شەکراوی حەیات... مەحوی

کە لە بەشی یەکەمی ئەو دێڕەدا شاعیر باس لەوە دەکات شەربەتی مەرگ لەگەڵ تاڵییەکەشی، بەڵام هێشتا گەواراترە، وا هەست دەکەین لێرەدا، (شەربەتی مەرگ)ەکەی، لەگەڵ (شەربەتی ژیان و حەیات) بەراورد کردبێ، چونکە بەرامبەری (مەرگ) هەر (حەیات)ە، بۆیە وای بۆ دەچین، کە ئەوەی لە بەشی دووەمی گوتەکەی ئاماژەی بۆ دەکات، دەبێت وشەی (ژیان)، یان (حەیات)ی تیابێت.. ئینجا کە قسەکەی تەواو دەکات، دەبینن، بۆ چوونەکەمان راست و دروست بووە.

بەشی سێیەم
جوانکاری تێکەڵ

ئەم بەشە بۆ یەکەمجارە من بۆ باسەکانی جوانکاری زیادی دەکەم، دەنا پێشە من نە لە بەلاغەی عەرەبی و نە لە رەوانبێژی کوردی، کەسی تر ئاماژەی بۆ نەکردووە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەم دوو باسەی لێرەدا تیشکیان دەخەمە سەر، لە راستیدا هەردووکیان تێکەڵن لە هونەری وشەیی و هونەری واتایی جوانکاری و تەنانەت لە هونەرەکانی دیکەی رەوانبێژیش، لەبەرئەوەشە بەلامەوە دروست نییە، ئەم دوو هونەرە نە لەسەر یەکەم و نە لەسەر دووەمیش حیسێب بکرێ، بۆیە بەم شێوەیەم دابەشکرد.

ئیقتیدا:

ئەوەیە شاعیر لە دێڕەکانی خۆیدا شوونپێی داهێنانی شاعیرێکی پێشەخۆی هەڵگرێتەوە، ئەو چۆنی نووسیوە، ئەمیش بە هەمان شێوەی ئەو بنووسێتەوە، بەڵام بێگومان بە واتایەکی نوێ، چونکە ماوەی نێوان دوو شاعیرەکە، هۆکارە بۆ بەرەوپێشچوونی مەبەست لە یەکەمەوە بۆ دووەم.

ئیقتیدا بە گشتی سێ جۆری هەیە، یان شاعیر بە کێش و سەروا و وشەو دەربڕین و بە گشتی بە رواڵەتی شیعری شاعیرێك کارتێکراو دەبێت و دێت بە ئیقتیدا کردن بەم شیعرەی شیعرێکی هاوشێوە دەنووسێ، یان شاعیر بە ناوەڕۆکی شیعرێك کارتێکراو دەبێت و دێت شیعرێك بە هەمان واتا، بەڵام بە وشەو دەربڕینی جودا دەنووسێت، یانیش بە هەردوو لایەنی شیعرێك کارتێکراو دەبێت و دێت لە هەردوو رووەوە شوونپێی شیعرەکەی پێشەخۆی هەڵدەگرێتەوە، بەم شێوەیە ئیقتیدای واتایی و ئیقتیدای رواڵەتی و ئیقتیدای کۆی واتاو رواڵەت دروست دەبن، لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر هەریەکە لەم سێیانە.

یەکەم: ئیقتیدای واتایی

لێرەدا شاعیر بە واتاییێکی جوانی شاعیرێکی پێشەخۆی کارتێکراو دەبێت، دێت بە هەمان واتای ئەو، وەڵام بە زیادییەك دێڕەکەی خۆی دەهۆنێتەوە، ئەم جۆرەیان رەوانبێژانی عەرەب

باسیان لێکردووەو ناویان ناوە (حسن ألآتباع)، بە پێی سەرچاوەکان (أبن أبي ألأصبع المسري) لە کتێبی (تحرير التحبير) یەکەم ڕەوانبێژێکە ئاماژەی بەوە دابێت، ڕەوانبێژانی تری دوای خۆی هەموویان پێناسەکەیان هەر لەو وەرگرتووە، ئەو گوتوویەتی: ((ئەوەیە قسەکەر بێتە سەر واتاییێك، کە غەیری خۆی دایانهێناوە، ئیدی بە باشی بزانێ لەمەدا بەو پێیەی شیاوە شوونی بکەوێت، واتا بەوە شوونی بکەوێت کە مافی کەسی دواییە لە شوونکەوتنی کەسی پێشە خۆی، جۆرێك گۆڕانیش بکات، جا ئەمە بە کورتکردنەوەی دەربڕینەکەی بێت، یان کورتکردنەوەی کێشەکەی، یان ناسکترکردن و زاڵبوونی بەسەر سەرواکەی بێت، یانیش بە تەواوکردنی کەموکورتییەکی بێت، یان بە درێژەپێدان بە واتا تەواوەکەی بێت، یان بە جوانکردن و ڕازاندنەوەی بێت بە بەرگێکی جوانکاری، کە بە هۆیەوەی شیعر جوان و دڵگیر دەبێت و مافی بۆ دروست دەبێت)).. بۆ نموونە:

(حاجی قادری کۆیی) لە دوو دێڕیدا ئیقتیدا بە چەند دێڕێکی (ئەحمەدی خانی) دەکات و هەمان واتای ئەو دێنێتەوە، بەڵام بە زیادییەکی تر.. ئەوەتا ئەحمەدی خانی لە وەسفی نەتەوەکەی خۆیدا گوتبووی:

ـ هندی ژ شەجاعەتێ غەیورن
ئەو چەند ژ میننەتێ نەفورن
ئەڤ غیرەت و ئەڤ علووێ هیممەت
بوو مانعێ حەملێ بارێ میننەت
لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن
دایم ب تەمەڕڕوود و شیقاقن... مەم و زین

حاجی قادری کۆییش بەو واتایانە کارتێکراوەو هاتووە بە ئیقتیدا بە ناوەڕۆك و واتای ئەم بۆچوونانەی خانی لە بارەی کوردەوە ئەویش نووسیویەتی:

ـ هەموویان شێری بێشەن حاتەمی جوود
لە شەڕدا کێوی جودی و بەحری مەمدوود
وەلێکین فائیدەی چی هەرج و مەرجن
لە دەعوادا لەگەڵ یەکتر بە مەرجن... حاجی قادری کۆیی

لێرەشدا کە ئەم دوو پارچەیە بەراورد دەکەین، دەبینین هەمان واتا دووبارە دەکەنەوە، بەڵام بە دوو شێوازی جودا، کە وەکو گوتمان ئەوەش پێویستە و ئاساییە.

دووەم: ئیقتیدای رووالەتی:

روالەت دیوی دەرەوە، یان رووخساری شیعرەکە دەگرێتەوە، رووخساریش پێکدێت لە وشەو دەربڕین و شێوازی دەربڕین و کێش و سەرواو مۆسیقای دەرەوەو مۆسیقای ناوەوەو هەموو ئەمانە، زۆرجار شاعیرێك هەر لە رێگەی روالەتەکەیەوە، کارتێکراوی شیعری شاعیرێکی دیکە بووە، دوای ئەوە هاتووە شیعرێکی لەسەر هەمان روالەت نووسیوە، بۆ نموونە:

ئەو شیعرەی نالی بۆ مەستورەی نووسیوە، بووەتە سەرمەشقێکی جوان بۆ حاجی قادری کۆیی، هێندە پێی کارتێکراو بووە، هاتووە لەسەر هەمان کێش و مۆسیقاو هەمان سەرواشەوە پارچە شیعرێکی پێنج دێڕی نووسیوە، دەبینین ئەو شیعرانە زۆر لێك نزیکن و هەمان مۆسیقایان هەیە، نالی گووتوویەتی:

مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێك و عیتابێ
هات و گوتی عوقدەم هەیە قەت مومکینە وا بێ
هەر تۆ مەگەر ئەم موشکیلە حەلکەی بە جەوابێ
هەر مەسئەلە بکرێ کە بە تۆ شەرحی کرابێ
لایق نییە کەس دەخلی بکا چین و خەتا بێ... نالی

حاجی قادری کۆیی وەکو ئەوەی وەلامی ئەم دووانە بداتەوە، مەبەست (نالی و مەستورە)یە، لەسەر هەمان کێش و سەروای ئەو شیعرەی نالی ئەویش شیعرەکەی خۆی دەنووسێت و دەلێت:

ـ مەتنی کوتوبی ئەم دووە با شەرحی کرابێ
ئیشکالی ڕموززی مەسەلەی قازیی مابێ
قازی هەرۆ سینەت سوپەری تیری قەزا بێ
وەك دینی ڕەوافیز بەدەنت بێ سەرو پا بێ
خۆت حاکمی ئەم مەسئەلەیە کەی دەبێ وا بێ
پیری وەکو تۆ ماهی هەبێ و ماکەری گا بێ... حاجی قادری کۆیی

کە لەم دوو شیعرانە ورد دەبینەوە، کاریگەری (نالی) بەسەر (حاجی)یەوە بە ئاشکرا دەبینین، کاریگەرییەکەش لە رووی روالەتەوەیەو ئەوەتا هەموو ئەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- هەردوو شیعر سەراوای مەسنەوییان بەکارهێناوە.

٢- هەردوو شیعر لەسەر کێشی عەروزی و بەحری (ڕەجەز) و (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستف) هاتوونە.

٣- هەردووکیان یەك ئاواز و مۆسیقایان بۆ دروستبووە.

سێیەم: ئیقتیدای کۆی واتاو رواڵەت

ئەو ئیقتیدایەیە کە تیایدا شاعیر رەچاوی هەردوو لایەنی واتاو رواڵەتیش لە شیعرەکەی پێشەخۆی دەکات و لەبەر زۆرکارتێکراویی پێی، دێت لە هەردوو لایەنەوە شوونی هەڵدەگرێت، ئیتر هەندێ وشەو دەستەواژە و کێش، یان سەروای، شیعرەکەی پێشەخۆی و هەروەها هەمان واتا، یان واتاییێکی نزیکی ئەویش دێنێت.. بۆ نموونە: حاجی قادری کۆیی لە سەرەتای هۆنراوەییێکیی گوتبووی:

ـ تاجی (بسم الله الرحمن الرحیم)

نامە سەر بۆ دەفعی شەیتانی ڕەجیم... حاجی قادری کۆیی

ئەمە لە هردوو رووی رووالەت و واتاش کاری لە (حەمدی) کردووە، ئیتر ئەویش وەکو (حاجی) هاتووە گوتوویەتی:

با بە (بسم الله الرحمن الرحیم) دەست پیێ بکەم

چونکە تینووی ڕەحمەتم دڵئاگرینم ڕەحمەتیێ... حەمدی

دەبینین دێڕەکەی (حەمدی) لە هەردوو رووی واتاو رواڵەتیش ئەگەرچی جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ ئەوەی (حاجی قادری کۆیی) هەبێت، بەڵام هەردووکیان لەیەك نزیکن و تارمایی یەکەم بە ئاشکرا لە دووەمدا بەرجەستەیە.

چەند نموونەییێکی ئیقتیدا:

١- ئیقتیدای حەمدی بە مەحوی

ـ چ بکەم نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لەلا بە کەس

نە گەیمە ئەو کەسە، ئەو من بکا بە کەس... مەحوی

(حەمدی)ش کارتێکراوبووە بەم دێڕەی مەحوی، بۆیە ئیقتیدای پێکردووەو گوتوویەتی:

ـ کەس نەبووە نیشە هیچ کەسی کە بێ لەلا بە کەس

ناکەس هەیە کە ناکەسی وەك خۆی بکا بە کەس... حەمدی

که دوو شیعرەکان دەخوێنینەوە هەست دەکەین حەمدی ئیقتیدای بە مەحوی کردووە، بەوەی کەوا لەسەر نەزمی ئەو دێڕەکەی خۆی نووسیوە، تەنانەت هاتووە دێڕەکەی خۆی وەکو وەڵامێك بۆ ئەوەی مەحوی خستۆتە روو، ئەوەش کاریگەری مەحوی لەسەر حەمدی روونتر دەکاتەوەو دەریدەخات کامیان بە کامیانەوە ئیقتیدایان کردووە.

لە لاییێکی دیکەوە مەحوی گوتوویەتی:
ـ ئەو سییارۆزیی منە پۆشیوییە عەیبی کەسان
ئاشکارە سەتری ئەحوالی گونەهکارانە شەو... مەحوی
(حەمدی)ش لەو بارەیەوە گوتوویەتی:
ـ کردەوەی دنیا کە هەر عەیبە دەبێ داپۆشرێ
پەردەییێکی موختەسەر خاسی بەسەردادانە شەو... حەمدی

دیارە لەم دێڕانەدا هەریەکە لە ((حەمدی و مەحوی لەوە دەدوێن، کە شەو تاوانی گوناهباران دادەپۆشێ، لەلای حەمدی پەردەیەکی بەسەردادانە و لەلای مەحوی زیاتر قوولبۆتەوەو رەشی شەو بە جوانی و رەسەنی دادەنێ)).

دیارە د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، لە (مەحوینامە)کەیدا بە درێژی باسی لە گەلێ رووی لێکچوونی نێوان حەمدی و مەحوی دەکات، بۆ نموونە لە بارەی غەزەلی (رۆژ)ەوە دەنووسێت: (گەر سەیری هەردوو غەزەلی مەحوی و حەمدی بکرێ، دیار دەکەوێ، کە هەردووکیان ستایشی رۆژ دەکەن و مەزنییەکەی دەستنیشان دەکەن، هەروەها ئاشکرا دەبێ، کە غەزەلەکەی حەمدی کاریگەری غەزەلەکەی مەحویی پێوەیە، لە دوو لایەنەوە:

أ ـ لایەنی رووخسار.. هەردوو غەزەلەکە لەسەر عەروزی عەرەبین و لە بەحری رەمەلی هەشت هەنگاوی مەقصورن، هەروەها دوا سەروایان رۆژەو پێش سەروایان مۆرفێمی (انە)یە.

ب ـ لایەنی ناوەڕۆك.. حەمدی و مەحوی لە شیعرەکانیاندا بە دوای یارێکەوە وێڵن، بەرە بەرە ئەوینەکەیان بەرەو قووڵایی دەچێت و لە ناکاو بەرەو خۆشەویستی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لەسەر) دەگوازرێتەوە) ، ئەگەر واشبێ کەوابێ ئیقتیدای حەمدی بە مەحوی لە رووی رووخسار و ناوەڕۆك و شێواز و بیرەوەیە و سنوورێکی بەرفراوان دەگرێتەوە، نەك هەر لە سنووری دێڕ و دوو دێڕدا گوزارشتی لێبکرێت.

٢ـ ئیقتیدای قانع بە حاجی

لە دێڕێکی خۆیدا (حاجی قادری کۆیی) ستایشی خودای گەورە دەکات و بە زمانێکی شیرین و خۆش و بە رووخسارێکی ناوازە و جوان دەنووسێت:

ـ مەعلومە بۆچی حاجی مەدحت دەکا بە کوردی

تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە مەتحی باری... حاجی قادری کۆیی

(قانع)ی شاعیر کارتێکراو بووە بەو رواڵەت و واتایەی ئەم دێڕەی (حاجی قادری کۆیی) و هاتووە ئیقتیدای بەم بەیتەی کردووە، لەسەر هەمان کێش و هەمان رێ و شوێن و بە هەمان واتا، ستایشی خودای خۆی کردووە، نووسیویەتی:

ـ قانع بە زمانی کوردی، مەتحی خودای دەنووسێ

تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە وەسفی وەهاب... قانع

تەماشا دەکەین ئەم دێڕەی قانع و ئەو دێڕەی سەرووی حاجی تەواو وەکو یەکن و ئیقتیدای قانع بە حاجی زۆر بە روونی بەرجەستەیە.

٣ـ ئیقتیدای بێخود بە شیعرێکی حاجی قادری کۆیی

ـ تا گوڵی رووخساری تۆ وەك من هەزاری عاشیقە

راستی قەددت لەسەر سەروو سنەوبەر فائیقە... حاجی قادری کۆیی

بێخودی شاعیر (١٨٧٨ـ ١٩٥٦ز) ئیقتیدای بە حاجی کردووەو گووتوویەتی:

ـ تا لە من ئەو ماهی چاوبەخومارە خۆی ونکردووە

تیفلی دڵمی تووشی بیماری سەروو بن کردووە... بێخود

٤ـ ئیقتیدای دڵدار بە حاجی

حاجی قادری کۆیی گوتوویەتی:

ـ جۆشێك بدەن وەکو هەنگ، تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ

ئەسبابی شەڕ پەیدا کەن، تۆپ و تفەنگ و هاوەن... حاجی قادری کۆیی

دڵداریش گوتوویەتی:

ـ تێکۆشە دایم هەر وەکو هەنگ بە

لە مەیدانی ژین ئامادەی جەنگ بە... دڵدار

دەبینین لێرەدا دڵدار وێنەی لە حاجی وەرگرتووەو هانی خوێنەری خۆی داوە وەکو هەنگ چالاکانە بکۆشێ و خەریکی خەبات و تێکۆشان بێت، ئەوەش وەرگرتنی وێنەو بیری حاجییەو ئیقتیدایەکی ئاشکرایە بە حاجی.

٥ـ ئیقتیدای عەونی بە حاجی قادری کۆیی

عەونی شاعیر زیاتر لە جارێك لە دیوانەکەی خۆیدا کاریگەری حاجی قادری کۆیی بەسەرەوە بووەو لە زیاتر لە شیعرێکیدا ئەو کاریگەرییەی دیارە.. بۆ نموونە لە دێڕێکیدا حاجی گوتوویەتی:

ـ لە تووشی خۆم بوو هەرچی تووشی خۆم بوو
لە دەستی خۆیەتی حاجی شکاتی... حاجی قادری کۆیی

عەونی بەم مۆسیقاو دەربڕینەی حاجی قادری کۆیی زۆر کارتێکراو بووەو هاتووە ئیقتیدای پێوە کردووە، ئەویش نووسیویەتی:

ـ هۆی چارەڕەشی نابێ لە بێگانە بزانم
ڕاستی ئەمەیە بێژە لە دەست خۆمە شکاتم... عەونی

لە لاییێکی دیکەوە حاجی قادری کۆیی گوتوویەتی:

ـ دەزانی زەحمەتە تەعدادی یاران
بە سەد هاوین و زستان و بەهاران... حاجی قادری کۆیی

عەونی ئەمەی زۆر بەلاوە جوان بووەو هاتووە پێشەکی و بۆنەییێکی دیکەی لەسەر ئەو بنەمایەی بیری حاجی لەو دێڕەیدا دروست کردووەو درێژتر لەوە، بەڵام لەسەر هەمان نەزم نووسیویەتی:

ـ نەبینن ئێوە قەت مەرگی عەزیزان
نەکەن شیوەن لە داخی کۆچی یاران
کەسێك گەر موبتەلابوو بەم بەڵایە
هەتا دەمرێ مەحاڵە شادی جاران
تیماری ناکرێ زامێکی سەختە
بە سەد هاوین و زستان و بەهاران... عەونی

٦ـ ئیقتیدای بێخود بە حەمدی

ـ مەجنونی زلفی خاوی چ لەیلایەکی لە چۆل؟

بەم لێوی وشکەوە بە هەموو دەم دووانی کێی؟... حەمدی

بێخود ئیقتیدای بەم شیعرەی حەمدی کردووە، گووتوویەتی:

ـ مەجنونی دوو گیسۆیی چ لەیلاییێکە ئاخۆ

یا وامیقی جادوویی چ عەزراییێکە ئاخۆ

دێوانەیی ئاهوویی چ سەحراییێکە ئاخۆ

کان چیهرە پەری دیوە کە ترساوە دڵی من؟ ... بێخود

دەبینین لە رووەکانی شێواز و وشەوە تا رادەییێکی ئاشکرا بێخود بە کارتێکراوی حەمدی ئەو پارچەیەی خۆی نووسیوە.

٧ـ ئیقتیدای شێخ نوری شێخ بابا عەلی، بە شیعرێکی حەمدی

ـ بۆچ هەوا ئاڵۆزە بۆچی لێڵ و سوورە ئاسمان

گێژەڵۆکەی نەگبەتە، یا فیتنەیی ئاخر زەمان... حەمدی

شێخ نوری شێخ بابا عەلی بەم شیعرەی حەمدی کارتێکراو بووەو ئیقتیدای پێکردووە:

پێم بڵێن بۆ لێڵە ئاسمان تەم بەری واگرتووە

یا هەناسەی دووکەڵینی خێڵە جۆشی سەندووە... شێخ نوری شێخ بابا عەلی

٨ـ ئیقتیدای حەمدی بە حاجی قادری کۆیی

ـ هەموو عومرم لە ڕێی هات و نەهاتی

بەسەرچوو ئەی ئەجەل تۆ هەر نەهاتی... حاجی قادری کۆیی

(حەمدی)ش گوتوویەتی:

ـ ڕەقیب بۆ بەزمی خەڵوەتمان کە هاتی

وەکو دوومەڵ لە جێی ناسك دەراتی

لە شەوقی ڕوومەتی ئاوابوو ڕووزەرد

قەمەر ئەی شەمس ئیتر تۆ بۆ هەڵاتی... حەمدی

هەست دەکەین حەمدی لەسەر هەمان کێش و سەروای شیعرەکەی حاجی قادری کۆیی و تەنانەت بە وەرگرتنی وشەکانی (هاتی) و دروستکردنی وشەی (هەڵاتی)ش کە وشەییێکی نزیکی (هاتی)یەو هاومۆسیقایەتی، ئیقتیدای بە حاجی قادری کۆیی کردووە.

تێبینی:

جۆرێکی دیکەی ئیقتیدا هەیە، بە (ئیقتیدای نادیار) ناوی دەنێین، ئەمە چونکە دیار نییە کێ ئیقتیدای بە کێ کردووە.

مەبەست لە ئیقتیدای نادیار ئەو ئیقتیدایەی شاعیرێکە بە شاعیرێکی تر، کە لەبەر نەبوونی بەڵگەی کۆنتری و لەبەرئەوەی هەردووکیان هاوچەرخی یەك بوونەو هەردووکیان مێژووی شیعرەکانیان دیار نییە، ئیتر ئاسان نییە بزانرێت، کامیان لە کامیان وەرگرتووە، بەڵام بە ئاشکرا دەزانرێ ئەم دوو پارچە شیعرەیە یەکیان ئیقتیدای بە ئەوی تریانەوە کردووە، بۆ نموونە: شێخ رەزای تاڵەبانی گوتوویەتی:

ـ چەرمی ڕووی هێند قایمە شمشێری میسری نایبڕێ

گەر بە کەوشی کەی دەمێنێ، تا قییامەت نادڕێ... شێخ ڕەزانی تالەبانی

حاجی قادری کۆییش گوتوویەتی:

بیکەبەر دیبایی نەزمم تا قیامەت نادڕێ

چونکە ئەبکاڕی مەعانی تار و پۆیی ڕستووە... حاجی قادری کۆیی

تەماشا دەکەین ئەم دوو شیعرە هەردووکیان:

١ـ لەسەر یەك کێشن

٢ـ هەردووکیان بە یەك سیستەمی دەنگی نووسراون

٣ـ نیوەی وشەکانیان لە نیوەدێڕی یەکەمدا وەکو یەکە

بەڵام نازانین شێخ رەزا ئیقتیدای بە حاجی کردووە، یان بە پێچەوانەوە حاجی ئیقتیدای بەو دێڕەی شێخ کردووە، ئەوەی دەیزانین ئەوەیە ئیقتیدایە ئاشکرایەو گەیشتۆتە ئاستی شت لێکوەرگرتنیش، ئەوەش ئەگەر بە کارتێکراوی یەکیان بە ئەوی دیکەیانەوە نەبووایە، قەت وەها دەرنەدەچوو.

داهێنان:

عەرەب (ابداع)ی پێدەڵێن.. بریتییە لەوەی شیعر، یان ئاخاوتن بە گشتی چەند جۆرێکی جوانکاریی تیا بێت.. دیارە لێرەدا مەبەست لە وشەی جوانکاری واتای زاراوەیی نییە، بەڵکو واتای وشەییتی، بە واتا: ئاخاوتن چەند هونەرێکی جوانی رەوانبێژی لەخۆ بگرێت.. ئەوەتا (ابن ابي الأصبع) کاتێك باس لە جوانکارییەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزە دەکات: ﴿وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءكِ وَيَا سَمَاء أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاء وَقُضِيَ الأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْداً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾..(هود : ٤٤).. دێت هونەرەکانی تیا بەرجەستە بووی دەژمێرێت، دەڵێت: ئەم هونەرانە لە خۆ دەگرێت: دژیەك، حسن النسق، جوانی بایس، دابەشکردن، ئاماژە، هێماکەر، ارداف، ایجاز، خوازە، خواستن و... هتد. دیارە هیچ یەکە لە خوازە و خواستن سەر بە زانستی جوانکاری نینە.

بە کورتی: داهێنان ئەو دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە دەوڵەمەند و جوانکرابن بە ژمارەیێك هونەری لێکجیای رەوانبێژی و بە هەموویان جەمالیاتێکی دڵگیری پێ بدەن.. بۆ نموونە:

ـ گا دەسووتێم، گا دەگرییێم، غەرقی ئاو و ئاورم
ئاخ لە دەست بەختی سیاه نازانم ئەز بۆ نامرم؟... وەفایی

١ـ (گا) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (دەسووتێم) و (دەگرییێم) گێڕدراوەتەوە، ئەوەش (گێڕانەوە)یە.

٢ـ دەسووتێم و دەگرییێم لە بەشی یەکەمی گوتە پێکەوە پێچراون، لە بەشی دووەمیشدا هەر لە هەمان نیوە دێڕدا، (غەرقی ئاو) و (ئاور) لە بەرامبەر ئەو دوو وشەیەی پێشەوە بۆیان پەخشکراونەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی نارێك، چونکە وشەی دووەمی بەشی دووەم (ئاور) پەیوەندی هەیە بە وشەی یەکەمی بەشی یەکەم، کە (دەسووتێم)ە، وشەی یەکەمی بەشی دووەمیش (غەرقی ئاو) پەیوەندی هەیە بە وشەی دووەمی بەشی یەکەم، کە (دەگرییێم)ە، بەوەش (پێچەوپەخشی نارێك) بەرهەم هاتووە.

٣ـ لە نیوە دێڕی یەکەمدا موبالەغە هەیە، چونکە حاڵەتی شاعیر بەو شێوەیە، نییە کە پیشانی دەدات.

٤ـ لە نیوە دێڕی دووەم پرسیاری خوازەیی هەیە، چونکە پرسیارەکە وەڵامی ناوێ.

٥ـ لە نێوان وشەکانی (ئاو) و (ئاور) رەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد هەیە.

٦ـ لە نێوان وشەکانی (ئاورم) و (نامرم)دا رەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی هەیە.

٧ـ غەرقبوون هی ئاوە، ئادەمیزاد لە نێو ئاو غەرق دەبێت، بەڵام ئەمە دراوەتە (ئاور)یش، کە ئەوەش (خواستنی درکاو)ە.

٨ـ (ئاخ لەبەر بەختی سیا) گوتەی ئامادەی سەرزارییە، شاعیر وەریگرتووەو بەبێ ئاماژە بە شیعرەکەی خۆی تێکەڵ کردووە، ئەوەش لێیوەرگرتنە (أقتباس)ە.

٩ـ (نازانم ئەز بۆچ نامرم) گوتەی ئامادەی سەرزارییە، شاعیر وەریگرتووەو بەبێ ئاماژە بە شیعرەکەی خۆی تێکەڵ کردووە، ئەوەش لێیوەرگرتنە (أقتباس)ە.

چەند نموونەیەکی داهێنان:

ـ من دی سەحەر شاهی مەجەر لبسی دبەر مەخمور بوو

ئەو دیم زەری سوور موشتەری یا ڕەب پەری یا حوور بوو... مەلای جزیری

١ـ لە نێوان وشەکانی (سەحەر) و (مەجەر) رەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی هەیە.

٢ـ هۆنراوەکە هەردوو دێڕی زۆر بە جوانی کەرتکراوە، هەر نیوە دیڕەی کراوەتە چوار کەرتی جوان.

٣ـ نیوە دێڕی یەکەم هەواڵێ مەجازییە، بۆ پیشاندانی سەرسامییە.

٤- (یا ڕەب پەری یا حوور بوو) پرسیاری مەجازییە، بە واتای هەواڵ هاتووە، واتە: دەتگوت پەری ، یا حورە، ئەوەندە جوانە.

٥- دیسانەوە لە (پەری و حوور)دا دوو خواستنی ئاشکرا هەیە، چونکە هەردووکیان بۆ کەسە وەسفکراوەکە هاتوون.

٦- دواخستن و پێشخستن هەیە لە هەردوو نیوە دێڕەکان

٧- (شاهی مەجەر) خواستنی ئاشکرایە، واتە ئەو کەسەی لە جوانیدا، لە دڵگیریدا وەکو شاهی مەجەر وەهایە، ئەوم بینی.

٨- لە نێوان وشەکانی (سوور) و (حوور)دا رەگەزدۆزی ناتەواوی جودا هەیە.

٩- کورتبڕی زۆر لە هەردوو نیوە دێڕەکان هەیە.

ـ ئەی مەهی دوو هەفتە تا شەمس و قەمەر تۆیان نەدی

دانەگیرسان ئەو میسالی ئاگر ئەمیان گڕ نەبوو... حاجی قادری کۆیی

١ـ بانگکردنی تیایە لە (ئەی مەھ)
٢ـ (مەھ) خواستنە لە باتی کەسێکی وەکو مانگ جوان هێنراوە
٣ـ شەمس و قەمەر (چاولەیەك)ییان دروست کردووە، چونکە هەردووك بە واتای دروست هاتوون.
٤ـ (شەمس) و (قەمەر) لەژێر بڕیاری (تۆیان نەدی) کۆکراونەتەوە، ئەوەش (کۆکردنەوە)یە
٥ـ هەموو دێڕەکە (جوانی بایس)ــە
٦ـ لە نیوە دێڕی دووەم (ئەو میسالی ئاگر)، (ئەمیان گڕ) دابەشکردنە.
٧ـ دانەگیرسان (خوازە)یە، بە واتا بەم شێوە تووڕە نەبوون و گەرم دانەهاتن تا وەها بدرەوشێنەوە.
٨و٩ـ دوو (لێکچوواندنی نائاشکرا) هەیە، یەکیان (شەمس) بە (ئاگر) و دووەمیان (قەمەر) بە (گڕ) چووێنراون.
١٠ـ رستەکە خەبەری خوازەییە، مەبەستی ئەوەیە بڵێ: ئەی فلان تۆ زۆر جوانی و مانگ و رۆژ ئیرەییت پێدەبەن.
١١ـ لە نێوان (ئەو) و (ئەم) دژیەك هەیە.
١٢ـ هەواڵی دێڕەکە موبالەغە لە جوانی بانگکراو دەکات.
١٣ـ ئەو میسالی ئاگر (کورتبڕییە بە لادان)، واتە: (ئەو لە گەرمی و تووڕەییدا میسالی ئاگر نەبوو).
١٤ـ ئەمیان گڕ نەبوو، کورتبڕییە بە لادان، دروستەکەی ئەوەیە: (ئەمیان لە گەرمی و تووڕەییدا میسالی گڕ نەبوو).

ـ مەبە غافڵ یەکێ بگرە دوو بەردە
کە دنیا هەر هەوایی حەڕ و بەردە
بچووك و گەورە زانیوتە نەتیجەی
گەزێ ئەرز و دوو گەز جاو و سێ بەردە... حەمدی

لەم چوارینەدا ئەم هونەرانەی رەوانبێژی بەرجەستەنە:
١ـ بەرامبەری دوویی رێك هەیە لە نیوە دێڕی یەکەم، سەرەتا (یەکێ بگرە) هاتووە، لە دوای ئەودا (دوو بەردە) هاتووە، (دوو) لە بەرامبەر (یەك) و (بەردە) لە بەرامبەر (بگرە).

٢ـ دێڕی یەکەم تەصریعکراوە.

٣ـ لە نێوان (حەڕ) و (بەڕد)دا دژیەکی فەرهەنگی هەیە.

٤ـ لە نێوان (بچووك) و (گەورە)دا دژیەکی فەرهەنگی هەیە.

٥ـ گێڕانەوە هەیە، ئەوەتا وشەی (گەز) جارێك لە پاڵ ئەرز و جارێك لە پاڵ جاو گەڕێنراوەتەوە.

٦ـ لە نێوان سێ وشەکانی (بەردە)دا رەگەزدۆزی تەواو هەیە.. (بەردە)ی یەکەم فرمانی داخوازییە، لە چاوگی (بەردان)ەوە هاتووە.. (بەردە)ی دووەم پێکهاتووە لە (بەرد) کە وشەیێکی عەرەبییەو ناوە بە واتای (سەرما)ی کوردییەوە هاتووە، لەگەڵ (ە)ی فرمانی ناتەواوی دەمی ئێستا.. (بەردە)ی سێیەمیش پێکهاتووە لە وشەی (بەرد)ی کوردی، کە ناوی گشتییە و بەرامبەرە بە (حجر)ی عەرەبی، لەگەڵ (ە)ی فرمانی ناتەواوی دەمی ئێستا.

٧ـ بچووك و گەورە زانیوتە نەتیجەی؟ پرسیاری خوازەییە و بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام نەهاتووە، بەڵکو بۆ وشیارکردنەوە هێنراوە.

٨ـ نەتیجەی، گەزێ ئەرز و دوو گەز جاو و سێ بەردە.. کینایەیە لە قەبر و مردن.

٩ـ لە (مەبە غافڵ)دا نەهێشتنی خوازەیی هەیە، کە بۆ مەبەستی تکاو وشیارکردنەوە هاتووە.

١٠ـ لە (یەکێ بگرە)دا فرمانی خوازەیی هەیە، کە بۆ مەبەستی تکاو وشیارکردنەوە هاتووە.

١١ـ لە (دوو بەردە)دا فرمانی خوازەیی هەیە، کە بۆ مەبەستی تکاو وشیارکردنەوە هاتووە.

١٢ـ لە (یەکێ بگرەدا) تێلنیشانی واتایی هەیە، بۆ ئەو گوتەیەی پێشینانی کورد، کە دەپرسێت: ((یەك زۆرترە، یا هەزار)؟ لە وەڵامدا دەگوترێت: (یەك)، چونکە (یەك) خودایە و (هەزار) مەخلوقی خودان، کەواش بێ (یەك) زۆرتر و گەورەتر و بەتواناترە لە (هەزار و لە هەزار هەزاریش).

١٣ـ دنیا هەر هەوایی حەڕ و بەردە.. خەبەری داواکراوە، چونکە جەختێنراوە بە ئاوەڵناوی نادیاری (هەر).

١٤ـ بچووك و گەورە.. کینایەنە لە کەسی گەورە و کەسی بچووك.

١٥ـ گەزێ ئەرز و دوو گەز جاو و سێ بەردە.. لە (سێ بەردەدا) موشاکەلە هەیە، لەگەڵ سێ بەردەی تەڵاق. ئەگەرچی پەیوەندییان پێکەوە نییە.

١٦ـ لە (مەبە غافل)دا بانگکردن هەیە.

ـ تەماعم بوو دونیا و عوقبا بخۆم
ئەمم چوو لە دەست و ئەوم بۆ نەهات... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەدا ئەم هونەرانەی ڕەوانبێژی هەیە:

١- دژیەك.. لە (دونیا و عوقبا)دا دژیەکی فەرهەنگی هەیە، چونکە دوو وشەی دژو پێچەوانەی یەکن و هەریەکە و لە فەرهەنگدا ڕەگێکی سەربەخۆیان هەیە.

٢- کۆکردنەوە.. لە نیوە دێڕی دووەمدا (دونیا و عوقبا) لە ژێر فرمانی (بخۆم)دا کۆکراونەتەوە.

٣- دابەشکردن.. لە نیوە دێڕی دووەمدا، لە دەستچوون بە هۆی راناوی ئەم بۆ دونیا و بۆ نەهاتن بە هۆی راناوی ئەو بۆ عوقبا دابەشکراون.

٤- بەرامبەری.. لە نیوە دێڕی دووەمدا بەرامبەری سێیی هەیە، سەرەتا (ئەمم چوو لە دەست) هاتووە، دواتر (ئەوم بۆ نەهات) هاتووە، (ئەو) لە بەرامبەر (ئەم)، (بۆ) لە بەرامبەر (لە)، (نەهات) لە بەرامبەر (چوو).

٥- کینایە.. دونیا و عوقبا بخۆم.. کینایەیە لە هیوای درێژ و حەزی زۆرکردن لە ژیان.

٦- خوازە.. لە وشەی (بخۆم)دا خوازە هەیە، چونکە بۆ مەبەستی درووستی خۆی نەهاتووەو بە مانای دەستخستن هاتووە.

ـ تا بڵێی فەرقی هەیە میهری من و ماهی فەلەك
لە (ثـهرا) تا بە (ثـورةیيا) لە (سەما) تا بە (سەمەك)... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەدا ئەو هونەرانەی ڕەوانبێژی بەرجەستە دەبن:

١- خوازە لە میهری من، کە مەبەست لێی یاری منە.

٢- لێککردنەوە هەیە لە نیوە دێڕی یەکەمدا، میهری من و ماهی فەلەك.

٣- جێگۆڕینی واتایی هەیە، لە نیوە دێڕی دووەمدا واتا لە (عەرزەوە تا کۆمەڵە ئەستێرەی پیرۆ لە ئاسمان) و (لە ئاسمانەوە تا ئەو ماسیەی لە ئەفسانەدا لە بنی دەریا و گای لەسەر وەستاوەو دونیا لەسەر پشتی گاکەیە و بەم شێوەیە...).

٤- دژیەکی درکاو لە (میهری من) مەبەست لێی نزمییەو، (ماهی فەلەك) مەبەست لێی ئاسمانە.

٥- لە پەڕا و پوڕەیا، کە یەکەمیان لە زەوییە و دووەمیان لە ئاسمانە دژیەکی دوور هەیە.

٦- سەمەك تێلنیشانە بۆ ئەفسانەی دونیا لەسەر پشتی گاو گا لەسەر پشتی ماسی و ماسی لە بنی دەریا و... بەم شێوەیە.

٧- سەما و سەمەك دژیەکی وێنەییە، چونکە سەمەك نزمترینە بە پێی ئەفسانە کە گایەکەی لەسەر پشتیەتی، سەماش بەرزە.

٨- دێڕەکە تەصرِیعکراوە.

ـ ئافتابی حوسنی تۆ ڕۆژە کە دێ و ئاوا دەبێ
قامەتیشت وەك هیلالی یەك شەوە ئاوا دەبێ... حاجی قادری کۆیی

لەم دێڕەدا ئەم هونەرانە هەیە:

١ـ ڕەگەزدۆزی تەواوی بڵاو هەیە لە (ئاوا دەبێ)، لە نیوەی یەکەم بە واتای (ئاوابوون و بزربوون) دێ و لە دووەمیش بە وەتای (وەها دەبێ) هاتووە.

٢ـ دێڕەکە تەڕسیعکراوە.

٣ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد هەیە، لە (دێ) و (دەبێ)دا.

٤ـ دژیەکی هەیە لە (دێ) و (ئاوادەبێ)دا.

٥ـ خواستنی درکاو هەیە لە ئافتابی حوسنی تۆدا.

٦ـ لێکچواندنی درێژە (التشبیة المفصل) هەیە، لە (ئافتابی حوسنی تۆ رۆژە، کە دێ و ئاوا دەبێ)دا، ئەمە ئەو لێکچواندنەیە، کە رووی لێکچواندنی تێدایە، بەڵام ئەوزاری تێدا نییە).

٧ـ لێکچواندنی ئاسایی (التشبیة ال) هەیە لە نیوە دێڕی دووەمدا، چونکە هەر چوار بنەڕەتەکانی لێکچواندنی تیا هاتووە.

٨ـ لە نیوە دێڕی یەکەمدا کینایە هەیە بۆ کورتی ماوەی دەرکەوتن و ونبووندا.

٩ـ لە نیوە دێڕی دووەمدا

١٠ـ لە هیلالی یەك شەوەدا تایبەتی هەیە (القصر).

ـ سەما هەر بۆ سەما ئەسبابی تاقەی شینی پۆشیوە

کەواکیب بۆ نیسارە هەڵدەڕێژن شوعلە وەك گەوهەر... حەمدی

لەم دێڕەدا ئەم هونەرانە هەیە:

١ـ رەگەزدۆزی تەواو لە نێوان دوو وشەی (سەما)دا.. کە:

(سەما)ی یەکەم واتە: ئاسمان

(سەما)ی دووەم واتە: هەڵپەڕین و سەماکردن

٢ـ لێکچوواندنی پوختە (التشبیه المجمل) لە (شوعلە وەك گەوهەر)دا هەیە، ئەو لێکچوواندنەیە، کە ئەوزاری تێدایە، بەڵام ڕووی لێکچوونی تێدا نییە. شوعلە: لێیچووە.. گەوهەر: لەوچووە.. وەك: ئەوزارە.

٣ـ رەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد لە نێوان (گەوهەر) و (هەر)دا هەیە.

٤ـ ئەسبابی تاقەی شین: کینایەیە لە جل و بەرگ.

٥ و ٦ـ دوو جوانی بایس:

أ ـ لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر دەڵێت: ئاسمان بۆ سەماکردن بەرگی شینی پۆشیوە! ئەمە لێکدانەوەی شاعیرە بۆ ئەو شینیەی لە ئاسمان دەیبینیٚ، کە ئەمەش هۆی راستەقینە نییە، بەڵکو لێکدانەوەی شاعیرانەیە، هۆی راستەقینە ئەوەیە: کوتلەی هەواو غاز لە نێوان زەوی و ئەستێرەکانی دوور لە زەویدا هەیە، ئەو ئەستێرانەی لە دوورڕا وەکو ئاسمانی دونیا دەکەونە بەرچاو، ئەم گاز و هەوایەش کە بە چڕییەکی زۆر لەسەر یەکن ئەوە بۆ دوور وەکو شین خۆ دەنوێنن، دەنا ئاسمان نە سەما دەکات و نە بۆ ئەوەش خۆ دەڕازێنێتەوەو جلی شینی جوان لەبەر دەکات، جل ئادەمیزاد لەبەری دەکات و سەماش هەر تایبەتە بە ئادەمیزاد و کەسانێك لە باری ئاهەنگ و دڵخۆشیدا ئەنجامی دەدەن، بۆیە ئەمە لێکدانەوەییێکی جوان و دڵگیرە بۆ بابەتەکەو بە (جوانی بایس) دادەنرێت.

ب ـ لە نیوە دێڕی دووەمیشدا شاعیر دەڵێت: کەواکیب بۆ نیسار شوعلەی وەکو گەوهەر هەڵدەڕێژن، ئەمەش دیسانەوە هەڵڕێژتنی فرمێسك تایبەتە بە ئادەمیزاد و ئەو بۆ خۆشی و ناخۆشییەکان دەشیٚ فرمێسکی وەکو گەوهەر ببارێنیٚ، بەڵام شاعیر بە لێکدانەوەییێکی

شاعیریانە ئەو خەیاڵەی کردووەو ئەوەی گوتووە، ئەمەش لێکدانەوەییێکی جوان و دڵگیرە بۆ بابەتەکەو بە (جوانی بایس) دادەنرێت.

ـ جیهان بوویتە جەزیرەی بەحری گریەم
بەبێ بوختان ئەتۆ زین و ئەمن مەم... حاجی قادری کۆیی
لەم دێڕەدا ئەو هونەرانەی ڕەوانبێژی بەرچاو دەکەون:

١ـ لە (جیهان بوویتە جەزیرەی بەحری گریەم) دا لێکچوواندنی پوختە (التشبیة المجمل)هەیە، ئەو لێکچوواندنەیە، کە ئەوزاری تێدایە، بەڵام رووی لێکچوونی تێدا نییە.

٢ـ هەر لە نیوە دێڕی یەکەمدا (جیهان بوویتە جەزیرەی بەحری گریەم)، موبالەغە هەیە، چونکە ئەوەی گوتراوە ئەقڵ پەسندی ناکات.

٣ـ لە (بەحری گریەم)دا خواستنی درکاو هەیە.

٤ـ لە نیوە دێڕی دووەمدا لە (ئەتۆ زین) و (ئەمن مەم)دا، لێککردنەوە هەیە.

٥ـ لە (ئەتۆ) و (ئەمن)دا دژیەکی فەرهەنگی هەیە، لە راناوی سەربەخۆ.

٦ـ لە نێوان (زین) و (مەم)یشدا دژیەك هەیە، کە یەکیان مێ و ئەویتریان نێرە.

٧ـ لە بەدوای یەکدا هاتنی (ئەتۆ زین) و (ئەمن مەم)دا بەرامبەری هەیە.

٨ـ لە (ئەتۆ زین)دا بەهێزترین لێکچوواندن هەیە.

٩ـ لە (ئەمن مەم)دا بەهێزترین لێکچوواندن هەیە.

١٠ـ زین و مەم تێلنیشانن بۆ دوو پاڵەوانەکانی داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی.

ـ وەك گەوهەرە بەردو گلەکەت عەینی جەواهیر
بێمیسلە موحەققەق چ لە باتین چ لە زاهیر... حەمدی

لەم دێڕەدا ئەم هونەرانەی ڕەوانبێژی بەدی دەکرێن:

١ـ لە (وەك گەوهەرە بەرد)تدا لێکچوواندنی پوختە (التشبیة المجمل)هەیە، ئەو لێکچوواندنەیە، کە ئەوزاری تێدایە، بەڵام رووی لێکچوونی تێدا نییە.

٢ـ لە (گلەکەت عەینی جەواهیر)دا لێکچوواندنی پوختە (التشبیة المجمل)هەیە، ئەو لێکچوواندنەیە، کە ئەوزاری تێدایە، بەڵام رووی لێکچوونی تێدا نییە.

٣ـ له نێوان (باتین) و (زاهیر)دا دژیەكی فەرهەنگی هەیە.

٤ـ گێڕانەوە هەیە، بە پیتی (چ)، كە دوو جار لە پاڵ (لە باتین) و (لە زاهیر)دا گێڕدراوەتەوە.

٥ـ گێڕانەوە هەیە، بە ئامرازی پەیوەندی (لە)، كە دوو جار لە پاڵ (باتین) و (زاهیر)دا گێڕدراوەتەوە.

٦ـ بەیتەكە تەسریعكراوە.

٧ـ لە نێوان (جەواهیر) و (لە زاهیر)دا رەگەزدۆزی ناتەواوی هاوكێشی هەیە.

ـ تۆ بڵێ بەو تاقمەی ساڵێ كە نێرن ساڵێ مێ

بۆچی كولارەن دەبن گاهێ بە خاڵەو گەه بە پور... حەمدی

لەم دێڕەدا ئەم هونەرانەی رەوانبێژی هەنە:

١ـ (ساڵێ) گێڕانەوەی دروست كردووە، كە جارێك لە پاڵ (نێر) و جارێك لە پاڵ (مێ) گێڕدراوەتەوە.

٢ـ (گاهێ) گێڕانەوەی دروست كردووە، كە جارێ لە پاڵ (بە خاڵە) و جارێك لە پاڵ (بە پور)دا گێڕدراوەتەوە.

٣ـ (بە) گێڕانەوەی دروست كردووە، كە جارێ لە پاڵ (خاڵە) و جارێك لە پاڵ (پور)دا گێڕدراوەتەوە.

٤ـ لە نێوان (نێر) و (مێ)دا دژیەكی فەرهەنگی هەیە.

٥ـ لە نێوان (ساڵێ كە نێرن ساڵێ مێ) و (گاهێ بە خاڵەو گەه بە پور)دا پێچەوپەخشی رێك هەیە.

٦ـ لە نیوە دێڕی دووەمدا (بۆچی كولارەن)، پرسیاری خوازەیی هەیە، مەبەستی نەفیكردنە، واتە (كولارە نینە).

٧ـ لە نێوان (ساڵێ) و (گاهێ)دا موازەنە هەیە، چونكە هاوكێشن، بەڵام هاوسەروا نینە.

ـ وەك گەوهەرە بەردو گلەكەت عەینی جەواهیر

بێمیسلە موحەققەق چ لە باتین چ لە زاهیر... حەمدی

لەم دێڕەدا ئەم هونەرانەی رەوانبێژی بەدی دەكرێن:

١ــ لــه (وەك گەوهــەره بەرد)تــدا لێکچــوواندنی پوختــه (التشــبيه المجمــل)هەيــە، ئــەو لێکچوواندنەيە، كە ئەوزاری تێدايە، بەڵام رووی لێکچوونی تێدا نییە.

٢ـ له (گلەكەت عـەينی جەواهیر)دا لێکچــوواندنی پوختــه (التشــبيه المجمــل)هەيــە، ئــەو لێکچوواندنەيە، كە ئەوزاری تێدايە، بەڵام رووی لێکچوونی تێدا نییە.

٣ـ له نێوان (باتین) و (زاهیر)دا دژیەکی فەرهەنگی هەیە.

٤ـ گێڕانەوە هەیە، بــە پیتــی (چ)، کــە دوو جــار لــە پــاڵ (لــە بــاتین) و (لــە زاهــیر)دا گێڕدراوەتەوە.

٥ـ گێڕانەوە هەیە، بە ئامرازی پەیوەندی (لە)، کە دوو جار لە پــاڵ (بــاتین) و (زاهــیر)دا گێڕدراوەتەوە.

٦ـ بەیتەکە تەسریعکراوە.

٧ـ له نێوان (جەواهیر) و (له زاهیر)دا رەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی هەیە.

جوانی داهێنان (ابداع):

١ـ جوانی داهێنان لەوە دایە، کە دێڕەکە لە رووی واتاوە زۆر فراوانتر دەبێت، بە هۆی ئەو هەموو هونەرەی لە خۆی دەگرێت.

٢ـ بە هۆی هەموو ئەو هونەرانەی لــەو دێــڕو چــوارین و پارچــە کورتانــەی شــیعر، یــان پەخشاندا بەرجەستە دەبن، چێژی ئەدەبی خۆشیان لێ بەرجەستە دەبێت و جوانییەکی دڵگیریان بۆ دروست دەبێ.

سەرچاوەکان

یەکەم: بە زمانی عەرەبی:
- صەحیحی موسلیم.
- مەسنەدی ئیمام ئەحمەد.
- سونەنی ئەلدارمی.
- ابن منظور، لسان العرب، بەرگی هەشتەم، بەیروت ١٩٦٨.
- ابو بكر بن علي بن عبدالله المعروف: بابن حجة الحموي، خزانة الأدب وغاية الأرب، دراسة: د. كوكب دياب، الطبعة الثانية، دار صادر، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٥هـ، ٢٠٠٥م.
- د. احمد مطلوب، فنون بلاغية، (ط:١)، كويت ١٩٧٥.
- د. انعام فوال عكاوي، المعجم المفصل لعلوم البلاغة العربية، مراجعة: أحمد شمس الدين، الطبعة الثانية (طبعة جديدة منقحة)، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤١٧هـ، ١٩٩٦م.
- خطيب القزويني، الايضاح في علوم البلاغة طبعة ايران.
- سعدالدين تفتازاني، شرح المختصر، ج:٢، طبعة ايران.
- د. شوقي ضيف، البلاغة تطور وتاريخ (ط:٣)، مصر ١٩٧٦.
- د. عبدالقادر عبدالجليل، الأسلوبية وثلاثية الدوائر البلاغية، الطبعة الأولى، عمان ـ اردن، دار صفاء للنشر والتوزيع، ١٤٢٢هـ، ٢٠٠٢م.
- علي الجارم ومصطفي امين، البلاغة الواضحة، طبعة مصر ١٩٦٩.
- محمود البستاني، القواعد البلاغية، (ط:١)، مشهد ١٤١٤هجريية.

دووەم: بەزمانی کوردی:
- ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نووری شێخ سالح، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم (چ:١)، بەغداد، ١٩٨٦.
- ئەحمەد رەشوانی، فەرهەنگی هەڵبەست، (چ:٢)، بەغداد، ١٩٨٣.
- ئەحمەدی کۆر، دیوان و شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر.
- ئەحمەدی موفتی زادە، مەولودنامە، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- ئەحمەد موختار جاف، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ئا: د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ (چ:١) بەغداد، ١٩٨٦.

ـ ئەحمەد هەردی، رازی تەنیایی، (چ:٢)، هەولێر، ١٩٨٤.
ـ د. ئەمین موتابچی، دیوانی مەلا وەسمان، ١٣٩٣هیجری ـ ١٩٧٣ز، چاپخانەی ئاداب، نەجەف.
ـ ئەمین فەیزی، ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد.
ـ ئومێد ئاشناو عەبدولکەریم موفتی، دیوانی موفتی پێنجوێنی، (چ:١) بەغداد ١٩٩٠.
ـ ئەحمەد دەروێش عەبدوڵڵا (ئەخۆل)، دیوانی ئەخۆل، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەدیبی بەغدادی، بەغدا، ساڵی ١٩٨٤.
ـ ئەحمەدی خانی، مەم و زین، و: هەژار، چاپی پاریس، ١٩٨٩.
ـ سەید ئەحمەدی نەقیب، دیوانی سەید ئەحمەدی نەقیب، ئا: مەحمود ئەحمەد محەمەد، چاپخانەی (أرشاد)، بەغدا، ١٩٨٥.
ـ ئومێد کاکەڕەش، دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، چاپی سلێمانی، ١٩٩٩.
ـ ئومێد کاکەڕەش، دیوانی حیلمی، (چ:١) سلێمانی، ١٩٨٥.
ـ ئیبراهیمی ئەفخەمی، دیاری نوێ، بەبێ ناوی چاپخانە و ساڵ.
ـ ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣ز.
ـ سەید برایمی حاجی سەید سەعیدی بەرزنجی (برژاو)، چوارینەکانی برژاو، چاپی یەکەم، بەڕلین، ١٩٩٦.
ـ بورهان قانیع، دیوانی قانیع، (چ:١) بەغداد، ١٩٨٤.
ـ بێبەش، هەندێ لە پێنج خشتەکییەکانی بێبەش، (چ:١) هەولێر، ١٩٨٤.
ـ دلزار، دیوانی دلزار، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
ـ مەلا تاهیر مەلا مەعروف قورشاغلویی رەباتی، دیوانی پاکی، ئا: د. ئیبراهیم تاهیر، بڵاوکراوەی تەفسیر، هەولێر، ١٤٢٨هیجری، ٢٠٠٧ز.
ـ جگەرخوێن، گۆڤاری (بیری نوێ)، ژ- ٢٣.
ـ حەسەنی دانیشفەر، شنەی لاجانێ، (چ:١) هەولێر، ١٩٩٩.
ـ مەولانا خالیدی نەقشبەندی، دیوانی شیعری رۆحی مەولانا خالید، وەرگێڕانی: پیرەمێرد، ئا: مەحمود ئەحمەد محەمەد، چاپخانەی زەمان، بەغداد، ١٩٨٧.
ـ (ڕازی)، چوارینەکانی بابا تاهیری عوریان، (چ:١) بەغداد، ١٩٧٩ـ
شێخ رەزای تاڵەبانی، دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.

ـ زیوەر، دیوانی زیوەر، بەشی یەکەم، (چ:١)، بەغداد، ١٩٥٨.
ـ سامی عەودال، دیوانی سامی عەودال، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: د. کەمال مەعروف، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٠.
ـ سەردار میران و کەریم شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، (چ:١)، هەولێر، ١٩٨٦.
ـ سەردار میران، دیوانی نووری، (چ:١)، بەغداد، ١٩٨٣.
ـ صادق بەهائەدین، ئامێدی، هۆزانڤانێت کورد (چ:١) بەغداد، ١٩٨٠.
ـ صافی هیرانی، دیوانی صافی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، چاپی سێهەمین ١٩٧٣ز.
ـ عاصی، دیوانی عاصی، ئا: عەزیز گەردی، بڵاوکراوەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٨.
ـ عەبدولڕەحمان و سالح عەبدوڵڵا چروستانی، دیوانی چروستانی، (چ:١) سلێمانی ١٩٨٥.
ـ میرزا عەبدولرەحیمی سابڵاخی، دیوانی وەفایی، ئا: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی ئێران.
ـ عەبدولخالیق عەلائەدین، دڵدار، شاعیری شۆڕشگێڕی کورد (چ:١)، بەغداد، ١٩٨٥.
ـ عەبد ولکەریمی مودەڕیس، بەدیع و عەروزی نامی، (چ:١) بەغداد، ١٩٩١.
ـ عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، (چ:١) بەغداد، ١٩٨٠.
ـ عەبدلکەریمی مودەڕیس، دیوانی مەحوی، (چ:١) بەغداد، ١٩٧٧.
ـ عەبدوڵڵا عەزیز خالید، دیوانی کامەران موکری (چ:١) هەولێر، ١٩٨٨.
ـ عەبدوڵڵا عەزیز خالید، دیوانی شیعری (دیلان)، (چ:١) بەغداد، ١٩٨٧.
ـ عەزیز گەردی، رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم: جوانکاری (چ:١) هەولێر ١٩٧٦.
ـ عەزیز گەردی، دیوانی میهری، (چ:١) سلێمانی ١٩٧٧.
ـ عەزیز، دیوانی عەزیز، ئامادەکردنی: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
ـ عەلائەدین سەجادی، خۆشخوانی، (چ:١) هەولێر، ١٩٨٦.
ـ عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، (چ:٢) بەغداد، ١٩٧٣.
ـ عەلی کەمال باپیر ئاغا، دیوانی کەمالی، (چ:١) بەغداد، ١٩٨٦.
ـ د. عەلی شەریعەتی، یەك لەپەنای خاڵ و سیفری بێ بڕانەوە و: هەژار، (چ:١) ئێران.
ـ عەونی، دیوانی عەونی، (چ:١) هەولێر، ١٩٩٧.
ـ عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی، دیوانی لوتفی، (چ:١) بەغداد، ١٩٨٤.
- فانی، دیوانی فانی، (چ:١) سلێمانی ١٩٧٦.
ـ گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٠.

ـ مەجزوب، دیوانی مەجزوب، کۆکردنەوەی: حەکیمی مەلا صالح، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
ـ مەلا مەعروفی کوکایی، چاپی مهاباد، ئێران، بێ ناوی چاپخانە و ساڵی چاپ.
محەمەد رەسول هاوار، دیوانی پیرەمێرد، (چ:١) بەغداد، ١٩٦٨.
ـ د. محەمەد نووری عارف، تێکستی ئەدەبی کوردی، هۆنراوە بەشی دووەم بۆ ساڵی یەکەم، (چ:١) سلێمانی، ١٩٨١.
ـ محەمەدی مەلاکەریم، دیوانی بێخود، چاپی ئێران.
ـ محەمەدی مەلاکەریم، دیوانی بێکەس، (چ:٣) بەغداد، ١٩٨٦.
ـ میرزا غەفور، دیوانی میرزا غەفور، ئا: د. عەبدوڵڵا ئاگرین، بێ ناوی شوێن و چاپخانە و ساڵی چاپ.
ـ مینە جاف، دیوانی مینە جاف، کۆکردنەوەی: مستەفا نەریمان، چاپخانەی جاحز، بەغدا، ١٩٩٠.
ـ ناصیح حەیدەری، دیوانی حەیدەری، ئا: شێروان حەیدەری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٤٢٠هیجری، ٢٠٠٠ز.
ـ هێدی (خالیدی حیسامی)، کاروانی خەیاڵ، (چ:١).
ـ هێمنی موکریانی، تاریك و روون، (چ:١).
ـ هێمنی موکریانی، ناڵەی جودایی، بەغداد، ١٩٧٩.
ـ هەژاری موکریانی، هەمبانە بۆرینە، بەرگی یەکەم (چ:١) ١٣٦٨ هەتاوی.
ـ لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی سێیەمی ناوەندی هەولێر، ١٩٩٩.
ـ لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی پێنجی ئامادەیی (چ:١١) بەغداد، ١٩٩٢.

سێیەم: هەندێ رۆژنامە و گۆڤار

ـ قەرەداغی، رۆژنامەی (رێگای یەکبوون) ژ: ٥٤ سلێمانی ٢٠٠٠.
ـ گۆڤاری سیخورمە، ژ: ٥٨، سلێمانی ١٩٩٩.

چوارەم: هەندێ لەپەندی پێشینان و قسە نەستەقەکانی سەرزاری خەڵك لە هەولێر.